# دیوان

گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی گشتییە
ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات


ژمارە (٧) کانوونی یەکەمی ٢٠٢١ زایینی - بەفرانباری ٢٧٢١ی کوردی

یەکێ لەکتێبفرۆشەکانی هەولێر پەیوەندی پێوەکردم و دوو سەرنجی دوو خوێنەری گۆڤاری (دیوان)ی پێگوتم:
یەکێکیان گوتوویەتی: گۆڤارەکە هەولێریایەتی پێوە دیارە.
ئەوی دیکەشیان گوتوویەتی: لەدەوری شازدە نووسەرێکدا دەخولێتەوە.
ئێمە کە بیرمان لەدەرکردنی گۆڤارێک کردەوە، مەبەستمان بوو، پێش هەموو شوێنێک چاومان لەسەر هەولێر بێت، بەڵام بەو مانایە نا پشت لەشارەکانی دیکەی کوردستان بکەین، ئەوەتا هەر لەگەڵ دەرچوونی یەکەم ژمارەی گۆڤاردا وتارمان بەشێوەزاری بادینی بڵاوکردۆتەوە، ژمارەش نەبووە بابەتێکی بادینی تێدا نەبێ، ئەوە جگە لەو بابەتانەی سەر بەهیچ جوگرافیایەکی دیاری کراو نین و دەچنە خانەی ڕۆشنبیریی گشتی، بە ڕۆشنبیریی شارێک، یان ناوچەیەکی دیاریکراو لێکنادرێنەوە.
زیاتر، ڕەنگە ئەوەی تۆخ کردبێتەوە ئەو دۆسیانەن، لەگۆڤاردا بڵاوکراونەتەوە، کە پێمان باش بووە زەینمان لەسەر کەسایەتییە ناودارەکانی هەولێر بێت، ئەمەش هیچ خەوشێکی تێدا نییە.
بەڕاستی دەرکردنی گۆڤار لەم سەردەمەی پێشکەوتنە بەرچاوەی بوارەکانی مێدیا قورسە، قورس بەومانایەی نووسەران ساڵانێکە خوویان بە سۆشیال میدیاوە گرتووە و فەرامۆشی میدیای کاغەزیان کردووە، چەندین نووسەر دەناسم، نووسەری دیاریشن ئامادەیە بابەتەکەی لەفەیس بووک بڵاوبکاتەوە، بەڵام ئامادە نییە لەبڵاوکراوەیەکی کاغەزیی بڵاوی بکاتەوە. بەمشێوەیە ئێمە لەپەیوەندی بەردەوام داین لەگەڵ نووسەران، ئەو نووسەرانەی تائێستا لای ئێمە دووبارە بوونەتەوە لەژمارەی پەنجەکانی یەک دەست تێناپەڕن، بەپێچەوانەوە لەهەر ژمارەیەکدا چەندین نووسەری تازە بۆ گۆڤاری (دیوان) دەنووسن و بەشداریمان لەگەڵدا دەکەن.
دەمێنێتەوە بڵێم لە ژمارە (٦) گۆڤاری (دیوان)دا لەو دۆسیە تایبەتییەی لەسەر شەهید (عەبدولخالیق مەعرووف) بڵاومان کردەوە، بابەتێک بەناوی (هەڤاڵ کوێستانی) هەبوو، کە دەبوایە ئاماژە بەسەرچاوەکەی بکەین. ئەم بابەتە لە لاپەڕە (٣٦٣-٣٦٥)ی ئەو ڕۆژانەی نیشتمان هی هەمووان بوو وەرگیرابوو.
هەروەها ئەو بابەتەشیان ( عەبدولخالیق مەعرووف لەدیدی کاکەمەم)دا لە لاپەڕە (٨٨-٨٩)ی ئەو کتێبە وەرگیراوە، کە بریتییە لە چاوپێکەوتنێکی ئازاد عەبدولواحید لەگەڵ (کاکەمەم بۆتانی)دا کە ساڵی ٢٠١٩ لەدووتوێی نامیلکەیەکدا چاپ و بڵاوکراوەتەوە.
هەروەها ڕۆڵی دکتۆر فەرەیدون عەبدولڕەحیم لەئامادەکردنی ئەو دۆسیەیەدا بەرز دەنرخێنم، کە زۆر شتی پێویستی خستە بەردەستمان.

**سەرنووسەر**

سەرپەرشتیاری گشتی
**بێکەس حەمە قادر**

سەرنووسەر
**سمکۆ عەبدولکەریم**



کاری هونەرمەند: **ستار عەلی**

هەولێر - شەقامی ١٠٠ مەتری
نزیک کۆلێژی دەرمانسازی

govaridiwan@gmail.com

دیزاین: **ئاسۆ حەسەن ئەحمەد**
٠٧٥٠٤٤٧١٨٢١

چاپخانە: هێڤی

## لەم ژمارەیەدا


* دۆسییە:
١.بورهان جاهید.. چەند بیرەوەریەک و شیعرێکی بڵاونەکراوەی/ ئیحسان ڕەشاد موفتی ........ ل٤
٢. بورهان جاهیدی شاعیر (خەیامی هەولێر!) / دیوان ........ ل١٤
٣. چوارینەکانی جاهید لە تەرازووی هەڵسەنگاندن دا / کەریم شارەزا ........ ل١٧
٤. جوهدیَ .. بۆ جاهید / عەبدولڕەحمان فەرهادی ........ ل٢٤
٥. پیاسەیەک لەگەڵ (بورهان جاهید)دا / ئیسماعیل بەرزنجی ........ ل٢٥
٦. لە زاری خۆیەوە .. بیرەوەرییەکانی بورهان جاهید / باوکی پەروەر........ ل٢٦

* مێژوویی:
١. ئیدریسی بەدلیسی .. چەردەیێک لەژیان و ڕۆڵی سیاسی / پ.ی.د. شاخەوان عبدالله صابر ........ ل٣٦
٢. مەلا ئیدریسی بەدلیسی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی / د.بختیار سعید محمود شوانی ........ ل٤٠
٣. مەلا ئیدریسی بەدلیسی لە نێوان خیانەت و پاڵەوانێتیدا / پ.ی.د. قارەمان نادر شێخ بزێنی ........ ل٤٢
٤. رولێ مەلا ئیدریسێ بەدلیسی د ئێکگرتنا میرگەهێن کوردی.. / د. نزار ئەیووب گولی ........ ل٤٥
٥. هەڵسەنگاندنی کارەکانی مەولانا ئیدریسی بەدلیسی لای مێژوونووسان / حەسەن مەحموود ........ ل٥٠

* ڕەخنە و لێکۆڵینەوە:
١. ئێستێتیکای خەیاڵ و دۆخگۆڕین لە کۆشیعری (سەد و یەکشەوە)ی سەباح ڕەنجدەردا/بۆتان جەلال ........ ل٥٦
٢. ڕۆمانێک لە نێوان دوو زەنگدا / د. نەجم ئەڵوەنی ........ ل٦٦

* دەق:
١. ماڵئاوا .. کێڵگە جوانەکەم / حسام بەرزنجی ........ ل٧٠
٢. گەڕان بەدوای نیشتماندا / حەمە ئەحمەد جاف ........ ل٧٤
٣. کە خۆمان بووین / شێرکۆ مەحموود ........ ل٧٦
٤. یادەکانت دەکەم بە چەپکێک گوڵ / سەرتیپ ئاغا واحد بەگ ........ ل٧٨

* ڕۆشنبیریی گشتی:
١. نامۆکردنی ژن لە مێژوودا (توندوتیژی وەک نموونە) / شاناز هیرانی ........ ل٨٠
٢. ئایا داهاتوی دیموکراسی فاشـیزمە؟! / ڕەنگین عەبدوڵلا ........ ل٨٥
٣. لەبارەی ڕۆشەنبیرەوە / هۆشەنگ شێخ محەمەد ........ ل٨٧

* دیدار:
١- لەگەڵ (محەمەد زادە)دا / دیداری نازم دڵبەند ........ ل٩٢

* هونەری:
١. گرفتار کاکەیی لەنێو ژیانی هونەرێکی ڕەسەندا / ئاشتی گەرمیانی ........ ل١٠٤

* خوێندنەوەی کتێب:
١. یاداشتەکانی ئەمین فەیزی بەگ ../ موحەممەد گەلاڵەیی ........ ل١٠٨
٢. خوێندوەیەک بۆ کتێبی بیرەوەریەکانی مامۆستا کەریم شارەزا / مەغدید حاجی ........ ل١١٢
٣. وتارێکی بێ ناوونیشان / سەعید عەبدوڵلا ........ ل١١٤

* لەبری بیرەوەری:
١. شەو لەکێوان / د. ئەرسەلان بایز ........ ل١٢٢
٢. مونیرە خانی جەلیزادە... / ڕەهبەر سەید برایم ........ ل١٢٥
٣. ناهیدە سۆفی، یەکەمین ژنە زیندانیکراوی سیاسی لە باشووری کوردستاندا / محەمەد گۆران ........ ل١٢٨
٤. قۆپچە سۆر .. سەردانی عەبدولکەریم قاسمی کرد / ستار محەمەدئەمین ........ ل١٣٠

* وێستگەی دیوان:
١. ١. خالید دلێر .. / عەبدولواحید ئیدریس شەریف ........ ل١٣٤
٢. خانوێک لەبەر تەلانی / فەرهاد جەمیل ........ ل١٣٧
٣. حەیدەری / جەمشید حەیدەری ........ ل١٣٨

* باخچەی دیوان:
ساڵێک لە ساڵۆنی لاپەڕە نۆدا ........ ل١٣٩

* لاپەڕە ١٤٤:
١- ڕۆشنبیر و دەسەڵات یا ڕۆشنبیری دەسەڵات / مەسعودی مەلا هەمزە ........ ل١٤٤

# دۆسیە

# بوڕهان جاهید

## ١٩١٨– ١٩٩١



من چیم ؟

باغی گوڵێکی دەستی یارانم
دەلیلی ڕێگەی لێ قەوماوانم
هێلانەی تەیری بێ باڵەکانم
بەشوورەت «جاهید» بەناو «بورهان»م



## بورهان جاهید

# چەند بیرەوەرییەک و شیعرێکی بڵاونەکراوەی



ئیحسان ڕەشاد موفتی

بورهان جاهید، تایبەتمەندی خۆی هەیە لەنێو بیرەوەرییەکانی تەمەنی منداڵیم، کە بۆ ساڵانی ١٩٦٠-١٩٦٥ دەگەڕێتەوە، پاشان ئەو بیرەوەرییانەم لەگەڵ جاهید بەردەوام دەبێت تا ڕۆژی ماڵئاوایی و ساتە کورتەکانی پێش کۆچ کردنی.

بورهان کوڕی محەمەد کوڕی عەبدولڕەحمان ئاغای دۆغرەمەچی، کە بە (جاهید) بەناوبانگە، لەبنەماڵەیەکی ناسراوی کوردپەروەری شاری هەولێرە. بنەماڵەی دۆغرەمەچی لەبنەچەدا دەچنەوە سەر بەگزادەکانی جاف. جاهید ساڵی ١٩١٨ لەقەڵای هەولێر لەدایکبووە، باوکی جاهید یەکێک بووە لەسەرمایەدارە ناسراوەکانی ئەوکاتی شاری هەولێر، هەروەها شاعیری کوردپەروەر (عەبدولجەبار ئاغای دۆغرەمەچی) کە بە (کانی) ناسراوە، مامی بورهان جاهیدە. دایکی جاهید خوشکی مەلا یەحیای نەقشەبەندییە.

لەباوکم بیستووە کە ئەو ڕۆژەی (بورهان جاهید) لەدایکبووە، عەبدولڕەحمان ئاغای دۆغرەمەچی، لەگوندەکانی خۆی لەدەشتی هەولێر، حەوت مانگای کردۆتە قوربانی و لەسەر ماڵە هەژار و بێ دەرامەتەکانی دابەش کردووە، بەبۆنەی لە دایکبوونی بورهان سێ ڕۆژ لەگوندەکەی خۆی شایی بەدۆڵ و زوڕناوە گێڕاوە. ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە بارودۆخی کوردستان لەڕۆژانی لەدایکبوونی بورهان کە ساڵی ١٩١٨، دەکاتە سەروبەندی قۆناغی هاتنی ئینگلیز و کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی، کە هێشتا ئاسەواری گرانییەکەی ساڵی ١٩١٧ (المجاعە) لەکوردستان مابوو.

ئەو باسە نموونەیە بۆ ئەوەی بۆمان ڕوون ببێتەوە کە (بورهان جاهید) لەبنەماڵەیەکی دەوڵەمەند بووە و لەدایکبوونی چ بایەخێکی هەبووە بۆ باوکی و بنەماڵەکەیان و لەژیانی منداڵیدا چ جۆرە پەروەردەیەک کراوە و ڕۆژگاریش چ جۆرە سێناریۆیەکی دارشتووە بۆ ژیانی، چونکە سیناریۆ تراژیدیەکەی ژیانی بورهانی تاقانەی کوڕە ئاغا زۆر جیاوازبوو لەوەی چاوەڕوان دەکرا.

یەکێک لەو کۆسپە گەورانەی کە لە ژیانیدا، بورهان جاهید هاتۆتە پێشی، کۆچی دوایی باوکی بووە، جاهید ئەوسا

> گوتم: باشە ئەو دەفتەرە شیعرە بچووکانەت نووسیوە چی لێبکەم؟ گوتی: ئەوەی بدە خاڵم ڕەشاد، با لێم بکڕێ

منداڵ بووە. من ئەوەی لەبیرمە و بورهان بۆی باس کردووم لەسەر ژیانی خۆی، مردنی باوکی لەبیر نەبوو، لەبەر ئەوەی تاکە کوڕی باوکی بووە و باوکی زۆر زوو کۆچی دوایی کردووە، مامی بورهان، کە دەکاتە عەبدولجەبار ئاغا (کانی) پاش کۆچی دوایی عەبدولرەحمان ئاغای برای، دایکی بورهان دەخوازێ و چەند کوڕ و کچێکیان دەبێ.

لەوانە: خوالێخۆشبووان ئەکرەم دۆغرەمەچی و فارووق دۆغرەمەچی، هەروا ئەدهەم دوغرەمەچی، ئەوانە هەم کوڕە مامی بوون و هەمیش لەدایکییانەوە برای جاهید بوون. خوشکەکانیشی خاتوو (وجیهە خان) کە خێزانی فەتاح موفتی بوو، خاتوو (بەهیجە خان) خێزانی خوالێخۆشبوو فازڵ نەقشبەندی بوو، هەروەها فائزە خان، ئەوانە هەموویان لەنزیکەوە ئاگاداری ڕەوشی بورهان بوون.

بورهان جاهید، دووەم شکستی ژیانی ئەوە بوو کە دایکی کۆچی دوایی کرد. ئەوکات لەقۆناغی دواناوەندی بووە، کۆچی دوایی دایکی، کاریگەرییەکی زۆر دەخاتە سەر بیرکردنەوە و چۆنییەتی ژیانی داهاتووی، هەر بۆیەش لەمەبەدوا و لەم تەمەنەوە لەقوتابخانە دوور دەکەوێتەوە .

## بورهان جاهید و خواردنەوەی مەی

***(خەیالاتی دڵی تەنگم لە دنیا ماڵە یەک پێکە***

***بفەرموو چاوەکەم ساقی هەتا دەتوانی بۆم تێکە)***

بورهان جاهید هەر لە سەرەتای لاویدا، بەهۆی چەند هاوڕێیەکییەوە خوو بەمەی خواردنەوەوە دەگرێ و پارە و موڵکێکی زۆر بەفیڕۆ دەدات. بەشێوەیێک کار دەکاتە سەر باروودۆخی گشت لایەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتی.

لەبیرەوەریی منداڵیم هەندێ دیمەنم دێنەوە بەرچاو کە بورهان بەهۆی خواردنەوەی مەی مەست دەبوو، زۆربەی ئەو کاتانە دەهاتە لای مزگەوتی گەورە لەقەڵا، یان لەنزیک ماڵی ئێمەدا دەمێک ڕادەوەستا و بەبێ هۆشی گفتوگۆی لەگەڵ دەکردین، یان بەرەو ماڵی خوشک و براکانی دەڕۆیشت. جارجاریش لەڕێگا قسە و شیعری کورت کورتمان لەسەر زاری خۆی گوێ لێ دەبوو.


لە ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ کە بەعسییەکان حوکمی عێراقیان گرتە دەست و کۆتاییان بەڕژێمی (عەبدولکەریم قاسم)ی سەرۆکی ئەوکاتی عێراق هێنا، چەند ڕۆژێک لەهەولێر هاتووچۆ قەدەغەکرا (منع التجول) بوو. لەیادمە ئۆتۆمبێلێک هاتە قەڵا ئێمەش منداڵ بووین لەگەڵ براکانم لەسەربانی تەماشامان دەکرد، ڕێژنەیێک تەقەیان بەرەو ئێمە کرد بۆ ئەوەی بچینە خوارەوە. ئەوکات باوکم سێ خانووی هەبوو، دوو خانوو و سێ دوکانەکەی ئێستا نۆژەن کراوەتەوە کە لەناوەڕاستی گۆڕەپانە بچووکەکەی قەڵایە، خانووە گەورەکە کە لەتەنیشت ئەوان بوو لەهەشتاکان ڕووخا.

ئەم خانووەمان گەورەبوو، ئێمە لەوێوە لەژووری میوان کە لەنهۆمی سەرەوە بوو لەپەنجەرەی ئەو ژورەوە کە مزگەوتی قەڵا و حەمامی قەڵامان لێ دیاربوو و چل پەنجا مەترێک لێمان دووربوون. لەم شوێنەوە سەیری شەقام و گۆڕەپانە بچووکەکەی قەڵامان دەکرد. ئەو شەوەی کە هاتووچۆ قەدەغە بوو، هەوا تۆزێک سارد بوو. لەدرەنگانی شەودا، گوێمان لەدەنگی بورهان جاهید بوو لەبەردەم دەرگای ماڵی ئێمە وەستابوو، بەدەنگی بەرز قسەی دەکرد. پێمان سەیربوو، لەهەمانکاتدا پێمان ناخۆشبوو کە لەم باروودۆخە ناخۆش و ترسناکە هاتۆتە دەرەوە، ئێمە کە لەپەنجەرەوە سەیری (بورهان)مان دەکرد، جارجاریش دەنگی تەقەمان گوێ لێدەبوو بەڵام بورهان بەچاوێکی دیکە سەیری دنیای دەکرد، تەنها ئەو لەسەر شەقام بوو، کەس جورئەتی نەبوو بێتە دەرەوە و لەبەر دەرگا هاتووچۆ بکا، بەڵام ئەو باکی بەقەدەغەکردنی هاتوچۆ و پۆلیس نەبوو.

بورهان جاهید ئەو شەوە کە هاتە بەر دەرگای ماڵمان، گوێدرێژێک لەناوەڕاستی شەقام ڕاوەستابوو، بورهان قسەکانی ئاڕاستەی ئەو دەکرد! دەیگووت: هەی بێ عەقڵ نازانی (مەنعەتە جەولە) بەو شەوە خوا لێی شێواندی هاتیە دەرێ؟! نازانی دەتگرن! ئەوە بەعسییەکان هاتینە حوکم! دەوری زەعیم نەما (ئەوکات







بەعەبدولکەریم قاسم دەوترا زەعیم) دەیگووت: «پۆلیس بەموسەلەحە دێن ڕاپێچت دەکەن بۆ حەپسخانە!» (هێزەکانی پۆلیس ئەوکات شۆفرلێتی پیکابیان هەبوو، ڕەنگی سەوزبوو، پۆلیسەکان لەدواوەی دادەنیشتن، پێیان دەگووت: (موسەلەحە).

بورهان پاشان بەردەوام بوو لەقسەکردن لەگەڵ خۆی و دەیگووت: «باشە ئەگەر خاڵم ئێستا بێتە دەرەوە چمان لێ دەکات؟!». مەبەستی لەخاڵم (بەباوکمی دەگۆت خاڵە. هەر چەندە ئەو کوڕە خاڵی باوکم بوو) پاشان ئەو قسانەی دووبارە دەکردەوە بەشێوەی فەرمان! (وابزانم بورهان لەبەر ئەوەی کوڕە ئاغا بوو، زۆرجار ئەو قسە و وشانەی کە بەکاری دەهێنان، زۆربەی بەشێوەی فەرمان بوون) ئێمەش منداڵ بووین پێمان سەیر بوو، لەپەنجەرەی نهۆمی دووەمی ماڵمان پێماندەگۆت بورهان هاوار مەکە، بابمان بتبینی خراپە لۆت. پاشان خواحافیزی لێ دەکردین و بەرەو ماڵی باپیری دەرۆیشت.

## بورهان جاهید و مزگەوتی گەورەی قەڵا

مزگەوتی قەڵا دانیشتوانی قەڵای هەولێری کۆدەکردەوە، شوێنی خواپەرستی و نوێژ و تاعەتکردن بوو، شوێنی خوێندنی وانە ئاینییەکان بوو، شوێنی حەوانەوەی فەقێ و مامۆستایانی ئاینیی بوو، شوێنی جموجۆڵی کوردایەتیش بوو، وەکو زۆرجار باس کراوە و نووسراوە بەتایبەتی کاک شەمسەدین موفتی و عەبدولڕەحمان گۆمەشینی و فازڵ و غازی سەعید ئاغا، وەختێکی زۆریان لەمزگەوت بەسەر دەبرد. ئەم شوێنە گشت گەنجانی بنەماڵە و ڕۆشنبیر و شاعیرانی کۆدەکردەوە، لەنهۆمی دووەمی مزگەوت، ژووری تایبەتی مامۆستایانی ئاینیی هەبوو. هەر لە مەلا فەندی و مەلا محەمەدی باپیرم و مامۆستایانی یاریدەدەریان، ژووریان هەبوو. دوای کۆچی دوایی ئەم زانایانە لەساڵی ١٩٤٦ بەرپرسیاریەتی مزگەوت بەگشتی کەوتە ئەستۆی باوکم.

عەبدولجەبار ئاغای دۆغرەمەچی (کانی) کە دەکاتە مامی بورهان جاهید و خاڵی باوکم (کانی بەسەرقافڵەی شاعیرانی کوردپەروەری هەولێر دادەنرێت لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا) نێوان مامی کانی و خۆی، بە نووسینی شیعر ئەو یادانەی تۆمار کردووە و کاریگەری هەبووە، یەک لەو شیعرانە کە بورهان تەخمیسی کردووە دەڵێ:

***بڕوا دەمی عەجز و ئەلم و حەسرەت و نالە***

***ڕەنگ ڕەنگە لە باغانە گوڵ و سونبول و لالە***

***زایع نەبێ ئەم وەختە کە ئەیامی ویسالە***

***ساقی وەرە ئیمشۆکە لە بۆم تێکە پیالە***

***بۆ مەزە لەڕووت کافیە ئەم دانەیە خالە***

******

***هەر کەس کە لەناو عەشق بەخوا تووشی جەفایە***

***عاشق نیە یەک لەحزە بکا بەزم و سەفایە***

***(جاهید) ئەسەری عەشقە مەگەر حالی نەمایە***


***(کانی) بەسە ئێتر چییە ئەم عەشق و هەوایە***

***پیر بووی بەخوا عەمری عەزیزت لە زەوالە***

مزگەوت ببووە شوێنی کۆکردنەوەی گەنجان و ئەوانەی بەهرەی شیعر و نووسینیان هەبا لەمزگەوت بۆ یەکتریان دەخوێندەوە و بەهێزیی و لاوازیی شیعرەکەیان دەخەملاند. بورهان هەردەم بەشیعر داواکارییەکانی خۆی ئاراستەی خزمانی دەکرد.



**لە ڕاستەوە ڕاوستاون : بورهان جاهید / ئیحسان رشاد موفتی**
**لەراستەوە دانشتون : جمشیر حکیم افندی / جمیل عبدالحمید دوگردکانی**
**هەولێر ١٩٧٠**


دیوانی
برهان بگ هەولێری
مشهوره بەجاهدی
لەسەر نفقەی محمد امین عصری
خاوەنی کتێبخانەی ترقی
لە کرکوك چاپ کرا
نرخی ١٥٠ صدوپنجا فلسە
١٣٧٦ هجری و ١٩٥٧ میلادی
چاپخانەی ترقی کرکوك

بوڕهان جاهید دوای کۆچی باوکی و پاشان دایکی، دووچاری گرفتی سەختی ژیان دەبێت، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی زیاتر ڕوو لەخواردنەوەی مەی دەکا، ئەمەش وەکوو دوورکەوتنەوە لەخەمی ڕۆژانە و گیروگرفتی سەختی ژیان. ئەو بەردەوام بوونەی لەسەر مەی، دواجار کاری کردە سەر ژیانی کۆمەڵایەتیشی و بەدرێژایی پتر لە ٣٠ ساڵ تاکو تەمەنی لەپەنجا ساڵیش ڕەتیدا هەر بەردەوام بوو لەسەر ئەو خووەی، پاشان بەخۆ دێتەوە و بیر لەگۆڕینی ژیانی دەکاتەوە.

ئەو جۆرە ژیانەی بوڕهان جاهید بەسەری برد، پێویستی بەتیشک خستنەسەر و لێکۆڵینەوەی ورد هەیە، بەجۆرێک کە بەردەوام دەربەدەر و بێهێلانە و بێهۆش ژیا، بەهیچ شێوەیەک هەوڵی (باوکم) و (کانی)ی مامی و خوشک و براکانی ئاکامی نەبووە، کە هەمیشە هەوڵیانداوە بوڕهان لەمەی و بەدمەستی دوورخەنەوە و خێزان و ماڵی بۆ پێک بهێنن.

شوێنی حەوانەوەی، یان لەماڵی خزمانی بووە، یان لەهۆتێلە هەرزانەکان بووە، هەندێ جاریش، ئەو کاتەی گشت دەرگاکانی لەبەردەمدا داخراوە، بەخۆی وایکردووە بڕواتە بەندیخانە!.

جاهید ئەو ماوەیەی لەمزگەوت دەژیا، لەساڵانی نێوان چلەکان و پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا، هەر جارێک کە بەهەوڵی باوکم و خزم دۆستان گفتی دەدا کە واز لەخواردنەوەی مەی بهێنیت و بگەڕێتەوە ژیانی ئاسایی، ئەوا لەمزگەوتی قەڵا شوێنی بۆ تەرخان دەکرا و تا ماوەیەک وازی لەخواردنەوە دەهێنا، پاشان دووبارە و دەبارە دەگەڕایەوە سەر خواردنەوە و خووی جارانی.

بوڕهان شەوێکیان لەمزگەوت چەند دێڕە شیعرێکی سەرەتای مەولودنامەی کوردی، کە هەستی کوردایەتی لێ دەچۆڕێت، تەخمیس کردووە، بەڵام هەر وەکوو چۆن بوڕهان خودی خۆی ون کردبوو، زۆربەی شیعرەکانیشی ون بوون. هەستی نەتەوایەتی و کوردپەروەری لەم شیعرە زۆر بەجوانی بەدیار دەکەوێ:

*جاهید لە دەور و دەشت و بیابانە هەموو دەم*

*شیعر وغەزەلی زینەتی ئینسانە هەموو دەم*

*بوێژێکی وەتەن پەروەری کوردانە هەموو دەم*

*ئێتر چ نەوعێ بکەن ئەم عالمە هاوار*

دەشڵێ:

*ئێمە قەومێکین بە غیرەت و مەرد*

*جەوهەری خۆمان بەس بدەین لە بەرد*

*بۆچی ئەی کوردی هەژاری بێ کەس*

*هەردەم بخەوی لەبەند و قەفەس*



بوڕهان جاهید، لەگەڵ زۆر لەشاعیران، دۆستایەتی هەبوو، وەکوو دڵدار (خاوەنی سرودی ئەی ڕەقیب) زۆر هاوڕێ بوون و شیعریان بەیەکەوە نووسیوە و چەندین جاریش لەمزگەوتی قەڵا شیعریان بۆ یەکتر خوێندۆتەوە.

## جاهید و حاجی حەسەن و شیعرە دزراوەکانی

لەحەوشەی مزگەوت، یان دیوەخانەکەی، یان سەربانی مزگەوت، ئەو گەنجانەی لەو سەردەمەدا کە سەرهەڵدانی هەستی کوردایەتی و کاری نهێنی دژ بەدەسەڵات پەرەی سەندبوو، لەوانە مامەکانم، شوێنی کۆ کردنەوەیان ئەوێ بوو، تاکو کەس هەست بەکۆبوونەوە و مەبەستیان نەکات لەوێ یەکتریان دەبینی و بیروڕایان ئاڵوگۆڕ دەکرد. لەهەمانکاتدا مزگەوت شوێنی دەنگخۆشان بوو بەتایبەت بۆ خوێندنەوەی مەولود. من زۆر باسی بوڕهان جاهیدم لەمامەکانم (نەجمەدین موفتی، شەمسەدین موفتی، فەتاح موفتی) بیستووە، بەڵام یەکێک لەوانەی کە بەبەردەوامی لەمزگەوت بووە و ئاگاداری گیروگرفت و ژیانی بوڕهان بووە، خوالێخۆشبوو (حاجی حەسەن حەمەدئەمین خۆشناو) بوو.

حاجی حەسەن لەساڵی ١٩٣٢ لەدایک ببوو و لەساڵی ١٩٩٩ کۆچی دوایی کرد. لەتەمەنی منداڵییەوە لەگەڵ دایک و خوشکەکانی دێنە هەولێر و لەباداوە نیشتەجێ دەبن و دواتر دێنە قەڵای هەولێر و تێکەڵاوی ژیانی قەڵا دەبن بەتایبەتی لەگەڵ هەردوو مامم (نەجمەدین و شەمسەدین) تا ڕادەیێکی زۆر بەیەکی

“ شوێنی حەوانەوەی، یان لەماڵی خزمانی بووە، یان لەهۆتێلە هەرزانەکان بووە، هەندێ جاریش، ئەو کاتەی گشت دەرگاکانی لەبەردەمدا داخراوە، بەخۆی وایکردووە بڕواتە بەندیخانە! ”



لەنزیکەکانی بنەماڵەکەمان دەناسرا و چاودێری ئیشوکاری باوکمی کردووە.

حاجی حەسەن زۆر بەسەرهاتی ژیان و بیرەوەری بورهان جاهیدی بۆ باس کردووم. دەیگوت: «بورهان کە بێهۆش دەبوو لەبەر زۆر خواردنەوەی مەی (عرق) رەشاد ئەفەندی (رەشاد موفتی) زۆر دڵی سەغڵەت دەبوو، خەفەتی دەخوارد و ئامۆژگاری دەکرد و هەوڵی دەدا کە جێگا و شوێنی بۆ دابین بکات و واز لەخواردنەوە بێنیت. ئەو هەوڵە چەند جارێک




له راسته وه. سمكو نجم الدين / احسان رشاد موفتي / حاجي حسن خوشناو / احمد ماستاوه / بورهان جاهيد / صابر عبدالرزاق

دووبارە دەبۆوە، بەڵام لەناکاو بورهان پەیمانەکەی دەشکاند و دەگەڕایەوە سەر خواردنەوەی مەی»

حاجی حەسەن خۆشناو ئەوەشی بۆ گێڕامەوە و گوتی: جارێکیان (رەشاد ئەفەندی) بانگی هەموومانی کرد و گوتی: ئەوە بورهان، لەسەر دەستی هەمووتان گفت دەدا کە واز لەعارەق خواردنەوە بێنێت. منیش لەمزگەوت ژوورێکی بۆ تەرخان دەکەم بۆ حەسانەوەی و مەسرەفیشی بۆ دابین دەکەم تا دڵنیا دەبین. پاشان ئینشالا دادەمەزرێ وەکو فەرمانبەرێک. حاجی حەسەن گوتی: دوای ئەمە، پاش چەند مانگێک، شەوێک بورهان درەنگی شەو نەهاتەوە، بەیانی لەژوورەکەی خۆی بێهۆش کەوتبوو، بەو حاڵە بینیمانەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نزیکەی سێ کاغەزی پڕ شیعری زۆرجوانی لەسەر پێغەمبەر موحەمەد (د.خ) نوسیبوو. حاجی حەسەن، دەیگوت: بورهان کە ئاگای لەخۆ نەدەبوو، شیعری دەنووسی، یەک لەفەقێیەکانی مزگەوت، ئەو شیعرانەی دەبرد و پاشان ناوی خۆی لەسەر دادەنا!.

## بورهانی زگبرسی و فرۆشتنی مێز و کورسی

لەسەرەتای شێستەکاندا، یەکێک لەهەوڵەکان بۆ ئەوەی بورهان واز لە مەی بێنێ و بگەڕێتەوە سەر ژیانی ئاسایی و داهاتێکی رۆژانەی هەبێت، ئەوەبوو کە بورهان جارێکی دیکە گەڕایەوە مزگەوت بۆ خەوتن، لەهەمانکاتدا کاری نووسەری (ئەرزوحاڵچیاتی بکات) لەدادگای شەرعییەی هەولێر. ئەوکات خەڵک کەم خوێندەواری هەبوو، ئەوە کارێکی باشبوو بۆ ئەو. مێز و کورسییەک لەگەڵ قەڵەم و هەندێک کاغەز بۆ بورهان دەکڕن و لەبەردەم دادگای شەرعییەی هەولێر مێز و کورسییەکەی لەتەنیشت مێزوکورسی (مەلا ئەحمەد باداوەیی) بوو، پاش ماوەیێک، رۆژێک لەدەرگای ماڵمان درا؟ کە دەرگام کردەوە، بورهان جاهید بوو! پاش چاکوخۆشی، بورهان هاتە ژوورەوە و لەدیوەخان دانیشتین، باسی بارودۆخی ژیانی خۆی کرد. هەندێ قسەی خۆشی گێڕایەوە و بووە پێکەنین. بورهان زۆر بەعزەت نەفس بوو، دەفتەرێکی بچووکی لابوو (دفتر كلمات) لەنێو ئەو دەفتەرە شیعری خۆی نوسیبوو، لەلاپەڕەی یەکەم نوسیبووی: بورهانی زگبرسی، فرۆشتی مێزوکورسی!.

پرسیارم لێکرد، کاک بورهان هەر بەڕاستی مێز و کورسی ئەرزوحاڵچیاتیت فرۆشت؟! وەڵامی دامەوە و گوتی: بەڵێ، بەخوای فرۆشتم، لەخەفەتی ئەوەی رۆژەک هیچم ئیش نەکرد، برادەرەکیشم میوان بوو، مەیلیشم لۆ هەندەک عارەقی چووبوو، چارم نەما فرۆشتم!. گوتم: باشە ئەو دەفتەرە شیعرە بچووکانەت نووسیوە چی لێبکەم؟ گوتی: ئەوەی بدە خالم رەشاد با لێم بکڕی. با بەخۆی نرخی دابنێت؟! لەبەر ئەوەی بازاڕی شیعر نەماوە! کەس نایکڕێت بەعانەیێک! تەنها ئەو دەزانێ شیعرم بخوێنێتەوە، دەیفرۆشمە ئەو.

سەیری نووسینە شیعریەکانی ناو دەفتەرەکەیم کرد یەکەم دێڕی نوسرابوو:


***بورهانی زگبرسی***

***فرۆشتی مێز و کورسی***

بورهان زۆرجار بەو شێوەیە دەهاتە لای باوکم و دەفتەرە شیعرێکی بێشکەش دەکرد، وەکوو ئەوەی دیارییە لەبەرامبەر یارمەتیەکانی ئەو

## شیعرە بڵاونەکراوەکەی جاهید

بورهان جاهید لەناوەڕاستی هەشتاکان جارجار دەهاتە دیوەخانەکەی باوکم. لەوەرزی هاوین لەباخچەی دیوەخان دادەنیشتین و زستانیش لەژووری کتێبخانە. بورهان زۆر کەمدوو بوو، ئەگەر قسەی بکردایە، قسەکانی ئاوێنەی ئازار و سەختی ژیان بوو، بەڵام لەهەمانکاتدا خاوەن نوکتە بوو، زۆرجاریش بەشیعر


## پیشکەش

خوشە ویستە کانمان. منم (جاهد) لەاهالی هەولیر لەنسلی آل دوغراماجی. برهان کوری حاجی محمد کوری ملا عبد الرحمان ناو بەسلسلە ئەگەمە عشیرەتی جاف. لیم ببورن خوم هرأوندەی لی أزانم بە هوابیکی بی‌هوش وبە دالغە ییکی چەوت تا امرو حیاتی خوم چواند. بویە نەختی سرسامم. بەلام دیسانەوە گەلی شکر ئەکەم بو خدای مستعان کە حالی حاضر أو شعورەم هەیە وأزانم کەعمری رابوردوی خوم بەبی هودە چواندوە وبویە ئەم پیشکەشەم تقدیمی منورە کانمان ئەکەم تنها نەك بەغزل و اشعار بەشکو بەبعضی سرهاتیو لی‌قەومانم کە زوز مدهش ونظری دقت جاب ئەکا وممکنە ببیتە درسیکی عبرت بو ئەو شوخانە کە خەریکن بو دامزراندنی ئەم مقروبی سفاهتە کەمن بەصد دردی سەری درمانم کرد و هیشتاش لەدەس ئەم دردە بیزارم.

دانەر
رشحال
نەویارغم خوار

وەڵامی مەرامی مەبەستەکەی خۆی دەگەیاندە بەرانبەرەکەی. ڕۆژێک لەدیوەخان دانیشتبووم بورهان جاهید هاتە دیوەخان، خواڵیخۆشبوو (مام سابیر) قاوەچی نەساغ بوو و نەهاتبوو، بۆیە خزمەتی میوانەکانی باوکم کەوتبووە ئەستۆی من، کە بورهان هات کەوتینە گفتوگۆ وهەواڵپرسین و گوتی: من هێشتا هەر لەکتێبخانەی عینکاوە فەرمانبەرم. لەهەواڵی براکانمی پرسی، دواتر من گوتم: کاک بورهان تائێستا چ شیعرێکت لەسەر دیوەخان و خاڵت داناوە؟ گوتی: ناوەڵا کاک ئیحسان.

منیش گوتم: باشە کاک بورهان ئەوجارە کە هاتییەوە بەدیاری شتێک بنووسە؟ گوتی: کاک ئیحسان بەڕاستی خۆم هەڵنەگرتییە لۆ سبەینێ، بەڵام ئەگەر پەرتووکێک و پێنووسێک بینی هەر ئێستا من دەیڵێم تۆش بینووسە!. منیش لەسەر مێزەکەی باوکم لەدیوەخان، کاغەز و پێنووسەکەی ئەوم هێنا و گوتم: بابە ئەوە بورهان دەیەوێ شیعر لەسەر دیوەخان بنووسێ، باوکم پەسندی کرد گوتی: زۆر باشە.

بورهان جاهید بەبێ ئەوەی ڕاوەستێ و بیر بکاتەوە، بەبێ ئەوەی لەنووسینی نێو دێڕە شیعرەکان پشوو وەرگرێت بۆ ئەوەی دێڕی دووەمی بۆ بێت، هەر هەموو دێڕە شیعرەکانی یەک لەدوای یەک دەگوت، گەر ڕاوەستابا تەنها لەبەر ئەوەبوو کە من نووسینەکەی تەواوبکەم و دوانەکەوم!.

ئەم پارچە شیعرە جوانەی کە تاوەکوو ئەمڕۆ بڵاونەکراوەتەوە و یەکەمجارە بڵاودەکرێتەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بورهان شاعیرێکی بەرزە و بەهرەی شیعر لەنێو بیر و دەروونییەوە هەڵدەقووڵا، گەر بهاتبا بورهان جاهید خەمخۆری هەبا ئەوا بەرهەمە شیعرییەکانی هەرگیز بەفیرۆ نەدەڕۆیشت.

**شیعرە بڵاونەکراوەکەی جاهید**

***کە چوومە ژووری، ئەم دیوەخانە***

***کە چاوم کەوتە ئەو کتێبانە***

***ئەو گفتوگۆیە و نوکتەی خۆش و جوان***

***دڵمانی خستە شادیی و خەندان***

***گەلێ فەرەح بووم، دڵم گەشاوە***

***دەرگەی زانستی بۆ من کراوە***

***ئەو زانام کە دی، ڕەشاد ئەفەندی***

***کوانێ خەڵەکان و ئیبن ڕەوەندی****

***گوفتارەکانی هەمووی علوومە***

***ئەگەر تێی بگەین خۆش و مەفهومە***

***وەسفی ئەم زاتە قەت تەواو نابێ***

***ئەم زاتە یاخوا بەرز و باڵا بێ***


***هەر ئاوەدان بێ ئەم جێگە پاکە***

***جێگای شعور و عەقڵ و ئیدراکە***



بورهان جاهید کە شیعرەکەی تەواو کرد، لەوشەکانی وردبوومەوە، لەو حەوت دێڕە شیعرە کورتە توانیوویەتی زۆر بەکورتی سێ چوار مەبەست بپێکێ و ئاماژەیان پێ بکا.

یەکەمیان: کتێبخانە، بورهان بەوشەی سادە و زۆر بەمانا دەستدەکا بەوەسفی دیوەخان و کتێبخانە، کە هەردووکیان گرنگن. دیوەخان جێگای فێربوونی زانست بوو لەبوارە جیاجیاکانی زانستی ئەدەبی و ئایینی، لەهەمانکاتدا فێری جۆرەک لەبوێری قسە و گفتوگۆ دەبووی بۆ قسە کردن.


**کانی و بورهان جاهید**



بورهان جاهید لەم حەوت دێرە شیعرەی، بێجگە لەوەسفی دیوەخان و کتێبخانەکەی، ئەو گفتوگۆیەی کە لەنێو مەجلیسی دیوەخان دەکرێت، بەهەمان شێوە وەسفی ڕەشاد ئەفەندی دەکا، پاشان بۆ ئەوەی زانست و پایەی ئەو دیاربکا، لەدێرە شیعرەکەی هەڵیدەسنگێنێ و بەراوردی دەکات بەدوو زانای بەرز، کە مەبەستی خەلەکان (ئیبن خەلەکان) زانای بەرزی جیهانی ئیسلامییە لەسەردەمی شاهـ موزەفەرەدین کوکبری شاهی هەولێر، لەهەولێر ژیاوە و بەناوبانگ بووە، هەروەها زانای گەورەی ئیسلامی ئیبن ڕەندی، بورهان پرسیار دەکا دەڵێ: (کوا خەلەکان و ئیبن ڕەوەندی) لەو پرسیارە مەبەستی ئەوەیە کە ئەو زانایە لەپایە لەئاستی ئەواندایە، گەر ئەوان بێن و بیبینن.

بورهان بەبێ وردبوونەوە بۆ ئەو خاڵانەی کە باسمانکرد و بەبێ ئەوەی یەک خولەک پشوو بدات، ئەم پارچە شیعرەی پێشکەش کردین:


## لەسەر زاری بورهان

بورهان بەدرێژایی ماوەی ژیانی بەسەرهاتی زۆری بینیوە، ئەوانەی لەیادمە چەند بیرەوەریەکە کە بەخۆی بۆی گێڕاوەمەتەوە:

## سەفەر بەشەمەندەفەر:

جارێکیان خۆی و برادەرێکی بەرەو شاری کەرکوک دەڕۆن و پارەیان پێ نەبووە. برادەرەکەی پێیدەڵێ بورهان وەرە بەشەمەندەفەر بڕۆین کە سوار بووین کەس لێمان ناپێچێتەوە و کارت داوا ناکەن. بورهانیش بەگوێی دەکا و بەڕێ دەکەون بەرەو کەرکووک، لەڕێگادا (جابیی) کە بەرپرسی پسوولەی برینی شەمەندەفەر بووە لەفارغۆن پەیدا دەبێ و دەست پێدەکا بەپرسینی پسوولەی سەرنشینەکانی ناو شەمەندەفەرەکە، برادەرەکەی بورهان زۆر تێکدەچێ و دەڵێ: بورهان بەخوای دەمانگرن، چی بکەین؟

ئەویش زۆر بەساردی وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ: با بمانگرن، ژیان لەبەندیخانە بێ، یان لەدەرەوە، هەر هەمووی بۆ ئێمە بەندیخانەیە و فەرقی نییە!. برادەرەکەی لەترسی جابی خۆی لەبن کورسی دانیشتنەکەی دەشارێتەوە و کابرای جابی دێت بە بورهان دەڵێ: بیتاقەکەت؟. بورهان دەڵێ: ونم کردووە. دیارە جابی



(٥٧)


[لە سروزنی ایمەوە دائما]
[مکتبی ثالثە وقوتابیەکانی]

مکتبیکی پر شرف پر علمو عرفانو هنر
چونکە شیخ یوسف مدیری ایمە یەناکەین ضرر
رولەیی کوردی دلیرین دینە مکتب سربلند
هر لە سایەی خوا لە دلمانا نیە ذرەك کدر
جا لە مستقبل وطن فکرو امیدی ایمەیە
دەس لە دوعانە بومە روژو شەو داکو پدر
تنبلی لازم نیە تف لەو کەسە نیتی شرف
بەچە شیرو شاە سوارین ایمە نابین پیس نفر
هر بژی فیصل عراقو خالەکەی عبدالالە
پشت بە پشت عالی نسب معلومە وەك روژو قمر
ایمە رعیەو مللەتیکین مخلصو هم جان فدا
هەول ئەدەین تاکو نەمینی تن لەدل ایشو کدر
کاکە جاهد چند خوشە شعرو مدحو وصفەکەت
دانە دانە لی ئەچوری قطرەیی دوررو گهر

پێیدەڵێ ها ساختەچی ونت کردووە، یان بەبەلاش هاتووی سەفەر بکەی!؟ دووبارە جابی هەمان قسەی پێی دەڵێتەوە! بورهان گوتی: فکرم کردەوە ئەوە دەچمە بەندیخانە، ئەو وەزعەش ئەو برادەرە تووشی کردم، باشە چەند ڕۆژێک لەبەندیخانە بەتەنیایی و ڕەفیقێکت نەبێ، ناخۆشە!. گوتی: یەکسەر وەڵامی کاکەی جابیم داوە و گوتم: «من بەتەنیا نیم، لەگەڵ ئەو برادەرەی کە لەژێر کورسی خۆی شاردۆتەوە، ئێمە بەیەکەوەین؟!

## چێشتخانە و بەندیخانە

بورهان جاهید هەر لەسەر بەسەرهاتەکانی خۆی لەشاری کەرکوک، جارێکیان بەپێکەنینەوە بۆمی گێڕایەوە و گوتی: برادەرێکم هەبوو لەکەرکوک، ئەو کات تازە باوکت ڕەشاد موفتی ببووە قازی لەکەرکوک، هەروەها حاکم قادر نورەدین ئاغا باوکی دۆستی خوشەویستم خوالێخۆشبوو دکتۆر پۆڵا ئەویش حاکم بوو لەکەرکوک، هەردووکیان لەیەک هۆتێل لەکەرکوک دەمانەوە و ڕۆژانی پێنجشەممە دەگەڕانەوە هەولێر، هەروەها دەیگوت ماوەیێک حاکم تەحسین کوڕی یاسین ئاغای ئەسعەدیی کە یاسین ئاغا کوڕی پلکی باوکمە،



مزگەوتی قەڵا

ئەویش لەکەرکووک قازی بووە.

بورهان کە لەکەرکووک بووە پەیوەندی هەبووە لەگەڵی، ئەو برادەرەی بورهان دەسگیر دەکرێ و بورهانیش هەوڵی زۆری بۆ دەدا کە ئازاد بکرێ، بەڵام سوودی نابێت. بورهان گوتی: وەکوو هەڵوێستێک بەرانبەری کە ناتوانم یارمەتی بدەم و بەری بدەم، خۆ دەتوانم منیش بچمە لای ئەو و دڵی بدەمەوە لەبەندیخانە!. فیکرم کردەوە، یەکەم: برسی بووم، دوو: ئەوەندەش پارەم پێ نەبوو، یەکسەر چوومە چێشتخانەی گەورەی کەرکوک و لەوێ جەمەکی زۆرباش نانم خوارد، بەجۆرێک کە تا شەوێش هەر برسی نەبمەوە!. ئەوجا یەک دوو نەفەر لەسەر مێزەکەم نانیان دەخوارد کە تەواو بوون، بەوانیشم گوت حیسابتان واسلە! ئیشارەتم کردە خاوەن چێشتخانە کە من پارەیان دەدەم! چونکە فیکرم کردەوە ئەگەر بەتەنها پارەی خۆم بێ، ڕەنگە نەمنێرنە بەندیخانە، ئەوجا خاوەن چێشتخانەکەم بانگکرد و گوتم: ئەزیەت نەبێ پۆلیسی سەر شەقامەکەم بۆ بانگ ناکەی؟!

خاوەنی چێشتخانەکە گوتی: بۆ چیتە؟! گوتم: چونکە پارەم پێ نییە! بەو شێوەیە بورهان خۆی دەگەیێنێتە بەندیخانە، بەڵام دواتر کە حاکم لەبەزمەکەی تێدەگات و هەردووکیان ئازاد دەکات!.

## بورهان و ژیانی تازەی

دوای ساڵانی ١٩٦٥ بورهان ماوەیێک بوو لەکەرکووک دەژیا، بڕیاری گەڕانەوی دابوو، بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە و واز لەخواردنەوەی مەی و ژیانی بێ هێلانەیی بێنێ. ئەوکات خوشکی بورهان (لەدایک خوشکی بوو) کە لەهەمانکاتدا کچی مامیشی بوو، خاتوو (وەجیهە) کە (لەساڵی ٢٠١٤ کۆچی دوایی کرد. خێزانی خوالێخۆشبوو شێخ فەتاح موفتی مامم بوو) ژنێکی زۆر کارا و گەشبین بوو، ڕووخۆش لەپێشوازی میوانان، ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لەحەوانەوەی برای و جێگیربوونی. خاتوو وەجیهەخان زۆربەی شیعرەکانی باوکی (کانی) لەبەربوو.

کاتێ ئێمە منداڵ بووین دیوانی باوکی (لەیلا و مەجنون)ی بۆ دەخوێندینەوە. مامم فەتاح موفتی لەخانووی قەڵا دەژیا کە لەتەنیشت مزگەوتی قەڵای ئێستایە، خانووی باپیرم محەمەد موفتی بوو، دوای کۆچی ئەو مامم شەمسەدین موفتی و نەجمەدین موفتی لێی دەژیان، ئەم خانووە بەسەرهاتی زۆر دیوە!

لەم خانووەدا ژنیان بۆ بورهان داخوازی کرد، پاشان بورهان جاهید دەبێتە فەرمانبەر جاری یەکەم لەئیشغال بوو، لەناوەڕاستی هەشتاکان لەکتێبخانەی عینکاوە فەرمانبەر بوو، دواتر خانووی میریی لە (خانووەکانی ئیدارەی مەحەلی) وەرگرت. بورهان لەژیانی هاوسەریدا، خوا کوڕێک (محەمەد) و کچێک (شەهلا)ی پێ بەخشی.



## دوا ساتەکانی ژیانی بورهان جاهید

ساڵی ١٩٩١ هەواڵی نەساغی (بورهان) یان گەیاندە دیوەخان، لەگەڵ باوکم و کەنعانی برام سەردانی (بورهان)مان کرد. ئەوکات لەخانووەکانی (ئیدارەی مەحەلی) بوو کە دەکەوێتە پشت هۆتێل فەرید، بورهان ئەو ڕۆژە قسەی لەگەڵ کردین بەڵام لاواز و بێهێز دیاربوو. هەر لەهەمان شەوەدا پزیشک و دەرمانم بۆ هێنایە ماڵەوە، یەکدوو ڕۆژی دواتر، دۆخی تەندرووستی تا دەهات خراپتر دەبوو، دواجار بورهان کۆچی دوایی کرد و کۆتایی هێنا بەو حەپسخانەیەی دونیا کە (هەردەم وا وەسفی ژیانی دنیای دەکرد) ڕاستە ئەو وازی لەدونیا هێنا، بەڵام شیعرەکانی و مێژووەکەی مانەوە و وازیان لێ نەهێنایین!.

**“ بورهان جاهید هەر لە سەرەتای لاویدا، بەهۆی چەند هاوڕێیەکییەوە خوو بە مەی خواردنەوەوە دەگرێ و پارە و مولکێکی زۆر بەفیڕۆ دەدات ”**



لەڕاستەوە بورهان جاهید / موسی عبدالصمد / علاالدین سوجادی / شیخ احمد نقشبندی هەولێر ١٩٧٩



وەک دەڵێ:

***خۆم مەدح ناکەم ڕاستی ئەمەیە***
***لە کوێچکەتان بێ ئەم چەند قسەیە***
***بە جێتان دێلم بەخوا وەعدەیە***
***منیش تابعی ئەمر و فەرمانم***
***دیوانی برهان بگ هەولیری***
***مشهورە بە جاهدی***
**لەسەر نفقەی محمدامین عصری**
**خاوەنی کتیبخانەی ترقی لە کرکوک چاپ کرا**
**نرخی ١٥٠ و ١٩٥٧ میلادی**

چاپ خانەی ترقی کرکوک

ئەمە نووسینی سەر بەرگی دیوانەکەی (بورهان جاهید)ە کە بە ڕێنووس و زمانی ئەوسەردمی نووسراوە، ئێمەش لە گوستنەوەی هەندێ لە برگەکانی نێو ئەم دیوانەدا بەباشمان زانی ڕێک وەک خۆی بیگوازینەوە بەبێ هیچ دەستکارییەک.

بورهان جاهید ماوەیەکی زۆر ژیانی لەشاری کەرکوک بردۆتە سەر، لەهەمانکاتدا لەگەڵ شاعیرانی شاری کەرکوکیش دۆستایەتی پتەوی هەبووە،ساڵی ١٩٥٧ چاپخانەی (ترقی) لەکەرکوک یەکەم دیوانی بۆ چاپکردووە، بەناوی (دیوانی برهان بەگ هەولیری) کە لە ٦٤ لاپەڕە پێکهاتووە. هەروەها لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردووشدا بورهان سێ کتێبی بەناوونیشانی (چوارینەکانی جاهیدی) (فەلسەفە و چوارینەکانی جاهید) لەچاپداوە.

لەسەرەتای دیوانەکەدا بورهان جاهید بەناوی دانەر پێشەکییەکی نووسیوە، ئێمەش لێرە وەک خۆی بڵاوی دەکەینەوە.

**پیشکەش**

خۆشەویستەکانمان منم (جاهد) لەاهالی هەولیر لەنسلی آل دوغراماجی. برهان کوری محمد کوری ملا عبدالرحمان ناو بە سلسلە ئەگەمە عشیرەتی جاف لیم ببورن خوم هر أوندەی لی أزانم بە هیواییکی بی هوش و بە دالغەییکی چەوت تا امرو حیاتی خوم چواند. بویە نەختی سەرسامم ، بەلام دیسانەوە گەلی شکر ئەکەم بو خدای مستعان کە حالی حاضر أو شعورەم هەیە وا أزانم کە عمری رابودوی خوم بەبی هودە چوواندوە و بویە ئەم پیشکەشەم تقدیمی منورەکانمان ئەکەم تنها نەک بە غەزل و اشعار بەشکو بە بعضی سرهاتیو لی قەومانم کە زور مدهش و نظری دقت جلب ئەکا و ممکنە ببیتە درسیکی عبرت بو ئەو شوخانە کەخەریکن بو دامزراندنی ئەم مقروبی سفاهتە کە من بەصد دردی سەری درمانم کرد و هیشتاش لەدەس ئەم دردە بیزارم .

**دانەر**

دوای ئەو پێشەکییەی شاعیر کە ئاماژە دەکا بۆ ناو و رەکزی خۆی وە حاڵی پەرێشانی خۆی نیشاددەدا هەمان کات ئامۆژگاریش پێشکەش دەکا کە کەس بەدوای مەی خواردن نەکەوێ وە ژیانی ئاڵۆز بێت، یەکەم شیعر کە لەدیوانەکەی دەسپێ دەکات دوو ڕێز شیعرە لە ستایشکردن بۆ پێغمبەری ئیسلام دەڵێ :

*یالله العالمین توی خالقی کەونو زەمان*
*چی بکەم مەدحی صفاتت چون بسوررینم زبان*
*هرچی من بیلیم بکەم خوتی محرک بی گمان*
*دسەلاتی من چیە هرخوتی خلاقی جهان*

هەر دوای ئەم دوو دێرە



**لە راستەوە : ئیحسان رشاد موفتي ، حاجي حسن خوشناو/ صابر عبدالرزاق قاوە چی / بورهان جاهید / احمد ماستاوة / دیوخانەی رشاد موفتي ١٩٧٠**

**لەباوکم بیستووە کە ئەو ڕۆژەی (بورهان جاهید) لەدایکبووە، عەبدوڵڕەحمان ئاغای دۆغرەمەچی، لەگوندەکانی خۆی لەدەشتی هەولێر، حەوت مانگای کردۆتە قوربانی و لەسەر ماڵە هەژار و بێ دەرامەتەکانی دابەش کردووە**

شیعرە تکا دەکا کە لێی ببوورن بۆ هەرکەموو کورتییەک لە بەر ئەوەی، ئەوەی هاتیتە سەر زمانی نووسراوە، تکا لەخاوەن پیت دەکا کە چاوی لێبێت.

بورهان جاهید یەکەم جار کە هەوڵی داوە دیوانەکەی چاپ بکا. دوای ئەوە بووە کە هۆشی هاتۆتەوە سەرخۆی و گەڕایتەوە کەرکوک بۆ چاپخانەی (ترقی) بۆ ئەوەی ئەم دیوانەی بۆ چاپ بکەن هەر بۆیە دوای پێشەکی و ئەو دوو دێرە شیعرە دێتە سەر شیعرێکی ستایشی پێغەمبەر (د خ).

هەر دێرە شیعرێک بە پیتێکی عەربی نوسراوە. بە (الف) دەست پێدەکا و بە پیتی (غ) تەواو دەبی، دێری یەکەم :

*وا بە ابجد دائەنیم من مدحی فخر المرسلین*

*تا بکا رەحمی بەمن وەک اولیایی صالحین*

*الف: اگر نامی محمد بی زکرکەی متصل*

*تو بە جنت شاد ئەبی هیچ شەک نەکەی علم الیقین*

*تا دەگاتە پیتی (غ) لەم ستایشەی پێغەمبەردا دەڵێ :*

*غینە غائب لەمن نەمدی غەمی من هەر ئەوە*

*پاشی ئەو بەربادە (جاهد) یاالله العالمین*

وە لە ژێر باسی ژیانی خۆی لە لاپەرە (٤) دەڵێ :

گەلی جار بەبی چارەیی ویا بەبی شعوری هجرەتم کرد بو خارج (مەبەستی دەرەوەی شاری هەولێرە) و دوبارە گەراوم لەگەرانەوەم کە حالی حاضر لە هەولیرم لای پورزام رشاد مفتی خطیبی مزگەوتی ملا افەندی لەقلعە معلومە کە الآن نەختي لەخوشیدام. بەلام پیش هاتنەوەم بو ئەم مسجدە شریفە چند شەوی بومە میوانی چایخانەییک چایچی یەکە ناوی کاک احمد بو حقیقتا گەلی خذمتی کردم ..... هتد)

هەروا دەڵێ کە پەشیمانە لەو ژیانەی پێشووی کە ژیاوە دەڵێ:
من بە گیژیکی سودا بومە شیدا عقلو هوشم لێ گوررا نەخوشیکی خیالیم هاتەسر، همو افکارمی تیکدا، هجومی کردە سەر جسمم وجودم ضعیف بو دەماغم تیک چو، بە نصیحتی چند دونیا دیتەیی آخر شر توشی مشروبات خواردن بوم ................ هتد
للە الحمد لە خەوی غفلەت هەلستام .
جاهد

دیوانەکەی بورهان جاهید لە ٦٤ لاپەرە پێکهاتووە. نیوەی شیعرەکانی وەکو زنجیرە بەپیتی زمان بەدوای یەکدا هاتووە، هەر یەکێکیان پارچە شیعرێکە لەسەر بابەتێکی جیاواز .



## بورهان لەخۆ هەڵکێشان و کورد بوونیدا

ئێمە کە باسی کورد بوونی شاعیرێک، یان کەسایەتێک دەکەین. زۆر گرنگە ئەو کەسە خۆی باسی کوردبوونەکەی خۆی کردبێت و ئەو هەستەی هەبووبێ.

بورهان جاهید لەم دیوانەدا لە خۆناساندنیدا دەڵێ :

منم (جاهد) لەاهالی هەولیر لەنسلی آل دوغرامەچی. برهان کوری محمد کوری ملا عبدالرحمان ناو بە سلسلە ئەگەمە عشیرەتی جاف....

هەروەها لە لاپەرە ٤٩ ی هەمان دیواندا بە شیعر دەڵێ :

*من شاعری کوردو هم جاهد*
*چە باکم نیە لەقەولی حاسد*

*لەسربەستیدا مشهوری زمان*
*مشهورە ناوم بە کاکە برهان*

*معروف رصافی و مامە زهاوی*
*هاتن اما چون بە بژراوی*

*لە وانیش پیشتر شعرای فحول*
*لە بحری علم همو بون مجهول*

*خواجە حافظ و یا شیخی*
*سعدی لە دونیا دەرچون همو بەتوندی*

*نامق کمال و مامە فضولی*
*اوانیش رویین هر بە معقولی*

*المتنبی و عمر الخیام*
*مەقصدی خویان پی نەکرا تمام*

شیخ رضا خویو زەمانی فەوتا
دەرکی قط نەکرد شتی لە دنیا

ئەمرۆکەش من مامەکەم کانی دەلێن شلعیرین هیچ کەس نازانی

دوا وشەی لەم دیوانەیدا نووسیویەتی:
(بە عنایتی خوا تەواو بو)

**“ بورهان جاهید دوای کۆچی باوکی و پاشان دایکی، دووچاری گرفتی سەختی ژیان دەبێت، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی زیاتر ڕوو لە خواردنەوەی مەی دەکا ”**




## بوڕهان جاهیدی شاعیر

# خەیامی هەولێر!

ئامادەکردنی دیوان

«لەبنەماڵەیەکی ئەدەب دۆست و شیعرپەروەر گەورە بووم و دوو مامم شاعیر بوون، جەبار ئاغای دۆغرەمەچی (کانی) و مامە تۆفیق ئاغای دۆغرەمەچی. لەبنەماڵەی خاڵوانەکانیشم کە نەقشبەندین گەلێ شاعیریان تێدا هەڵکەوتووە، بەحوکمی تێکەڵاویی و خزمایەتیم لەگەڵیاندا، سوودم لەشاعیرێتیان وەرگرتووە. ئیتر لەوساوە دەستم کردووە بەشیعر دانان و لەبەر هەندێ بەسەرهات و باری ژیانی تایبەتی خۆم، لەساڵی ١٩٣٤ دەستم لەخوێندن هەڵگرت و هەموو خوێکم دایە شیعر هۆنینەوە».



بوڕهان جاهید

بوڕهان جاهیدی شاعیر، بەمجۆرە لەکۆڕەکەی ساڵی ١٩٧٣ی لقی هەولێری نووسەران، خۆی دەناسێنێ.

یەکێتی نووسەرانی کورد – لقی هەولێر، لەسەعات ٤ی ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە ڕێککەوتی ٢٢ی ٣ی ١٩٧٣ لەهۆڵی بارەگای یەکێتی مامۆستایانی کوردستانی عێراق –- لقی هەولێر، بە ناوونیشانی (گفتوگۆیەکی ئەدەبی لەگەڵ بوڕهان جاهید لەکۆڕێکی فراواندا) کۆڕێکی ئەدەبی ساز دەکات و ژمارەیەکی زۆر لەکاربەدەست و سەرۆک و ئەندامانی ڕێکخراوە کوردستانییەکانی پارێزگای هەولێر و ئەدەبدۆستان ئامادە دەبن. پاش ئەوەی بوڕهان جاهید و کەریم شارەزا و ئەحمەد شەریف، سێقۆڵی دەچنە سەر شانۆی هۆڵەکە، (کەریم شارەزا) جێگری لق بەوتارێک کۆڕەکە دەکاتەوە و بەخێرهاتنی بەشداربووان دەکات.

کەریم شارەزا، لەقسەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم کوڕە ئەدەبییە لەسەر پێشنیازی (پیربال مەحموود) بووە و (جاهید)یش وای بەپەسەند زانیوە کە کۆڕەکەی بەشێوەی گفتوگۆکردن بێت لەگەڵیدا، بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆیەکەشیان، جێگری لقی هەولێری نووسەران (بوڕهان جاهید و ئەحمەد شەریف) پێشکەش بە بەشدارانی کۆڕەکە دەکات.

ئەحمەد شەریف کە هاوکات سکرتێری ڕۆشنبیری لقی نووسەرانی هەولێر بوو، لەم ئێوارە کۆڕەدا، سێزدە پرسیاری ئاڕاستەی بوڕهان جاهید کرد و لەدەسپێکدا گوتی: «کۆڕی ئەمجارەمان، کۆڕێکی تایبەتییە و تەرخانکراوە بۆ گفتوگۆ و لێکۆڵینەوە لەبەسەرهات و ڕێچکەی ئەدەبی و شیعرە بەزمە ساتەکانی شاعیرێکی قەلەندەر و ناسراوی هەولێر مامۆستا (بوڕهان جاهید)

پاشتر هاتەسەر ناساندنی (جاهید)ی شاعیر و گوتی: لەبواری ئەدەبدا ئەگەر ناوی هەولێر بێت، ڕەنگە پێش هەموو کەسێک وێنەی (بوڕهان جاهید)مان بێتە بەرچاو، لەگەڵ کارەساتی ژیانی کە قوچی قوربانی کۆمەڵی چینایەتی بووە و سەرتاپای ژیانی هەژاری و دەربەدەری و مەستی و بێ ئارامی بووە و ئەوین و عەشقی مەی و مەیخانە بەجۆرێ کاریان تێ کردووە، شیرازەی ژیانیان گۆڕیوە. لەوێنەی ئەو شاعیرەمان کە شەیدای مەی و مەیخانە بووە، پیتۆڵ و زانای بەناوبانگی فارس (عومەر خەیام) و شاعیری شۆڕشگێڕی نەتەوەی کورد (فایق بێکەس) بەدی دەکرێت.

بەشداربووان کشومات و (ئەحمەد شەریف)یش لەپێداهەڵگوتنی (جاهید) دا درێژەی دەداتێ و دەڵێ: «بورهان جاهید، یەکەم شاعیر نییە عەودالی مەی و مەستی بووبێ، بەلام ڕەنگە کەم کەس وەکو ئەو توانیبێتی دوای ئەو تەمەنە درێژە، کۆڕی عەرەق خواردنەوەی چۆل کردبێ و گەڕابێتەوە سەر ڕێی ژیانی ئارام و ئۆقرە و ئاسایی، بەلای ئێمەوە بزووتنەوەی ئەدەبی لەشارەکەماندا جێگایەکی تایبەتی و لاپەڕەیەکی ڕووناکی بۆ شاعیری هەولێری بورهان جاهید تەرخان کردووە، چونکە لەکاتێکدا کە لەهەولێر و بەتایبەتی لەناو قەلاتدا هەستی کوردایەتی زۆر کز بووە، کەچی ئەو شیعرەکانی هەر بەزمانی شیرینی کوردی هۆنیوەتەوە.

لەدوای ئەمە، کۆڕگێڕ (ئەحمەد شەریف) وتی «ئیتر با ئەم پرسیارانەمان ئاراستەی کاک بورهان جاهید بکەین و چاوەڕوانی وەلامین لێی. بورهان جاهید کەوتە بەر لێشاوی پرسیاران و سێزدە پرسیاری لەلایەن کۆڕگێڕەوە لێکرا. لەوەلامی پرسیاری یەکەم: «کاک جاهید ژیانی شیعریت چۆن دەستپێکردووە؟ بورهان جاهید گوتی: «من لەتەمەنی پانزە شانزە ساڵیدا بووم کە ئارەزووی شیعر دانانم کردووە و هەست و سۆزی ئەدەبیم بووە...». لەوەلامی پرسیاری دووەمیشدا، «یەکەم هەڵبەستی شیعریت چی بووە؟»، بورهان جاهید دیوانە چاپکراوەکەی خۆی دەهێنێتە دەرەوە و دەڵێ:

ئەم هەڵبەستەم یەکەم محاوەلەی شیعریم بووە وا بۆتان دەخوێنمەوە:

***لەبۆ دەفعی غەمی دنیا***
***لەدەستم بادە بوو پەیدا***
***عەقل فەوتا جگەر سووتا***
***بەجارێ کەوتمە سەحرا***
***غەمم یەک بوو هەزاری کرد***
***دەخیلی گوڵ عوزاری کرد***
***خەریکی ئاهو زاری کرد،***
***بەشەو تا ڕۆژ***



***ئەبێ بیللا!***
***نەما چارم کە بیمارم***
***بەدڵ لەم گیانە بێزارم***
***لەهیجرانا چبێ چارم***
***بەتیرێ بمکوژێ لەیلا!***
***فەلەک سووتا لەئاهی من***
***مەلەک گریا لەڕاهی من***
***عەجەب بەختی سیاهی من***
***نەبوو جارێ لەخەو ئاگا!***

***بەحالی (جاهید)ی مەعسووم***
***ئەگەر ڕەحمێ نەکەن مەعلووم***
***حسابی من چ بێ مەفهووم،***
***ئەپرسن لێم لەمەحشەردا***



بورهان جاهید لەگەڵ زۆر لەشاعیرانی سەردەمەکەی خۆیدا، بەتایبەت ئەوانەی هەولێر (ئەحمەد دڵزار، مەدحەت بێخەو، مەسعوود بێبەش، جەلال مەدحەت خۆشناو) لەپەیوەندی دابووە، وەک ئاماژەشی پێدا، لەو شاعیرانەی کەوتۆتە ژێر کاریگەری شیعریان «جەبار ئاغای دۆغرەمەچی مامم (کانی) بێخود، سافی، سابری، دڵدار» بووینە.

لەبارەی دڵداری شاعیرەوە کە خاوەنی شیعری (ئەی ڕەقیب)ەو بچووکترین شاعیری کوردە کە لەتەمەنێکی کەمدا (٣٠) ساڵیدا جوانەمەرگ بووە و لەماوەی تەمەنیدا پەیوەندییەکی توندوتۆڵی شیعری لەگەڵ جاهید هەبووە، سەبارەت بەپەیوەندی نێوانیان و چۆنیەتی یەکترناسینیان، جاهید دەڵێ: لەڕانیە بەهۆی (سەعدی مەلا ڕەئووفی خادم سجادەی براگەورەی (یونس - دڵدار) بەدڵدار گەیشتم، ئەم دووانە (جاهید و دڵدار) هۆنراوەیەکی هاوبەشیشیان هەیە و جاهید دەڵێ: شەوێک گوتمان با نامەیەک بۆ جەبار ئاغای (کانی) مامم بنووسین. من و دڵدار بەیەکەوە ئەم هەڵبەستەمان بۆ نووسی و بۆمان نارده هەولێر، ئەوکات تازە لەڕەواندزەوە گوێزرابۆوە بۆ هەولێر. ئەمەش هەڵبەستەکەیە کە لەساڵی ١٩٤٠دا دامان ناوە.

**«بورهان جاهید هەڵساوە و بەتوڕەبوونەوە ئەم کردارە و پێشنیازەی ڕەخنەکرد و گوتی: زۆرم پێناخۆشە کە لەم کاتەدا پیتاکم بۆ کۆدەکەنەوە و ئەمەش دەبێتە مایەی شکاندنم»**



**(هۆنراوە هاوبەشەکەی دڵدار و جاهید، چواردە دێڕە و ئەمە تەنها سێ دێڕی سەرەتایە)**

***ئەنفیەت (کانی) دەڵێن مسک و گوڵاوی تێکەڵە***
***دار عەکازیشت لەدارستانی گوندی هەرتەلە***
***باش ئەکەی تەقلیدی لەنجەی قازی شابازە شەلە***
***مەیلی ئەشعارت وەکو جارانە ئاخۆ ئەم حەلە؟!***
***بیستبووم ساحێب زەوق بووی سوحبەتت خۆش و بەتام***
*مەجلیست دایم بەمەی ئەرشاند شەو و ڕۆژ بالدوام*

بورهان جاهید، لەڕێگەی چوارینەکان و کۆڕی بەردەوامی مەینۆشی، زۆرجار وەکوو خەیامی شاعیری فارس، نرخاندن بۆ شیعر و کەسایەتی دەکرێ، بۆیە کاتەک کۆڕگێڕ پێی دەڵێ: «مامۆستا جاهید تۆ بەشاعیری بادە و مەیخانە ناسراوی، تکایە چەند نموونەیەکمان لەو بابەتە شیعرانە بۆ بهێنەوە کە لەبادەنۆشی و مەیەوە بدوێ و ئایا ئەم شیعرانەت زادەی کاتی سەرخۆشیتن یا کاتی شێتەیی» لەوەڵامدا جاهید دەڵێ: زۆربەی ئەو شیعرانەی کە لەمەی و سەرخۆشییەوە دەدوێن، زادەی سەردەمی بادەنۆشی و ئەندێشەی سەرخۆشیمە، وەک ئەم شیعرەم:

***خەیاڵاتی دڵی تەنگم لە دنیاما لە یەک پێکە***
***بەفەرموو چاوەکەم ساقی هەتا ئەتوانی بۆم تێکە***

**“ زۆربەی ئەو شیعرانەی کە لەمەی و سەرخۆشییەوە دەدوێن، زادەی سەردەمی بادەنۆشی و ئەندێشەی سەرخۆشیمە ”**

دنیا تاریک دادێ و کۆڕەکەی جاهید تا دێ پڕ جۆش و خرۆشتر دەبێ، چونکە جاهید جگە لەقسەکردن وەڵامی هیچ پرسیارەکیش بەبێ خوێندنەوەی شیعر تێپەڕ ناکات، دوای تەواوبوونی پرسیارەکانی کۆڕگێڕ، دەرگای گفتوگۆ کرایەوە و (فەرهاد شێخ یوسف) هەڵدەستێ و سەبارەت بەو هۆنراوەی جاهید پرسیار دەکات کە لەسەر (شێخ نەجمەدین سائیب)ی موتەسەریفی هەولێر نووسیبووی و دواتر لەسەری زیندانی کرا، هەروەها داوای گێڕانەوەی سەربردەی ئەو هۆنراوەیشی کرد کە جاهید لەزیندان لەسەر پشیلەیەکی برسی نووسیبووی.


پاش کۆتایی هاتنی پرسیار و وەڵامەکان، ئەمجارە (محەمەد حەسەن مەنگوڕی) ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کورد، هەڵدەستێ دەچێتە پشت مایکەکە و دەڵێ: «من پێشنیار دەکەم کە ئەم گفتوگۆیەتان لەگەڵ کاک جاهیدا هەر بەو جۆرەی ئێستا بنووسرێتەوە و ئیجازەی بۆ وەربگیرێ و چاپ بکرێ، پارەکەشی لەڕێگەی پیتاک و یارمەتیدانی ئەدەبدۆستانەوە بێ و ئەوەی لەبەری برا یەکێتی نووسەران تەواوی بکات و خۆشم ئامادەم چەندی دەڵێن پارە بدەم بۆ هێنانەدی ئەم پڕۆژەیە» ئەم پێشنیارەی مەنگوڕی لەهەموو لایەکی بەشداربووانی کۆڕەکە پەسەندکرا.

بورهان جاهید هەڵساوە و بەتوڕەبوونەوە ئەم کردارە و پێشنیازەی ڕەخنەکرد و گوتی: زۆرم پێناخۆشە کە لەم کاتەدا پیتاکم بۆ کۆدەکەنەوە و ئەمەش دەبێتە مایەی شکاندنم. سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر (عیزەدین فەیزی) هەڵدەستێتەوە و ڕوودەکاتە جاهید و دەڵێ: «کۆکردنەوەی ئەم پارەیە بۆ تۆ نییە بەڵکو بۆ ئەدەبەکەتە تاکو پێی چاپ بکەین و لەنەمان و لەناوچوون بیپارێزین». لەدوای ئەمە، بەشداربووان (ئەحمەد دڵزار و عومەر شێخەڵا و ئەمین محەمەد مەحموود و مومتاز حەیدەری) ئەمانیش بەسەرنجەکانیان، کۆڕەکە و پێشنیاوەکەیان دەوڵەمەندتر کرد و گفتوگۆیەکانیان پتر لەدوو سەعاتی خایاند.

ئەوانەی کە پیتاکیان داوە بۆ چاپکردنی ڕووداوەکانی ئەم کۆڕە ئەدەبییە، کراوەتە لیستێک و لەکتێبەکەدا بەمجۆرە بڵاوکراوەتەوە. قازی هەولێر (مامۆستا محەمەد ڕەشاد موفتی ٥ دینار) (عەبدولڕزاق بیتووشی ٤ دینار) (کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی ٣ دینار) (سامیە شاکر ٣ دینار) هەریەک لە (مامۆستا محەمەد حەسەن مەنگوڕی، عومەر شێخەڵا دەشتەکی، مومتاز حەیدەری، عەبدولقادر حەمەدەمین، ئەمین محەمەد مەحموود، ئیبراهیم عەبدولڕەحمان، یەکێتی قوتابییان لیژنەی سانەوی کچان، ٢ دیناریان داوە) هەریەک لە (مامۆستا عیزەدین فەیزی، ئەحمەد دڵزار، محەمەد مەولود (مەم)، یەکێتی ئافرەتان، مامۆستا ئەحمەد شێخ تاهیر نەقشبەندی، تاهیر کەریم، لەشکری یابە، شێخ عەبدوڵا نەقشبەندی، کەریم شارەزا، ئەحمەد شەریف، تەها عەزیز ڕەشوانی، حەسەن حەمەد، دڵشاد حەیدەر، یوسف ئەحمەد دەرگەڵەیی، دیناریکیان داوە) و کۆی پارەکان کردوویەتی چلوسێ دینار.

ڕووداوەکانی ئەو کۆڕە ئەدەبییە سەعات ٤ی ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممەی ڕێککەوتی ٢٢ی ٣ی ١٩٧٣ لەدوای مانگێک و سێ ڕۆژ، لە ٢٥ی ٤ی ١٩٧٣ کرایە کتێبەک بەناونیشانی (گفتوگۆیەکی ئەدەبی لەگەڵ شاعیری کلاسیکی بورهان جاهیدا).

# چوارینەکانی جاهید لە تەرازووی هەڵسەنگاندن دا



کەریم شارەزا

ئادەمیزاد لەم جیهانە پانوبەرینەدا، گیان لەبەرێکی زیرەک و پێشکەوتووە و هەرچەندە کەم هێز و دەسەڵاتیش بێ، هێشتا گەلێ کاروکردەوەی گەورەی لەدەست دێت، لەتوانایدا هەیە گیروگرفتەکانی ژیانی خۆی بەپێی توانا، چارەسەر بکات و نەیەڵێ بەئاڵۆزی بمێنێتەوە. ئەگەر ئەمە خاسیەتی ئادەمیزادی ئاسایی بێ، دەبێ بەچاوێکی تیژتر و بەلێکدانەوەیەکی وردتر، سەیری هەڵوێست و توانستی ئادەمیزادی شاعیری هونەرمەند بکەین, دەبێ بەچاوی خولقێنەرێکی خاوەن بەهرەی داهێنان و دروستکردنەوە، لەکار و بەرهەمی و لەتاقیکردنەوە ئەدەبییەکانی ورد ببینەوە.

چونکە شاعیر تەنیا ئادەمیزادێکی خاوەن هەست و هۆش و بیر و لێکدانەوە نییە، بەڵکو ئادەمیزادێکی خاوەن بەهرەیەکی داهێنەری هەست ناسکە و لەڕووداوەکانی دەوروپشتی خۆی و ناو کۆمەڵەکەی بەدەیان تاقیکردنەوەی ئەدەبی پێشکەش بەخوێندەوار و ئەدەب دۆستان دەکات. مەرج نییە ئەو ڕووداوانە هەر بەسەر خۆی هاتبن بەڵکو لەوانەیە بەسەر خەڵکی دەوروبەری هاتبن و کاری لەویش کردبێ و بووبن بەسەرچاوەی تاقیکردنەوەیەکی ئەدەبی و مایەی خولقانی بەرهەمێکی شیعری لەلای، چونکە ئەو لەچاو ئینسانی ئاسایی هەست ناسکترە، بۆیە زووتر ئەو ڕووداوانە لەلای ئەو شاعیرە دەبن بەکردارێکی هونەری و لەقاڵبی شیعرێکی ناسکی پڕ سۆز سەرهەڵدەدەن.

لەبەر ئەوەی شیعر و تاقیکردنەوەی ئەدەبی بەهیچ جۆرێک لەژیانی شاعیر و لەدڵ و دەروون و سۆز و ئەندێشەیی و لەدەوروبەری جودا ناکرێتەوە، بۆیە وا باشە ئەگەر بەخێرایش بێ چاوێک بەتۆماری ژیانی تایبەتی (بورهان جاهید)ی شاعیر، گیرۆدەی گیروگرفتەکانی ژیان و زەمانە و هۆگری مەی و بادەی مەستی خەمی دڵتەزێنی جیهانی تایبەتی ئەو ئەدیبە کوردەدا بخشێنن.



**تۆماری ژیانی تایبەتی بورهان جاهید**

جاهید نازناوی شیعری شاعیری مەی و بادە، بورهانی کوڕی حاجی محەمەدی کوڕی مەلا عەبدوڕەحمانی دۆغرەمەچی هەولێرییە، لەساڵی ١٩١٨دا لەشاری هەولێری دێرین، شاری چوار خوداوەندەکەی ئاشوورییەکان و شەڕگە و شوێنی شکانی سوپاکەی دارای شاری فارسە ئەخمینییەکان، لەبەردەم هێزی ئەسکەندەری مەکدۆنی و شاری سوڵتان موزەفەرەدینی کۆکبەری لەدایکبووە. خوێندنی سەرەتایی لەهەولێر تەواو کردووە و پلەی خوێندنی تا پۆلی دووەمی ناوەندی چووە و لەبەر دەستکورتی لەساڵی ١٩٣٤دا دەستی لەخوێندن هەڵگرتووە.

هەر چەندە (جاهید) لاوێکی بێکەس نەبووە و لەبنەماڵەی ناوداری دۆغرەمەچی هەولێر بووە، بەڵام چونکە ئەو منداڵ بووە کە باوکی کۆچی دوایی کردووە و جەبارئاغای مامی (کانی)ی مامی بەخێوی کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر هەستی بەتەنیایی و بێکەسی کردووە، چونکە هیچ کەسێک بەقەدەر باوک ناتوانێ چاودێری ڕۆڵەی خۆی بکات و سۆز و خۆشەویستی باوکێتی پێ ببەخشێ.

بورهان جاهید لەساڵی ١٩٣٧دا بووە بەسەرباز تاکو ساڵی ١٩٤٠ و ئینجا لەگەڵ (کانی)ی شاعیری مامیدا ژیاوە. مامی لەزۆر شاردا فەرمانی میری بینیوە بۆیە (جاهید)یش لەگەڵیدا گەلێ لەشارەکانی کوردستانی دیوە و لێیان ژیاوە، بەمە چاوی کراوەتەوە و لەژیان و ڕابواردنی زۆر شوێنی کوردستاندا شارەزا بووە، ئەمەش بەتەواوی کاری کردۆتە سەر ژیان و



شاعیرییەتی جاهید.

بورهان جاهید ژیانی هاوسەری دروستدەکا و کوڕێکی دەبێ، ماوەیەک لەئەشغالی هەولێر و سەردەمەکیش لەکتێبخانەی گشتی هەولێر مووچەخۆر بووە، لەبەر ئەوەش کە تەمەنی لە ٦٣ ساڵی تێپەڕی کردووە، خانەنشین کراوە.

### بورهان جاهید و شعری کوردی

بورهان جاهید دەڵێ: «لەتەمەنی شازدە ساڵیدا واتا لەدەوروبەری ساڵی ١٩٤٣دا دەستی داوەتە شیعر دانان و هەر لەو ساڵەشدا دەستی لەخوێندنی قۆناغی ناوەندی هەڵگرتووە، بۆیە یەکەم شاعیر کە کاری لەهەست و ئەندێشەی شیعریی کردبێ مامی بووە، دوای ئەویش کە کانی دەکرێتە فەرمانبەری نفووس لەکۆیە (جاهید)یشی لەگەڵدا دەبێ، لەوێ لەگەڵ مەلامەحموودی (بێخود ١٨٧٨- ١٩٥٥)ی شاعیری کلاسیکی ناوداری کورددا هەڵدەستێ و دادەنیشێ کە ئەوسا بێخود ماوەیەک لەماڵی سەید هادی سەید قادری زاوای و مێردی (شەمسەخانی موفتی)ی خوشکی مابۆوە. جاهید هونەری شیعری کوردی لە (بێخود) ئەو شاعیرە گەورەیە فێربووە. جارێکیان بێخودی شاعیر ویستویەتی شاعیرێتی ئەو شاعیرە لاوە تاقیبکاتەوە، بۆیە داوای لێکردووە تاکە شیعرێکی میر شوعەرای تورک (فضولی) لەتورکییەوە بۆ بکات بەکوردی، ئەمەش شیعرەکەی فزوولییە کە دەڵێت:

*اویله سرمستم که ادراک ایتمز دنیا ندر*
*بن کیمم ساقیم اولان کیم من ندر صهبا ندر*

(جاهید)یش بۆ ڕۆژی دوایی بۆی کردووە بەهەڵبەستێکی نایابی سەرکەوتوو و سەرەتاکەی بەمجۆرە دەستپێدەکات:

*هێندە سەرمەستم چ هۆشێکم نەماوە دنیا چییە*
*من چمە و ساقی چییە، هەم بادە و صەهبا چییە؟*
*من بەسەودایی سەرم سەد موشکیلی دڵ حەل دەکەم*
*عەقڵ و هۆشم گەر لەڕێی سەوداسەری بروا چییە؟*
*بولبول و پەروانە کوانێ عاشیقی لانە و گوڵن*
*من کە عاشیق بووم و ئیتر ئاهو واوەیلا چییە؟*

جاهید کە ئەم هەڵبەستەی بۆ بێخود خوێندۆتەوە، زۆری پەسەند کردووە و بەشاعیرێکی ڕەسەن و هونەرمەندی داناوە. جاهید لەکاتی سەردانی بۆ (هێران) ماوەیەک لەلای شێخ مستەفای (کاکی هێران)ی ناودار بە (صافی ١٨٧٦-١٩٤١) ماوەتەوە و زۆر چێژی لەغەزەلە پڕ سۆز و ئاوادارەکانی وەرگرتووە. هەروەها لەشاری کەرکووک سەردانی شێخ نەجمەدینی شێخ عەبدوڕەحمانی ناودار بە (صابری ١٨٨١-١٩٤٤) کردووە و چەند شیعرێکی ئەو شاعیرە ناودارەی کردووە بەپێنج خشتەکی. جاهید جگە لەو شاعیرە بەتەمەنانە، دۆستایەتییەکی بەهێزی لەگەڵ شاعیری پێشکەوتنخوازی جوانەمەرگی ئەدەبی کوردی (دڵدار ١٩١٨-١٩٤٨)دا هەبووە و هەندێجار بەیەکەوە شیعریان داناوە، لەوانە هەڵبەستەکەی:

*ئەنفیەت (کانی) دەڵێن مسک و گوڵاوی تێکەڵە*
*دار وەکازیشت لەدارستانی گوندی هەرتەلە*

جاهید دۆستایەتی شیعری و گیانی لەگەڵ شاعیرانی کوردی وەکوو مەسعود بێبەش (١٩٣٢) و مەدحەت بێخەو (دیبەگە ١٩٣٤) و پیرباڵ مەحمود (هەولێر ١٩٣٤) و جەلال مەدحەت خۆشناو (شەقڵاوە ١٩٣٤) هەبووە. جاهید شیعری زۆرە و بەشێوەی کۆمەڵە شیعر چەند جارێکی بڵاوکردۆتەوە و لەزۆر ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا شیعری پەخش کردووە، بەڵام من مەبەستم ئەوە نییە لەهەموو شیعرەکانی بکۆڵمەوە، بەڵکوو مەبەستم ئەوەیە تەنیا چوارینەکانی کە بەدوو بەرگ چاپی کردوون، بیانخەمە تەرازووی ڕەخنە و هەڵسەنگاندن و نرخی ڕەوای خۆیان پێ بدەم.


### چوارینەکانی جاهید لەتەرازووی هەڵسەنگاندن دا

بورهان جاهید لەنێوان ساڵەکانی ١٩٧٩ و ١٩٨٢دا دوو کۆمەڵە چوارینی لەشیعرەکانی چاپ کردووە. بەشی یەکەمی کە لەساڵی ١٩٧٩ دا و لەبەرگێکی قەشەنگ و لەسەر کاغەزێکی سپی و قەبارەیەکی ناوەنجیدا و بە ١٦٨ لاپەڕەدا لەچاپخانەی (دار الحریە)ی بەغدا لەچاپ دراوە. لەخوێندنەوەی ناونیشانی کۆمەڵە چوارینەکەیدا بۆمان دەردەکەوێ کە شاعیر نازناوەکەی خۆی لە (جاهید) ەوە گۆڕیوە بە (جاهیدی) نازانین هۆی ئەم گۆڕینەی چییە؟ شاعیرەک نزیکەی نیوسەدە بەناوێک ناسرابێ و هەر بەو نازناوەش شیعری بڵاوکردبێتەوە، چ پێویست دەکا ئەو نازناوە بگۆڕێ؟ ئەم گۆڕانکارییە وا لەهەندێ خوێندەوار بکات کەوا بزانێ شاعیرەکی دیکەیە نەک (جاهید)ەکەی جاران، لەکاتێکدا هەردوو وشەکە وەک هاوەڵناوەک بچنەوە سەر یەک سەرچاوەی زمانەوانی و لەکاری ڕابردووی (جهد)ی عەرەبییەوە هاتبن، کە بەمانای (خۆ ماندوو کرد) دێ.

چوارینەکانی ئەم بەشەی یەکەمی لەدەورەی بابەتەکانی ئایینی و کۆمەڵایەتی و دڵداری

**«جاهید جگە لەو شاعیر بەتەمەنانە، دۆستایەتییەکی بەهێزی لەگەڵ شاعیری پێشکەوتن خوازی جوانەمەرگی ئەدەبی کوردی دڵدار (١٩١٨- ١٩٤٨) هەبووە و هەندێجار بەیەکەوە شیعریان داناوە»**






و خۆشەویستی و وەفا و گوڵ و بادە و دەوران و دڵ، دەسوڕێنەوە. لەبارەی ڕووخسارەوە، هەندێ لەچوارینەکانی ئەدگاری لکە شێوەکەی ناوهەولێری بەسەرەوەیە، یاخود خۆی بەپێی پێویستی سەروا و داڕشتنی شیعرەکانی وای گوتوون، هەروەک لەم چوارینەیدا دەڵێ:

(ضرب المثل)ە ئەگەر ڕاست
بڕۆی
بچیە ڕێگەی شێر قەت ترس
نەخۆی
خودا یاریدەی ڕاستگۆیان ئەدا
لەئاسمانەوە هیمەت ئەبێ بۆی

دێری یەکەمی چوارینەکە لەبارەی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە تەواوە، بەڵام لەنیوەدێری دووەمیدا کە دەڵێ:

بچیە ڕێگەی شێر قەت ترس
نەخۆی

لەبارەی ڕوخسار و ماناوە ناڕێکییەکی تەواوی پێوە دیارە، چونکە ئەم نیوەدێڕە شیعرە پوختەی ئەو پەندە کوردییەیە کە دەڵێ «ڕاست بە و بەلای شێرا بڕۆ» یاخود دەگوترێ: «ڕاست بە و برۆ ڕێگەی شێر» شیعر ئەوەیە لەپەندی پێشینان و قسەی ئاسایی ڕێکوپێکتر و خۆشتربێ، کەچی لێرەدا شاعیر بەجۆرێکی وا پەندەکەی کردووە بەشیعر کە مانای دابلەنگێ و داڕشتنەکەشی لاواز بێ، چونکە کورد ناڵێ «قەت ترس نەخۆی!» بەڵکو کورد دەڵێ: «قەت نەترسی» هەروەها لەنیوەدێڕە شیعری چوارەمیدا کە دەڵێ:

*لەئاسمانەوە هیمەت ئەبێ بۆی!!*

ئەم دەربڕینەش مانایەکی لاوازی هەیە، چونکە مەبەستی شاعیر ئەوەیە بڵێ: «لەئاسمانەوە هیمەت و هێزی پێ دەدرێ» واتا: خودا هیممەتی زیاد دەکات و سەری دەخات. دیسانەوە شاعیر کە لەچوارینێکی دیکەدا دەڵێ:

*دەوران گەلێکی خستە ژێری*
*خۆی*
*برسی و هەراسان نەیکرد تێری*
*خۆی*
*زۆریشی وا کرە بگاتە ئاسمان*
*هەڵەو مەرحەبا کردی فێری*
*خۆی*

هەر چۆنێک بێت نیودێڕە شیعری یەکەم مانایەک دەدات، هەر چەندە «ژێری خۆی» ناڕێکە و ئەگەر کێشی شیعرەکەی ڕێی بدایە و بیگوتایە «ژێر خۆی» ئەوا گەلێ ڕاستتر دەبوو، بەڵام لەنیوەدێڕی دووەمیدا کە دەڵێ: «برسی و هەراسان نەیکرد تێری خۆی» ئەمەیان نازانم چ جۆرە دەربڕینێکە و ماناش بەتەواوی نادا، بەمەزەندە دەبێ مەبەستی ئەوەبێ بڵێ: «دەوران پیاوی برسی قەت تێر نەکردووە» هەروەها لەنیوەدێڕی کۆتایی چوارینەکەیدا کە دەڵێ: «هەڵەو مەرحەبا کردی فێری خۆی» ئەم دەربڕینەش چ لەبارەی داڕشتنەوە چ لەبارەی ماناوە زۆر بێهێزە و دەتوانم بڵێم هیچ مانایەکی ڕەوانی لێ هەڵناستێ.

ئەگەر هەندێکی کەم لەچوارینەکانی جاهید لەبارەی داڕشتن و ناوەڕۆکەوە لاوازبن ئەوا دەتوانم بڵێم: زۆربەیان تام و بۆی پەند و ئامۆژگاری و فەلسەفەی ژیانیان لێ هەست پێ دەکرێ. هەمووشیان بەری تاقیکردنەوەی ژیانی تفت و تاڵی تایبەتی خۆی و کۆمەڵەکەی بووە. لەدوو چوارینیدا بەناونیشانی (ساقی) داڕشتنی پتەو و ناوەڕۆکی بەرز و بەهێز و بەپێزمان دەداتە دەست و دەڵێ:

**«سەردەمێکیش ژیانێکی گەدایی ژیاوە و لەداخی غەم و خەفەت و تاڵی دنیا، خۆی مەستی مەی و بێهۆشی کردووە، تاکو ساتێک ئەو خەم و تاڵییەی ژیانی لەیاد بکات»**



> "ماوەیەک لەئەشغاڵی هەولێر و سەردەمەکیش لەکتێبخانەی گشتی هەولێر مووچەخۆر بووە، لەبەر ئەوەش کە تەمەنی لە ٦٣ ساڵی تێپەڕی کردووە، خانەنشین کراوە"

***ساقی دەخیلە بەس بدە بادە***
***دڵم دەمێکە مەست و بەر بادە***
***دەمێکیش بێ مەی با مەستی خوا بم***
***بکە لەڕێ ی خوا لە ڕێگەم لادە***

...................................

***ڕۆژانی خۆشیم لەگەڵ تۆ ڕابوارد،***
***گاه بە مەحزوونی گاه بە ئاهی سارد***
***بە یادی زەوق و شەوقی پیاڵەت،***
***هەزاران نامەم بۆ یارانم نارد***

هەردوو چوارینەکە تام و بۆی شیعری (خەیام)یان لێ هەست پێ دەکرێ. چوارینی یەکەمی لەبارەی ڕوخسار و ناوەرۆکەوە تەواو و سۆز و ئەندێشەیەکی خۆشی تێدا هەست پێ دەکرێ، بەڵام لەچوارینی دووەمدا کە دەڵێ: «گاه بە مەحزوونی گاه بە ئاهی سارد» دەبینین هەردوو باری هەر ناخۆشییە چ «مەحزوونی» و چ «ئاهی سارد» دەبێ ئەوەش بزانین کە لەنیوەدێڕی یەکەمدا دەڵێ« ڕۆژانی خۆشیم لەگەڵ تۆ ڕابوارد» ئەگەر ڕۆژانێ خۆشی لەگەڵ ساقی ڕابواردبێ، بۆ دەمێک بەغەمگینی و دەمێک بەئاهی ساردی لەگەڵدا ڕابواردووە؟ بەڕای من ئەگەر لەنیوەدێڕی یەکەمدا، لەجیاتی «ڕۆژانی خۆشیم» گوتبای «ڕۆژانی جوانیم» واتا: «ڕۆژانی لاوی و جاخێلیم» لەگەڵ تۆ ڕابوارد، لەم حاڵەتەشیدا وا ڕاستترە بگوترێ گاه بە (دڵشادی) لەجیاتی «مەحزوونی» و گاه بە (ئاهی سارد) تاکو دژیەک بەرامبەر بەیەکتری بوەستن و ماناکەی ڕێکتر ببێ.

دیسانەوە شاعیر لەدوو چوارینی دیکەیدا بەناونیشانی (مەی) خۆی سەرمەستی ئەو مەی و بادەیە دەکات و دەڵێ:

***عومرم گەیشتە ئەییامی خەزان***
***وەفاش نەماوە لەچەرخی دەوران***
***ڕۆژی عیشرەت و شادی نەماوە***
***عالەم بۆ تەمەع کەوتۆتە جەولان***

...................................

***جا مەی بە کام زەوق من نۆشت بکەم***
***چەند نۆشت بکەم زائیل ناکەی غەم***
***تۆش وەکو جاران تینت نەماوە***
***چارەی غەم ناکەی نە زۆر و نە کەم***

هەردوو چوارینەکە لەبارەی ڕوخسار و داڕشتن و ماناوە تەواون، بەڵام ئەوەی هەستی پێ دەکرێ، چوارینی یەکەمیان قاڵبێکی ئامۆژگاریکردنی ئینسانی ئەم سەردەمەی وەرگرتووە، چونکە باسی (وەفا) نەمان و (شادی) بەسەرچوونی تێدایە و ڕۆژ ڕۆژی تەماعکارییە، دیاریشە لەسەرەتای چوارینەکەدا هۆی ئەو خۆشی بەسەرچوونەی دەداتە پاڵ پیربوونی. بەکورتی چوارینەکە لەڕەوشت و خووی ئینسانی ئاساییەوە دەدوێ، بەتایبەتی کە پیر دەبێ و دنیاش دەکەوێتە پاشاگەردانی ڕەوشت و خووی مرۆڤانە. لەبارەی وشە و داڕشتنیشەوە، ئەگەر بهاتایە لەجیاتی: « عومرم گەیشتە ئەییامی خەزان»، بیگوتبایە: «عومرم گەیشتە ڕۆژانی خەزان»، بەگۆڕینی وشەی «ایام»ی عارەبی بە (ڕۆژان)ی کوردی، ئەوا شیعرەکە گەلێ ڕاستتر و ڕەوانتر دەبوو.

بەڵام چوارینی دووەمی بەئاشکرا خۆی لەجەو و ئاووهەوای شیعرەکانی (خەیام) نزیک کردۆتەوە و خۆی بەرەو فەلسەفە دەبات، لەوەی کە هەموو شتێ گۆڕاوە و لەسەر کارتێکردن و داْبودەستووری خۆی نەماوە و بە (مەی) دەڵێ:

*تۆش وەکو جاران تینت نەماوە*
*چارەی غەم ناکەی نە زۆر و نە کەم*

ئەوەی بۆمان دەردەکەوێ (مەی) نۆشکردنەکەی شاعیر هەر لەپێناوی لادانی غەمەکەی ناو دڵ و دەروونیەتی، نەک لەپێناوی خۆشی و ڕابواردن و سوحبەتی یارانی. لەدوو چوارینی دیکەیدا بەناوونیشانی (دەوران)ەوە دەڵێ:

***بەشەر ئەفەوتێ ئەمینی زەمان***
***خانە ئەرووخێ ئەمینێ مەکان***
***مەرقەدێکی پاک، پیاوێکی چاک***
***ئەمینێ ناویان تا هەبێ دەوران***

...................................

***ئەو پێکەنینە، ئەو مەرحەبایە***
***دەوران ئەیبەخشێ هەمووی جەفایە***
***خالیق ڕەحم کات بێ غەمت بکات***
***ئەژی بەخۆشی تۆ لەم دنیایە***

جاهید لەم دوو چوارینەیدا بەتەواوی لەجیهانی ئەبولعەلای مەعەری (٩٧٩- ١٠٥٨) و عومەری خەیام (١٠٧٤-١١٣٢ز) دا دەژی و بیری پڕ حیکمەت و فەلسەفەی ژیان بەبەر وشەی شیعرەکانیدا دەکات، سۆزێکی پڕ جۆش و ئەندێشەیەکی قووڵیان لێ هەست پێ دەکرێ. ئەگەر ناوی (جاهید)یان بەسەرەوە نەبوایە، لەوانەیە بیرمان بۆ شیعرەکانی ناو کتێبەکەی (خەیام بەکوردی)ی شێخ سەلام (١٨٩٢-١٩٥٩) دەچوو، چونکە خۆیان لەشیعرەکانی خەیام نزیک دەکەنەوە.

شاعیر لەچوارینێکی دیکەیدا بەناوی (دڵداری) خۆی وا دەردەبڕێ کە ئامادەیە تەنانەت ڕووحەکەشی لەیارە خۆشەویستەکەی چاو نییە و ڕووی تێ دەکات و پێی دەڵێ:

*وازت لێ دێنم بەڵام بێچارم*
*چونکە بڕاوە صەبر و قەرارم*
*فەرموو ئەم ڕووحەش با پێشکەشت بێ*
*دەمێکە بە خوا لە ڕوح بێزارم*

ئەم چوارینە دڵدارییەی عیشقێکی مەجازییە بۆ ئافرەتێکی شۆخ

و شەنگ، وەک چوارینەکانی پێشوو هێندە خۆی لەفەلسەفەی ژیانی ئادەمیزاد نائاڵێنێ، بەڵام بیرێکی جوان و هەستێکی پڕ سۆزی ناسکی تێدا هەست پێ دەکرێ. هەر لەبواری دڵداری و عیشقی مەجازیدا نموونەیەکی دیکەمان پێشکەش دەکات و دەڵێ:

***روحی شیرینی دل و گیانمی***
***شەو شەمعی بەزم و ڕۆژ سەیرانمی***
***گەرچی لێم دووری خۆت نیشان نادەی***
***بەلام بە خەیال هەر میوانمی***

دیسانەوە هەر لەبواری دڵداری و عیشقی ئافرەتەوە، چوارینەکی دیکەمان بەناونیشانی (ناسک و نازەنینم) دەخاتە بەرچاو و بەجۆرێکی وا گیرۆدەی عیشقی یارەکەی دەبێ وەکو (قەیس) بۆ (لەیلا) شێت و سەوداسەر خۆی لەبەردەمی ئەو یارەی دەنوێنێ و دەڵێ:

***ناسک هەموو دەم چاوەڕێ ی ڕێتم***
***روحم فیداتە خاکی ژێر پێتم***
***سەودا سەری تۆم سەربەست و بێ باک***
***گیرۆدەی عیشقم، مەزانە شێتم!***

جاهید لەبواری شیعری کۆمەڵایەتی و پەند و ئامۆژگاریدا گەلێ نموونەمان دەخاتە بەرچاو، لەچوارینەیەکی دا لەهەوڵ و کۆششی ئادەمیزادەوە دەدوێ، کە هەرچی باشە لەژیاندا بیکات تاکو ناوی چاکی تا هەتایە بمێنێ، نەک تەنیا کۆششەکەی هەر بۆ پایە و مێز و کورسی بێ و بەس، هەروەک دەڵێ:

***شتێک نەزانی ئەگەر بپرسی***
***حالەن فێر دەبی بۆچی بترسی؟***
***تۆ هەوڵ بدە ناوت بمێنێ***
***تۆ هەوڵ مەدە بۆ مێز و کو بی***

لەچوارینێکی دیکەیدا بەناونیشانی (ئەدەب) ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئەدەب جوانی ژیان و گڕی ڕووناکی حیکمەت و فەلسەفەی ژیانی ئادەمیزادە، دیاریشە مەبەستی لە (ئەدەب)دا خوو و ڕەوشتی بەرز و باڵای مرۆڤە، هەروەک دەڵێ:

***ئەدەب زینەتی ژینی ئینسانە***
***چرای حیکمەتی عیلم و عیرفانە،***
***بە ئەدەب مەعنای عیلم دەزانی***
***ئەدەب پەیاکەی عیلم ئاسانە!***

جاهید لەچوارینێکی دیکەیدا لەشاعیر و دەروون و هەستییەوە دەدوێ و بەچەرخی گەردوونی دەچوێنێ، کە لەسەر دەستوورێک دەڕوا و دەسووڕێتەوە، دوورە لەتەماعکاری دنیا و خاوەنی زەمیر و دڵ و دەروونێکی پاکە، نەک وەکو هەندێ نموونەی دیکەی ناو کۆمەڵ بەدوای تەنیا خۆشی و ئارەزووی خۆیدا بگەڕێ و بەس، هەر وەک دەڵێ:

***شاعیر نموونەی چەرخی ئەفلاکە***
***خاوەن شعوور و خاوەن ئیدراکە***
***تەماع و هەوا نایباتە فەنا***
***خاوەن زەمییر و دڵێکی پاکە***

شاعیر لەچەند چوارینێکی سەرکەوتوویدا بەناونیشانی (خەزان)ەوە زۆر بەوردی لەئەدگارەکانی سرووشتەوە دەدوێ، کە هەردەمە و بەجۆرە شێوەیەک و بەتەرزە دیمەنێک دێنە بەرچاو، لەکاتی ناخۆشیدا بێ هیوا نابێ و ورە بەرنادات، چونکە دڵنیایە کە لەدوای هەموو تەنگانەیەکدا خۆشی و شادییەک دادێ و دەور و زەمانە تا سەر لەسەر یەک بار ناسووڕێتەوە، هەروەک دەڵێ:

***کوا ڕەونەقی گوڵ، کوا بەرگی چنار؟***
***کوا نەشئەی بەزمی ناوگوڵ و گوڵزار؟***
***کوا فریشتەی دڵ، کوا ڕۆژی شادی؟***
***کوا سوحبەتی باخ؟ کوا مەجلیسی یار؟***



.......................................

***بەڵام قەت نابڕین ئەمەل و هیوا***
***لە پڕ بەهارێک هەر ئەبێ پەیدا***
***ئێمە هەر وامان دیوە لە ژیان***
***بە گەڵێ نەوع ئەسووڕێ دنیا***

دیسانەوە شاعیری ئەندێشە قووڵ لەدوو چوارینی دیکەیدا بەناونیشانی (دڵدانەوە) لەئاسۆی خەیاڵی فەلسەفییانەی (خەیام) نزیک دەبێتەوە و دەکەوێتە سەر شیکردنەوەی فەلسەفەی ژیانی ئادەمیزاد و دەڵێ:

***بەڵێ لەم ژینە سەد تەرزە ئینسان***
***ئەگۆڕێ ژینی بە گوێرەی زەمان***
***ڕۆژێ هەیەتی و ڕۆژێ نی یەتی***
***ڕۆژێ حەساوە و ڕۆژێ هەراسان***

.......................................

***ڕۆژێ سوارە و ڕۆژێ پیادە***
***ڕۆژێ بۆ جەنگ و جیدال و ئامادە***
***ڕۆژێ سەرخۆشی و مەستی دنیایی***
***ڕۆژێ بێ هەوا و بێ مەی و بادە***

### بەشی دووەمی چوارینەکانی جاهیدی

بەشی دووەمی چوارینەکانی جاهیدی لەساڵی ١٩٨٢دا لەقەبارەیەکی ناوەنجی و لەسەر کاغەزێکی سپی و بە ٨٤ لاپەڕە چاپکرا و کەوتە بازاڕی چاپەمەنی کوردییەوە. ئەگەر بەوردی چاوێک بەچوارینەکانی ئەم بەشەشدا بخشێنین، گەلێ نموونەی شیعری کۆمەڵایەتی و فەلسەفی و کوردیمان دەکەوێتە بەرچاو. هۆی قووڵی ئەم مانایەشی دەگەڕێتەوە بۆ قاڵ بوونەوەی شاعیر لەبۆتەی ژیانیدا، چونکە زۆر هەبوونی و نەبوونی و شادی و غەمناکی بەخۆیەوە دیوە، دەمێک موڵکدار و دەمێک بێ موڵک و ماڵ ماوەتەوە، سەردەمێک هەموو

**“ سەردەمێک هەموو موڵک و ماڵی باوکی فرۆشت تاکو پێنج و دوو ڕۆژێکی ژیانی پێ خۆش بکات و تێروتەسەڵ بژی و نوقمی ناو نازونیعمەتی دنیا بێ ”**



“ لە خوێندنەوەی ناونیشانی کۆمەڵە چوارینەکەیدا بۆمان دەردەکەوێ کە شاعیر نازناوەکەی خۆی لە (جاهید)ەوە گۆڕیوە بە (جاهیدی) ”

موڵک و ماڵی باوکی فرۆشت تاکو پێنج و دوو ڕۆژێکی ژیانی پێ خۆش بکات و تێروتەسەل بژی و نوقمی ناو نازونیعمەتی دنیا بێ، سەردەمێکیش ژیانێکی گەدایی ژیاوە و لەداخی غەم و خەفەت و تاڵی دنیا، خۆی مەستی مەی و بێهۆش کردووە، تاکو ساتێک ئەو خەم و تاڵییەی ژیانی لەیاد بکات.

بۆیە دەبینین زۆربەی چوارینەکانی ئەو بەشەی سەرکەوتوونە و هەموویان لەدەوروبەری حیکمەت و پەند و ئامۆژگاری و فەلسەفەی ژیاندا دەسووڕێنەوە، هەروەک لەم چەند چوارینە بۆمان دەردەکەوێ:

***ساتێ بە بوونی و ساتێ نەبوونی***
***ساتێ سەربەرزی و ساتێ زەبوونی***
***فەلەک وەک کەڵەک لە گەردوش دایە***
***ساتێ لە هاتی و ساتێ لە چوونی!***

دیسانەوە جاهیدی ئەندێشە قووڵ، لەبارەی فەلسەفەی ژیانی و گوزەرانی ئادەمیزادەوە چوارینێکی دیکەمان دەخاتە بەرچاو و دەڵێ:

***هەشت و نۆ مەکە بۆ یەک دوو ئانە***
***گران و مەند بە تۆ لەم ژیانە***
***گەر دڵی عالەم تۆ نە ڕەنجێنێ***
***جێگەت هەموو دەم لەسەر سەرانە!***

ئەم چوارینەی جاهید لەبارەی ماناوە بەلای هەندێ لەپەندەکانی پیرەمێردی شاعیری نەمرەوە (١٨٦٧-١٩٥٠) دەچێ و لەدەوروبەری ئینسانی ڕەوشت باش دەسووڕێتەوە و چوارینێکی پڕ لەپەند و ئامۆژگارییە.

شاعیر لەچوارینێکی دیکەیدا لەبەڵای لابەلا و تاڵی چەشتنی ئادەمیزاد لەژیانی پڕ لەگیروگرفتی ئاڵۆزییەوە دەدوێ و دەڵێ:

***بەڵای لابەلا گەلێ دیژوارە***
***تام و بۆنەکەی وەک ژەهری مارە***
***لە شوێنێک ئەگەر تاڵی نەچێژی***
***لەو شوێنە بۆچی دڵت بێزارە!***

دیسانەوە شاعیر بەخەیاڵێکی قووڵی فەلسەفییانەی خەیام ئاسا، لەئەندێشەی قووڵی و بیر بڵاوی خۆیەوە دەدوێ و دەڵێ:

***وەک دەریای بێ بن خەیاڵم خاوە***
***وەک گێژ و شەیتان فیکرم بڵاوە***
***من خۆم ئەزانم بۆچی من وامە؟***
***غەیرە تێ ناگات لەم دوو هەنگاوە!***

هەر لەبارەی هەواڵی دنیای پڕ لەدیمەنی سەیر و سەمەرەی وا پێچەوان و بۆ هەموو کەس ئەم دونیایە دەبێتە جێگەی شایی و سەیران و بۆ هەندێ کەسیش دەبێتە جێگەی خەم و شیین و گریان. لەم بارەیە شاعیر لەچوارینێکیدا دەڵێ:

***دنیا بۆ بەعزێک شایی و سەیرانە***
***بەزم و زەماوەند، شادی و خەندانە***
***بەڵام بەعزێکیش خنکاوی غەمە،***
***هەموو ژیانی شیین و گریانە!***

بەڕای من ئەگەر لەجیاتی وشەی (بەعزێک) وشەی (هەندێک)ی گوتبایە، ئەوا شیعرەکەی پتر خۆی دەخستە ناو ئاووهەوای زمانی کوردی پەتییەوە، ئەم چوارینە پڕ پەند و ئامۆژگاری و فەلسەفەی ژیانەی جاهید لەڕوخسار و ماناوە خۆی زۆر لەو پەندەی پیرەمێرد نزیک دەکاتەوە کە دەڵێ:

***دنیاکەی فانی کاروانسەراکەی ڕەنگ***
***نیوەی دڵشادە و ئەو نیوەی دڵتەنگ***

جاهید لەبارەی سووڕانی باری دنیا و گۆڕانی ژیانی ئادەمیزادەوە زۆر بەوردی دیمەنی هەردوو دیوی ئەو ژیانە لەهەژاری و لەدەوڵەمەندی و لەگەدایی و لەپاشایی دەردەبڕێ و دەڵێ:

***دنیا دەسووڕێ بە حوکمی دەوران***
***قەت لە قاڵبێک نامێنێ ئینسان***
***ئیمڕۆ گەدایی و سبەی پاشایی***
***هەمووشی دەڕوا بە وەخت و زەمان***

ئەم شیعرانەی جاهید، دەتوانین بەنموونەی شیعری کۆمەڵایەتی و فەلسەفەی ژیانی ئادەمیزادی دابنێین کە لەسەردەمی گریکەکانەوە تاکو ئەمڕۆ کێشەی هەر لەسەر ماوە. دیسانەوە شاعیر لەچوارینێکی دیکەیدا لەو ڕاستییە دەدوێ کە شتی بچووک و وردیلە دەبێتە هۆی زیان و ڕوودانی کارەساتی گەورە و سەرچاوەی هەموو چارەکردنێکیش هەر ئاگاداری و خۆپاراستنە لەهۆیەکانی ئەو دەرد و بەڵایانە و دەڵێ:

***ژیلەمۆیێکە شار ئەسووتێنێ***
***هەر میکرۆ بێکە گیان ئەفەوتێنێ***
***بەڵام لە دنیا وریا بی لەخۆت***
***هەزار ملیۆن و سەرمایە دێنێ***

شاعیر لەناو ئەو ئاووهەوایەدا و لەچوارینێکی دیکەیدا لەدیمەنەکانی ژیانی ئادەمیزادەوە دەدوێ و هەمووی دەگەڕێنێتەوە بۆ ڕەنج و زەحمەتکێشانی مرۆڤ لەپێناوی گەیشتنی هیوا و ئاواتی و دەڵێ:

***بە جل و بەرگت قەت مەبە بایی***
***یەک دوو سەعاتە سەیران و شایی***
***گەر ڕەنجێک نەدەی، زەحمەت نەکێشی***
***ناگەیتە هیوات، سووک و سانایی***

لەم چەند چوارینەی (جاهید)دا بەتەواوی بۆمان دەردەکەوێ شاعیر چۆن لەئاسمانی ئەندێشەی (خەیام)دا دەسووڕێتەوە و چەند نموونەیەکی بەهێز و پێزمان لەو جۆرە هەست و بیرە فەلسەفییانەیمان پێشکەش دەکات و پێمان دەسەلمێنێ

که شاعیری کورد لەشاعیری نەتەوەکانی دیکە کەم دەسەڵاتتر نییە و خاوەنی بەهرەیەکی گەورە و ئەندێشەیەکی بەپیتی قووڵ و بیرێکی ناسک و سۆزێکی پڕ جۆششە، هەروەک دەڵێ:

***گوڵ و شەراب و ساقی و پیاڵە***
***ئەمانە مایەی بەزم و خەیاڵە***
***بەڵام بەمانەش دڵ ناسرەوێتن***
***مانی ئەمانە بۆمان مەحاڵە***

دیسانەوە لەچوارینێکی دیکەیدا، هەر لەدنیای ئەندێشەی شاعیریەتی خەیامدا دەسووڕێتەوە و ئەم بڕە شیعرە پڕ فەلسەفەی ژیانی ئادەمیزادمان پێشکەش دەکات و دەڵێ:

***دوێنێ تێ پەڕی و ڕۆیی بەسەرچوو***
***ئەم دەمە خۆشە تام و ئارەزوو!***
***کاری بەیانیش نازانی چۆنە؟!***
***ئەبێ یا نابێ، بووە یا نەبوو؟!***

جاهید هەر لەبارەی فەلسەفەی ژیانی مرۆڤەوە، دنیا بەکۆنە بازاڕێک دەچوێنێ کە پڕیەتی لەئێش و ئازار و هیچ کەس بەبەشی خۆی چاوی پڕ نابێتەوە و پێماندەڵێ:

***دنیا سەراپا کۆنە بازاڕە***
***هەمووی تاڵی یە و ئێش و ئازارە***
***چاومان تێر نابێ بە بەشی خۆمان***
***کردەوە و کارمان هەر پەلامارە!***

شاعیری دنیا دیدەمان دەکەوێتە شیکردنەوەی هەڵوێست و ژیانی ئادەمیزاد و هەمووی بەتاقیکردنەوە و دەرس وەرگرتن دادەنێ و لەم بابەت شیعرانە چوارینێکی پڕ مانا پێشکەش دەکات و دەڵێ:

***ژیانی ئینسان تەجرووبە و دەرسە***
***ئەگەرچی باری گران و قورسە،***
***کەس بە نەزانین عەیبدار نابێ***
***مامۆستا هەیە برۆ بپرسە!!***

هەروەها لەچوارینێکی دیکەیدا ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات کە هیچ کەس بەزۆر بڵێیی نابێ بەزانا و بەجلوبەرگ و جوببە و مێزەریش کەس نابێ و نەبووە بەقازی، بەڵکو پێوانەی پیاوچاکی ئەوەیە ئادەمیزاد دڵی کەسی لێ نەڕەنجێ و خەڵکی لێ ڕازی بێ، دەڵێ:

***نابی بە عالیم بە چەنە بازی***
***بە جوببە و مێزەر نابی بە قازی***
***ناوت دەرناچێ بە ئینسانی باش***
***ئەگەر دوو ئینسان لێت نەبێ ڕازی***

هەر لەبارەی ڕەوشتی چاکی ئادەمیزاد وەکو (ئارام) و (نەرمی) و ڕەوشتی خراپی وەکو (قسەڕەقی)یەوە، شاعیر لەچوارینێکی دیکەیدا، لەو ڕەوشتانە دەدوێ و دەڵێ:

سەبر کلیلی ئاواتی ژینە
***نەرمی دەرمانی زام و برینە!***
***قسەی ڕەق دڵی عالەم ئەشکێنێ***
***قازانجی زۆردار شین و گرینە!***

لەبارەی ئەو قازی و مەلایانەی کە شەرع و فتوا و حوکمی سەیر سەیر بەسەر خەڵکەکەدا دەدەن، کەچی خۆیان لەپیسی و حەرامی دا خنکاون، جاهیدی شاعیری دنیادیدە لەچوارینێکیدا لەمەوە دەدوێ و دەڵێ:

***سەرم سوڕماوە لەقازی و مەلا***
***لە شارع و فتوا و حومکی لا بە لا***
***بۆ خۆی غەریقی پیسی و حەرامە***
***خەریکە عالەم ئەکا موبتەلا !***

لەکۆتایدا دەڵێم ئەو (بورهان جاهید)ەی لەبەر گیروگرفتی ژیان و خەم و تاڵی دنیا، گیرۆدەی بەد مەستی مەی و بادەی بێهۆش بووبوو، دەگەڕێتەوە و خودای گەورەی دەکاتە یار و پشتیوانی خۆی و لەو بارەشیدا گوێی لەوە نییە، دوژمن و ناحەزی هەزار کەسیش بێ و ئەم گەڕانەوەی لەچوارینێکیدا دەردەبڕێ و دەڵێ:

***گەر خودا یار بێ دوژمن هەزاربێ***
***ئەو قسەیەت با هەر لەسەر زار بێ***
***تۆ لە ژیانت قەت بێزار مەبە***
***چەنێک بێ کار بی یا بێ بازاڕ بی!***

من لەو باوەڕەدام ناوەڕۆکی ئەم چوارینەی بورهان جاهید بەتایبەتی مانای نیوەدێرە شیعری یەکەمی کە دەڵێ: «گەر خودا یار بێ دوژمن هەزاربێ« ڕاستەوخۆ دەچێتە سەر ئەو حیکمەتەی کە بەفارسی دەڵێ:

***خدا دارم چە غم دارم***
***اگر دشمن هزار باشد***

ئەگەر نیوەدێری کۆتایی چوارینەکەش بەمجۆرە بووایە «هەر چەند بێ یا بێ بازاڕ بی» ئەوا شیعرەکە گونجاوتر و ڕێکتر خۆی دەنواند.

ئەمە بوو، هەڵسەنگاندنێکی خێرای دوو بەرگەکەی (چوارینەکانی جاهیدی) هیوادارم توانیبێتم لەبیروڕا و بۆچوونەکانم سەربکەوم.

***تێبینی/***

*** مامۆستا کەریم شارەزا ئەم نووسینەی لە ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٨٣ بڵاوکردۆتەوە، ئەوەی لێرە بڵاوکراوەتەوە، هەمان وتارە بەبێ دەستکاریکردنی ناوەڕۆکەکەی، بەڵام بەهۆی هەندێ گرفتی ڕێنووس و هەڵەی چاپ و شێوازی داڕشتنی ئەو سەردەم، بەپێویستمان زانی جارێکی دی دایبڕێژینەوە، جا بڵاوی بکەینەوە.**

*** ئەم وتارە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی دوو بەرگی چوارینەکەی (بوڕهان جاهید) ە کە لە ساڵی ١٩٧٩ و ١٩٨٢ چاپ و بڵاوی کردوونەتەوە، بەڵام دواتر لەساڵی ١٩٨٥ بوڕهان جاهید بەرگێکی دیکەی چوارینەکەی بە چاپ گەیاند بەناونیشانی (فەلسەفە و چوارینەکانی جاهید).**



**“ یەکەم شاعیر کە کاری لەهەست و ئەندێشەی شیعریی کردبێ مامی بووە ”**

**“ جاهید هونەری شیعری کوردی لە (بێخود) ئەو شاعیرە گەورەیە فێربووە ”**



# جوهدێ .. بۆ جاهید



عەبدولڕەحمان فەرهادی

ناوەڕاستی حەفتاکان کە تەمەنم دە دوانزە ساڵێک دەبوو،ماڵمان بەرانبەر بەڕێوەبەرایەتیی ئەشغالی هەولێر بوو، ڕۆژانە پیاوێکی باریکەلەی لەڕولاوازم بە چاکەتێکی ڕەشتاڵە و پانتووڕێکی بۆرەوە دەبینی، کە لە دەرگای ئەشغال دەچووە ژوورەوە، لە برادەرانی لەخۆم بەتەمەنترم بیستبوو کە ئەو پیاوە شاعیرە. وشەی شاعیر زۆر سەرنجی ڕادەکێشام کە پێموابوو لەخەڵکی ڕەشۆک و عەوام جودان، هۆکارەکەیشی سەرسامیم بوو بە شیعرە جوانەکانی نێو کتێبی قوتابخانە کە پێشتر چەند دەقێکی بێکەس و فەرەیدوون عەلی ئەمین و کەریم شارەزامان خوێندبوو. بەڕاستی کتێبەکانی خوێندنی ئەوکات لە هەموو ڕوویێکەوە لەوانەی ئێستا دەوڵەمەندتر بوون. بەو تەمەنەی خۆم ڕۆژانە دیقەتم لە سەروسەکوت و بەژن و باڵای مامۆستای شاعیر دەدا و جوان جوان تێی ڕادەمام، تا ڕۆژێکیان لێی نزیک کەوتمەوە و چاکوچۆنیم لەگەڵدا کرد، مەگەر خوا بزانێ چەندە خۆشحاڵ بووم بەوەی کە بە ڕوویێکی خۆشەوە وەرامی دامەوە. ئینجا وێڵی دوای ئەوە بووم کە ناوی چییە. ئەوە بوو دواتر زانیم ئەوە شاعیرە لاتەکەی هەولێر، (بورهان جاهید)ە کە شیعرەکانی لە کەرکووک لەلایەن حەمەدەمین عەسرییەوە بەناوی (دیوانی بورهان بەگی هەولێری) چاپکرابوو، ئەم دیوانەمان لە ماڵەوە هەبوو کە دواتر توانیم بە یەک ڕۆژ هەمووی بخوێنمەوە. جاهید کارمەندی ئەشغال بوو و ساڵانی دواتر زانیمەوە بەهۆی شاعیر و ئەندازیاری ڕەوانشاد جەلال مەدحەت خۆشناوەوە، بۆ ڕزگاربوونی لە دەستکورتی و بێکاری، بە مانگانە لەوێ دامەزرابوو. (زۆر شاعیر و ڕۆشنبیری کورد لە ئەشغالی هەولێر کاریان کردووە. لە ساڵی ١٩٢٨ فایق بێکەس بەهۆی ئەندازیار قالەی ئایشەخانەوە بۆ چەند مانگێک لە ئەشغالی هەولێر دامەزراوە. ئەوساڵەی کە بێکەس لە هەولێر بووە، یانەی فەرمانبەران کراوەتەوە و ئەویش شیعرە ناودارەکەی بۆ یانەکە نووسیوە. تا ئێستا واباوە گوایە ساڵی دامەزراندنی یانەکە (١٩٣٨)ە. هەروەها گۆرانی شاعیریش لە چلەکان ماوەی پێنج ساڵان لە هەولێر ژیاوە و ئەویش هەر کارمەندی ئەشغال بووە).

چەند ساڵێک دواتر بەردەوام بورهان جاهیدم دەبینی و کۆڵێ دڵخۆش دەبووم کە بە خۆشحاڵییەوە وەرامی سڵاوەکەم دەداتەوە. ماوەیەک بەر لە کۆچی دوایی، ئێوارەیەکیان لە دوکانی ناسیاوێکم بینیم و داوام لێی کرد بە دەستخەتی خۆی شیعرێکم بۆ بنووسێ، قەڵەمەکەی لێ وەرگرتم و ئەم چوارینەی بۆ نووسیم کە ئێستاش لام ماوە:

***بیر و بڕواییت گەر هەبی***
***بەخۆت***
***ئەبەد ناترسیی لە زنجیر و کۆت***
***مەزانە عالەم جگەرسۆزتە***
***کەس گوێ ناگرێ لە داد و ڕۆڕۆت.***

بەداخەوە ئەم شاعیرە، وەک هەموو شاعیرە کلاسیکییەکانی دیکەی ئەم شارە، لە هەموو ڕوویێکەوە بەتەواوی لەبیر کراوە. بورهان جاهید دەقی شیعری و چوارینی زۆر جوانیشی هەن و لەملاو لەولاوە دیوانە شیعر و چوارینەکانیشی چاپکراون، کەچی بەداخەوە تا ئێستا کەسێک نەیتوانیوە سەرجەم شیعرەکانی لە دووتوێی دیوانێکدا کۆبکاتەوە. لەم ساڵانەی دوایی، ڕەوانشاد مەحموود زامدار بیرەوەرییەکانی جاهیدی لە ڕێی کوڕەکەی جاهیدەوە دەستکەوت و ناوی لێنا (جاهید بگەڕێ) کە کرابووە نامیلکەیەک و لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە چاپکرا، وەک بیستوومە ئەم نامیلکەیە تەواوی بیرەوەرییەکانی جاهید نییە، بەڵکوو زامدار کە دەستنووسەکەی دەستکەوتووە، ئەم چەند لاپەڕەیەی لێ هەڵبژاردووە. هیواداریین ڕۆژێ لە ڕۆژان تەواوی بیرەوەرییەکانی چاپ بکرێت، شارەزایانی بواری شیعری کلاسیکیش یەکێکیان لێ هەڵکەوێ، تەواوی دیوانەکەی لە پەرشوبڵاوی ڕزگار بکات.



# پیاسەیەک لەگەڵ (بوڕهان جاهید)دا

ئیسماعیل بەرزنجی



سەعات سێ و چڵ و پێنج دەقیقەی
پاش نیوەڕۆی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٦/٣/٥
ساڵرۆژی ڕاپەڕین بوو
تەلەفزیۆن درامای میسری و
ڕادیۆ بەرنامەی گۆرانی داواکراوی
پێشکەش دەکرد
سیاسییەکانمان لەبەغدا
خەریکی بنیاتنانەوەی عێراق و
ئاشتەوایی نێوان سوننە و شیعە بوون
پەرلەمانتار و وەزیرەکانمان
چاوەڕێی بەخشیش و جەژنانەبوون
مزگەوت پڕ لە ئیماندار و
کتێبخانەی گشتی چۆل و هۆل
لای حەمامی عەسری
تووشی بورهان جاهید بووم
– قواتو ئۆڵسەن بەبەم ئەی
بەدمەستی بزر
+ ئەهلەن ئەهلەن
– ئەوە کێوە دەچی؟
+ ئەم شارە بارەکی تێدا نییە
– ئاغام بابچین بۆموعەلیمین
بەلارەلار بەتەنیشت ئاوی کەسک و سۆردا ڕۆیشتین.
بورهان ئاغا
ئاغای هەمیشە لات و برسی
وەک جاران سیس و مات
پرچی سەرح و پێڵاوی قوڕاوی و
یەخەی دڕاو
بەبۆییەکەی گوت:
– پازدە چارەگ عەرەق
پێمگوت
– ئەی بەگزادەی خێر لەخۆ نەدیو
زۆر نییە؟
دەستێکی بەڕیشە چەرمووەکەی داهێنا و
بەدەم داگیرساندنی جگەرەیەکی غەمدانەوە گوتی:
– ئەدی زیکرای ڕاپەڕین نییە!

ئاغای هەردەم ڕەجاڵ
هەمیشە خەیاڵ
لەفڕکردنی یەکەم چارەگ گوتی:
– هاوار کوردی بەدبەخت!
لەهی دووەمدا گوتی:
– ئاخ ئەی گاز و بەنزین و نەوت .
لەهی سێیەمدا گوتی:
– ئۆف ئەی وەزعی بەربادی
شیعری کوردی .
لەهی چوارەمدا گوتی:
– وای لەوبازاڕە بێسەروبەرە
لەهی پێنجەمدا گوتی:
– پەککوو لەوگرانییە.
لەهی شەشەمداگوتی:
– وای لەو فەسادە.
لەهی حەفتەمدا گوتی:
– پەح لەو تەربیە سەقەتە.
لەهی هەشتەمداگوتی:
– لەعنەت لەوتیرۆرریستانە.
لەهی دەیەمدا گوتی:
– تف لەم مەشرووبە مەغشووشە
پێمگوت:
گەورەم بەس نییە.
ئاغای هەمیشە نیگەران
شاعیری
موعەدەل گیرفان بەتاڵ
پێنج چارەگی خستە ناو عەللاگەیەک
لەنزیک هوتێل شیراتۆن
لەکاتێکدا
کۆمەڵێک عەگال بەسەر
شانبەشانی چەند تاجیرێکی کورد
لەشەوی سوور دەهاتنەوە
لەپڕ بورهان جاهید بزربوو
منیش گەڕامەوە موعەلیمین
تا لەگەڵ بۆییەکە
تەسفیەی حیسابات بکەم.

## لە زاری خۆیەوە..

# بیرەوەرییەکانی بورهان جاهید



ئامادەکردنی دیوان

> **مەحموود زامدار باسی ئەوە دەکات، کە لە سەردانێکیدا بۆ بەغدا (جاهید) دەستنووسێکی شیعری خۆی بۆ بردوە تا بیداتە سانسۆر**

شەوێکیان لەدەمی برادەرێکی شاعیرم گوێبیستی بوونی دەستنووسێکی جاهید بووم، مەراق دایگرتم! کە هاوڕێی دێرینم سامی شۆڕش بوو بە وەزیری ڕۆشنبیری، کۆنە مەراقەکەم سەری هەڵداوە لەهەمان کاتدا شوێنی دەستنوسەکەشم بۆ دەرکەوت. مەسەلەکەم بۆی گێڕایەوە، لای خۆیەوە سامی هانی دام دەرفەت لەدەست نەدەم، ئەوەبوو سەردانی مامۆستا (عەبدوڵڵا حوسێن)م کرد کە ئامانەتەکەی کڕیبوو، بۆ ماوەی (٩)ساڵیش لای خۆی تەقەتی کردبوو، پێشنیازم کرد کە وەزارەت دەیەوێ ئەو ئامانەتە بکڕێ و لەچاپی بدا. دەستنووسەکە کڕا، هەرخۆی کاک سامی بەرپرسی نووسینەوە و پێداچوونەوەی پێ ڕاسپاردم، کۆپی دەستنووسەکە کەوتەلام، بەڵام لەبەر گەلێ هۆی تایبەتی دنیای نووسین و شتی ترم پڕۆژەکە دواکەوت.

مایەوە سەر ئەوەی هەڵنەبوێرم کە: ئەم دەستنووسەی (جاهید)ی یاخی زۆر ماندووی کردم، چ لەباری نووسینەوە و ڕێنوس و ڕێکخستن و لادانی هەندێ شتی زیادی (هونەری بیرەوەری نووسین) و هەندێ شتی وا کە تانە و تەشەری بۆ کەسێک، یان لایەنەکی تێدابوو کە بە (..........) ئاماژەم پێکردووە، بەڵام بەهیچ کلۆجێک دەسکاری هیچی ترم نەکردووە و دەستنووسەکە چۆنە ئاوا وەک خۆی. حەزیشم کرد ناوی ئەم کتێبە لەسەر پارچە پێنج خشتەکیەکی (جاهید) لەگەڵ (عەونی) شاعیر و بەسەرناوی (جاهید بگەڕێ) وەرگرم کە دەڵێن:

*هەستاوە لەخەو تازە گوڵی مەست و خومارە*
*سەد عاشقی وەک من لەبەری مات و پەژارە*
*(جاهید) بگەڕێ مرووەتە لەم دەشت و کەنارە*
*وایفەرموو گەڵم (عەونی) زەدەی دەستی بیمارە*
*ئەم دەنگ و سەدا وناڵە و گریانە لەکوێیە؟*

دەستنووسەکە زمانێکی سادە و ڕەوانە، هەردوو شێوازی سلێمانی و هەولێر تێکەڵە، کە سەربوردەیێکیش دەگێڕێتەوە، شیعرێکی پەند ئامێزێیشی بۆ ئەهۆنێتەوە، هەروا چەند پارچە شیعرێکی بڵاونەکراوەشی لەدەستنووسەکەدا هەبوو، هەموویم لەدوابەشدا ڕێکخست تۆش خۆت و چێژی خۆت گیانی (جاهید)ی شاعیر و یاخیش هەر فراز و لە باڵەشنە.

ئەمە بەشێک بوو لەو پێشەکییەی مەحموود زامدار کە لە ٢٠٠٩/٨/٢٠ بۆ ئەو کتێبەی نووسیوە کە بریتییە لەتۆمارکردنی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی (بورهان جاهید)ی شاعیر، کە خۆی بەدەستوخەتی خۆی تۆماری کردوون.

ئەگەرچی زۆر لەنووسەران ڕەخنە لەو کتێبەی زامدار دەگرن و بە کتێبێکی کرچوکاڵ وێنای دەکەن، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە گوایە ئەوەی زامدار لەم کتێبەدا نووسیتییەوە بەشێکی زۆر کەمی ئەو دەستنووسەیە کە پێیدراوە بۆ ئەوەی پێیدابچێتەوە و ئامادەی بکات، بەداخەوە هیچ کام لەوانەی لە نزیکەوە ئاگاداری کڕینەوەی ئەو دەستنووسەی (جاهید)ن لەژیاندا نەماون، بۆ ئەوەی ڕاستییەکان دەرکەون، ئەوەی هەیە تەنیا قسەی چەند (ئەدیب)ێکە کە گومانیان لە کتێبەکە هەیە و پێیان وایە زۆری لێ فەوتێنراوە.

جگە لەوەش، زامدار هیچ پەڕێکی دەستنووسەکەی وەک نموونەی دەستوخەتی جاهید بڵاونەکردۆتەوە، کە ئەمەش کەموکورتییەکی خودی کتێبەکەیە، کە دەبووایە چەند لاپەڕەیەک لەو دەستنووسەی تێدابوایە.

ئەم کتێبە بریتییە لەناملیکەیەکی (١٢٠) لاپەڕەی قەبارە بچووک، بەناوی (جاهید بگەڕێ) کە وەک نووسەر، ناوی (مەحموود زامدار)ی بەسەرەوەیە و یەکێکە لەبڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆژنامەنووسی و چاپ وبڵاوکردنەوە–بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر.

هەر لەوبەشەی نووسینەیدا بەناوی (نڤیشکێک) کە (مەحموود زامدار) وەکوو پێشەکییەک نووسیویەتی، ئاماژە بەنامەیەکی (بورهان جاهید) دەکات کە ئەوکاتەی لەبەغدا بووە، جاهید بۆی ناردووە و سۆراغی کتێبەکەی دەکات، کە زۆر دواکەوتووە.

مەحموود زامدار باسی ئەوە دەکات، کە لەسەردانێکیدا بۆ بەغدا (جاهید) دەستنووسێکی شیعری خۆی بۆ بردووە تا بیداتە سانسۆر، بۆ ئەوەی لەهەولێر لەلایەن چەند دۆستێکی بۆی چاپ بکرێت.

ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە دەستنووسە شیعرییەکەی داوەتە مامۆستا (نەریمان) تا لەچەنگی سانسۆر رزگاری بکات، بەڵام کارەکە هەندێ درێژەی کێشاوە، بۆیە (بورهان جاهید) تەنگاو بووە و ئەو نامەیەی بۆ مەحموود زامدار نووسیوە.

زامدار ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە جاهید ئەو نامەیەی بەدەستی (محەمەد مەولود مەم)ی چیرۆکنووس گەیاندۆتێ.

باسی ئەوەشی کردووە کە سەرەنجام دەستنووسەکە لەدەستی سانسۆر دەرباز بووە، بەڵام هەندێ پارچە شیعری لێ قەدەغە کراوە.

وەک ئاماژەشی بۆ کردووە سەرەنجام ئەو کتێبەی، کە پێدەچێت (چوارینەکانی جاهید) بێ، لەسەرەتای هەشتاکان چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

(بورهان جاهید) دوای بڵاوکردنەوەی یەکەم دیوانی بەناوی (برهان بگ هەولیری) لەساڵی ١٩٥٧ یەکەم بەرگی چوارینەکانی بەناوی (چوارینەکانی جاهید) لەساڵی ١٩٧٩ و بەرگی دووەمیشی (چوارینەکانی جاهیدی) لەساڵی ١٩٨٢ و بەرگی سێیەمیشی بەناوی (فەلسەفە و چوارینەکانی جاهید) لەساڵی ١٩٨٥ چاپ و بڵاوکردۆتەوە.

**دەقی نامەکەی بورهان جاهید بۆ مەحموود زامدار:**

برای شیرینم کاک مەحمودی قشتیلە خۆت ونکردوە وەکو پشیلە وەها نابێ برام، بەخوا ئەم کیتابە ئەگەر لەم رۆژانە بۆم نەنێری مەجبورم خۆم و ماڵەوە بێمە بەغدا، مەسرەفەکی زۆریشم دەچی، ئەوجا ئەو مەسرەفە دەبێ تۆ بیدەی.

برام: ئەوە دوومانگە لێرە چاوەڕێمە کەبێیت و چاپی بکەم، دونیاش خۆشبوە، ئاخۆ بۆ چ ئەو ئیشەی من وا تەئخیر بوو. دیارە هێشتا سرەی من نەهاتوە لەخۆشی کاکە گیان مەیخەرە پشت گوێچکە، یێک دوو رۆژ لەژیانت بۆ من هەوڵبدە، چونکە من برای خۆشەویستی تۆم، نابێ لە یادم بکەی.

ئیتر هەر بژی بەخۆشی برات:

بورهان ١٩٧٠/٤/١١

*رۆیی رۆژانی بەد رەش گەش بوو ئەستێرەی شەوان*

*کورد لە سایەی رۆڵەکەی دیسانە روحی هاتە گیان*

(جاهید) ئەمجارەش بە هەڵبەستێکی خۆش و گەرمەوە

گیانی خۆی کردە فیدای بۆ قەومی کوردی خۆش زوبان


دەستپێکی قسە و گێڕانەوەکانی (بورهان جاهید) لە لاپەڕە (١١)ی ئەم کتێبەوە، بە (پێشەکی) و بەشی یەکەم: دەست پێدەکات:

خوێندەوارانی بەڕێز


سەلامێکی گەرم و بەسۆز

من بورهان کوڕی محەمەدی کوڕی مەلا عەبدورەحمانی کوڕی حاجی تەها. لە بنەماڵەیەکی ناسراوی هەولێرم شاعیرێکی ناسراوی کوردم. ساڵی (١٩١٨) هاتوومەتە دونیا و جارێ کۆچی دوایم نەکردوە، تاکو ئیمڕۆ چاوەڕێی ئەو کۆچە پیرۆزەم. بە هەتیوی لەتەمەنی یێک ساڵیمەوە لەژێر سێبەری مامەم (کانی) شاعیری ناسراوی کورد ژیاوم، تا گەیشتومە عومرێکی گەنجی و شۆخی هەژدە ساڵی. لەپاش ئەو تەمەنە کە دایکم کۆچی دوای کرد، ئەوسا کەوتمە ژیانێکی پڕ لەئەندێشە و عەزاب. خەیاڵات خستمیە بەحری بیری ناباوەڕی لەژیان، بەهیچ جۆرێ ئەو دڵە بێکەس و بێچارەم سەبر و قەرارێکی بۆ پەیدا نەکرا، دەستم کردە چیرۆک خوێندن و شیعر دانان، وازم لەمەکتەب و خوێندن هێنا، گەیشتبومە پۆلی دووەمی ناوەنجی تەنیا مامم لەژیاندا مابوو، نە دایک و نە باوک و نە خزم و نەکەس و





دەستنووسی نامەکەی جاهید بۆ مەحموود زامدار



نەبرادەر، تەنیا شیعر و پیاڵە و گەڕیدەیی.

ئـەوەڵ شیعرم کـە دانـاوە لەساڵی (١٩٣٥) بوو کە لەدیوانی چاپکراوی شیعرەکانم لەساڵی ١٩٥٧ نووسراوە.

بەم جۆرە ژیانی خۆم ڕابوارد، ئینجا کەوتمە داوی سەربازی و عەسکەری کردن، ئەمرۆ تەدریب و غەریبی و ئاوارەیی، بەمجۆرە ڕۆژ بـە ڕۆژ ئـاخـرشـەڕی و کەساسی و کوێرەوەریم لێ ئەتکا. هەرچەندە کە هەوڵم دەدا خۆم بخەمە ژیانێکی خۆشی،



مومتاز حەیدەری – ڕەشاد موفتی – کەریم شارەزا – بورهان جاهید

بۆم نەدەگونجا، بـەڵام لەسەر ئەو حاڵەش بێ ڕێز و حورمەت نەبوم، لەبەر پاکی و دڵسافی خـۆم لـەلای بێگانەکان زۆر حورمەتم ئەگیرا و کاری گرانم بۆ ئاسان ئەکرا.

ئیتر هەر بەمجۆرە ژیانم بەسەر ئەچوو تا گەییمە (٥٠) ساڵی. یەعنی لـەساڵی (١٩٨٩) خوا چـەرخـەکـەی سـوڕاند لەناکاو دەرگەی ناخۆشیم داخرا، وازم لەپیاڵە هێنا، دەرگای مەحەبەت ڕەحمم بۆ کرایەوە هەر لەشاری خـۆم کـە هـەولـێـرە، بـووم بە خاوەنی ماڵ و منداڵ و مووچە و وەزیفە ئێستا کوڕ و کچێکم هەیە لەو هەولێرە دانیشتووم موتـەقـاعیدم. چـوار تەئلیفاتم هـەیـە لـەشیعری چـاپـکراو و لەژێر دەستیشم چەند تەئلیفاتی چـوارینـەی شیـعـرم هـەیـە و ئامادەیە بۆ چاپ. ویستم بەعزێ بەسەرهاتی خۆم لەم بەرهەمە بۆتان بڵاو بکەم کە چیم دیوە لەم شیعر و پیاڵە و گەڕیدەیی خۆم، ئێوەش بە گوێرەی زانینی خۆتان تامێکی لێوەرگرن.

سوپاس

دانەر جاهید

بورهان جاهید لەوێستگەیەکی بیرەوەرییەکانیدا کە لەم کتێبەدا هـاتـووە، بـاسـی چـوونـی بۆ سلێمانی دەکـات، کـە میوانی (پـیـرەمـێـرد)ی شـاعـیـر بـووە، بەمشێوەیە:

### ڕۆژێـک لـەگـەڵ حاجی تۆفیق ئەفەندی (پیرەمێرد) نووسـەر و شـاعیری مەزنی کورد (١٩٣٩)

ڕۆژێـک ڕێـم کـەوتـە سلێمانی، کە شـەو هـات وتـم: چاک وایە مـاڵـی شـاعـیـرێـکـی بـدۆزم و بۆخۆم بچم لەو ماڵە ئیمشەو بخەوم تا بەیانی، بەشکو نەختێ ئەحەسێمەوە. ماڵی پیرەمێردم پـەسـەنـدکـرد، بـە پـرسـیـار گەیشتمە بەر دەرگای ماڵیان، کـە دەرگـام لـێـدا، خـۆی هاتە بەردەرگا و وتی: فەرموو ڕۆڵە چیت دەوێ، دیتم کە حەقیقەت، کە نازناوی پیرەمێردە، خۆشی کە زەعیفە و بـەژن کورتێکی زەعیف و بێهێز، بە زەحمەت گفتوگۆی لەگەڵ دەکرێ، نەختێ ڕامام و فیکرم کردەوە، نەمزانی چۆن گفتوگۆی لەگەڵ بکەم، فەرمووی وەرە ژوورەوە بەبێ ئەوەی من هیچ قسەی لەگەڵ بکەم. کە چوومە ژوورەوە وتی: لەسـەر ئـەو کورسیە دانیشە، ئەمە جگەرە و ئەمەش شقارتە، منیش دانیشتم دەسـتـم بە جگەرە کێشان کرد، هیچ کەس لەماڵەکەی نەبوو غەیری خۆی. لەلایێ باخچەکەی ئـاو دەدا، لایێ سەرێکی لەژوورەکە دەدا خواردەمەنی دروست دەکرد، جارجاریش ئەهات دەفتەر و قەڵەمێک لەسەر مێزەکە بوو، جارجارە دەستی دەدا قەڵەمەکە خەریک بوو شتێک بنووسێ و نەیدەنووسی، بەڵام کە ئەو حاڵەتەم دیت فیکرێکم بۆ هات وتم: ئەبێ ئەو زاتە خەریکە شعرێک دابنێت و بۆی نایێت، با سەرنجێک بدەمە دەفتەرەکە، ئاخۆ پێشتر چی نووسیوە، کە تەماشای دەفتەرەکەم کرد دیتم ئەو دوو بەیتەی نووسیوە:

***یاخوا بەخێربێی سەرچاوان میوان***

***وەختە لەکەیفان بکەومە کێوان***

تەبعەن ئەو دوو بەیتەی پێشی ئەوەی نووسیوە، کەهێشتا منی نەدیوە نەبوویمە میوانی. ئاخر ئەو دوو بەیتەی بۆچی نووسیوە، بەچ فیکرێکەوە نووسیویەتی؟ منیش هیچ دەنگم نەکرد. ئینجا جەنابی هاتە لام وتی: فەرموو بابچینە ژوورەوە. چووینە ژوورەوە، هەموو خواردەمەنی

حازر کراوە خواردمان. لەپاش چا خواردن، بووە وەختی نووستن جێگای بۆمن راخست، فەرمووی پاڵدەرەوە، ئەگەر خەویشت دێ بخەوە، بەڵام هێشتا چی نەپیرسیوە لەمن کێم و لەکێوە هاتووم منیش وتم: بەخوا مامۆستا من پاڵئەدەمەوە، بەڵام جاری خەوم نایەت، ئەگەر زەحمەت نەبێ کاغەزێک و قەڵەمێکم نادەیتێ نەختێ خۆم خەریک ئەکەم، تاخەوم دێت، فەرمووی: ئەمە کاغەز و ئەمەش قەڵەم. خۆشی چووە جێگەی خۆی و خۆی راکشا. منیش بۆ تەواوکردنی ئەو دوو بەیتەی ئەو، خەریک بووم و ئەم پارچە بەیتانەم لەوێ نووسی:

*یاخوا بەخێربێی سەرچاوان میوان*
*وەختە لەکەیفان بکەومە کێوان*
*چاک بوو مامۆستا نەکەوتیە کێوان*
*ئەوسا من لەکوێ ئەبوم بە میوان*
*ئەو گۆشت و مریشکەم من لەکوێ ئەخوارد*
*ئەو چایەم لەکێ دەکرد نۆشی گیان*
*ئاخر جێگەمان هەرکێوو گردە*
*یاگردی یارە یا گردی سەیوان*
*بەڵام تا ماوین، نابێت ڕابکەین*
*یا دەکەین قازانج یان دەکەین زیان*
*زیان و قازانج هەدووک وەک یەکە*
*لە کردەوەی راست نابین پەشیمان*
*پەشیمانی بۆ، بەدو بەدکارە*
*پەشیمان نابێ، ئینسانی ئینسان*
*تۆمن بناسی خزمەتم بکەی*
*هیچ نەفعی نیە لەنرخ و میزان*
*تۆ هێشتا لەمن نەتپرسی چیمە*
*کێمە لەکێوە هاتوومە: قوربان*
*ئەو خزمەتەت کرد بە خێرت هێنام*
*ئەمە ون نابێ، لای زاتی یەزدان*
*ئەگەر ئەتەوێ کەمن بناسی*
لەقەبم (جاهید) ناویشم بورهان

بەمجۆرە خەوتم بەیانی کە هەستام ئەبینم مامۆستای مەزن خوالێخۆشبوو جەنابی (پیرەمێرد) سەماوەرەکەی جۆشداوە و نان و قەیماغی حازر کردووە خەریکە کاغەزەکەی منی لەدەستە و ئەیخوێنێتەوە دەست بە ڕیشە جوان و سپیەکەی دادەینێ دەڵێ ئەلحەمدوللیلا ئەلحەمدوللیلا کە ئەو دوو بەیتە شعرەم بە خەسار نەچوو. ئینجا منیش هەستام دەموچاوم شووشت و چووم بۆلای بە پێکەنین و دەستەکانیم ماچ کرد وتی: (کاک بورهان یاخوا بەخێربێی یاخوا بەخێربێی سەر هەردوو چاوانم چەند ساڵە ئەژیم نەتەسادوفی ئەو نەوعە میوانەم کردووە نە ئەمجۆرە شیعرەم داناوە وادیارە ئەمە خەڵاتێکی یەزدانە، بەڵام ئەمە چەند ڕۆژە نەختێ دڵم تەنگە و بەجێم مەهێڵە....) وتم: (ئەگەر ئەتەوێ تا ماوم لەژێن خزمەتت ئەکەم...) مانگێک لەخزمەتی مامەوە، ئینجا بە ئارەزووی هەردوولامان بە دڵێکی خۆش لەیەکتری جودا بووین.

(بورهان جاهید) ماوەیەکی زۆر سەردانی کەرکوکی کردووە و بە خزمەتی شێخ عەبدولڕەحمانی کوڕی (سابیری) شاعیر گەیشتووە و پێکەوە شیعرەکانی (سابیری) یان نووسیوەتەوە، (جاهید) زۆر شیعری هەر لەوێ داناوە.

ئەوەتا بەم ناونیشانە، بومجۆرە سەربردەی خۆی دەگێڕێتەوە:

**لە خزمەت شێخ عەبدورڕەحمانی کوڕی شێخ نەجمەدین**



**(سابیری) ساڵی ١٩٦٠**

باسیان کرد کە شێخێکی بەخوڵق و خۆش ڕەوشت و ئینسانی هاتۆتە کەرکوک و تەکیەی کۆنی باب و باپیرە گەورەی شێخ محیەدین قولە، لەو مەزارستانە کەوەختی خۆی ئاوەدانکراوەتەوە لەدێی شۆریجەی قەرەحەسەن هاتووە و لەو تەکیەیە دانیشتووە منیش لەبەر بەعزێ زرووفی تایبەتی خۆم، جێگەی وا ئینسانی وام گەڵێ تەعقیبم دەکرد ئەچوومە خزمەتیان بەمجۆرە دەچوومە خزمەت ئەو زاتە، گەلێ ئاشنایەتی گەرم و گورمان لەگەڵ یەک پەیدا کرد چەندجار ئەم هاتووچۆیە دەوامی دەکرد لەپاشان ئەم زاتە بە گوێرەی سووڕانی خەرجی ئەو ڕۆژە دیسانەوە دووبارە گەڕایەوە بۆ جێگەکەی خۆی لەدێی شۆریجە منیش بێ چارمام بۆ ئەو دێیەش سەفەرم ئەکرد بۆ زیارەتی ئەم شێخە موبارەکە لەو سەفەرانەم بۆ دێی شۆریجە جارێک وا ڕێکەوت کە لەناحیەی قەرەحەسەنەوە بچمە ئەوێوە لەبەر نەبوونی ئۆتۆمبێل لەڕێگای ڕاستی خۆی منیش گەیشتمە هەڵەت و نەختێ هەوارنشێو، عاقیبەت کە شۆڕبوومەوە دیم کە دێی شۆرجە لێم دیارە، خۆشیەک هاتە ناو دڵم، بەڵام ئەمجارە ڕێگەوا بوو کە لەپشتەوە بچم بۆ تەکیە نەک لەپێشەوە، وەک جاران، کە گەیشتمە تەکیە دیم کە جەنابی شێخ عەبدورڕەحمان تەماشای ڕێگەی جاران دەکا، منیش لەپاشەوە وتم: (السلام علیکم) شێخ گورج هەڵسا و تەماشای کردوو وتی: بورهان وتم: بەڵێ وتی: کوڕە ئەوە سەعاتێکە هەر تەماشای ڕێگەی ئەکەم ئەڵێم: ئێستا پەیا ئەبێ، بزانم تۆ لەپاشەوە هاتی، ئەوە چ فێڵێکە لەگەڵ منت کرد منیش

**“ بوڕهان جاهید لەوێستگەیەکی بیرەوەرییەکانیدا کە لەم کتێبەدا هاتووە، باسی چوونی بۆ سلێمانی دەکات، کە میوانی (پیرەمێرد)ی شاعیر بووە ”**



دەستم ماچ کرد ئەویش سەری ماچ کردم، بەرامبەر یەکتر دانیشتین، چونکە زۆر خۆشی ئەویستم ئینجا وتی: بلێ بۆ لەم ڕێیەو لە پاشەوە هاتی؟ وتم:

**یا شێخ**

***شێخ ئەبێ ئاگای لەپێش و پاشی بێ***
***نابێ خەیاڵی نیسک و باراشی بێ***
***ئەبێ زۆر ئاگای مەحسووبی خۆی بێ***
***تا ئەو مەحسوبەی تۆزێ هەراشی بێ***

ئینجا وتی: هەی خوا نەتگرێ بورهان. لەپاش ئیسراحەت و لوتف و مەحەبەت ئینجا دەستمان کرد بەنووسینی شیعرەکانی باوکی یەعنی خوالێخۆشبوو (شێخ نەجمەدین سابیری) شێخ عەبدوڕەحمان ئەیخویند و منیش ئەمنووسیەوە. بەمجۆرە لەگەڵ ئەم زاتە موبارەکە تا ساڵی ١٩٦٩ رامانبوارد. گەلێ شیعری جوان جوان و پڕ مەعنام لەو دێیە دانا. دیوانی سابیری هەر بەمجۆرە تەرتیب و چاپکرا، چەند شیعری خۆش و ئاودار و بەتامی جەنابی (سابیری)م کردە پێنجخشتەکی لەدیوانی ئەو زاتە چاپکراوە لەبەشی یێکەمی دیوانی خۆشم چاپکراوە گەلێک نوکتەی خۆش و بەتامان هەیە لەگەڵ شێخ عەبدوڕەحمان، حەقیقەت ئەم زاتە بەهیچ جۆرێ ئینکاری ناکرێ. گەلێ جار نەسیحەتی ئەکردم ئەیوت: (ڕێگەی ڕاست بگرە، ئەم دێوانەیی و سەرمەستیە نەتیجەی بۆ نییە..) بەڵام دیسانەوە ئەیوت: (نەخێر بەکەیفی خۆت بکە، تا خودا نەتگۆڕێ بەکەس ناگۆڕێی..! ئەترسم ڕێگەت بگۆڕی و ئیتر لەدەستمان دەرچی و بەهیچ جۆرێ نەتبینین)

حەقیقەت فەرمایشی تەواو بوو

> **سەرەنجام دەستنووسەکە لەدەستی سانسۆر دەرباز بووە، بەڵام هەندێ پارچە شیعری لێ قەدەغە کراوە**

هەرکە هاتمەوە شاری خۆم هەولێر. تەئەهولم کرد و هەموو ساڵ، ئەمساڵ نا ئەمساڵ بۆ خزمەتی شێخ عەبدوڕەحمان دەچم، بەڵام زروفی ماڵ و منداڵ و وەزیفە و کەشمەکەشی ژیان، ڕێگەی نەئەدام بۆ ئەو ئیشتیاق خزمەتە.

داخەکەم تاکو جەوابم بۆ هاو کە ئەمری خوای بەجێهێناوە (انا الله وانا اليه راجعون) داخی گرانم ئەو داخە هەر لەدڵم ما، گەلێک جار لەسەر نووسینی شیعری باوکی خوالێخۆشبوی کە (سابیری) یە لەیەکتر تووڕە ئەبووین، یەعنی گرفتێک ئەهاتە دڵی هەردووکمان، بەڵام دیسانەوە هەر خۆی دڵی ئەدامەوە و ئەیفەرموو عادز مەبە کاک بورهان، ئەم بەیانیە پاقلەمان خواردووە، پاقلە تەئسیری زۆرە بۆسەر دەماغ. منیش پێدەکەنیم ئەموت تۆ شێخی منی ئەویش ئەیوت: بەخوا من هیچ شێخی مەستی پیاڵەی تۆ نیمە ڕۆژێک لەموجادەلە پێی وتم: باشە کاک بورهان ئەگەر تۆ دەڵێی: حافز و سەعدی و مەولەوی و فیردەوسی، بەعزێ لەو شاعیرانە ئەگەرچی لەدیوانەکانیان باسی پیاڵە و مەستیان کردبێ خۆ ئەوانە نەیانخواردۆتەوە، هەر بۆ خەیاڵات ئەو باسانەیان کردووە، لەوەڵامدا وتی: دیارە یاشێخ من لەوان ئازاتر و موهیمتر و شاعیرترم، ئەوان بەقسە باسیان کردووە، من قسەکەشم کردووە، فعلەکەشم بەکارهێناوە ئەی جەنابت ئەوەت نەبیستووە کەبە زمانی عەرەبی ئەڵێن:

**وعيش الدهر حلو الفعال**
**ولا بالقول تحريك اللسان**

فەرمووی: ئەی غەدار ئەمە چۆن جوابێکە.

شاعیری مەزنی لاهووتی کورد

جاهید ملی ڕێ دەگرێ و دەچێتە شەقڵاوە و لەوێشەوە بەخزمەتی (سافی هیرانی) شاعیر دەگات و بەمشێوەی ئەم سەربردەیەی دەگێڕێتەوە:

**ئوستاد و شێخی مەزن کاک مستەفای هیرانی (سافی) ساڵی (١٩٣٧)**

ئەو ڕۆژە لەشەقڵاوە دەرچووم بەرەو هیران، گوندی کاک مستەفای هیرانی وەختی ئێوارە گەیشتمە مەقامی ئەو زاتە موبارەکە، چەند مورید و دەفژەن و دەروێش لەخزمەتی دانیشتبوون، یەکێک لەوانە حاجی عەبدوڵڵای دەفژەن کە مەشهوورە، منیش سەلامم داوە و چوومە خزمەت کاک سافی و دەستم زیارەت کرد، ئینجا گەڕامەوە تەنیشت حاجی عەبدوڵڵای دەفژەن و دانیشتم، بەخێرهاتنیان کردم. کە نان و چا خورا کاک فەرمووی حاجی عەبدوڵڵا ئەو ئەفەندیە کێیە؟ دیارە باشی ئەناسی، وا وردە وردە بۆخۆتان قسە دەکەن و پێدەکەنن حاجی فەرمووی: قوربان ئەوە خۆشەویستی

> **دەستنووسەکە زمانێکی سادە و ڕەوانە، هەردوو شێوازی سلێمانی و هەولێر تێکەڵە**

من و جەنابتە، هەر جارێک کە پارچە شیعرێک بۆ جەنابت ئەخوێنم، پێت خۆش دێ کە دەڵێی:

***گەر هەبێ مەیخانە ناکەم قەت لەبۆ مزگەوت هەوەس***

***بۆمنی بێچارە تەنها ساقیی و یەک بادە بەس***

ئەمە کاک (بورهان جاهید)ە شێخ فەرمووی کاک بورهان وەرە لام، دیسان چوومە خزمەتی دووبارە زیارەتم کرد، فەرمووی: لەرۆخم دانیشە من لەحاجی دڵسۆزترم بۆتۆ، منیش وتم: یاشێخ ئەگەر حاجی دڵسۆزیش بێ، بۆمن دڵسۆزە، بەڵام جەنابت بۆ هەموو کەس دڵسۆزی. شێخ فەرمووی: (هەی ئافەرین حەقیقەت بورهانی) ئینجا کرا بە دەف لێدان شیعری تەڕ و تازەی کاک سافی کەوتە ناو زیکر و حەڵقەی دەروێش و مورید کەوتنە حالات تا شەوێکی درەنگ ئینجا هەرکەس لەشوێنی خۆی پاڵیداوە کاکیش هەر لەجێگەی خۆی خەوی لێکەوت، بەڵام من خەوم لێ نەکەوت دەستم دا قەڵەم و قاقەز و ئەم شیعرەم نووسی:

***(بارک الله) بێ لەزیکر و حالەتی مەستانەمان***

***دەف لەدەس حاجی سەدای دەوداتە ئەوجی ئاسمان***

***شێخ لەناو حەڵقەی موریدای نوری یەزدانە مەگەر***

***هاتوون بۆ سەیری ئەو زیکرە مەلایەک بێگومان***

***بولبول و گوڵ پێکەوە زیکری خودای مەنفان دەکەن***

***دار و بار و حەوز و کانی گشتی مەسن شادمان***

***مەستی عەشقێکی حەقیقین بۆ جەمالی مستەفا***

***بەو جەمالەی هەر کەبەندە مار و مووروو ئینس و جان***

***لەم مەقامەی وا لەتیفو پڕ لەنەشئەو ئیشتیاق***

***خوایە راگیرمان بکەی پێمان ببەخشی عیزز و شان***

***من کە عەبدێکی خەتابارم دەخاڵەت هاتوم***

***بەشکو لەم دەرگەیەوە ئەگرم نەتیجەی ئیمتیحان***

***گەرچی ناوم جاهیدە ئەمما چ جەهدێکم نەبوو***

***غەیری شەرمەندە و خەجاڵەت ئەڵئەمان سەد ئەڵئەمان***

کە بەیانی داهات لەخەو هەڵساین لە پاش قاوەڵتی حاجی عەبدوڵڵا بەڕەحمەت بێ خۆی رانەگرتوو هاتە لام وتی: کاک بوڕهان ئەمشەو ئاگام لێبوو شعرت دادەنا هیچ نەخەوتی وتم: بەڵێ بەڵام جارێ وازبێنە وەختی نییە کاکی هیرانی رەحمەتی خوای لێبێت ئاگای لەو محاوەرەیە بوو فەرمووی: حاجی چیت دەوێ لەکاک بورهان وتی: قوربان ئەزانم ئەمشەو نەخەوتوە هەر شیعری داناوە، منیش ئەڵێم چیت نووسیوە شێخ فەرمووی: کاک بورهان بزانم چیت نووسیوە، منیش دەرمهێنا و شعرەکەم بۆیان خوێند. حاجی دەستی کردە دەفەکەی شعرەکەی بە هەوای سێگا خوێندەوە، دیسانەوە زیکر و دەف لە تازەوە دامەزرا بەمجۆرە ئەو ڕۆژەشمان بردەسەر.

کاک بەمجۆرە ڕۆژێکیش سەر لەبەیانی جەبەری کردمەوە لەخەو وتی: هەڵسە وەرە لەگەڵ من ئەچم بۆ راوە کەو هەڵسام لەخەو لەگەڵ کاکی رەحمەتی ڕۆیشتین بۆ راوە کەو خۆی سواری گوێدرێژێکی سپی بوو پیاوێکیش کەوێکی ڕاوی لەناو قەفەسەکە هەڵگرتبوو منیش لەگەڵیان ئەڕۆیشتم جارجار کاک ئەیفەرموو: کاک بورهان ئەترسم ماندوو بووبی نەختێ سواری ئەو گوێدرێژەبە



ئەموت: نەخێر جەناب من سوار نابم، ماندووش نابم، من فێرم چیا و چۆڵ ئەکوتم، ئەگەر وانەبا چۆن ئەگەشتمە خزمەت زاتی موبارەکی وەک جەنابت، ئینجا گەیشتینە شوێنێکی بناری سەفین، ڕووبارێک لەدامەنی ئەم بنارە بوو دیاربوو کەو بەیانیان ئەهاتن بۆ سەر ئەو ئاوە بۆ ئاو خواردن. کاک دابەزی و وتی: وەرە لام پاڵ بدەینە ئەم شاخە. بە پیاوەکەشی وت: دەسکە بەکاری خۆت، پیاوەکە هەڵسا وەک بازنە ٢٠-٣٠ فاقی





دانا کە ڕاوکەرەکەی دانا ناو فاقەکان، هاتە لای ئێمە دانیشت و نەختێ فیکە فیکی بۆ کەوەکە کرد کەوەکە دەستی کرد بە خوێندن چەند کەو لەسەر ئەو ئاوە بوون هەموو بۆ ئەو کەوە هێرشیان کرد، بەغار هاتن تا شەڕی لەگەڵ بکەن، وا هاتن بە غەزەب و رقو کین داوەکەیان نەئەدی لەپڕ بە داوەکەوە ئەبوون کاک ئەیفەرموو:



هەی حەیوانی غەددار لەگەڵ هاوجنسی خۆت چەند دوژمن و بێوەفای مستەحەقت بێت، ئەوهات لیبێ تا هەتاو دەرچوو لەو شاخەماین ٦-٧ کەو کەوتە داوو لەگەڵ خۆمان هێنامان. کاکی رەحمەتی خۆی گۆشت کەوی نەدەخوارد، بەڵام زۆر مەراقی راوەکەو بوو ئەویش دیارە غایەی نەفسانی لاهوتی خۆی وابووە. چەند مودەتێک رادەی مانگێک لەخزمەتی ئەو زاتە موبارەکەدام لەپاشان بەتەودیعێکی شاعیرانە لەیەکتر جودا بووین.

لەبەشێکی دیکەی تۆماری بیرەوەرییەکانیدا، جاهید باس لەچۆنیەتی بەیککەیشتن و ناسینی (ئەسیری) شاعیر دەکات لەساڵی ١٩٦٠:

لەکەرکوک رەفیقێکی دڵسۆزم هەبوو، گەلێک خۆشم دەویست، شەو و ڕۆژ پێکەوە بووین، وایلێهات ژنی هێنا، ساڵێک بەسەریانا چوو ژنەکەی لەگەڵ دایک و خوشکەکەی ئەو




رەفیقە ئیدارەی نەکرد. هەڵسا خانووی بۆ گرت، هەرچەندە کە دەستیشی زۆر کورت بوو، بەڵام ژنەکەی لەسەر ئەو حاڵەش هەر زیز دەبوو دەچووەوە لای دایک و باوکی، منیش کەتبوومە ئەمری واقع نەمدەزانی چۆن رەفیقەکەم و هەروەها دایک و باوکی ژنەکە ئیقناع بکەم، حەزم نەدەکرد تەڵاق و تەڵاقکاری بکەوێتە ناو.

چارە نەما ئیش کەوتە لای قازی، رەفیقەکەم زۆر ترسا چونکە میهری موئەخەرەی ئەم ژنە ٢٠٠ مسقاڵ زێر بوو. ئەو وەختە دەیکردە (٤٠٠) سەد دینار. دیاربوو ئەو پارەیەی پێ نەئەدرا، نەدەگونجا ژنێکی کەش بێنێ، بەمجۆرە بە رەفیقەکەم گوت: بەیانی مەحکەمەیە باشکاتب (شێخ عەبدولخالیقی ئەسیری شاعیرە ئەچمە لای بەشکم عیلاجێک دەکات جەنابی قازی شێخ ئیبراهیم کەتبوینە مەحکەمەی شەرعیە هەرچەندە کە شێخ عەبدولخالقیش ناناسم، خۆم پێشکەش کرد و بەخێرهاتنی کردم مەسەلەکەم تێگەیاند و وتی باشە برۆ بزانە قازی هاتووە پێکەوە ئەچینە لای، کە چووم دیم پیاوێکی لە ژوورەوە بەسەرکۆتی پیاسە دەکات نە عەمامەی لەسەرە و نەجوبیەی لەبەرە. پرچی رەش و سپی شانە نەکراو پانتۆرێکی بێ ئوتوو چاکەتێکی لینەوەشاوەی لەبەر کردووە منیش وتم: دیارە ئەمە فەراشە و چومە بەردەمی وتم: دیارە قازی نەهاتووە، ئاخۆ کەی دێت. ئەویش تەماشای کردم و پێکەنی چووە سەر کورسییەکەی قازی دانیشت وتی: فەرموو من قازیم، بۆتۆ منت بەچی زانی ڕاست بڵێ وتم: بەخوا جەناب وامزانی فەراشی، چونکە وەزعەکەت لە وەزعی قازی نەدەچوو وتی: بۆ

وتم: نەعەمامەت لەسەربوو نە جوبەت لەبەر بوو، لەسەر ئەو حالەش قژەکەت ئالۆز و پالۆز بوو پانتۆر و چاکەتەکەت نالایق و بێ ئوتوو بوو. پانتۆرت کورت چاکەتت درێژ.

فەرمووی: حەقی تۆیە بەڵام نەفسی من ئەمجۆرە کەشخانە قەبوڵ ناکات منیش ئینسانێکم وەک فەڕاش مومکینە ئەو لای خوا حورمەتی زیاتر بێ لەمن فەرموو: چیت ئەوێت با بۆت بکەم؟ منیش لە دڵم وتم مادام ئەوە پیاوێکی وا ئینسانە با هەر خۆم ئەو رجایەی لێ بکەم با رەفیقەکەم مەغدوور نەبێت، پێش هەموو شتێک خۆم تەقدیم کرد، ئەوجا مەسەکەم بە باشی و بە ڕاستی تێگەیاند، زۆر جوان حاڵی بوو زۆر حورمەتی منی گرت و فەرمووی: دانیشە، دانیشتم ناردی بەدوای باشکاتب کە جەنابی شێخ عەبدولخالیق هاتە ژوورەوە، تەمەشای کرد من دانیشتووم قازی وتی: بەبێ تاخیر بوون ئەوراقی فلان و فلانم بۆ بنێرە، ئەسیری فەرمووی بەڵێ. ئەوراقی رەفیقەکەم و ژنەکەی هێنا قازی بانگیانی کرد و موحاکەمە کران، زانی رەفیقەکەم بێگوناحە، بە ژنەکەی وت: ئەگەر بە دڵێکی خۆش بەبێ حیلە و غەش لەگەڵ مێردت دائەنیشی، دانیشە، ئەگەر دانانیشی تۆ هیچ حقووقێکت لەسەری نییە، بەمجۆرە رەفیقەکەم نەجاتی بوو، ئینجا من و قازی و ئەسیری ماینەوە قازی ئەمری کرد، قاوەمان بۆ هات، ئینجا باسی شیعر هاتە ناو، قازی فەرمووی: حەقی وایە کاک بورهان شیعرێکمان بۆ بڵێ، منیش وتم:

***بیناغەی ژین لەسەر ئاو و هەوایە***
***گەنم قووتە، بەڵام جەرگی جەفایە***
***سەریری سەڵتەنەت پاشای***

***لەسەربێ***
***حەسیری خانەقا خێکەی خودایە***
***کفن هەرجاوە بۆ سولتان و نۆکەر***
***درێژی و کورتیە فەرقی تیایە***
***فەقیرێکی درێژ بیست گەز ئەباتن***

*گەلێ قازیش عەمامەی ئیکتیفایە*

بەمجۆرە گەڵێک پێکەنین قازی فەرمووی: ئەی نەمووت جوببە و عەمامە هیچ سوود نابەخشێ بۆ قازی، ئەو قازییە بە عەدالەت ئیشوکاری ئەو میللەتە ناباتە سەر. جەنابی قازی فەرمووی: بۆ ئێوارە شێخ عەبدولخالیق و جەنابی لە ماڵەوە میوانی منن.

بەیانی ئێوارە من و جەنابی ئەسیری چوینە خزمەتی، بەدڵێکی فەرەحناک ئەو دەعوەتەشمان لەوێ بردە سەر، ئێستاش ئەم دوو زاتە موبارەکە هەردووکیان وەفاتیان کردووە خوا غەریقی رەحمەتیان بکات.

لەبەشێکی دیکەی بیرەوەرییەکانیدا، جاهید باس لە چۆنیەتی ناسین و دیداری (قانیع)ی شاعیر دەکات، ئەو دیدارەش بۆ ساڵی ١٩٦١ دەگەڕێتەوە کاتێک جاهید لە دوکانی هاوڕێیەکی دانیشتووە و خەریکی ڕدێن تاشین بووە.

## لەگەڵ قانیع ١٩٦١

لەم ساڵەدا لەچایخانەی برادەرێکی دڵسۆزی خۆم کە ناوی سدیق بوو دانیشتبووم ڕدێنی خۆم ئەتراشی بە تاخم تراشی برادەرەکەم، یەکێک هات و سەلامی کرد، سەلامی وەرگیرا، فەرمووی: ئەبێ شەکری دیشلەمەتان هەبێ؟ چایچییەکە وتی: نەخێر جەناب نییە، بەڵام بۆتۆ پەیائەکەم فەرموو دانیشە کاکی چایچی بۆ پەیاکردنی شەکری دیشلەمە چووە دەرەوە، منیش لەتەراشەکە خەلاس بووم و خەریک بوو تاخمەکە هەڵگرم، مامەی مشتەری فەرمووی: توخوا مەکینەکە بدە پێم تا نەختێ منیش ئەو سەر لێوانەم چاک بکەم، بەشکو بە سانایی خواردنم پێ بخورێ، وتم: فەرموو جەناب. مامە تۆزێ لەگەڵ خۆی خەریک بوو لەپاش رزگاربوونی، ئاخێکی هەڵکێشاو فەرمووی ئەمە (١٢) رۆژە راحەتم لەگیانی خۆم نەدیوە، کەوتوومە دوای کوڕەکانم، یەکێک لەبەغدا سەربازە، ئەویتر لەکەرکوک حەسە، ئەویتریش جێگای پێنازانم و ناشزانم بۆکێ سەری هەڵگرتووە. وتم: مامە گیان تۆ لەکوێوە هاتووی و بۆچ وا شپرزەی وتی: رۆڵە من هەر لەدایک بووم خوا شپرزەی کردووم. نانێکی رەحمەتیم نەخواردووە، شوکر بۆخوا من (قانیعم) ئەگەر بمناسی وتم: قانعی شاعیر، وتی بەڵێ وتم الحمدلله کەلەم شوێنە یەکتریمان دی. جەناب منیش (جاهید)م ئەگەر بمناسی. شاعیر ئەبێ ژیانی بەم شێوەیە بێت، غەم مەخۆ منیش رەفیقی جەنابتم و ئەمبینی چۆنم، بەمجۆرە دەستمان هاوێشتە ملی یەکتر و سەبوریمان پێکەوە هات و دەردی خۆمان بۆ یەکتری باسکرد. کە چایچی هاتەوە دیشلەمەی لەگەڵ خۆی هێنابوو، تەماشای کردین کە بەو تەرزەوە گفتوگۆ دەکەین وەکو ناسیاو. وتی کاک بورهان دیارە لەگەڵ ئەم مامەیە ئاشنا دەرچووی وتم: هەی گەوجە ئەمە مامۆستا قانیعە من پێت ئەڵیم هەموو ئەو دۆست و شاعیر و زانا ئەبێ شپرزە بێ لەژیان تۆ بڕوا ناکەی!؟ ئەو نیوەڕۆیە من و مامۆستا قانیع بووینە میوانی کاکی چایچی گەلێ نان و کەبابمان خوارد، ئینجا بۆ ئێوارە چووینە خزمەت کاک حوسێنی خانەقا و لەوێ میوان بووین. ئەو بە شیعر و بەعزێ بەسەرهاتی خۆمان رامانبوارد. بەیانی من و مامۆستا بۆ بەغدا رۆیشتین. لەرێگا بەعزە قوتابی شیعری مامۆستا قانیعیان ئەخوێند، ئەیانوت ئاخۆ ئەو شاعیرە مەزنە ماوە، یان ئەمری خودای بەجێ هێناوە، بریا چاومان پێ ئەکەوت لەپڕ مامۆستا قانیع وتی: بەخوا ڕۆڵەکانم ئەو هەژارە ماوە، بەڵام ئەگەر بە مردوو حیسابی بکەن چاکترە، چونکە زیندوو ئەو کەسەیە کە کاری هاوڕێیەکی خۆی حەلکا، من کاری خۆم پێ حەل ناکرێ، ئینجا قوتابیان زانیان ئەوە مامۆستا (قانیع)ە و منیش (جاهید)م گەلێ پێخۆشحال بووین، لەگەڵ ئێمەدا مانەوە لەبەغدا بە ئارەزووی خۆمان ئێمەیان بردە زیارەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی چەند رۆژێک لەو جێگا موبارەکە پێکەوە ماینەوە. لەپاشان بە ئارەزووی هەردووکمان بە دڵێکی پڕ سۆز و چاوێکی پڕفرمێسکی شاعیرانە یەکتریمان بەجێهێشت و دوعای خێرمان بۆ یەکتری ئەکرد ئەم غەزەلەشمان بەیەکەوە دانا:

***قانیعم فەلەک چەرخی کردووم***
***جاهیدم ئەقل و هۆشی بردووم***
***گەرچی لە قەیدا زندوو حیسابم***
***وەک شێت و شەیدا بۆخۆم مردووم***
***شکایەت دەکەم شێخ عەبدولقادر***
***لەم چەرخە عەقلی کە لێ سەندوم***
***مەرقەدی پاکت دەخاڵەتگاهە***
***بەم جێگە پاکە پشتم بەستوم***
***رزگارمان بکەی، فرسەتمان بدەی***
***عەفوومان بکەی لەوەی کردووم***
***بۆمان رونبکەی دونیا و ئاخیرەت***
***چاوم لە ڕێیە من نەخەوتوم***
***گەرچی تاقەت و هێزم نەماوە***
***بەڵام هەر بەرزم، دانەکەوتوم***



**“زامدار هیچ پەڕێکی دەستنووسەکەی وەک نموونەی دەستوخەتی جاهید بڵاونەکردۆتەوە”**

**“زۆر لەنووسەران ڕەخنە لەو کتێبەی زامدار دەگرن و بە کتێبێکی کرچوکاڵ وێنای دەکەن”**

# لە پێشەکی کتێبی فەلسەفەو جوانییەکانی (جاهید)دا هاتووە



دوو تەیەکی پێویست و .. قەدرزانین

خوێنەری بەڕێز

وا باوە بەتایبەتی لەنێو شاعیراندا، دیوان و بەرهەمی ئەدەبیات چ لەلایەن دانەرەوە چ لەلایەن مامۆستایەکی نزیکی خۆیەوە پێشەکی ی بۆ بنووسرێ و دانەر بە خوێنەرانەوە بناسێنێ.

منیش بۆ ئەوەی ڕێچکەی پێشینان نەگرمە بەر و لە سەری بڕۆم وا بە کورت و موختەسەر باسی خۆمتان بۆ دەکەم:

- برهان محمد عبدالرحمن - ناوم و - جاهید - شۆرەتمە. لە ساڵی ١٩١٨ ی زایینی لە شاری هەولێری دێرین دا چاوم هەڵێناوەو ڕووناکی ی ئەم دنیایەم بینیوە. هەر لە تەمەن و هەرەتی لاوێمدا بە دووای شیعرەوە ئاوارەم و خۆم بە هەڵبەستی کوردی خەریک کردووەو عەشقی ئەم ڕەنگە پڕ لە وورد و کاری و ناسکەم کەوتوتە دڵ.

ئەم بەرهەمەی وا لە بەردەستتاندایە بەشی سی یەمی «چوارینەکانی جاهیدی» یە کە لە ساڵی ١٩٨٢ دا ئەمینداریێتی گشتی ی رۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان، بە کوڵی سوپاسمەوە، بە چاپی گەیاند. وا ئەم بەشەیشیم نێو نا «فەلسەفەو چوارینەکانی جاهید» ئەگەر دەپرسن بۆ فەلسەفە؟ دەڵێم: بە بڕوای خۆمەوە گەلێ پەند و ئامۆژگاری ی نێو کورد ەواری و ئەوانەی لە ساڵەهای ساڵی ژیانمدا تاقیم کردوونەتەوەو شتێکیان لێ فێر بووم، کردوومنەتە ناواخن و لە هەڵبەستدا دام ڕشتوون لە سەر بنچینەیەکی فەلسەفیانە کە چاکەو خراپە لە یەکتر جیا بکەنەوە .. هیوادارم بەم کارەم خزمەتێکی گەل و کۆمەڵی خۆم کردبێ و بە دڵی ئێوەی بەڕێزو ئازیزیش بێ.

لە هەمان کاتدا پڕ بە دڵ سوپاسی کاربەدەستانی ئەمیندارێتی گشتی ی رۆشنبیری و لاوان دەکەم .. بە ڕاستی ئەو پیاوە ڕوح سووک و خۆش گفتانە زەحمەتیان کێشا و ئەم دیوانەیان، بۆ لە چاپدام. بەش بە حاڵی خۆمەوە بە کارێکی یەجگار پیرۆزی دەزانم خۆ ئەگەر ئەم دەزگا بەڕێزە نەدەبوو، ئەم برادەرە خۆشەویستانەیش بە تەنگمەوە نەدەهاتن، ئەوە ڕەنگە تا ڕۆژی مەحشەر بۆم نەکرابایە، تەنانەت دە لاپەرەیان لێ بڵاو بکەمەوە .. بەتایبەتی لەم زەمانەی خۆماندا، کە بە چاپ گەیاندن و بڵاوکردنەوە بە زەحمەت کەوتوون و پارەو دراوێکی زۆریان دەوێ.

برهان محمد عبدالرحمن

○ جاهید ○

هەولێر

١٩٨٥

-١٦١-

دونیا بو بە عزیك شایی و سەیرانە

بەزم و زەماوەند شادی و خەندانە

بەلام بە عزیکیش خنکاوی غەمە

هەموو ژیانی شین و گریانە

محمد امین یوسف خضر

١٩٨٢-٦-١٠

تەواو بو

برهان محمد عبدالرحمن

جاهد

[illegible]

(٨٤)

محمد امین یوسف خضر

١٩٨٢-٦-١٠

تێبینی یەکێ لە خوێنەری چوارینەکانی لە ساڵی ١٩٨٢

# تەوەرێکی تایبەت

## لەبارەی ئیدریسی بەدلیسی

سەرکەوتنی عوسمانییەکان لەشەڕی چالدێران، کە بەم هۆیەوە بەشێکی زۆری کوردستان کەوتە ژێر دەستی عوسمانییەکان و بۆ یەکەم جار بەشێوەیەکی نارەسمی کوردستان دابەش کرا، ئەمەو وێڕای ڕێککەوتنەکان و سەرەنجام داگیرکردنی زۆربەی ناوچەکانی دی کوردستان و دواتریش بڕیاری زۆربەی میرنشینە کوردییەکان بۆ چوونە پاڵ عوسمانییەکان.

لایەنێکی گرینگ و کاریگەری هەموو ئەو دەستکەوت و سەرکەوتنانەی عوسمانییەکانیش، بۆ ڕۆڵ و بەشداری کاریگەری کورد دەگەڕێتەوە، بەسەرکردایەتی مەلا ئیدریسی بەدلیسی.

لەگەڵ ئەوەی کە ئیدریسی بەدلیسی ڕۆلی گەورە و کاریگەر و یەکلاکەرەوەی بینیوە، لەداگیرکردنی تەواوی ناوچەکانی کوردستان بەبێ شەڕ و هیچ ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی ئەوتۆ.

بەشێوەیەک سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەگەر ئەو ڕۆلەی ئیدریسی بەدلیسی و میر و میرنشینە کوردییەکان نەبوایە مومکین نەبوو عوسمانییەکان بتوانن ئەو هەموو سەرکەوتنە خێرایە بەدەست بێنن.

ئەمە جگە لەوەی دوور نییە ڕەوتی ڕووداوەکانیش بەو شێوەیە نەبوایە، کە بوو.

پرسیارەکە ئەوەیە:

لەگەڵ هەموو ئەو ڕۆڵەی بەدلیسی لەبەرژەوەندی دەوڵەتی عوسمانیدا بینی، کە زۆرجار سەرچاوەی یەکلاکەرەوەی سەرکەوتنەکان و خۆبەدەستەوەدانی میرنشینە کوردییەکان بووە، کەچی لەلایەن زۆرێک لەمێژوونووسان و ڕای گشتی کوردیش هەر بە پیاوێکی مەزن و باش و هەڵکەوتوو وەسف دەکرێ؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە و تیشک خستنەسەر ئەو بابەتە ئەو تەوەرەمان بەپێویست زانی.

# ئیدریسی بەدلیسی

# چەردەیێک لەژیان و ڕۆڵی سیاسی



پ.ی.د. شاخەوان عبدالله صابر*

یەکێک لەو کەسایەتییە کوردانەی لەسەدەی ١٦ قسەوباسی زۆری لەسەر کراوە ئیدریسی بەدلیسی بووە.

بەتایبەتی دوای ئەوەی سەرکەوتوو بوو، لەڕازیکردنی زۆرینەی میرە کوردەکان، بۆ ئەوەی لەشەڕی چاڵدێرانی نێوان هەردوو سوپای عوسمانی و سەفەویدا لەساڵی ١٥١٤ بچنە پاڵ سوپای عوسمانی.

هەندێک لەتوێژەران (بەدلیس)یان وەکو ناپاک و بەکرێکرگیراوی سوڵتان سەلیمی یەکەمی (١٥١٢-١٥٢٠) عوسمانی و بازرگانی کردن بەپرسی کورد بۆ وەدیهێنانی بەرژەوەندی کەسی خۆی و نزیک بوونەوە لەسوڵتانی عوسمانی وێنا کردووە.

لەبەرانبەر ئەم ئاڕاستەیەشدا ڕایەکی دیکەیش هەیە پێی وایە بەدلیسی بەو ڕۆڵە دبلۆماسییەی کە گێڕای، بەتایبەتی دوای کۆتایی هاتنی شەڕەکە، لەنێوەندگیر کردنی نێوان میرە کوردەکان و سوڵتان سەلیمی یەکەمی عوسمانی، خزمەتێکی گەورەی بە میللەتەکەی کردووە، بەوەی زلهێزێکی وەکوو عوسمانی بڕوای پێ بهێنێت و دان بەدەسەڵاتی میر و بەگە کوردەکان دابنێت، لەکاتێکدا دەسەڵات و قەڵەمڕەوی ئەم دەوڵەتە ناوچەیەکی یەکجار فراوانی گرتبۆوە.

(بۆ هەڵسەنگاندنی کارەکانی بەدلیسی دەتوانی بگەڕێیەوە بۆ: (هروتی،٢٠٠٨،٧٥-٧٩)

**یەکەم: ژیانی ئیدریسی بەدلیسی:**

ناوی تەواوی ئیدریس کوڕی شێخ حوسام الدین عەلی بەدلیسیە، کۆمەڵێک نازناوی هەبووە لەوانە مەولانا، حەکیمەدین، کەمالەدین هەرچەندە سەرچاوەکان مێژووی لەدایکبوونیان یەکلانەکرۆتەوە، بەڵام یەکێک لەتوێژەران بەلێکدانەوەی وتەیەکی خودی ئیدریسی بەدلیسی لەپێشەکی کتێبی (الحق المبین) ئاماژەی بەوە کردووە (لەلاوێتیمدا، بەبیرم دێ، لەساڵی ٨٧٦-١٤٧٢ زاینیدا مەلا حاجی لەگەڵ کاروانی حەجاجاندا هاتە تەورێز و بابم لەم سەفەرەدا دەگەڵ مەلا جامیدا، چاویان بەیەکدی کەوت) بەم پێیەش مێژووی لەدایکبوونی دەگێڕێتەوە بۆ دەوروبەری ساڵی(١٤٥٢) بەهەمان شێوە جیاوازی بۆچوون لەمەڕ بنەچەی بنەماڵەکەشیان هەیە، هەندێک بۆ ناوچەی بەدلیسی، یان شاری دیار بەکری دەیگێڕنەوە (بایراقدار،٢٠٠٩،١٤) هەندێکی دی بۆ سەر کوردانی هەکاری دەیگێڕنەوە (زکی، ٢٠٠٥،١١٠) لەلایەکی دی نووسەرە تورک و عەرەب و فارسەکانیش هەوڵیان داوە بنچەی ئەو کەسایەتییە کوردە بگێڕنەوە سەر نەتەوەکانی خۆیان (بایراقدار،٢٠٠٩،١٢)

هەرچەندە زانیاریمان دەربارەی ژیانی منداڵی بەدلیسی کەم و سنووردارن، بەڵام ئەوەی زانراوە لەمنداڵییەوە لەخزمەت باوکیدا زانستە ئایینەکانی خوێندووە، دواتر وەکوو قوتابییەکی خوێندنی ئەم بوارە، درێژەی بەخوێندن داوە، بەجۆرێک لەدەوروبەری شارەکانی بەدلیس و دیاربەکر زانستە عەقلی ونەقلییەکانی وەرگرتووە، هەردوو زمانی عەرەبی وفارسیشی زانیوە، دوای تەواوکردنی خوێندن، پەیوەست بووە بەکاری وەزیفی (بایراقدار،٢٠٠٩،١٤) یەکێک لەسەرچاوەکان نووسیویەتی: ئیدریسی بەدلیسی (پیاوی دەوڵەت) بووە، لەبەرئەوەی لەهەریەک لەدەوڵەتەکانی ئاق قۆینلۆ و دەوڵەتی عوسمانیدا پۆستی وەرگرتووە (هروتی،٢٠٠٨،٥٠) بۆ نموونە لەدەوڵەتی ئاق قۆینلۆ، بەدیاریکراویش لەسەردەمی دەسەڵاتی سوڵتان یاعقوب بەگی کوڕی ئۆزۆن حەسەن کە یەکێک بووە لەبەتواناترین سوڵتانەکانی ئاق قۆینلۆ (الجواهری،١٩٩٠،٤٥) بەسیفەتی (وەرگێڕ) لەخزمەت ئەم دەوڵەتەدا بووە و زۆر لەو سوڵتانانەش نزیکبووە، تەنانەت لەکتێبی (رسالەی خزانیە)ی سەرگوزشتەی ئەو گەشتەی گێڕاوەتەوە کەهاوشان لەگەڵ سوڵتان یاعقوب بۆ ئازربایجانیان کردووە.


**کێڵی قەبری بەدلیسی**

دوای مردنی سوڵتانی ناوبراویش لەڕۆژگاری دەسەڵاتی سوڵتانەکانی ئەم دەوڵەتەدا لەوانەش سوڵتان ڕۆستەم و ئەڵوەند میرزا لەسەر کاری خۆی بەردەوام بووە و (ڕێزی لێگیراوە) (بایراقدار،٢٠٠٩،١٥) دوای کۆژرانی شێخ عەلی سەفەوی لەشەڕێک لەگەڵ سوپای ئاق قۆینلۆ، دەسەڵاتی ئەم بنەماڵەیە گوازرایەوە بۆ شێخ ئیسماعیل (١٥٠١-١٥٢٤) (دواتر شا ئیسماعیلی سەفەوی) بریاری دا ئاڕاستەی چالاکییە سەربازییەکانی ڕووەو هەرێمەکانی باکووری دەوڵەتی ئاقۆینلۆ بەرێت، ئەوەبوو ڕووبەڕووی ئەڵوەند میرزای حاکمی ئاق قۆینلۆ لەئازەربایجان بوویەوە، لەئەنجامی ڕووبەڕووبونەوەی هەردوولا لەشەری شروڕ لەساڵی ١٥٠١ دەوڵەتی ئاق قۆینلۆ دووچاری شکستێکی گەورە بوویەوە، یەکێک لەدەرئەنجامەکانی شەڕەکە کۆنترۆڵکردنی شاری تەورێز بوو لەلایەن سوپای سەفەویەوە، هەر لەهەمان ساڵدا دەوڵەتی سەفەوی لەم شارەدا جاڕداوە (الجواهری،٥٢،١٩٩٠-٥٣)

### دووەم: قۆناغێکی نوێی ژیانی ئیدریسی بەدلیسی

دوای ڕووخانی دەوڵەتی ئاق قۆینلۆ پێدەچێت ئیدریسی بەدلیسی گەیشتبێتە ئەو بڕوایەی کە ناتوانێت لەگەڵ سەفەوییەکاندا و خودی شا ئیسماعیل هەڵبکات هەربۆیە وەکوو شەمسەدین سامی دەنووسێت: (لەشا ئیسماعیل هەڵاتووە و پەنای بردووەتە بەر دەوڵەتی بەرزی عوسمانی) (سامی،٢٠١٠،١١١) ئەوەبوو لەساڵی ١٥٠١ تەورێزی پایتەخی سەفەوییەکانی جێهێشتووە و بەرێگای مەککە و مەدینەوە خۆی گەیاندۆتە ئەستەمبوڵ و لەلایەن سوڵتان بایەزیدی دووەمی (١٤٨١-١٥١٢) عوسمانیەوە (بەرێزگرتن و قەدر زانینێکی زۆرەوە پێشوازی لیکراوە) (بایرەقدار،٢٠٠٩،١٦-١٧)

مێژووی ناسینی سوڵتان و بەدلیسی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی بەدلیسی لەخزمەت دەوڵەتی ئاق قۆینلۆدا بووە، کاتێک سوڵتان یاعقوب بەدلیسی ڕاسپاردوە بەبۆنەی سەرکەوتنەکانی بایەزیدی دووەم نامەی پیرۆزبایی بۆ ناوبراو بنووسێ. لەدەمی هاتنیشی بۆ ژێر ڕکێفی عوسمانی، شوێنی شایستەی پێدەدرێ، تەنانەت یەکێک لەسەرچاوەکان ئاماژەی بەوە کردوووە کە ناوبراو مۆرداری سوڵتانی بایەزید بووە، تەنانەت لەشوێنی سوڵتانیش (فەرمانی ئیمزا کردووە) دوای ئەوە سوڵتان بە مووچەیەکی شایستە لەکۆشکی خۆی دایدەمەزرێنێت، ئەوەبوو لەساڵی ١٥٠٢ بەپرسیاریەتی نووسینەوەی مێژووی دەوڵەتی عوسمانی پێدەسپێرێ. دواتر لەپەرتووکێکی سەربەخۆدا کۆیدەکاتەوە بەناوی (هەشت بە هەشت) (بایراقدار، ٢٠٠٩،١٦-١٧) کە تێیدا بە هۆنراوە تیشکی خستۆتە سەر ژیانی هەشت سوڵتان. بەگوێرەی دەربڕینی توێژەرێکیش (یەکەم کتێبە دەربارەی دەوڵەتی عوسمانی) نووسرابێت کەپێکهاتووە لە (٨٠) هەزار بەیت (زکی،٢٠٠٥،١١١)

دوای مردنی سوڵتان بایەزدی دووەم بەدلیسی بەردەوام بووە لەخزمەت کردنی دەوڵەتی عوسمانی، دوای دەست بەکاربوونی سوڵتان سەلیمی یەکەمیش (١٥١٢-١٥٢٠) وەکوو ڕاوێژکاری سوڵتان دەرکەوتووە، تەنانەت لەکاتی هێرشەکانی بۆ سەر ئێران و شام و میسر یاوەریشی کردووە. هەروەها پۆستی (قازی عەسکەر)یشی پێداوە، تەنانەت لەمەسەلە مەترسیدار و چارەنووس سازەکانیش پرسوڕای دەربارەی کاروبارەکانی کارگێری و سیاسی و سەربازیش پێکردووە (هروتی، ٢٠٠٨،٥١)

لەدوای دەست بە سەرداگرتنی شاری بەغدا لەلایەن شا ئیسماعیلی سەفەوی سنوورەکانی ئەم دەوڵەتە تازە دامەزراوە لەسنووری دەسەڵاتی عوسمانییەکان نزیک دەبێتەوە، بۆیەش پرسی بەریەکەوتنی ئەم دوو دەوڵەتە لەبەر کۆمەڵێک هۆکار پەیوەست بووە بەکاتەوە، لەوانەش ناوچە سنوورییەکانی نێوان هەردوو دەوڵەت مەیدانی تەراتێن و هاتووچۆی ئەو ڕەگەزانە بوونە کە زووزوو پەنایان بۆ یەکێک لەو دەوڵەتانە دەبرد، ئەمە و سەرباری هەوڵەکانی شا ئیسماعیل و هاندانی لایەنگرانی بۆ بڵاوبوونەوە بەناوچەکانی ئەنادۆڵدا، لەلای خۆشیەوە سوڵتان سەلیم خۆی بە پارێزەری موسڵمانان دەزانی، بۆیەش دوای دەرکردنی فەتوایێک دەستی بەپلان دانان

> **“ هەندێک لەتوێژەران (بەدلیس) یان وەکوو ناپاک و بەکرێگیراوی سوڵتان سەلیمی یەکەمی عوسمانی و بازرگانی کردن بەپرسی کورد بۆ وەدیهێنانی بەرژەوەندی کەسی خۆی و نزیک بوونەوە لەسوڵتانی عوسمانی وێنا کردووە ”**



کرد، بۆ شەڕکردن لەگەڵ سەفەوییەکان، ئەمەو سەرباری بوونی جیاوازی مەزهەبی لەنێوان هەردوولادا لە ٢٣ ئابی ١٥١٤ لەدۆڵی چاڵدێران لەنزیک تەورێز، هەردوو هێز ڕووبەڕووی یەکدی دەبنەوە (احمد،٢٣،٢٠٠٥-٢٥)

لەم قۆناغەدا ئەرکی قورسی ئیدریسی بەدلیسی دەستی پێکردووە بۆ کۆکردنەوەی پاڵپشتی و کۆمەکی بۆ عوسمانییەکان و مسۆگەرکردنی لایەنگیری کوردەکان بۆ دەوڵەتی عوسمانی، ئەوەبوو دوای ڕاسپاردنی لەلایەن سوڵتانی عوسمانییەوە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەم ئەرکە، بەدلیسی کەوتوتەخۆ و خۆی لەمیرە کوردەکان نزیک کردۆتەوە، لەکاتێکدا ئەم میرە کوردانە بڕوای زۆریان بەخودی بەدلیسی هەبووە، تەنانەت لەهەندێک باردا چارەسەری ئەو کێشە و گرفتانەشی کردووە کە لەکاتی دەستنیشانکردن و هەڵبژاردنی میر و پادشاکان هاتوونەتە پێش (حەمە کەریم،٩٧،٢٠٠٨-١٠٢) لەم بارەیەوە (هاکان ئۆزئۆغلۆ) لەپەرتووکی (ناودارانی کورد لەدەوڵەتی عوسمانی دەنووسێت: (...لەڕێگای پێکهێنانی هاوپەیمانییەتی لەنێوان میرنشینە کوردییەکان سوپایەکی گەورەی کوردی کۆکردەوە لەنێویشیاندا جمشیکزک، بالو، جبقجور، بتلیس، حسنیکف، خیزان، جزیره

**"ئیدریسی بەدلیسی (پیاوی دەوڵەت) بووە، لەبەرئەوەی لەهەریەک لە دەوڵەتەکانی ئاق قۆینلۆ و دەوڵەتی عوسمانیدا پۆستی وەرگرتووە"**

(جزره) وساسون) کۆکردنەوەی تواناکانی میرنشینیە کوردییەکان مایەی سەرنجی نووسەری ناوبراو بووە، بەو پێیەی هیچ ڕووداو و بۆنەیکی وانەهاتۆتە پێش تاوەکوو هۆزە کوردییەکان بەکۆمەڵ و دەستەجەمعی بەیەکەوە کار بکەن، هەروەها واشی بۆچووە کە سوڵتان زۆر دڵخۆش بووە بەو کارەی بەدلیسی، کە توانیوەتی هۆزە کوردییەکان بە دەسەڵاتی عوسمانی ببەستێتەوە، هەروەها دوای لەبەدلیسیش کردووە چوارچێوەیکی کارگێڕی بۆ ناوچە کوردییەکان دیاری بکات، لەدیدی نووسەریشدا ئەو هۆزانە کە ڕووبەڕووی هەڕەشە و مەترسی پەرتبوون دەبوونەوە زیاتر پێویستیان بە دەوڵەتی عوسمانی بووە، بۆ ئەوەی ببێت بەبەربەست بەرووی سەفەوییەکاندا، هەروەها میر و بەگە کوردەکان داوایان لەبەدلیسی کردووە سوڵتانی عوسمانی دان بە دەسەڵاتی خۆجێیان لەناوچەکانی خۆیاندا بنێت و لەژێر سایەی دەوڵەتی عوسمانیدا کاروبارییان ڕێک بخات ( أوزأغلو،٨٢،٢٠١٦)

لەڕاستیدا کۆمەڵێک فاکتەر کاری بەدلیسی بۆ ڕازی کردنی میر وبەگە کوردییەکان بۆ دانە پاڵی عوسمانییەکان لەشەڕی چاڵدێران ئاسان کردبوو، بەر لەهەموو شت سیاسیەتی خراپی سەفەوییەکان لەگەڵ سەرۆک هۆزە کوردەکان ئەوەبوو لەدەمی چوونی شا ئیسماعیل بۆ شاری (خوی) یانزە میری کورد بەمەبەستی پیرۆزبایی سەردانی ناوبراو دەکەن، بەڵام هەموویان زیندانی دەکات، لەشوێنی ئەوانیش (قزڵباشی تەعین کرد) تەنانەت یەکێک لەو میرە دەستگیرکراوانە، مەلیک خەلیلی دەسەڵاتداری حسن کێفا بووە، کە مێردی خوشکی شا ئیسماعیل بووە، دوای مانەوەی سێ ساڵ لەگرتیگەی تەورێز دوای شکستی سەفەوییەکان لەشەڕی چاڵدێران ڕزگاری بووە (زەکی،١١٧،٢٠٠٤) ئەمەو سەرباری جیاوازی مەزهەبی، کە کوردەکان لەپەیڕەوی مەزهەبی سوونە بوونە، لەکاتێکدا مەزهەبی فەرمی دەوڵەتی سەفەوی شیعە بووە. ئەمە جگە لەتاڵانکردنی هەرێمە کوردییەکان لەساڵی ١٥٠٦ بەدەست قزڵباشەکانەوە. بەجۆرێک سەرچاوەیەک ئەم ڕەفتارە وەکوو (یەکەم دەستوەشانی دەوڵەتی سەفەوی) لەکوردەکان لێکداوەتەوە (ئیسکندەر، ٢٠٠٩،١١٤) دوای داگیرکردنی میرنشینە کوردیەکانیش شا ئیسماعیل ڕایکردنی کاروبارەکانی بەرەگەزە قزڵباشەکان سپاردووە (ئیسکندەر، ٢٠٠٩،١١٤) هەروەها ناچارکردنی کوردەکان لەناوچە داگیرکراوەکان بۆ دەسبەرداربوون لەمەزهەبی سوونە پەیڕەوکردنی مەزهەبی شیعە، ئەمە و سەرباری بەکارهێنانی هەموو توانا مادی و سەربازیی کوردەکان بۆ بەرژەوەندییە فراوانخوازیەکانیان فاکتەرەرێکی دی دڕدۆنگ بوونی کوردەکان بووە لەدەسەڵاتی سەفەوییەکان (هەروتی،٣٣،٢٠٠٨-٣٥) دوای سەرکەوتنی عوسمانییەکانیش لەشەڕی چاڵدێران، بەشی ڕۆژاوای کوردستان کەدەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی سەفەوییەکان (ئیسکندەر،١١٦،٢٠٠٩) بەنێوەندگیری ئیدریسی بەدلیسی ڕێکەوتنێک لەنێوان میرە کوردەکان و دەوڵەتی عوسمانی واژۆ کراوە. ئەگەرچی توێژەرێک وای بۆچووە ئەو خاڵانەی لەنێوان هەردوولادا ڕاگەێنراوە، لەسەرچاوە

ڕەسەنەكان بەناوی ڕێكەوتن ئاماژەی بۆ نەكراوە، بەڵكوو ئەوەی كراوە لەبەڵێنێك، یان گەڵاڵەنامەیەكی سیاسی زیاتر هیچی دی نەبووە كە لەلایەن خودی بەدلیسەوە درابوو بە كوردەكان. محمەد ئەمین زەكی وای بۆچووە لەبەرامبەر ئەو ڕۆڵەی كە بەدلیسی پێی هەڵساوە بڕی (بیست هەزار ئاڵتونی دۆقە)ی لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە بۆ هاتووە، جیا لەوەش حەڤدە ئاڵا و پێنجسەد خەڵاتی سووورمەش بۆ میرە كوردەكان وەكوو دیاری و خەڵات ڕەوان كراوە (زەكی، ٢٠٠٤،١٢١).

ڕێكەوتنەكەی نێوان هەردوولا جەختی لەسەر چەند خاڵێك كردبۆوە لەوانەش :

١. پارێزگاری لەسەربەخۆیی میرنشینە كوردییەكان.

٢. داننانی دەوڵەتی عوسمانی بە پیادەكردنی حوكمڕانی بۆماوەیی لەمیرنشینە كوردییەكان.

٣. لەكاتی جەنگەكانی عوسمانیدا لە سەر میرنشینە كوردییەكان پێویست كرابوو یارمەتی سوپای ئەم دەوڵەتە بدەن، لەبەرانبەریشدا دەوڵەتی عوسمانی دەبوایە لەدەمی ڕووبوونەوەی هەر هەڕەشە و مەترسییەك یارمەتی كوردەكان بدات.

٤. لەسەر میرنشینە كوردییەكان پێویست كرابوو ساڵانە باج و خەراج بدەن بەدەوڵەتی عوسمانی ( هەروتی،٢٠٠٨،٦٣-٦٦)

**سێیەم: كۆچی دوایی بەدلیسی**

دوای شەڕی چاڵدێران ئیدریسی بەدلیسی ژیانی ئاسانی خۆی لەئەستەمبوڵ گوزەراندووە و خەریكی زانست و نووسینی كتێب بووە، سەرچاوەكان هاوڕانین لەسەر ساڵی كۆچی دوایی بەدلیسی، بۆ نموونە محمد بایراقدار وای بۆچووە كە بەماوەیەكی كەم دوای مردنی سوڵتان سەلیمی یەكەم لەساڵی ١٥٢٠ ئەویش كۆچی دوایی كردووە (بایراقدار،٢٠٠٩،٢٢) هەرچی شەمسەدین سامیە ئاماژەی بەوە كردووە ناوبراو لەساڵی ١٥١٥ لە ئەستەمبوڵ كۆچی دوایی كردووە و لەنزیك گۆڕی ئەبو ئەیوبی ئەنساڕی ئەسپەردەی خاك كراوە، مزگەوتێكیش لەنزیك گلكۆكەی بنیاد نراوە كە خاوەندارییەتییەكەی دەگەڕێتەوە بۆ زەینەب خانی هاوسەری بەدلیسی (سامی،٢٠١٠،١١١) هەروەها هەندێك لەمێژونوسانی دی ئاماژە بە ساڵی جیاواز تر دەكەن بۆ كۆچی بەدلیسی، بەڵام وەكو كوڕەكەی ئاماژەی پێكردووە و لەپێشەكی كتێبی (سەلیم نامە)كەی باوكیدا هاتووە لەزولحیجەی ساڵی ٩٢٦ كۆچی بەرانبەر ١٥٢٠ زایینی كۆچی دوایی كردووە. هەر بۆیە ئەویش وای بۆچووە ئەم بەروارە (لەهەموان ڕاست ودروستتر)ە (سامی،٢٠١٠،١١١).

***بەشی مێژوو فاكەڵتی ئاداب، زانكۆی سۆران.**

> **“ محمەد ئەمین زەكی وای بۆچووە لەبەرامبەر ئەو ڕۆڵەی كە بەدلیسی پێی هەڵساوە بڕی (بیست هەزار ئاڵتونی دۆقە)ی لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە بۆ هاتووە ”**


**سەرچاوەكان**

**یەكەم: بەزمانی كوردی**

١. ئیسكندەر،شەمسی محەمەد (٢٠٠٩) مێژووی كورد لەسەدەی ١٦هەمدا، شەڕەفنامەی شەڕەفخانی بەدلیسی وەكو سەرچاوەیەكی مێژووی كورد، وەرگێڕانی، شكور مستەفا، چاپی ٢، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

٢. بایراقدار،محەمەد (٢٠٠٩) ئیدریسی بەدلیسی، وەرگێڕانی، شكور مستەفا، چاپی٢، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

٣. حەمەكەریم،حەسەن مەحمود (٢٠٠٨) مەلا ئیدریسی بەدلیسی ڕۆڵی لەیەكخستنی میرنشینە كوردییەكاندا، چ١، چاپخانەی چوار چرا، سلێمانی.

٤. زەكی،محەمەد ئەمین (٢٠٠٤) خوڵاصەیەكی تأریخی كورد و كوردستان، بەرگی١-٢، چاپخانەو ئۆفسێتی شڤان، سلێمانی.

٥. سامی،شەمسەدین (٢٠١٠) كورد و كوردستان لەیەكەم ئەنسیكلۆپیدیای توركی لەمێژوودا، وەرگێڕانی ئەحمەد تاقانە، چاپی ٢، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

**دووەم: بەزمانی عەرەبی**

١. أحمد،إبراهیم خلیل (٢٠٠٥) تاریخ الوطن العربی فی العهد العثمانی، ١٥١٦-١٩١٦م، دار ابن الاثیر للطباعه والنشر، جامعه الموصل.

٢. أوزأغلو،هاكان (٢٠١٦) أعیان الكورد والدولة العثمانیه، هویات متطوره وزلاوات متنافسه وحدود متحولة، ترجمة، خلیل علی مراد، مطبعه جامعه صلاح الدین، أربیل.

٣. الجواهری، عماد(١٩٩٠)، صراع القوی السیاسیة فی المشرق العربی من الغزو المغولی حتی الحكم العثمانی، الموصل.

٤. زكی،محمدأمین، (٢٠٠٥) مشاهیر الكرد والكردستان، إعداد، رفیق صالح، ج٢،مطبعه، شفان، السلیمانیه.

٥. هروتی،سعدی عثمان (٢٠٠٨) كوردستان والامبراطوریه العثمانیة، دراسة فی تطور الهیمنه العثمانیه فی كوردستان ١٥١٤-١٨٥١م، ط١، مطبعه خانی ، دهوك.

# مەلا ئیدریسی بەدلیسی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی



د. بەختیار سەعید مەحمود شوانی

مەلا ئیدریسی بەدلیسی لەبنەماڵەیەکی ئایینی لەبەدلیس، مەزەندە دەکرێ لەنێوان لەساڵانی ١٤٥٢ بۆ ١٤٥٧ لەدایک بووبێ. بۆ خوێندن و وەرگرتنی زانست چۆتە ئێران. بەدلیسی کاری نووسەری بۆ سوڵتان یەعقوبی کوڕی ئۆزۆن حەسەنی ئاق قۆینلۆ (١٤٧٨-١٤٩٠) کردووە و زیاتر لەبیست ساڵ لەخزمەتی دەوڵەتی ئاق قۆینلۆدا کاری کردووە. لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی سەفەوی لەساڵی ١٥٠١ لەتەورێز بووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی سیاسەتەکانی شا ئیسماعیلی سەفەوی بەدڵ نەبووە، بۆیە ڕوودەکاتە دەوڵەتی عوسمانی و چۆتە لای سوڵتان بایەزیدی دووەم (١٤٨١-١٥١٢ز) لەسەر ڕاسپاردەی سوڵتان بابەزیدی دووەم، ئەرکی نووسینی مێژووی عوسمانی پێ سپێردرا کە کتێبێک بوو بەناوی (هەشت بەهەشت) بەسێ ساڵ نووسیویەتی. دواتر لەسەردەمی سوڵتان سەلیمی یەکەم (١٥١٢-١٥٢٠ز) پۆستی ڕاوێژکاری سوڵتانی پێدراوە. لەقەناعەت پێکردنی میرە کوردەکان بە ڕازیبوون بەدەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی سوڵتان سەلیم سوودی لێ وەرگرتووە. مێژوونووسان لایان وایە مەلا ئیدریسی بەدلیسی لەبەرژەوەندی دەوڵەتی عوسمانی دووجار سوودی لەمیرنشینە کوردییەکان بینیوە، جارێکیان قەناعەت پێهێنانی میرە کوردییەکان بوو تا لە شەڕی چاڵدێران لەساڵی ١٥١٤ لەپاڵ دەوڵەتی عوسمانیدا بجەنگن و جارێکی دی لەشەڕی قۆچ حەسار لەساڵی ١٥١٦ ئەمەی دووەمیان بۆ پاککردنەوەی پاشماوەی دەسەڵاتی سەفەوییەکان بوو لەکوردستان. لە ساڵی ١٥٢٠ز پاش مردنی سوڵتان سەلیم، ئەویش لە ئەستەمبوڵ کۆچی دوایی کردووە.

مەلا ئیدریسی بەدلیسی دوای قەناعەت پێکردنی میرە کوردییەکان بۆ ئەوەی لەپاڵ دەوڵەتی عوسمانیدا بن، پاشان بەنوێنەری سوڵتان ڕێکەوتنێکی لەگەڵ میرە کوردییەکان مۆر کردووە، کە لەسەرچاوە مێژووییەکان بەرێکەوتنی کورد-عوسمانی ساڵی ١٥١٤ ناسراوە. ئەم ڕێکەوتننامەیە بە ڕێکەوتننامەیەکی مێژوویی دادەنرێت و لایەنی کەم تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە کاری پێکراوە، زۆرێک لەسەرچاوە مێژووییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئەم ڕێکەوتننامەیە زارەکی نەبووە، بەڵکو بەشێوەی نووسراو لەنێوان میرە کوردەکان و مەلای ئیدریسی بەدلیسی نوێنەری سوڵتان سەلیم مۆرکراوە. لەرێکەوتننامەکەدا ناوی میرنشینە کوردییەکانی بەشێوەی حکومەت، یان بەگلەربەگی ئازاد هاتووە. ناوەڕۆکی ڕێکەوتننامەی کورد-عوسمانی چوار خاڵی سەرەکی لەخۆگرتووە کە بریتین لە:.

١- پارێزگاری لەسەربەستی و سەربەخۆیی میرنشینە کوردییەکان.

٢- دەوڵەتی عوسمانی دان دەنێت بە مافی ویراسی [ حوکمی پشتاوپشت ] بۆ میرە کوردییەکان.

٣- دەبێت میرە کوردەکان یارمەتی دەوڵەتی عوسمانی بدەن لەجەنگەکاندا واتە: کاتێک عوسمانییەکان تووشی جەنگ دەبن دەبێت کوردەکان لەشکر بنێرن، بەپێچەوانەشەوە دەوڵەتی عوسمانیش پابەند دەبێت بەیارمەتیدانی میرنشینە کوردەکان ئەگەر هێرشیان کرایە سەر.

٤- پێویستە ساڵانە میرنشینە کوردییەکان باج و خەراج بدەن بە دەوڵەتی عوسمانی.

سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی کارەکانی مەلا ئیدریسی بەدلیسی، کە بەئەندازیاری ڕێکەوتنی کورد- عوسمانی دادەنرێت، هەندێ لە مێژوونوسان (مەلا ئیدریسی) بە خائین و هەندێکی دیش بە بەکرێگیراو ناوی دەبەن، هەندێکیش بەمەلا ئیدریسی ئیبلیسی، بەڵام هەندێکی تریان بەپێچەوانەوە، دەڵێن ئەو ڕۆڵێکی کاریگەری بینیوە لەپاراستنی میرنشینە کوردییەکان لەهێزی زەبەلاحی عەسکەری عوسمانییەکان.

هەندێکی تر وا سەیری دەکەن کە بەرپرسیارە لەسەپاندنی دەسەڵاتی عوسمانی بەسەر کوردستاندا، بەڵام هەندێ سەرچاوەی مێژوویی پێیان وایە کوردستان بەر لەهاتنی عوسمانییەکان خۆی داگیرکراو بوو لەلایەن سەفەوییەکانەوە، لەلایەکی ترەوە ئەو ڕێکەوتننامەیەی کە لەنێوان کورد و عوسمانیدا

کرا، کە خودی مەلا ئیدریس ئەندازیاری ڕێکەوتننامەکە بوو، بووە هۆی ئەوەی بارودۆخی سیاسی نوێ لەکوردستان بێنێتە ئاراوە کە زۆر لەسەردەمی سەفەوییەکان باشتر بووە، بەبەراوورد بە ڕێکەوتننامەکەی دەوڵەتی عوسمانی، کە بەڕەسمی دانی بەدەسەڵاتی ناوخۆیی میرنشینە کوردییەکاندا ناوە. لەڕاستیدا گرینگی ئەو ڕێکەوتننامەیە دەگەڕێتەوە بۆ مەلا ئیدریسی بەدلیسی کە باوەڕی بەسوڵتان سەلیم هێناوە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی ناوخۆیی بداتە میرنشینە کوردییەکان و ناوی [حکومەتی کوردی]یان بۆ مسۆگەر بکات. لەلایەکی تریشەوە بەهۆی مەلا ئیدریسەوە دەسەڵاتی عوسمانی بووە دەسەڵاتێکی ناڕاستەوخۆ [لامەرکەزی] کە ئەمەش زۆر باشتربوو لەدەسەڵاتی ڕاستەوخۆ، یان داگیرکردن وەکوو ئەوەی لەسەردەمی سەفەوییەکاندا هەبووە، کە دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی خۆیان بەسەر کوردستاندا سەپاند بوو، چونکە بەشێک لەمێژوونوسان پێیان وایە سەپاندنی دەسەڵاتی عوسمانییەکان بەسەر کوردستاندا کارێکی حەتمی بووە و هەر ڕوویدەدا، ئەمەش بەهۆی یەکنەگرتوویی میرنشینە کوردییەکان کە سیستەمی دەرەبەگایەتی ئەو کات ڕێگربوو لەیەکگرتنیان لەم بارودۆخەدا، ڕێکەوتننامەیەی کورد- عوسمانی باشترین بژاردەبوو، کە بووە هۆی سەپاندنی دەسەڵاتی عوسمانییەکان بەسەر کوردستاندا بەشێوەی ناڕاستەوخۆ لەبری دەسەڵاتی ڕاستەوخۆ. لەلایەکی ترەوە دەرکەوتنی مەلا ئیدریس لەو کاتەدا لەبەرژەوەندی کورددا بووە، لەبەر ئەوەی لانی کەم توانی میرنشینە کوردییەکان لەشەڕی دەوڵەتی عوسمانی بەدوور بگرێت، بە مانایەکی دی ئەگەر شەڕ ڕوویدابایە لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی و میرنشینە کوردییەکان ئەوا خوێنێکی زۆر دەڕژا کە مەلا ئیدریس بەهۆی بەیەکگەیاندنی میرنشینە کوردییەکان و دەوڵەتی عوسمانی توانی ڕێگە لەو خوێن ڕێژیە بگرێت.

ئەگەرچی هەندێ لەمێژوونووسان پێیان وایە بەشێک لەکارەکانی مەلا ئیدریس لەبەرژەوەندی دەوڵەتی عوسمانیدا بووە وەکو ئەوەی لەڕێکەوتننامەی کورد- عوسمانیدا هاتووە کە هەر میرێکی کورد دەهاتە سەر دەسەڵات دەبوو عوسمانییەکان ئیعتیرافی پێ بکەن، کەواتە ئەگەر عوسمانییەکان میرێکیان بەدڵ نەبووایە نەیاندەهێشت بێتە سەر دەسەڵات. ئەمەش دەبووە بە هانەیەک بەدەستی عوسمانییەکانەوە تاوەکوو ئەو میرەی بە دڵیان نەبووایە نەیان دەهێشت بێتە سەر دەسەڵات و لایان دەبرد، کەواتە هەندێ لەخاڵەکانی ڕێکەوتننامەکە لاستیکی بوون و چەند لێکدانەوەیەکی تریان هەڵگرتووە، بۆیە عوسمانییەکان بەگوێرەی بەرژەوەندی خۆیان ڕاڤەیان بۆ مانای خاڵەکان کردووە. لەخاڵێکی تری ڕێکەوتننامەکەدا لەسەر میرنشینە کوردییەکان پێویست بوو یارمەتی دارایی و سەربازی دەوڵەتی عوسمانی بدەن، ئەمەش دەبووە هۆی تێوەگلانی کورد لەشەڕەکان، بەبێ ئەوەی سوودێکی بۆ کورد هەبێت، لەئاکامدا کورد و ناوچە کوردییەکان زەرەرمەندی گەورەی شەڕەکان بوون، بەبێ ئەوەی هەندێ جار ڕۆڵیان لەهەڵگیرساندنی شەڕەکاندا هەبووبێت، تێوەگلاون. هەندێک لەمێژوونوسان وای بۆ دەچن کەموکورتی لەجێبەجێکردنی ئەم ڕێکەوتننامەیە ئۆباڵەکەی ناگەڕێتەوە بۆ مەلا ئیدریس، چونکە دوای مردنی مەلا ئیدریس بارودۆخی سیاسی گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە. بەشێوەیەکی گشتی ڕێکەوتننامەی کورد و عوسمانی بەهەموو کەموکورتیەکانییەوە کە مەلا ئیدریس نەخشە داڕێژەری بوو تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە واتە بۆ ماوەی زیاتر لەسێ سەدە کاری پێکراوە.



Resim-17) XVI. Yüzyılda derviş tipleri

**"مەلا ئیدریسی بەدلیسی لە بەرژەوەندی دەوڵەتی عوسمانی دووجار سودی لەمیرنشینە کوردییەکان بینیوە"**

**سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:**

١- حەسەن مەحمود حەمە کەریم، مەلا ئیدریسی بەدلیسی ڕۆڵی لەیەکخستنی میرنشینە کوردییەکاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، ٢٠٠٨.

٢- سعدی عثمان هروتی، کوردستان والامبراطورية العثمانية دراسة فی تطور سیاسة الهیمنة العثمانیة فی کوردستان ١٥١٤-١٨٥١م، الطبعة الاولی، مطبعة خانی، دهوک، ٢٠٠٨.

٣- محەمەد بایراقدار، ئیدریسی بەدلیسی، وەگێڕانی بو کوردی: شکور مستەفا، چاپی دووەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩.

## مەلا ئیدریسی بەدلیسی

# لەنێوان خیانەت و پاڵەوانێتیدا



پ.ی.د. قارەمان نادر شێخ بزێنی

دەمێکە بەشێک لەکاراکتەرەکانی مێژووی کورد کە نەخشیان لەسەر ڕوداوەکاندا تۆمار کردووە، جێگەی مشتومڕی توێژەران و نووسەران بوون، لەنێوان ناپاکی و دڵسۆزیدا سووڕی ژیانیان لێڵی تێکەوتووە، بۆ خوێنەرانیش سەختی دروست کردووە، ئاخۆ بۆ دەبێت تاکوو ئێستا مێژوونووسان و شوێنەوارزانان نەیانتوانی بێ لەو ئاستەدا بن، ئەم بابەتانە یەکلا بکەنەوە، هاوشێوەی مەلای خەتێ لەمیرنشینی سۆران و موشیری حەمەی سلێمان لەهۆزی هەمەوەند و مەلا ئیدریسی بەدلیسی لەپەیوەندییەکانی لە نێوان کورد و عوسمانی و سەفەوییەکاندا.

لەم کورتە بابەتەدا دەمانەوێ تیشکێک بخەینە سەر ئەو لایەنە لۆژیکییانەی کە پەیوەستن بەو بابەتەوە، تاکو بتوانین قەناعەتێک لای خوێنەران دروست بکەین، ئاخۆ دەکرێ پێگەی ئەو کەسایەتییە بە شکۆوە باسی لێوە بکرێت، یاخود بخرێتە نێو زبڵدانی مێژووەوە، بێ ئەوەی سۆزی نەتەوەیی کاریگەری لەسەر هزر و بیرکردنەوەمان دروست بکات. هەرچەندە لامان وایە یەکلاکردنەوەی بابەتێکی هەستیاری وەک (مەلای خەتێ) لەنێوان خیانەت و پاڵەوانێتیدا سەختە و پێویستی بە توێژینەوەیەکی قووڵی هەمەلایەنە و کۆکردنەوەی بەڵگەی پێویست هەیە.

وەکوو زانراوە بابەتەکە دوو لایەنیە: لایەنی ئەرێنی و نەرێنیی مەلا ئیدریس و شوێن پەنجەی لەڕوداوەکانی دەڤەرەکەدا.

سەرەتا لایەنە نەرێنی و نیگەرانییەکانی نووسەرانی کورد لەم بوارەدا دەخەینە بەر لێکۆڵینەوە:

یەک: مەلا ئیدریس سەرەڕای زیرەکی و زمان لوسی و وشیاری و ژیری بیرکردنەوەی، خزمەتەکانی لەبەرژەوەندیی عوسمانییەکان کەوتنەوە، بەو لێهاتووییەوەی نەیتوانی، یان نەیویستووە خزمەتەکانی بۆ یەکێتی و یەکڕیزی میرنشینە کوردییەکان بخاتەگەڕ و قەوارەیەکی سیاسی و ئیداری بۆ نەتەوەکەی دروست بکات، لەکاتێکدا میرنشینەکان جۆرێک لە بەڕێوەبردنی خودی و یەکەی بچووکی سەربازییان هەبووە و لەڕووی توانای مرۆیی و توانای ئابورییەوە لەبار بوونە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە، بەڵام لەبریی ئەوە کردیانییە کۆیلەی عوسمانییەکان و هەموو تواناکانی لەو پێناوەدا خستەگەڕ و لەکارەکەیدا سەرکەوتوو بوو، لەلایەن عوسمانییەکانیشەوە کەسێکی ڕێزلێگیراو بووە و پاداشتی ئەو کارانەی کراوەتەوە و بۆتە جێگەی متمانەی سوڵتانە عوسمانییەکان. ئەمەش ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە خزمەتێکی نایابی بە دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی عوسمانییەکان کردووە، گوێڕایەڵی زۆرینەی میرنشینە کوردییەکانی بۆ

عوسمانییەکان مسۆگەر کردووە.

دوو: مەلا ئیدریسی بەدلیسی لەگەڵ دەسەڵاتی سەفەوییەکاندا هەڵنەکردووە و بەرەو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان هەڵاتووە، دەکرێ ئەوە وەکوو ڕەخنە لێگرتن ئەژمار بکرێ، ئایا بۆ مەلا ئیدریسی زانا و حەکیم نەیتوانیوە سەفەوییەکان ڕازی بکات ڕێز لەمیرنشینە کوردییەکان بگرن لەهەژموونی قزلباشەکان بیانپارێزێت؟ بۆچی لەمامەڵەی لەگەڵ عوسمانییەکاندا سەرکەوتوو بووە؟ بۆچی گەلەکەی بەجێهێشت؟ ئایا ئەو کارەی بۆ عوسمانییەکانی ئەنجامدا و میرنشینەکانی بۆ دەسەڵاتی عوسمانییەکان دەستەمۆکرد، بۆ سەفەوییەکانیش ئەم کارەی بکردایە، قبوڵ نەدەکرا؟

سێ: مەلا ئیدریسی زانا و بە توانای بواری مێژوو، مامەڵەی لەگەڵ میرنشینەکاندا کرد، کە بووە هۆی جێگیرکردنی دەسەڵاتەکەیان، لەکاتێکدا سیستەمی میرنشینی لەگەڵ دەوڵەتداریدا یەک نەدەهاتەوە و لەو ئاستەدا نەبوون، بەتایبەت ئەگەر ئەوە بزانن کۆڵەکەی بەڕێوەبردنی میرنشینەکان لەسەر هۆزایەتی بەڕێوە دەچوون، هۆزەکانیش بەپێی بەرژەوەندی ڕۆژانە مامەڵەیان کردووە و کڕین و مامەڵە پێوەکردنیان بۆ نەیاران سەخت نەبووە، بەڵام مەلا ئیدریسی شارەزا و دونیادیدە نەیتوانی ئەو سنوورە تێپەڕێت و کورد لەهۆزگەرییەوە بەرەو نیشتیمانپەروەری بەرێت.

ئەگەر لەڕووی ئەرێنیشەوە باس لەمێژووی شکۆ و ڕێزلێگیراوی مەلا ئیدریسی بەدلیسی بکەین، دەبێت لەڕووی لۆژیکییەوە چەند لایەنێک هەڵبسەنگێنین، وەکوو:

یەک: نووسەران و مێژوونووسان ئەوەیان پشتڕاست کردۆتەوە کە میرنشین و دەسەڵاتدارە کوردییەکانی سنووری دەوڵەتی سەفەوی، هەوڵی زۆریان داوە، کە سەفەوییەکان بەگشتی و شا ئیسماعیلی سەفەوی و قزڵباشەکان بەتایبەتی لەخۆیان ڕازی بکەن و پاداشتی نایاب پێشکەش بکەن و ژن و ژنخوازی ئەنجام بدەن، بەڵام بە سووربوون و ئارەزووی قزڵباشەکان لەدەسەڵات و خاکی کوردان، میرنشین و کەسێتییە کوردییەکان سەرکەوتوو نەبوون لەمانەوەی دەسەڵاتی میرنشین و پاراستی قەڵاکانیان، تەنانەت بەشێک لەکەسێتییە دیارەکانیش بۆ سنووری قەڵەمڕەوی عوسمانییەکان ڕەویان کردووە و بە مەبەستی پاراستن داوایان لەعوسمانییەکان کردووە، کە ناموس و کەرامەتیان بپارێزێت و خاکی لەدەستچوویان بۆ بگێڕێتەوە، ناوچە کوردنشینەکانیش خاڵی بەریەکەوتنی دوو زلهێزی وەک عوسمانی سەفەوییەکان بوون، هەمیشە کاولکاری زۆریان بۆ بەرهەم هاتووە و زیانی مرۆیی و ئابووری زۆر بەر دەڤەرەکەیان کەوتووە. بۆیە لەو بارودۆخەدا، سەختە بیر لەقەوارەی کوردی و سەربەخۆیی بکەیتەوە، جگە لەوەی زنجیرە چیاکانی باشوور و باکوور و




ڕۆژهەڵات و باشووریان لێک دادەبڕاند و لەڕووی کەلتوری و هاوبەشی کارکردنیشەوە، بە درێژایی مێژوو لاواز بوونە. بۆیە سەخت بووە بۆ مەلا ئیدریس و هاوشێوەکانی تا بتوانێت بیر لەدروستکردنی ئەو یەکێتییەی کوردان بکەنەوە و دەوڵەت دروست بکەن.

دوو: بەشێک لەسەرۆک هۆزەکان هاندەر بوون بۆ ئەوەی کورد و دەسەڵاتە لۆکاڵییەکان بخرێنە خزمەت دەوڵەتی عوسمانییەوە، وەکوو میر شەرەف و محەمەد ئاغای کەلهوڕی، ئەمەش بەهۆی ئەو ئاستەنگ و ئاریشانەی دەسەڵاتدارێتی سەفەوییەکانەوە تووشی هاتبوون، لەلایەکی دیکەوە عوسمانییەکان هەموو

**“ مەلا ئیدریس سەرەڕای زیرەکی و زمان لوسی و وشیاری و ژیری بیرکردنەوەی، خزمەتەکانی لە بەرژەوەندیی عوسمانییەکان کەوتنەوە ”**

هەوڵێکیان بۆ ڕازی کردنی سەرۆکە کوردەکان خستبووەگەڕ، تاکو بتوانن لەدژی سەفەوییەکاندا بەکاریان بهێنن و پشتێنەیەکی ئاسایشی نیشتمانی بۆ دەوڵەتی عوسمانی دروست بکەن، وەکو ئەو وتەی سوڵتان سەلیم دوای گەڕانەوەی لەجەنگی چالدێران بۆ دایکی دەڵێت: دیوارێکم لەگۆشت و خوێن لەسەر سنوورەکان بۆ پاراستنی خۆمان دروست کردووە، کە مەبەست لێی دانیشتوانی دەڤەرەکەیە، کە لەنەتەوەی کورد پێک هاتوون، لەنێو پەرتەوازەیی کوردەکان و لێکدابڕان ململانێ نێوخۆیی و زلهێزەکاندا عوسمانییەکان لەڕێگەی (مەلا ئیدریس)ەوە دەستی هاوکاری و بە دەنگەوە هاتنیان بۆ میرنشینە کوردییەکان درێژکرد و بەڵێنی هاوکاری و پشتیوانی عوسمانییەکانیان پێدان، بەڵێنی مانەوەی دەسەڵاتەکانی خۆیان و نەوەکانیان بۆ مسۆگەر کردوون، لەبەرامبەردا، میرە کوردەکان لەکاتی پێویست سەرباز بۆ هاوکاری عوسمانییەکان بنێرن و باج و پیتاک بە عوسمانییەکان بدەن. پێویستە بیرمان نەچێ عوسمانییەکان سوننە مەزهەب بوون، هاوشێوەی کوردەکان، سەفەوییەکانیش شیعەی دوازدە ئیمامی توندڕەو و سەرسەخت بوون، دەکرێ ئەمەیش بە یەکێ لەفاکتەرەکانی لێک نزیک بوونەوەی کورد و عوسمانییەکان دابنرێت.

> سەخت بووە بۆ مەلا ئیدریس و هاوشێوەکانی تا بتوانێت بیر لە دروستکردنی ئەو یەکێتییەی کوردان بکەنەوە و دەوڵەت دروست بکەن

سێ: مەلا ئیدریس و فیدراڵی میرنشینە کوردییەکان، هەڵبەتە میرنشینە کوردییەکان بە شێوازی جیاجیا و لەناوچەی جیاوازدا پەرش و بڵاو بوون و لەلایەن میرەکانەوە بەڕێوە دەبران، ژیانی سیاسی و ئیداریان هەمیشە لەژێر هەڕەشەی زلهێزەکاندا بوو، بەتایبەت لەو زەمەنەدا سنووری جوگرافی، هێز دەستنیشانی دەکرد، سەرەڕای ئەوەی ڕێکەوتنامە و پەیماننامەی زۆریان مۆر دەکرد، بەڵام شکاندن و هێرشکردنە سەر ناوچەکان گرنگ نەبووە، لێرەوە بۆ میرنشینە کوردییەکان و پاراستنی نەوەکانیان ڕەنگە ژیرانە بێت لەعوسمانییەکان نزیک بنەوە و پارێزگاری لەکیانی خۆیان بکەن، کە جۆرێک لەو فیدراڵییەی هاوچەرخیان دروست کردبوو، مانەوەی ئەو دەسەڵاتە، واتە: مانەوەی زمان و کلتوور و ناسنامەی کورد، واتە: پارێزگاری لەخاک و ئاوی دەڤەرەکە، واتە: بەردەوامی دەسەڵاتی کوردان، واتە: گرێنتی مانەوە، بۆیە دەکرێ بە ستایشەوە باس لەمەلا ئیدریس بکەین و ڕێز لەهەوڵەکانی بگرین کە توانی ڕێکەوتنامەیەک لەنێوان زۆرێک لەمیرنشینە کوردییەکان و دەوڵەتی عوسمانیدا دروست بکات، بۆ توێژەر، یان بابەتێکی زانستی ئەکادیمی باس کردنی هەر یەکێ لەو کاراکتەرانە بەشێوەیەکی ڕەها دروست نییە و زیادەڕەوییە، بەڵام بە لێکدانەوەی ئەو باردۆخەوە، مێژووی قووڵی حوکمڕانی عوسمانییەکان لەناوچەکەدا، سەختە بیر لەبەرەنگاربوونەوەی بکرێتەوە و لەو لاشەوە سەفەوییەکان قبوڵی هیچ خۆبەڕێوەبەرێتییەکی کوردییان نەکردووە.

> عوسمانییەکان سوننە مەزهەب بوون، هاوشێوەی کوردەکان، سەفەوییەکانیش شیعەی دوازدە ئیمامی توندڕەو و سەرسەخت بوون، دەکرێ ئەمەیش بە یەکێ لەفاکتەرەکانی لێک نزیک بوونەوەی کورد و عوسمانییەکان دابنرێت

بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:


١. سەفەرنامە.

٢. خولاصەی تاریخی کورد و کوردستان لە نووسینی ئەمین زەکی بەگ.

٣. کورد و باکووری کوردستان لەنووسینی محەمەد ڕەسول هاوار

٤. مەلا ئیدریسی بەدلیسی لەنووسینی حەسەن مەحمود حەمە کەریم

# ڕۆلێ مەلا ئیدریسێ بەدلیسی د ئێکگرتنا میرگەهێن کوردی ل دژی دەولەتا سەفەوی

د. نزار ئەیوب گولی

**پێشگوتن:**

پشکداریا کوردان د ئێکەم پەڤچوون و شەرێ دناڤبەرا دەولەتا ئوسمانی و سەفەویدا ئێک ژ بابەتێن گرنگێن دیروکا ئیران و ئوسمانی و کوردستانێ یە، چونکو ئەڤ شەرە ب ڕەنگەکێ سەرەکی دناڤ خاکا کوردانـدا ڕوودا و کوردان ڕولەکێ هەری مەزن د گهورینا ئاراستەیێن ڕوودانێن وێ دا هەبوو.

ل سالا ١٥٠١ دەولەتا سەفەوی ب شێوەیەکێ فەرمی ل ئیرانێ هاتە دامەزراندن و دناڤبەرا چەند سالەکێن کێمدا هەموو ڕووبەرێ ئیرانا نوکە کەفتە دبن دەستهەلاتا وێ ڤە، و سەبارەت کوردستانێ هەر ژ سالا ١٥٠٧ دەولەتا سەفەوی لەشکەرەکێ مەزن ژ بو «فەتحا کوردستانێ» ڕەوانە کر، و ل سالا ١٥٠٨ باژێرێ دیاربەکرێ ستاند و محەمەدخان ئیستاجلو وەک ئێکەم حاکمێ سەفەوی ل دیاربەکر وهەمی کوردستانێ هاتە دەستنیشانکرن١

لێ سەرەرای ڤێ چەندێ بەشەک ژ میرگەهێن کوردی ژ هێرشا سەفەوییان پاراستی بوون، نەخاسمە کو دەڤەرێن وان چیایی بوون، ل سالا ١٥٠٨ میر شەرەفێ بەدلیسی پەیوەندی ب شاە ئیسماعیلێ سەفەوی کر وهەولدا پرەکا پەیوەندییان دناڤبەرا کوردان و سەفەوییاندا ئاڤا بکەت و دیارکر کو «میرێن کوردان دخوازن بکەڤنە ژێر فەرمانا شاهی و ئەو حەز دکەن مورشدێ کامل [شاهـ ئیسماعیلی] ببینن»٢، ل سەر ڤی بناخەی ل دورێن سالا ١٥٠٩ ژمارەیەک ژ میرێن کورد ل باژێرێ خوی سەرەدانا شاهی کرن لێ پێشهاتا سەیر ئەو بوو کو شاهی فەرماندا ئەو هەمی بهێنە گرتن و زیندانکرن و هندەک میرێن تورکێن قزلباش د جهێن وان دانان٣ و ئەڤ کو دەستهەلاتا نوو دانپێدانێ ب چ ڕێکەفتنان ناکەت و بتنێ زمانێ هێزێ دنیاسیت!.



ڕوودانە نیشانا وێ چەندێ بوو

هەرچەوا بیت ل سەر ئاستێ هەردوو دەولەتان ژی ڕەوش ئارام نەبوو و دگەل وەرگرتنا دەستهەلاتێ ژلایێ سولتان سەلیمێ ئێکێ (١٥١٢-١٥٢٠) هزرێن دەولەتێ ژبو سەکناندنا بەرفرەهبوونا سەفەوی چوو دقووناغا پراکتیکی دا، و ل ٢٣ تەباخا ١٥١٤ شەرێ چالدیران ڕوودا کو ب شکەستنەکا مەزنا سەفەویان و ژدەستدانا پایتەختی (تەبریز) بداوی هات٤و هەرچەندە کو لەشکەرێ ئوسمانی پشتی ڤێ سەرکەفتنێ جارەکا دی خو ژ ئاخا ئیران و کوردستانێ ڤەکێشا لێ ئەڤ شکەستنە تێرا هندێ هەبوو کو کورد هزر د ڕزگاربوون ژ دەستهەلاتا سەفەویان بکەن.

ژلایەکێ دیڤە ڕەوش ل کوردستانێ ژی هاریکار نەبوو، چونکو میرێن کوردان « دناڤ چیایان دا ب سەربەخویی و هەر ئێک ژ وان ب خوەسەری حوکمێ خوە ڕێڤەدبرن و توڤێ دووبەرەکیێ و هەڤرکیێ دناڤ واندا وەسا بەلاڤ بوو، و ژبلی «پەیڤا تەوحیدێ» ل سەر چ تشتەکێ دی هەڤرا نەبوون.٥ هەروەسا میرێن کوردان ژ بەر گورزێن قزلباشان هێز و ڕوومەتا بەرێ نەمابوو، و گەلەک ژ وان پایتەختێن خوە ژ

دەست دابوون و ب قاچاغی و فیراری ل ناڤ چیایاندا دژیان٦


دڤێ گوتارا خوەدا دێ ب شێوەیەکێ سەرەکی پشتبەستنێ ل سەر تێکێستێن نامەیێن مەلا ئیدریسی ب خوە کەین ئەوێن ژلایێ عەبدولحەمید حوسێنی ڤە ب زمانێ فارسی و هەر ئێک ژ ماموستا ڤورال گەنج و نەزمی سەڤگەن ب وەرگێرانا تورکی هاتینە بەلاڤکرن، ئەڤە ژبلی چەندین ژێدەرێن دی یێن رەسەن و تایبەت ب بابەتێ گوتارێ ڤە.

> دناڤ وێ ڕەوشا مە ل سەری دیارکری دا ڕولێ مەلا ئیدریسێ بەدلیسی دیار بوو وژلایێ سولتانیڤە هاتە ڕاسپاردن کو خواستا میرێن کورد ژبو دەولەتا ئوسمانی بکێشیت ووان ژ بو سەرهلدانێ ل دژی سەفەوییان هانبدەت

**بزاڤێن مەلا ئیدریس بەدلیسی و ڕێکخستنا میرگەهێن کوردان ل دژی دەولەتا سەفەوی:**

دناڤ وێ ڕەوشا مە ل سەری دیارکری دا ڕولێ مەلا ئیدریسێ بەدلیسی دیار بوو وژلایێ سولتانیڤە هاتە ڕاسپاردن کو خواستا میرێن کورد ژبو دەولەتا ئوسمانی بکێشیت ووان ژ بو سەرهلدانێ ل دژی سەفەوییان هانبدەت. دنامەیەکا خوەدا بو سولتانی بەدلیسی دیار دکەت کو ئەڤ کارێ بو هاتیە ڕاسپاردن یا ب ساناهی نینە چونکو «میرێن کوردان ل سەر هەڤڕکی و بێ تفاقیێ ڕاهاتینە و ئەز وەکو خالەکا بچووک دناڤ بازنەیەکا بەرفرەهدا بووم و من ئەو هەمی ل دور خوە کومدکرن»٧

ئێکەمین کارێ بەدلیسی دڤی چوارچووڤیدا هنارتنا نامە و قاسدان ژ بو دەڤەرێن برادوست و زەرزا (شنو) وستوون (شەمدینان) بوو، د نامەیەکێدا ژ میرێ برادوست یووسف بەگێ غازی قران ناڤبری دیارکر کو ئاهـ ئیسماعیل زور لاواز بوویە و دناڤبەرا ٢-٣ هزار زەلامان دگەلدا ماینە و ئەو ژی زور وەستیای و بێ مورال و بێ چەکن٨.




هەروەسا بەدلیسی کورێ خوە ئەبولمەواهب هنارتە دەف میرێن بەهدینان سولتان حسێ کورێ سەیفەددین و میرێ سەیید بەگێ سورانی و وان ژی دلسوزی و ڕاستگوییا خوە بو دەولەتا ئوسمانی دیار کر.

لسەر ڤی بناخەی سەرهلدان ل دژی هەبوونا قزلباشان ل پتریا دەڤەرێن کوردستانێ ڕوودان و هەر زوو سەربازگەهـ وکەلایێن سەفەوییان هاتنە ژناڤبرن، لێ مەزنترین سەرکەفتنا کوردان ستاندنا باژێرێ دیاربەکرێ بوو کو وەک پایتەختێ هەموو کوردستانێ دهاتە لقەلەمدان٩

جهێ ئاماژێ یە کو ل دەستپێکێ هەر ئێک ژ ڤان سەرهلدانان ب تەنا سەرێ خوە بوون و هەماهەنگی و هەڤکاری دناڤبەرا واندا کێم بوو لەورا نەشیان بەردەوامیێ ب خوراگریێ بدەن، هەروەسا دەولەتا ئوسمانی ژی ژبەر مژوولبوونا ب شەرێ دگەل میرگەها زولقەدەر ل ١٥١٥ نەشیا بوو چ هاریکاریان ژ بو میرێن کوردان بهنێریت و ڤێ چەندێ ڕێ ل هەمبەر سەفەوییان خوەش کر کو جارەکا دی هێرشی سەر کوردستانێ بکەن و شاهـ ئیسماعیلی سەرکردەیێ خوە قەرەخان ئوستاجلو ڕاسپارد کو دووبارە دیاربەرکر و دەڤەرێن دی یێن کوردستانێ بێخیتە

ل ژێر ڕکێفا سەفەوییان، و ژلایێ خوەڤە قەرەخانی ب لەشکەرەکێ مەزنڤە هێرشی سەر کوردستانێ کر و شیا بگەهیتە باژێرێ دیاربەکرێ، هەروەسا بەرماییێن قزلباشان ب سەروکاتیا دورمیش خانی ل ئورفە، مێردین، حسنکێفا، خەربووت و ئەرغنی ژی گەهشتنە هێزێن وی و دورپێچەکا توند دانا سەر باژێرێ دیاربەکرێ١٠

ژلایێ خوەڤە بەدلیسی زانی کو سەرکەفتن ل کوردستانێ بجهـ نائێت ئەگەر دوو کارێن گرنگ ئەنجام نەدەت، یا ئێکێ ئێکگرتنا هێزێن ژێکبەلاڤێن کوردان ل بن ئێک ئالا و یا دووێ داخوازا هاریکارێ ژ دەولەتا ئوسمانی، و ژێدەر دیار دکەن کو بەدلیسی داخواز ژ میرێن کوردان کر کو ل «جڤاتەکێ» کومبن و بریارەکا ئێکگرتی بدەن، ل سەر ڤی بناخەی هژمارەکا میرێن کوردان «یان ژی نوونەرێن وان» ل بەدلیسێ کومبوون١١و دژێدارانـدا ئاماژە ب هندەک ژ وان میران هاتیە کرن وەک: مەلک خەلیل میرێ حسنکێفا، شەرەف بەگێ بەدلیسی، داوود بەگ میرێ خیزانێ، عەلی بەگێ ساسونی، عەبدال بەگێ نەمران و مەلک بەگێ هەکاری. و تێدا بریاردان کو: ل دەستپێکێ هەر میرەک کونترولێ ل سەر میرگەها خوە بکەت و ژ هەبوونا سەفەوییان پاک بکەت، هەروەسا میرێن کومبووی بهەڤرا بریاردان کو نامەیەکێ بو دەولەتا ئوسمانی بهنێرن داکو هاریکاریێ ژ بو وان ڕەوانە بکەت. هەروەسا داخوازکرن کو سەرکردەیەکێ ئوسمانی سەرپەرشتیێ ل سەر کریارێن لەشکەری بکەت «چونکو میرێن کورد ژ بەر حەسوودیێ کەس ب یا کەسێ ناکەت» و ئەڤ خالا دووماهیێ ئاماژەیە ژ بو ڕێژەیا دووبەرکیێ دناڤ چەپەرێ کورداندا١٢

د نامەیەکا خوەدا بو سولتانی ل ناڤەراستا ١٥١٥ بەدلیسی داخواز کر کو دەولەتا ئوسمانی هێرشا خوە ل دژی سەفەوییان دەستپێبکەت و دیار کر کو نها ڕێ ل هەمبەری ستاندنا ئیران و وەلاتێ عەجەمان خوەش بوویە و چ بەربەست و ئاستەنگ د ڕێکا واندا نەماینە، « لێ ئەگەر سولتان ئەڤان موجاهدان [مەبەستا وی میرێن کوردان] ل ژێر پەڕوبالێن خوە کومنەکەت ل وی دەمی دێ شاهـ ب ڕێکا عراق و ئازەربایجانێ هێرشی سەر دیاربەکرێ کەت، و ئەگەر هاریکاری ژ بو موجاهدان گیرو ببیت دێ بەرماییێن لاوازێن قزلباشان بهێز کەڤن، هەروەکو ل ئەڤێ سالێ ڕوودای»!١٣

ژبلی کومبوونا میرێن کورد مەلا ئیدریسی بریاردا کو ئەو ب خو ب گەشتەکێ ل کوردستانێ ڕاببیت و میرێن دی یێن کورد ل سەر بەردەەوامیێ د بەرخودانێدا هانبدەت، و هەڤکاریێ دناڤبەرا واندا پەیدا بکەت، و ئێکەمین پێنگاڤا وی ژ کوردێن برادوستی بوو کو د سەنگەرێ بەراهیێ شەریدا بوون، و وی شیا پەیوەندیێن میرێ برادوست یووسف ئیسکەندەر بەگی دگەل میرێ ستوونێ ناسر بەگی و میرێ سوران و کوردێن بابان و میرێ موکری سارم بەگی خوەش بکەت١٤ و ژ ئەنجامێ ڤێ هەڤگرتنێ میرێن کورد شییان لەشکەرەکێ ٥٠٠٠ کەسیێ قزلباشان ب سەروکاتیا شاهـ ئیسماعیلی بخوە بشکێنن١٥ پاشی بەرەڤ دەڤەرا بەهدینان و بوتان چوو و میر سولتان حسێن و میرێ بوتان شاهـ عەلی بەگی «سوز دان کو د گوهداریا خوەدا ژ بو سولتانی ڕاستگو بن و هەر جهەکێ دبن دەستهەلاتا وانڤە بیت خوتبەیا ئەینیێ ب ناڤێ سولتانی بهێتە خواندن»١٦ و هەر وەک ژ نامەیێن مەلا ئیدریسی دهێتە زانین ئەوی بەری ڤان ڕوودانان ژی پەیوەندییێن باش دگەل هندەک ژ میرێن کوردان هەبوون، بو نموونە دنامەیەکیدا دیار دکەت کو میرزادەیێ بوتان سەیید ئەحمەد بەگ «وەکو کورێ منە«، و دنامەیەکا دی دا بەحسێ میرێ بەهدینان سولتان حسێن دکەت و دبێژیت « ئەو ل جهێ کوڕێ منە و گوهداریا من دکەن»١٧

ژلایەکێ دی ڤە میرێن کورد یێن پشکدار د کومبوونا بەدلیسدا دەست ب جێبەجێکرنا بریارێن وێ کرن و هەر ئێک ژ وان ژلایێ خوەڤە دەست ب دەرکرنا هێزێن قزلباشان ژ دەڤەرێن خوە کرن، ل بەدلیسێ میر شەرەفی شیا هێزێن قزلباشان بشکێنیت ومیرگەها خوە کونترول بکەت، میرێ حسنکێفا مەلک خەلیلی ژی باژێرێ سێرتێ ژ دەستهەلاتا قزلباشان ئازاد کر و ئەحمەد بەگێ زرقی شیا باژێرێ میافارقینێ بستینیت وئەحمەد بەگێ مەردیسی دەستێ خوە دانا سەر میرگەها ئاگیل ومیرێ بوتان بەدر بەگی هەمی دەڤەرێن دناڤبەرا جزیرا بوتان وباژێرێ مووسلێ داگیر کرن، ومیرێ سوران هەردوو باژێرێن هەولێر و کەرکووک ستاندن و مەلک بەگێ هەکاری ژی شییا هێزێن قزلباشان ژ وەستان و ئەختەمارێ دەربێخیت١٨

لێ سەرڕای ڤان سەرکەفتنان هێشتا دورپێچا قزلباشان ل

> **«ل سەر ئاستێ هەردوو دەولەتان ژی ڕەوش ئارام نەبوو و دگەل وەرگرتنا دەستهەلاتێ ژلایێ سولتان سەلیمێ ئێکێ (1512-1520) هزرێن دەولەتێ ژبو سەکناندنا بەرفرەهبوونا سەفەوی چوو دقووناغا پراکتیکی دا»**

**د نامەیەکا خوەدا بو سولتانی ل ناڤەراستا 1515 بەدلیسی داخواز کر کو دەولەتا ئوسمانی هێرشا خوە ل دژی سەفەوییان دەستپێبکەت**

سەر باژێرێ ئامەدێ بەردەوام بوو، ودەولەتا سەفەوەی دەست ب هنارتنا لەشکەران ژ بو هاریکاریا بەرماییێن هێزێن خوە ل کوردستانێ کر، هەروەسا دەولەتا ئوسمانی ژی چ بەرسڤ ژ بو داخوازیێن میرێن کوردان نەبوون، لەورا هندەک ژ وان ژ سوزێن مەلا ئیدریسی بێ ئومێد بوون و هەولدان دووبارە پەیوەندیێ ب دەولەتا سەفەوی بکەن و پشتەڤانیا خوە بو وێ رابگەهینن داکو ب ڤێ رەنگی خوە ومیرگەهێن خوە ژ تولڤەکرنا قزلباشان بپارێزن، ژلایێ خوەڤە دەولەتا سەفەوی ژی ئەڤ چەندە ب دەلیڤە زانی و دەست ب راکێشانا کوردان بو لایێ خوە کر. مەلا ئیدریس د نامەیەکا خوەدا بو سولتانی ل پاییزا ١٥١٥ ئاماژە ب بێزاربوونا خوە و میرێن کورد ژ خەمساریا دەولەتا ئوسمانی دا و گوت: هەرچەندە کو من چەندین جاران دیارکریە کو د هەوارا مە بهێن لێ» بارگاهێ جیهانپەنا هەتا نوکە بەرسڤا من نەدایە، ڤێجا چاڤەرێبوون درێژ بوو و میرێن کورد ژ خەمساری و بێ دلوڤانیا دەولەتێ بێ هێڤی بووینە و هندەک ژ میران سەرژنوو پەیوەندی و نەرماتیێ دگەل دوژمنان دکەن»١٩. و بو نموونە بەدلیسی دیارکر کو شاە ئیسماعیل شیایە ب «تەماعکرنێ» میر زاهد بەگێ هەکاری بخاپینیت و وی بو لایێ خوە بکێشیت، لێ هەردوو کورێن وی یێن مێرخاس مەلک بەگ و سەیید محەمەد بەگ ل دژی بابێ خوە رابووینە وپشتەڤانێن دەولەتا ئوسمانی نە٢٠ دەولەتا سەفەوی ب ڤێ چەندێ نەراوەستیا بەلکو هەولدا کو مەلا ئیدریسی ب خوە ژی بو لایێ خوە بکێشیت، دنامەیەکا خوەدا بەدلیسی بو سولتانی دیار کر کو « دەمێ ئەز دناڤ کوردێن برادوستیدا کەسەک ژ دیوانا شاهی ژ تەبریزێ هاتە دەڤ من داکو من سەردا ببەت و(ئیرتداد) بکەت»٢١.

**« ژبلی کومبوونا میرێن کورد مەلا ئیدریسی بریاردا کو ئەو ب خو ب گەشتەکێ ل کوردستانێ رابیت و میرێن دی یێن کورد ل سەر بەردەوامیێ د بەرخودانێدا هانبدەت »**

هەروەک هاتیە دیارکرن دەولەتا سەفەوی دەست ب هناتنا پشتەڤانیێ بو هێزێن خوە ل دیاربەکرێ کرن وحاکمێ بەرێ یێ بەدلیسی (کورد بەگێ شەرەفلو) دگەل حاکمێن ئەرجیش و عادلجەواز وهندەک ژ کوردێن سەر ب سەفەوییانڤە وەکو خالد بەگێ پازوکی بەرەڤ ئامەدێ برێکەفتن، لێ ئەڤ هێزە ل دەڤەرا ساری سو ل سەردەستێ هێزێن ئێکگرتیێن کوردان ب سەروکاتیا میر شەرەف بەگێ تووشی شکەستنەکا مەزن بوون٢٢ دڤی شەریدا هێزێن میرگەهێن ساسون، حسنکێفا، موکری، سەلماس، بوتان، ئاگیل، زرقی، مەردیسی، خیزان، سلێمانی، ئەتاق و خاچووک پشکدار بوون٢٣. هەروەسا هێزەکا دی ل دەڤەرا شنگارێ ژ هێزێن هەمەدان و کەلهور ب سەروکاتیا یەگان بەگ ل سەردەستێ هێزێن کوردان ب سەروکاتیا سەیید ئەحمەد بەگێ بوختی و (ئەبولمەواهب) کورێ مەلا ئیدریسێ بەدلیسی ب توندی تووشی شکەستێ بوون٢٤

پشتی چاڤەرێبوونەکا درێژ ل ناڤەراستا محەرەما ٩٢٢مش/ سبات-ئادار ١٥١٦ بەرسڤا سولتانی بو مەلا ئیدریسی گەهشت، ئەوی دنامەیەکا خوەدا خوەشحالیا خوە ب ڤێ چەندێ دیارکر و گوت:» ئەلحەمدوللە ل نیڤا محەرمەمێ فەرمانا و تەشریفات ژ بو میرێن کوردستانێ هاتن، ئێدێ پێدڤی نینە کو ئەز ئێکوئێک پەیوەندیێ ب وان بکەم و شیرەت و نەسیحەتان ل وان بکەم»٢٥ دنامەیا سولتانیدا هاتبوو: «تە شەهرەزایی د کاروبارێن میرێن دیاربەکرێدا هەیە و تو رەوش و ناسناڤ و قەبارەیێ سەنجەقێن هەر ئێک ژ وان دزانی...»، وباوەریا سولتانی ب مەلا ئیدریسی تا وێ رادەیێ بوو کو کاغەزێن سپی یێن موهرکری ژ بو وی هنارتن و مەلا ئیدریس سەرپشک کر کو ئەو بەرائەت و مەرسوومان ب ناڤێ سولتانی بنڤیسیت٢٦، وسولتانی دیار کر کو:» پێدڤیە د بەرائەتا سولتانیدا ئاماژێ ب رەوشا سەنجەقا هەر میرەکی وجورێ ئاراستەکرنا سەنجەقێ بهێتە کرن، دگەل تومارکرنا دانەیەکێ ژ وان بەرائەتان وقەبارێ ئیقتاعان د دەفتەرەکا تایبەتدا» و ئەو دەفتەر ژ بو سولتانی بهێتە هنارتن٢٧. د نامەیەکا خوەدا مەلا ئیدریسی دیارکر کو پشتی هنارتنا فەرمان و تەشریفاتان ٤٠ میرێن کوردستانێ ل بەگلەربەگی ئامادە بووینە و سوز داینە کو خزمەتا دەولەتێ بکەن و «نها هەمی کوردێن دناڤبەرا هێلا ئامەد و مووسلدا خزمەتکارێن دەولەتێنە، و ئەو کوردێن د هێلا مووسل هەتا

لورستان و نزیکی شیرازێ ژێ سوز داینە کو ب چ ڕەنگان دوژمناتیا دەولەتێ نەکەن و ڕێ ل هەمبەر دەرباسبوونا قزلباشان بو دیاربەکر و بەغدا بگرن»٢٨

ب ڤی ڕەنگی قزلباش نەچار بوون کو دوورپێچێ ل سەر ئامەدێ ڕابکەن و بەرڤ مێردینێ ڤەکێشن، و ل ٤گولانا ١٥١٦ شەرێ قوچحەسار ڕوودا کو بێکجاری هەبوونا قزلباشان ل کوردستانێ بداوی ئینا٢٩ و ئەڤە بەرهەمێ خەباتا بەدلیسی ژبو ئێکگرتنا چەپەرێ کوردان و نێزیکرنا وان ژ دەولەتا ئوسمانی بوو.

نەخشەیا مەلا ئیدریسێ بەدلیسی بو سولتان سەلیمێ ئێکێ هنارتی

**ژێدەر و سەرچاوە**


١- منشی قمی، قاضی احمد، خلاصة التواریخ، تحقیق: احسان اشراقی، دانشگاه تهران، (تهران:١٣٨٣هـ.ش)، ص٨٩.

٢- مؤلف مجهول، تاریخ عالم آرای صفوي، به کوشش: یدالله شکری، بنیاد فرهنگ ایران،(د.م: ١٣٥٠هـ.ش)، ص ١٢١.

٣- بدلیسي، المصدر السابق، ص ٦٥٧.

٤- بو پتر ل دور شەڕێ چالدیران بنێرە: پارسادوست، مصدر پیشین، ص٤١٨-٤٣٢؛ Uzunçarişli, Cilt ١, s. ٢٥٥-٢٥٧.

٥- سعدالدین خوجة، تاج التواریخ، طبعخانه عامرة، (استانبول: ١٢٧٩)، ج٢، ص ٢٩٩

٦ - بو نموونە شاە ئیسماعیلی چایان سولتان ل بەدلیس و دیو سولتان روملو ل هەکاری و یەگان بەگ تەکەلو ل جزیرا بوتان دانان. بنێرە: البدلیسي، المصدر السابق، ص ٦٥٧.

٧- عەبدولحەمید حوسێنی، پێنج بەلگەنامەی مێژووی سەبارەت بە ڕوژگاری جەنگی چالدیران، گوڤاری ژین، سالی حەوتەم، سلێمانی: ٢٠١٥، ل ٣٣٤.

٨- هەمان ژێدەر، ل ٣٣٥.

٩- محمد همدمی صولاق زادە، صولاق زادە تاریخی، مطبعة محمود بک، (استانبول: ١٢٨٦هـ.ق)، ص٣٧٨؛ نزار ایوب گولی، امارە هکاری فی العهد العثمانی، (دهوک: ٢٠١٧)، ص ١٠٩.

١٠- هەمان ژێدەر، ص ١١٠.

١١- ئەڤ چەندە د نامەیەکا وەزیرێ شەرەفخان بەگی (محەمەد ئاغا) بو سولتانی هاتیە: بنێرە: Abdullah Demir,Do□u ve G□neydo□u Anadolu›nun Osmanl□ Devletine □ltihak□, K□pr□ Bahar, Dergisi, No ٩٨, ٢٠٠٧, s.١٧٣-١٧٤.

١٢- خوجە، المصدر السابق، ص ٣٠٢، ؛ جزیە دار زادە، تواریخ آل عثمان، نسخة مکتبة علی امیری فی استانبول، نمرە:٢٠٦، ص ٢٨٣.

١٣- بنێرە دەقێ نامەیا وی د: Vural Genc, □dris-i Bidlîsî'ninII. Bayezid ve I. Selim'e Mektuplar□, Osmanl□ Araşt□rmalar□ / The Journal of Ottoman Studies, XLVII (٢٠١٦), s.١٧١.

١٤- Martin Van Bruinessen And Hendrik Boeschoten, Evliya celebi in Diyarbekir, E.J. BRILL, LEIDEN • NEW YORK, ١٩٨٨, p.١٤.

١٥- بنێرە دەقێ نامەیا وی بو سولتانی د: حوسێنی، ژێدەرێ بەرێ، ل ٣٣٩.

١٦- هەمان ژێدەر

١٧- بنێرە نامەیا ١و٣ یا مەلا ئیدریسی بو سولتانی د. حوسێنی، ژێدەرێ بەر، ل ٣٣٢-٣٤١.

١٨- خوجە، المصدر السابق، ص ٣٠٣.

١٩- بنێرە نامەیا ٢ یا مەلائیدریسی بو سولتانی: Genc, A.G.E, s. ١٧٣.

٢٠- گولی،المصدر السابق، ص ١١١.

٢١- Nazmi Sevgen, Do□u ve G□neydu□u Anaduluda T□rk Beyl□kler□, Ayyildiz Matbaasi,(Ankar:١٩٨٢), s.٣٢.

٢٢- خوجة، المصدر السابق، ج٢، ص ٣٠٦؛ جزیەدار زادە، المصدر السابق، ورقة: ٢٨٤.

٢٣- Genc, A.G.E, s. ١٦٢-١٦٣.

٢٤- منجم باشی، احمد بن لطف الله, جامع الدول، نسخة مکتبة نور عثمانیة، رقم: ٣١٧٢، ص٣١٧؛ محمد بن محمد، نخبة التواریخ والاخبار، تقویمخانە عامرە، (استانبول: ١٢٧٦)، ص ٥٠.

٢٥- نامەیا ٢ یا مەلا ئیدریس بو سولتاني: حوسێنی، ژێدەرێ بەرێ، ل ٣٣٧.

٢٦- Nazmi Sevgen, A.G.E, s.٣٠.

٢٧- بنێرە دەقێ فەرمانا سولتانی د. خوجە، المصدر السابق، ج٢، ص ٣٢٢-٤٢٣.

# هەڵسەنگاندنی کارەکانی مەولانا ئیدریسی بەدلیسی لای مێژوونووسان



حەسەن مەحموود

> گەلانی ئەوروپا (٣٥٠) دەزگای توێژینەوەی ئەکادیمیان هەیە بۆ هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی مێژوو

شتێکی باشە ئەگەر لەهەوڵێکی زانستیانەدا کارەکانی مێژووی دێرینمان هەڵبسەنگێنین و سوود لەئەزموونە باش و خراپەکانمان وەربگرین و نیشانی نەوەکانمانی بدەین، زۆر گرنگە ئەگەر سیمیناری زانستی و لێکۆڵینەوە و کۆڕ و کۆبوونەوە لەسەر کەسایەتیەکانمان بگرین و دوور لەهەر مەبەستێکی نزم، تاوتوێی کارو کردەوەکانیان بکەین، چاکەکانیان بنرخێنین و هەڵە و نەپێکران و کاری تریان بخوێنینەوە و لێی بکۆڵینەوە بۆ ئەوەی دووبارە نەبێتەوە. ئەوە هەموو کاری مەزنە و پێویستە، گەلانی ئەوروپا (٣٥٠) دەزگای توێژینەوەی ئەکادیمیان هەیە بۆ هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی مێژوو و ئەفسانەیان، بەڵام مەخابن ئێمەی کورد هیچمان نییەو خراپ بەمێژوومان دەکەین.

هەرکەس بەدڵی دڵسۆزی کوردانە، خەمخۆرانە، بۆ کارەکانی مەولانا ئیدریس بڕوانێ، بەکەسێکی ناوداری سیاسەتمەداری بەتوانا و دڵسۆز بە کورد دێتە بەرچاوی، دەینرخێنێ و دەبینێ ئەوەی لەتوانایدا بووە بۆ کوردی کردووە و زۆر چاکی کردووە، هیچ غەلوغەشێکی تیا نەبووە، ئەگەر تاوانێک، یان نەگونجانێک بووبێت لەمیری میرنشینە کوردەکانەوە بووە، هیچ خەتایەکی مەولانا ئیدریسی تێدا نەبووە، ئەوەتە شەرەفخانی بەدلیسی کە خۆی نزیکی بارودۆخ و سەردەمەکە بووە، کارەکانی مەولانا ئیدریسی دیتووە، زۆر بەدڵسۆز و مەزن بۆ کورد هاتوەتە بەرچاوی.

بۆچوونی شەرەفخان، پاک و بێ لایەنانەیە، هیچ مەبەستێکی خراپی تێدانیە، ئەو لایەن پەرستی نەبووە و بۆ شتێکی هیچ نەهاتووە شتێکی گەورە بشێوێنێ، ڕاست و دروست نووسراوە و چی دیتوە نووسیویەتی و دەڵێت: (ئەویش وێڕای شۆڕەسواری دنیا دیدە و پەسەند دیدەی هونەروەران و سەرتەریدەی بەختەوەران و شارەزای هەمەڕێ و شوێنان مامۆستای سپی وەخوێنان، لەکڕنوشی دینداریدا تەونگەی کرژ ڕیس و نەوەی خواناسی بەدلیس، حەکیم ئیدریس و، دەگەڵ ئامۆژگاری هەڵبژاردەی خانەدانی خواناس و دیاردەی ضیاءالدین: محمد ئاغای کەلهوکی. پەیمان و گفتی دڵسۆزی و سۆزی دوور لەگەرد و تۆزیان بەئاسانەی دەوڵەتخانەی بەرەی عوسمانی ڕاگەیاند و بۆ ئەم مەبەستە بیست کەسیان لەمەزن و میری کوردستان دەگەڵ خۆدا کردە هەمدەست و نامەی بەندەواری خۆیان بەهۆی مەولانا ئیدریس و محمد ئاغای کەلهوکی بۆ ئاستانەی هات هێلانەی سوڵتان ڕەوانە کرد)

پاشان چوونە بەردەم سوڵتان و داواکاری کوردیان گەیاند و بەسوڵتانیان گوت: حەکیم ئیدریس بەسوڵتانی خاوەن شکۆی پێشنیار کرد کە (میرەکانی کوردستان لەبەزەیی شاهانەتان چاوەنێرن. ولگەی باب و باپیرانیان پێ ببەخشی و یەکێکیشیان هەر لەخۆیان بۆبکەی بەسەرداری گشتی) دوای پێشکەشکردنی پێشنیاری مەولانا ئیدریس کە داوای هەموو خاکی کوردستانی کرد بۆ کورد خۆی و، میرەکان بیبەن بەڕێوە، یەکێکیش لەخۆیان واتە کورد، نەک تورک بکاتە (سەرداری گشتی) واتە سەرۆکی کوردستان و هەموو میرنشینەکان سەرپەرشتی بکات، دەبینی مەولانا ئیدریس باسی دەسەڵاتی عوسمانی نەکرد بەسەر کوردستانەوە، تەنها خاکی کورد بۆ کورد خۆی بیبات بەڕێوە، ئیتر کامەیە خیانەتەکەی، ئەمانە قسەی شەرەفخانە لەپێنج سەد ساڵ لەمەوبەر نووسراوە، هیچ باسێکی عوسمانی تێدانییە و سەربەخۆییەکی تەواو داوا دەکات، لەناو دەوڵەتی عوسمانی دا. بابزانین وەڵامی سوڵتان چییە.؟

شەرەفنامە دەڵێت: (سوڵتانی هەموو دنیاگر لەوەرامیاندا فەرموویان: هەرکام لەو میرە مەزنانەی کوردستانێ بۆ میری میران دەست دەدات،

با بۆخۆیان ناودێری بکەن و دابنرێ و میرە کوردەکانی تریش وەژێر فەرمانی ئەودا بن) ئەوەش وەڵامی سوڵتان بووە کە بەهەموو پێشنیارەکانی میرانی کورد ڕازی بوونە، ڕازی بوونە خاکی کورد بەدەست کوردەوە بێت، سەرۆک هەر لەخۆیان بێت، دەستی هیچ فەرماندەیەکی عوسمانیان بەسەرەوە نەبێت، ئەم نووسینە وەکو وتم نزیکەی پێنج سەد ساڵ لەمەوپێش نووسراوە، هیچ کینەیەک لەدڵی نووسەرەکەی دانەبووە، بەپاکی گوازراوەتەوە، پاشان مەولانا ئیدریس ئەم ڕێکەوتنە دەهێنێتەوە بۆ ناو کوردان، هەموو میران ڕازی دەبن بەهەموو خاڵەکان، بەڵام لەسەر (سەرداری گشتی) ڕێکناکەون، ڕەنگە مەولانا ئیدریس زۆر خەریک بووبێ لەگەڵیان، کاتەکەش ناسک بووە، هەر بۆیە پەنایان بردووەتەوە بەر سوڵتان خۆی سەرداری گشتی دابنێ، ڕەنگە میرەکان ناچار بووبن بەئیدریسیان وتبێ: کاکە خۆت بچۆ لای سوڵتان بیبڕێنەوە، ئەوە یەکێکە لەهەرە نەخۆشیە ترسناکەکانی کورد، هەرگیز کەسیان سەر بۆ ئەوانی دیکە دانانەوێنن، بەڵام زۆر ئاسان گوێ لە مستی غەیرەبوون و چی وتووە بەگوێیان کردووە، ڕەنگە هەر خۆیان داوایان لە مەولانا ئیدریس و وەفدە کوردیەکە کردبێ کە بچێتەوە و داوا بکات خۆی کەسێ دابنێ، کە سوڵتان پرسیویەتی بۆچی ئەی خۆیان عەیبیان چییە؟ مەولانا ئیدریس وتویەتی: ئەوانە زۆربەیان هێندە خواپەرستن هیچیان سەریان بۆ ئەویتر ناچەمێنێ. کە کوردستان هەموو ڕزگار دەبێ، سوڵتان نامە دەنوسێ بۆ مەولانا ئیدریس و سەر پشکی دەکات چی دەکات و چۆن ئیدارە دادەمەزرێنێ لەکوردستاندا بیکات و ئەوان ڕازین، وادیارە مەولانا ئیدریس لەگەڵ میرانی کوردا پێکەوە شتی زۆر گرنگیان بۆ کورد کردبێت، بۆیە هەتا ماوەیەکی باش هەموو میرنشینەکان وەکو براو بەتەبا پێکەوە لەخۆشی و دوور لەقزلباشان دەگوزەرێنن، لەنامەکەدا ڕوو لەحەکیم ئیدریس هاتووە (ئەو میرانەی لەدیاربەکرەوە هاتوون و دوای تۆ کەوتوون، تۆ دەزانی چۆنن و کام نازناویان پێ ڕەوایە چەندەیان لێ دەوەشێتەوە و لە سنجەقان چیان پێ ببڕێ باشە و لەدابەشدا گەرەکە هەرکەس بەپێی خزمەت و دڵسۆزیەوە لێی بڕوانن، ئەوا چەند فەرمانێکی سپیم بۆ ناردی و مۆری شاهانەی بە سەرەوەیە، هەروەها چەند کاغەزێکی سپیم بۆ ناردی مۆری شەریفیان بە سەرەوەیە، بۆ ئەو ئەمیرانەی بنێرە).

ئەوە ئەوپەڕی بەرزییە بۆ کورد، کە سوڵتانی عوسمانی بڕوای بە کوردێکە، سەرپشکی کردووە لەکاروکردار و بڕیاردا، تەنانەت کاغەزی سپی لەفرمان بە مۆرکراوی، لەنامە بە مۆرکراوی بۆ ناردووە، هەتا خۆی بەکەیفی خۆی پڕی بکاتەوە و بینێرێت بۆ میرەکان و فەرمانەکان دەربکات.

لە شەرەفنامەدا باسوخواسی زۆر لەو بارەوە هەیە و ئەوەندە بەسە، تاکە سەرچاوەیە کە ئەو ڕووداوە و هاوپەیمانییەی کورد و عوسمانی باس کردوە، خۆی لەناو ڕوداوەکاندا ژیاوە و ئەویش یەکێک بووە لەمیرەکان، هەموو سەرچاوەکانی تر لەویان وەرگرتووە، هەر کەسە و هەر نووسەرە بەئارەزوی خۆی لێدەرهێنان و شیکردنەوە و ڕوونکردنەوە، یان دەستێوەردانی تێدا کردووە.

با بزانین ئەمین زەکی چۆنی بۆ مەولانا ئیدریس پێواوە:

(سیاسەتی شا سمایل بەتەواوی پێچەوانەی سیاسەتی عوسمانی بوو، کە بە واستەی فازیلی مەشهور ئیدریسی بەدلیسی بەسەر کوردستاندا تەتبیق کرا، هەدەفیشی، بریتی بوو لەبری ئیجاد و تەعمیم کردنی ئصولێکی باش بوو. حکومەتی عوسمانی بەواستەی دامەزراندنی هەندێ حکوماتی مەحەلیەوە گەلی کوردی بەتەواوی لەخۆی ڕازی کرد).

ئەمە وتەی بەهێزترین مێژوونوسی کوردە کە باس لەڕێکەوتنی کوردو عوسمانی دەکات بەهۆی مەولانا ئیدریس، تەمەنی ئەم وتەیە حەفتا ساڵ زیاترە، نووسەر ئەمین زەکی بەگ بەدڵێکی ساف و پاک و دوور لەڕق و کینە دەڵێت: عوسمانی گەلی کوردی بەتەواوی لەخۆی ڕازی کردووە.

پاشان دەڵێ: خولاسە ئەم وڵاتانی کوردستانە بە هیمەت و دیرایەت و سیاسەتی مەولانا ئیدریس بۆ عوسمانی ساغ بووەوە. مەولانا ئیدریس لەپاش ئەمە دەستی کرد بە تەشکیلاتی ئیداری و ڕێکخستنی کاروباری ئەو وڵاتانە و ئیجرائات و تەدابیری لەتەرەف سوڵتان سەلیمەوە مناسب بینرا و فرمانی بۆهات. مەولانا بۆ تەسهیل ئیدارە دیاربەکری کرد بە چەند سنجاقێکەوە. خصوصیەتی ئەحوالی ئەم مەملەکەتە و فکری سەربەخۆیی ڕوئەسای عەشائری و مەیلی شەڕ و شۆڕی دائمی، یان مساعیدی ئیدارەیەکی حکومەتی ڕاستەوڕاست نەبوو، چونکە مەولانا بە عەزیەتێکی زۆر و بە هەوڵێکی درێژخایەن ئەم وڵاتانەی بەناوی عوسمانیەوە

> **“ گەر کورد یەکی بگرتایە هەرگیز لە سەفەوی و زولقادر و مەمالیک بەهێزتر نەدەبوو، کە لەدوو ساڵدا سەلیم هەرسێکیانی تێک شکاند و پایتەختەکەیانی گرت و لەناوی بردن، بۆ مانەوەی کورد هەر ئەم شێوازە چاک بوو ”**

> **مەولانا ئیدریس ئەم ڕێکەوتنە دەهێنێتەوە بۆ ناو کوردان، هەموو میران ڕازی دەبن بەهەموو خاڵەکان، بەڵام لەسەر (سەرداری گشتی) ڕێکناکەون**

دەست خستبوو، دەیویست بە حوسن تەدبیر و معامەلەیەکی باش ڕەبتی حکومەتی بکات ئەمەش پێویستی ئوسولێکی جیا لەوڵاتانی تری عوسمانی بوو، سوڵتان سەلیم لەو ڕووەوە زۆر بڕوای بە مەولانا هەبوو، تەنانەت زۆر فرمانی خاڵی بۆ نارد کە بە ئارەزووی خۆی پڕی بکاتەوە و بەهەر کەس ئارەزوو دەکات بیدات).

ئینجا کوردستان هەرخۆی کردی بە ژمارەیەکی زۆر دەوڵەت و میرنشینەوە و بە گوێرەی میرە کوردەکان دابەشی کرد، هەتا کەسی لێ زویر نەبێت، کورد خۆی حوکمی خۆی کردووە، سوڵتانیش ڕازی بووە و دەستی نەخستوەتە کاروباریانەوە. پاشان ئەمین زەکی دەڵێت: (ئەم نەوعە تەشکیلاتە کە ئەسەری دەها و سیاسەتی مەولانا ئیدریس بوو بەراستی زۆر موافق ئیحتیاجات و ئیجاباتی محەل بوو، وولاتێکی وەکو کوردستان سەخت، وە ئەهالیەکی وا شەڕکەر و ئەختەلال وجودا بە جۆرێکی تر ئیدارە نەدەکراو ناکرێ، و بەم تەرحە ئەو چل و شەش میرنشینە کوردانە کە لەپێش دەوری سوڵتان سەلیم دا لەکوردستاندا هەبوو، بەشی گرنگیان بەشێوەیەکی ڕەسمی و قانونی هێلرایەوە. مەولانا ئیدریس لەدوای تەواوکردنی تەشکیلات و بەدەستی خۆی و بەناوی سوڵتان سەلیمەوە، بە حاکمان و ئومەرای کورد تەپڵ و بەیداخی دا، کە ئەمانە نیشانەی ڕەسمیەی ئەمارات بوو. سوڵتان سەلیم مەولانای بە صورەتێکی لائق تەکلیف کرد. وە حورمەت و ئیعتبارێکی زۆری گرت، هەتا لەدوای سەفەری ئێرانیشدا لەگەڵ خۆی بردی و لەسەفەری میسریشدا لەگەڵی بوو، بەم تەرحە مزەکەرات و مەساعی ماهرانەی مەولانا، مەملەکەتێکی زۆر سەخت و عاصی تەقریبەن بێ شەڕ و شۆڕ و ئارەزوو ئیختیاری خەڵکەکەی بۆ حکومەتی عوسمانی تەئمین بوو. ئەم ڕووداوە لەمێژوودا وێنەی نەبووە. چونکە کوردستان لەدەوری ئاشووری تا ئەمڕۆ بەرامبەر هەموو دوژمنێک وەستاوە، هیچ وەختێک بەتەواوی بۆکەس ساغ نەبووەتەوە هەر وەک مەولانا ئیدریس بۆ سوڵتان سەلیمی ساغ کردەوە).

مێژوونوس و ناوداری کورد جەمیل ڕۆژبەیانی زۆر جوان باسی مەولانا ئیدریسی هەڵسەنگاندووە و دەڵێت: حەکیمی هەستیاری نووسەری خەباتکاری کورد مەولانا ئیدریسی بەتلیسی. مەولانا ئیدریس چ بەهرەوەرێک چ خاوەن بیروهۆشێک، چ کارامە و کارزانێک بووە، نەک هەر شارەزای ئەدەبی فارسی و عەرەبی تورکی (تازە پەیدابوو)ی ئەو حەلە بووە، بەڵکو لە مۆزیکاو مەقام ناسیدا دەستێکی باڵای بووە. بەڵام زۆر داخ، سەرانی ئەو حەلەی کورد، کە تەنیا خێوی ڕم و خەنجەر بوون، بەوە ڕازی نەبوون کە یەکێک لە خۆیان سەرداریەتی گشتی بکات و ئەو شانزە دەسەڵاتەی کە بەهۆی مەولاناوە، سوڵتان سەلیم ددانی پیاناوە و مۆری کردووە، فەرمانی بۆ نووسیبوون، هەموویان لەیەک سازماندا قاڵ بکات. مەولانا ئیدریس خۆیشی لەبەر ئەوە کە نەڵێن هەوڵەکەی بۆ ئەوە بووە دەسەڵات بگرێتە دەست، هەرگیز باسی دەسەڵاتی بۆ خۆی نەکردووە). خۆ ڕەنگە ئەو پێشنیارەش کرابێت، چونکە کورد بووە قبوڵ نەکرابێ، دەنا ئەگەر ئەو بکرایە، سوڵتانیش ڕازی دەبوو ئێمە چونکە ئاگاداری ئەو دۆخەی شەڕی چاڵدێران و ڕێکەوتنی کوردو عوسمانی نین، ئێستە تەنها ئەو سەرچاوانەمان هەیە (شەرەفخان و ئەمین زەکی) هەق وایە لەوانەوە هەڵگۆزین و بڵێین و شیبکەینەوە، یان هەر کردمان ئەوەندەی مامۆستا ڕۆژبەیانی بکەین، نەک هەر بە عاتیفانە و لەخۆوە وەک مامۆستا هەژار کە شاعیرو ئەدیبێکی عاتیفانەیە و هاتووە مێژووی کوردی وەرگێڕاوە، پڕی کردووە لە عاتیفە و سۆزکاری و هەڵچوون بۆ کورد، بەجۆرێک کە زۆرجار قسەی نەگونجاوی ووتوە و لە ڕاستە شەقام لایداوە، لەنرخی بابەتەکەی کەم کردووەتەوە، چونکە لێکۆڵەر ڕاستە ڕێ دەگرێ و سۆز و عاتیفە ئەملاوئەولای پێناکات، شتێ ناڵێ لەبابەتەکە دابەزێنێ، یان ڕای پێ بگۆڕێ، مامۆستا هەژار دەڵێ: (سوڵتان سەلیم گوتویەتی، مێش کێشەیان دەنا و کەوێ پیاو دەتوانێ تێر بخەوێ. دەیزانی کەوڵی خەون و کیسە لیرەی هەڵساو، مامۆستا مەلا ئیدریسی بۆ تاو دەکات و لێی دەپاڕێتەوە کە، تورکێک بکە بە میری میرانی کوردستان. ئەوسا کوردەکان قزڵباشانت بۆ لەکوردستان دەردەکەن، ڕەنگە مەلا لەو کاتەدا کە فلوریەکانی خستبێتە ناو گیرفانی کەوڵە خەزەکەوە فەرموبێتی (بەریکی من شیرینی باربێ بابەشی کورد ژەهری مار بێ) ئەمانە هەموو قسەی مامۆستا هەژارە، نەک شەرەفنامە، لەشەرەفنامەی فارسی و عەرەبیەکەدا ئەم قسانە نییە، کەسێک بیەوێت نیازی خۆی تێکەڵ بە تەرجەمەکانی بکات خیانەت دەکات، نەخوازەڵا کە هەژار هاتووە قورئانی تەرجەمە و تەفسیر کردووە، هەژار هەق بوو شیعر بڵێ یان چێشتی مجێور بنووسێت، نەک

کاری تەفسیرو مێژوو بکات.

ئەو حەکیم ئیدریسەی کە هەموو کوردێکی هاوچەرخی بە پیاوێکی پایەبەرزیان زانیوە (هەژار) دەنووسێ: (ئەگەر بەشیری کۆیلەیی پەروەردە نەکرابا و هەروا تۆزکالێک دەماری کوردایەتی تێدابا. کوردەکانی تێدەگەیاند کە ئێوە عەجەم لەکوردستاندا دەردەکەن مەبنە نۆکەر و نان خۆری عوسمانی و وەرن خاوەنی نیشتمانی خۆمان بین. ئەگەر خان بۆ خان و بەگ بۆ بەگ سەر ناچەمێنێ، با من کەیخودا و ڕیش سپیتان بم و بەکارتان ڕابگەم و مامۆستایەکی بەناوبانگی کوردستان، لەدەرکەوانێکی تورک و بێگانە باشترە. بەڵام وای نەکردووە تا بزانین دەیانکرد؟ یان هەرگیز نەیان لە تورکی دەرکەوان دەگرت). پێم سەیرە هەژار ئاوای بۆ کوردی ئەو کاتە پێواوە، لەو جۆرەشی بە حەکیم ئیدریس کردووە، کە بەمەرجێ خۆی ئەوەندەی مەلا ئیدریس کورد و سەرەک کوردەکانی ناسیوە، زەکاتەکەشی داوە! کوردستان هەموو دابەش بووە بەسەر میرەکاندا و هیچ کەس بستێکی لێ زیاد نەبووە، گەر داوای میری میرانی بکردایە ئەو میرانە لێیان دەکردە هەڵا و دەیانگوت کە کار بۆ خۆی دەکات، ئێمەش ئەمرۆ دەمانگوت دیارە کە پیاوی عوسمانی بووە، بەڵام چاکی کرد کە نەیکرد، یان وەکو مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی دەڵێت: (مەولانا ئیدریس خۆشی لەبەر ئەوەی کە نەڵێن هەوڵەکەی بۆ ئەوە بوە دەسەڵات بگرێتە دەست، هەرگیز باسی دەسەڵاتی بۆ خۆی نەکردووە..) گەر کورد یەکی بگرتایە هەرگیز لە سەفەوی و زولقادر و مەمالیک بەهێزتر نەدەبوو، کە لەدوو ساڵدا سەلیم هەرسێکیانی تێک شکاند و پایتەختەکەیانی گرت و لەناوی بردن، بۆ مانەوەی کورد هەر ئەم شێوازە چاک بوو، بە مەرجێ تاکتیکیانە بووایەو یەکیەتی خۆیان بپاراستایە و لەهەوڵی بەهێزکردن و ئاوەدان کردنەوە و چاکردنی ماڵی داڕوخاویاندا بوونایە بۆ فرسەتێکی تر، بەلای منەوە چاکترین سیاسەتی ئەو کاتە بووە، ئەگەر ئایندەشیان لەبەرچاو بووایە.

مامۆستا ڕەسول هاوار دەڵێت: (گرنگترین پرسیار لەو ڕووەوە ئەوەیە، ئایا بۆچی ئەمیرەکانی کورد لەناو خۆیان ئەگەر بەشێوەیەکی دەوریش بووە، لەبەر ئەوە ڕێک نەکەوتون، یەکێکی کارامە لەناو هەموویاندا، وەیا بەنۆرە هەرجارەی یەکێکیان سەرکردایەتی هەموو لایەکی بکردایە، لام وایە مەولانا ئیدریسی بەدلیسی ئەگەر ئەو توانا و لێهاتووییە لەخۆیدا نەدیبێ، لام وایە ئەوەندە دەبەنگ و گەمژە نەبووە کە نەتوانێت میرەکانی کورد وەکو چۆن ڕازی کردن بچنە ژێر سایەی دەوڵەتی عوسمانیەوە. بە زمانە لووسەکەی دەیتوانی داوایان لێ بکات بیر لە دواڕۆژێکی خۆیان و میللەتەکەیان بکەنەوە، هەوڵ بدەن دەزگایەکی تایبەتی دامەزرێنن بۆ ڕێکخستنی هەر کاروبارێک کە پەیوەندی بە هاوکاری کردنیانەوە بووبێت).

هەروەها دەڵێت: (سەرچاوە شارەزاکان زۆر بە وردی لەو ڕاستیەیان کۆڵیونەتەوە و چوونەتە بنج و بناوانی، هۆی ئەو نەخۆشیەی وەکو شێرپەنجە لەدێر زەمانەوە لەکورد کاریگەر بووە و نەتوانراوە ئەو دەمارە بمرێنرێت، کەوای لەکورد کردووە کەسیان بە سەرکردایەتی کوردێکی تر قایل نەبێت و ئامادە بێت لەژێر سایەی بێگانەدا بێت، نەک لەژێر دەسەڵاتی برایەکی کوردی خۆیدا و ئەگەر جاروبار هەل و دەرفەت بۆ سەرکردەیەکی لێهاتووی کورد ڕەخسابێت، زۆری پێنەچووە گەرای میکرۆبی ڕق و کین و خۆبەزلزانی کارێکی وای کردووە لەناسکترین کاتی مێژووییدا بەهۆی خۆفرۆش و خیانەتەوە ئەو هەل و دەرفەتەش لەکیس چووە، وەکو لەئەنجامی هەموو شۆڕشەکانی کورددا ئەم ڕاستیەمان بۆ ئاشکرابووە) ئەم قسانە هەموو ڕاستن، لەهەمان کاتدا بە قسەکانی شەرەف نامەدا دیارە کە مەولانا ئیدریس هەموو هەوڵێکی خۆی داوە یەکیان بخات، بەڵام وەکو بە سوڵتان سەلیمی وتووە: (بەڵام هیچیان ئامادەنین سەر بۆ ئەوی تر دانەوێنن).

حەکیمەدین ئیدریس هەموو تاقیکردنەوەیەکی لەسەر میرە کوردەکان کردووە، بەڵام دیارە ماندووبووەو بڕوای وابووە لەو لایەنەوە هەرگیز ناگاتە ئەنجام، چاک وایە تا کار لەکار نەترازاوە و ماوە بەدەستەوە هەیە، ئەمەی کە کراوە دەستی پێوە بگیرێ بۆ دەرفەتێکی تر، ئێمە ئەمرۆ چەند نائومێدین لەئەمرۆمان و پاشەڕۆژمان بەدەست سەرکردایەتیمانەوە، کە بەمەرجی ئەمرۆ ئێمە دنیایەک لە ئەزمونی تاڵمان لە بەردەستدایە و ئازادتر و مۆدێرنەتر و دیموکراسیانەتر مامەڵە دەکەین و خەریکە عەولەمە نرخ بۆ خاک و نەتەوە و کولتور و کەلەپوور و زمانیش ناهێڵێتەوە، ئێستەش من لەو بڕوایەدام بەو هەموو زانیاریانەی لەبەردەستدایە، لەکەمترین پاراستنی بەرژەوەندی تاکی و حزبی و بنەماڵە پارێزیدا، گرنگ نییە ئەزمونەکە لەبەین بەرن، تاکی

> **“ هەرکەس بەدڵی دڵسۆزی کوردانە، خەمخۆرانە، بۆ کارەکانی مەولانا ئیدریس بڕوانێ، بەکەسێکی ناوداری سیاسەت مەداری بەتوانا و دڵسۆز بە کورد دێتە بەرچاوی ”**

خۆیان بپارێزن و ملکەچ نەکەن بۆ خاڵێک کە زەرەری خۆیان و بەرژەوەندی گەلی تیابێت، وەکو چەندین جار بینیمان هەر خۆیان تورک و فارس و عەرەبیان هێنایە سەرمان دژی برایەکی تریان.

مەولانا ئیدریس وەک نەیتوانیوە لای سەلیم خیانەت لە کورد بکات، نەشی وێراوە لەمەجلیسی میرە کوردەکاندا قسەیەک دژ بەعوسمانی و سەلیم بکات، کە دەیزانی هەر بۆ سبەینێ میرێکی چەپاوخۆر بۆ خۆنێزیککردنەوە لەسولتان، قسەکەی دەدا بەشانیدا و ڕێی دوور دەگرێتە بەر و دەیگێڕێتەوە بۆ سەلیم، حەکیمەدین ئیدریس لەوە زاناتر و بەسیاسەت تر بووە ناجۆرێک بدرکێنێ و هەوڵە پیرۆزەکەی بۆ نەتەوەکەی بەقسەیەک بەزایە بدات، ئەو ڕاستگۆ بووە لەگەڵ میرە کوردەکان و لەگەڵ عوسمانیش، ئەو سیاسەتمەدارێکی لەگلەگی و نزم نەبووە وەکو سیاسییەکانی ئەمڕۆ، کە دەچنە تورکیا شتێک دەڵێن و، دێنەوە بەغداد شتێک و، بۆ کورد جۆرێ تر و بۆ میدیاکان گاڵە گاڵێکی تر دەچنن، ئەمەریکاش قسەیەکی تری دەوێت، بەئاشکرا ئێمە لەکەناڵەکانەوە ئەم جیاوازی ڕاو وتن و دەربڕینە مەزاجیانە دەبینین.

ئەوە ماکە و هەوە و کوشندەیە و سامناکە، بەناخی کورددا چووەتە خوارەوە. لەلایەکی تریشەوە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەوسای کورد لەسەر بەرژەوەندی خێڵەکی و دەرەبەگی و ئارەزووی میر دروست بووە، نەک لەسەر بەرژەوەندی باڵای نەتەوەی کورد، لەسەدایەکی کاری میرەکان ئەوەی تیا نەبووە کە ئیش بۆ کورد بکرێت، بەڵکو هەر لەسنوور و دەسەڵاتی خۆیاندا

**مەولانا ئیدریس وەک نەیتوانیوە لای سەلیم خیانەت لەکورد بکات، نەشی وێراوە لەمەجلیسی میرە کوردەکاندا قسەیەک دژ بەعوسمانی و سەلیم بکات**

**مەولانا ئیدریس هەموو هەوڵێکی خۆی داوە یەکیان بخات، بەڵام وەکو بە سوڵتان سەلیمی وتوە: (بەڵام هیچیان ئامادەنین سەر بۆ ئەوی تر دانەوێنن)**

بوون، زیاتر مانەوەی خۆیان لامەبەست بووە و سەروەری خێڵەکەیان، ئەگینا هەر هەموو میرەکان دەرەبەگێکی تەمام عەیار بوون و خەڵکی پاڵە و سەپان و پاسەوانی موڵکی ئەوان بوون. حەکیم ئیدریس هەوڵی داوە چونکە لەناو نزیک دەسەڵاتەکانی ئاق قۆینلوی و سەفەوی عوسمانیدا ژیاوە، ویقاری خۆی ڕاگرتووە و نەدۆڕاوە، حەزی کردووە هەمان هەست لای میرە کوردەکان دروست بکات، کە کورد چەند قاتی بنەماڵەکانی ئاق قۆینلو (حەسەن ئوزون) و سەفەوی (شا ئیسماعیل) و عوسمانی (سەلیم بەگ) خاوەن خاک و میللەتی ئازان، بەڵکو قۆینلو و سەفەوی و عوسمانی خێڵێکی کۆچکردوو بوون لەنزیک کوردەوە هەڵیان داو بوونە حکومەت، وەلێ کورد خاوەن ماڵ و گەل و نەتەوە و دەسەڵات بووە، بەڵام هیچی نەبووە لەسیاسەتداری و هونەری بەڕێوەبردن و خۆسازان، هەمیشە پیاوی میوانەکە بووە، پیاوی ئاق قۆینلو و سەفەوی و عوسمانی بووە.

مەولانا ئیدریس کە سیاسەتمەدارێکی کارامە و بەتوانا بووە، میرەکانی قەرەقۆیۆنلۆ و ئاق قۆیۆنلۆ سوودیان لەبیری تیژ و زەینی کراوەی وەرگرتووە، دوای لەناوچوونی ئەوان و هاتنی شا سمایلی شیعە مەزهەب، ئەو وەکو زانایەکی سوننە مەزهەب نەیتوانیوە ئەو سووکایەتیە بەدینەکەی قبوڵ بکات، دەسەڵات و ماڵی جێهێشتوە و هەڵهاتووە، سوڵتان سەلیم کە زانیویەتی کەسێکی بەتوانایە و سیاسیەکی بیر تیژە بانگی کردووە و کردوویەتی بە ڕاوێژکاری سیاسی خۆی لەکاروباری کورد و ناوچەکە. مەولانا ئیدریس ویستویەتی بە سیاسەتێک کورد لەمە بگات، لەو سێ دەسەڵاتە دووربێ و خۆی بۆخۆی بژی، بەڵکو وردە وردە فێری سیاسەت و حوکمداری ببن و بەزەینی کراوە مامەڵە لەگەڵ پێشهات و ڕووداوەکاندا بکەن و بەرژەوەندی دووری کورد لەبەرچاو بگرن، بەڵام مەخابن کەسیان سەریان بۆ ئەویتری نەوی نەکردووە و بەرژەوەندی گشتی کوردیان نەزانیوە و کوردایەتیان لەناخدا نەبووە، هەر بۆیە بۆ ئەوەی تێک نەچن و لەیەک نەبن، مەولانا ئیدریس کەسی تری بۆ هێناون تا کۆیان بکاتەوە و سەفەویان لێ دور بخاتەوە و نەچن بە گژ یەکتردا.

* ئەم وتارە بەشیکە لەو کتێبەی کە حەسەن مەحمود کەریم نووسیویەتی، بە ناوونیشانی (مەلا ئیدریسی بەدلیسی، ڕۆڵی لە یەکخستنی میرنشینە کوردییەکاندا)

# ڕەخنە و لێکۆڵینەوە

- ***ئێستێتیکای خەیاڵ و دۆخگۆڕین لە کۆشیعری (سەد و یەکشەوە)ی سەباح ڕەنجدەردا***

بۆتان جەلال

- ***ڕۆمانێک لە نێوان دوو زەنگدا***

د. نەجم ئەڵوەنی

# ئێستێتیکای خەیاڵ و دۆخگۆڕین لە کۆشیعری (سەد و یەکشەوە)ی سەباح ڕەنجدەردا



بۆتان جەلال

**پێشەکی:**

(خەیاڵ) ڕەگەزێکی بنچینەیی پێکهاتەی شیعرە، شیعر و خەیاڵ ڕایەڵێکی مەعریفی میتافیزیکیی دەیان گەیەنێتە یەک و پێکەوەیان دەبەستێتەوە، بایەخی ئەم توخمە هیچی کەمتر نییە لە توخمەکانی دیکەی شیعر، وەک: (ڕواڵەت، ناوەڕۆک، ڕیتم و لەرینەوەی مۆزیک، جیهانبینی، زمان، وێنە) نووسەر و شاعیرانی بلیمەت لە خەیاڵکردن و خەونبینیدا لاپەڕەی تازە لە خۆیاندا دەکەنەوە، بێ خەیاڵکردن و پەنابردن بۆ مەملکەتەکەی مەحاڵە شیعر نووسین و بیرکردنەوە لە دەربڕینە جوانەکانی شیعر و مەلەکردن لە ئاسۆ بێکۆتاکەی. شیعر خەیاڵە، بێ خەیاڵکردن ژیان بوونی نییە، بۆ ئەوەی لە ژیاندا بمێنینەوە و جوانتر و شکۆدارتری بکەین، دەبێت خەیاڵەکانمان پەروەردە بکەین.

خەیاڵ جوگرافیا و سنووری هزر و ڕووبەری هۆشیاری دیارنییە، بۆ هەموو شتێک دەچێت و بە هەموو کون و کەلەبەرەکانی گەردوون و ژیاندا گوزەردەکات. شوێنپێی خۆی لەسەر لمی مێشک و خۆڵەمێشی دەروون و قوڕ و لیتەی کەنار دەریای هەست و نەست جێدەهێڵێت. خەیاڵ ئامێری وێنەگرتنە و شاعیرانیش وێنەگری شارەزا و بە سەلیقەن لە گرتنی گۆشەنیگا و دیمەنەکانی جووڵە و بزاوتە خەیاڵییەکاندا، هارمۆنیای میتۆدە جیاجیاکان دەخەنە سەر شاشەی بینین و نەست و هەستە ناهۆشیارەکانیان دەجووڵێنن و گەرم و بەجۆشیان دەکەن.

خەیاڵی ڕاستەقینە، بەرهەمدارە و شکۆداری دەچنێتەوە، خەیاڵی سادەش، یان بە سادەیی دەمێنێتەوە، یان کۆرپەی کەمئەندامی لێدەکەوێتەوە و ناڕوونی و لێکپچڕایی دروستدەبێت.

(ئەلبێرت ئەنیشتاین) گوتوویەتی: (ئەقڵ و لۆژیک لە «ئەلفەوە بۆ بێ – و لە – بێ بۆ تێ»ت دەبەن، بەڵام خەیاڵ بۆ هەموو شوێنێکت دەبات)١ (فیدۆر دۆستویفسکی) گوتوویەتی: (واقیع و واقیعیەت واتلێدەکەن هیچ شتێک دوور لە لووتی خۆت زیاتر نەبینیت، کەچی خەیاڵ دەتباتە هەموو شوێنێک بە ئاسمانەکانیشەوە)٢ کەوابێت خەیاڵ ڕووبەر و بنمیچ و نیشانکار (دال) و نیشانکراو (مەدلوول) نایگرێتەوە و کردەیەکی بێ کۆتاییە. شاعیر بوونەوەرێکی ژیاندۆست و خەیاڵاوییە و ناوەندێکی لەبارە بۆ وێناکردنی ژياننووسینەوە، بۆیە بۆ بەهاری خەیاڵەکانیان دەچنە ناو جەنگێکی درێژخایەن و ململانێیەکی ئازایانە بۆ بەرگریکردن لە مانەوەی خەیاڵەکانیان.

هەمیشە لە نێوان واقیع و خەیاڵ زەمینەیەک هەیە پێیدەگوترێت (شیعری جوان، نهێنی – شیعر خۆی نهێنییە)، بۆ ئەوەی دەستی بگاتە داهێنان و تواناڕۆشنیی، دەبێت خەیاڵ بکات و لەناو فەزای خەیاڵدا کەرستەکانی داهێنان بدۆزێتەوە، چونکە هەر خەیاڵە باڵی داهێنانی بۆ دروست دەکات تا بەرز و قووڵ بفڕێ و چاو لە قووڵایی ئاسماندا پەلکەزێڕینەی ڕەنگاوڕەنگی خەیاڵی ببیکێ و بە چەمکێک خەون و خەونبینیەوە مژار و میتۆدی ژیانیان لێ بڕسکێنێت و کێڵگەی سرووش و داهێنان بە تۆی خەیاڵ بچێنێت.

هەر دەقێک فەزا و ڕەنگ و بۆن و ئێستێتیکای خەیاڵەکانی جیاوازە لەگەڵ دەقێکی دیکەدا و لێکدانەوەی جیاوازیش هەڵدەگرێت. کاتێک بتەوێت بە دەقێکی دیکە بەراوردی بکەیت، چونکە دەقەکان خەیاڵن، خەیاڵیش لە سەرچاوەوە بە جیاواز تیشکی داهێنانی لێوە دەبریسکێتەوە و دەنێردرێتەوە بۆ ناوکی دەق و ڕوواڵەتەکەی پێ بارگاوی دەکرێت، بۆیە (بۆرخێس) دەیگوت: ئەگەر دەق وەها خوێندرایەوە، کە گفتوگۆی ئەقڵ دەکات ئەوە بزانە ئەو دەقە (پەخشان)ە ئەگەر وەهاش خوێندرایەوە کە دیالۆگی خەیاڵ دروست دەکات، ئەو دەقە (شیعر)ە و پڕە لە بزاوت و مانا و داهێنانە ئێستێتیکییەکان٣

**سروشت و ئێستێتیکای خەیاڵ لە دەقدا:**

سروشتی خەیاڵ دوو جۆرە، یەکەمیان: خەیاڵێکی (داهێنەرانەیە) لە نهێنی مادده

هەستکراو و ناهەستکراوەکانەوە سەرچاوەی گرتووە. دووەمیان: خەیاڵێکی (نووسراوەیە) دیمەنەکان لەیەکتری نزیکدەکاتەوە، پاشان وێنەیان دەگرێت. دواتر لە ئۆپەراسیۆنێکی تەواو مەعریفی دەیانخاتە چوارچێوەی هزر و خەیاڵگەرایی، دوایی شاعیر کۆی وێنەکان لەناو چوارچێوەکەدا بە ڕووالەت و جۆری جیاواز ڕزگاریان دەکات و بە شێوەی وێنەی شیعریی دەیانهێنێتە دەرەوە.

لە کردەی شیعرنووسیندا هەر دوو چەشنی خەیاڵەکان زیانی نییە، خەیاڵ لە کرۆک و ناوکیدا گەڕان و گەشتێکی شاراوەی باری ناهەستیی و ناهۆشیارییە لە سات و کاتی نادیاردا، ئامادە دەبێت و کەشوهەوای زەین خۆشدەکات. زەمینە بۆ جۆشدانی بیر و ئیجا دەگونجێنێت، خەیاڵ کەشفی شتە پەنهانەکانی پشت تێفکرین و ڕووبەرە فراوانەکانی بابەتە ناهەستیارەکانی ناو گفتوگۆ و ململانێی ئەقڵ و لۆژیکە.

کۆشیعری (سەد و یەکشەوە)ی سەباح ڕەنجدەر ڕەسەنی بۆ شیعری پۆستمۆدێرنیزمی کوردی دەگێڕێتەوە. تێیدا هەر دوو جۆرە خەیاڵەکان هەن، وەلێ خەیاڵی داهێنەرانەی ڕووپێوێکی زیاتری داگیرکردووە. دەسەڵاتی خەونبینیەکەی زاڵە بەسەر خەیاڵە نووسراوە ئامادەییەکاندا.

**(شار باخچەی ئاژەڵی دڕندەیە**
**بێ ئاگایە لە ئازار و برین زیاد دەکات**
**دیمە سەر سینەی شکۆمەند و پڕ هاوارت**
**ئەی گومەزی هەوێنی تاج و ڕەنگی دڵ**
**قومرییەک لەناو چوارینەکانی باباتاهیر**
**تێر دانی ئەفسانەی خوارد**
**بەناوچەوانی خانووەکەمان نیشتەوە**
**سەربالێ نان و ئاوە**
**لەسەر باڵدا ژیان**
**ئەڵقەی بەختی خەواڵووی حاجی قادری کۆیی دەسووڕێنێ**
**ئەرێ چاوی گای ناو سێرک دەبێتە**
**لیستی ناو کتێبی کتێبخانەی گشتی یان نا**
**چاو ناودەنێین دەشتی قوربانی**
**کە هەمیشە لێوڕێژە لە تاسەی سەوزبوون و دەنگی خۆشی مام زۆراب) ل٣١**

وێنەی:
(شار باخچەی ئاژەڵی دڕندەیە
بێ ئاگایە لە ئازار و برین زیادەکات)
وێنەی:
(قومرییەک لەناو چوارینەکانی باباتاهیر
تێر دانی ئەفسانەی خوارد
بەناوچەوانی خانووەکەمان نیشتەوە)

لە هەر دوو وێنەی سەرەوەدا نموونەی خەیاڵی نووسراون، شاعیر زۆر ناچێتە قووڵایی خەیاڵەکانی و وێنە ناهەستییەکانی پەرتەوازەی ناکەن، بە سادەیی خەیاڵ دەنووسێتەوە، تەنیا (شار) دەگوازرێتەوە ناو بوار و کایەی خەیاڵێک، کە بووەتە (باخچەی ئاژەڵی دڕندە) و (قومری)یش لەناو چوارینەکانی (باباتاهیری هەمەدانی) دانی خواردووە، پاشان بەناوچەوانی ماڵەکەیان نیشتووەتەوە و بووەتە هۆی نووسینی شیعرە بەناوبانگەکەی (حاجی قادری کۆیی) (بەختی خەواڵوو)، کە هێمایەکی گەشی شیعری تاراوگە و نەتەوەییمانە.

وێنەی:
(ئەرێ چاوی گای ناو سێرک دەبێتە
لیستی ناو کتێبی کتێبخانەی گشتی
یان نا
چاو ناودەنێین دەشتی قوربانی
کە هەمیشە لێوڕێژە لە تاسەی
سەوزبوون و دەنگی خۆشی مام
زۆراب)

لێرەدا (چاوی گا) چەندان وێنەی جۆراوجۆری تەجریدی پێکهێناوە، خەیاڵەکانی ئاڵۆز و فرەمانان، میتۆدی ئەفسانە و هونەری شێوەکاری و مێژووی پێکەوە گرێداوە، بینراو و نەبینراو یەک پێکهاتەیان هەیە. بابەتی هەوێنکردنی چەند مژارێک ئاشکرادەکات (چاوی گا) ڕەنگی ڕەشە، گرێیداوە بە مێژوە ڕەشەی مام زۆراب، لە چاوی گاوە خەیاڵی فڕیوەتە سەر ڕۆژانی منداڵیی، کە لە قوتابخانە لە کتێبی ئەلفوبێی کوردی (ئیبراهیم ئەمین باڵدار) مێژوی مام زۆرابی خوێندووە. هەر بەم خەیاڵەش چووەتە لای هونەری شێوەکاری وێنە تەجریدییەکانی: (سلڤادۆر دالی) کە لە چاوی گاوە دیمەنی فرە مانایی و هاودژە مانایی خوڵقاندووە، بووەتە مایەی بەکاربردن و بەرهەمهێنان. ڕەنگبێت شیعرە بەناوبانگەکەی شاعیری عەرەب: (علي بن الجهم)ی هاتبێتەوە یاد بە ناوی: (عيون المها) ئەم شیعرە پڕیەتی لە ئەفسوون و نهێنی جوانی و فانتازیای خەیاڵێکی بە پیت و جیهانبینی ڕۆشن، تەنیا لە

**(شیمس هینی) گوتوویەتی: (خۆ شیعر دەبێت هەندێک گرانی و تەمومژاوی کردنی لەگەڵ بێت، خۆ شیعر خوێندنەوە ڕۆیشتنێک نییە لە بیابان، بەڵکو هەڵزنانە بەسەر لووتکە**

چوار دێرەکانی کۆتایی ئەم شیعرەدا کە نموونەی خەیاڵێکی داهێنەرانەیە (دەق) واڵایە بۆ شرۆڤە و لێکدانەوەی دیکەش، کە لەوانەیە لە ئاییندەدا ئاماژەی کەشفەکانی بدات.

(بۆ پێکهاتنی وێنەی شیعری The Poetic Image هەر دوو ڕەگەزی زمان و خەیاڵ کارلێکێکی کیمیاگەرانە لەنێوانیاندا دەسازێت، لە ڕووبەری ئاوێتەبوونیاندا هزر ئامادەکاری پێشوەختەی خۆی کردووە، بێ هزر هیچ وێنەیەک لە خەیاڵدا دروست نابێت، بێ وێنەش شیعر کامڵ نابێت، (زمان)یش هۆکاری بەرجەستەکردنی وێنەکان لەئەستۆدەگرێت، ئەمەش

ئـەو تـیـۆرەیـە کـە: (ئـەرسـتـۆ) لەبارەی پێکهاتەی وێنەی شیعریی خستوویەتیە بەر دیدە:

وێنەی شیعری هزر + زمان + خەیاڵ

وێنە شیعرییەکان جەستە و ڕۆح و جەوهەری دەقن، هیچ کام لە دەقێک ڕەوایی و تەندروستی بۆ ناگەڕێتەوە، مەگەر لە بونیادیدا چەند وێنەیەکی شیعریی جێگای خۆی نەکردبێتەوە)٤ ئەرکی خەیاڵ لە کارە داهێنراوەکاندا ئەرکێکی ناوەندگیرە، بەبێ گەرمکردنی خـەیـاڵ و جۆشدانی، هەستە دیـار و نـادیـارەکـان نـاچـنـە ژێـربـاڵـی دروستکردنی پیت و هێڵ، ئەمانیش شاعیری بە ئەزموون و فیکرڕۆشن زوو هەستەکانی دەبنە هـاوکـار و پاڵپشت بۆ ڕاوکردنی خەیاڵەکانی.

مەزراندنی (تەوزیفکردنی) کلتووری کـوردی لـە دەقـە نوێـخـوازەکـانی شیعری کوردی، ڕەهەندی جیاجیای وەرگرتووە، لە شیعری (کۆشک)دا بەو خەون و دیدە خەیاڵاوییانەیەوە چووەتە ناو کۆشک و چەند پاژێک لـە شیعرەکـەی لـە گفتوگۆی نـاو کۆشکەوە گواستووەتەوە:

**(پیاوێک بە ناوی نالی چووە کۆشکی میرنشینی بابان**
**کەس لەوێ نەبوو**
**کەس لەوێ نەمابوو**
**لە پێناوی خەون بینینێک مایەوە**
**سـەری لـەناو پەنجەرەیەک دانـا و خەوت**
**بەیانی وەک هەموو بەیانییە ڕوو لە خێرەکان**
**زوو لە خەو هەستا**
**لەسەر گردی بەرانبەر کۆشک**
**درەختی حەفت بەری ڕواند**
**بـە سـالـمی گـوت بـە حـەبیبە بڵێ**
**بمبوورێ زۆربەی ژیانم**
**لە ڕواندنی ئەو درەختە بەختکرد و ئاوی حەفت جۆگەم هێناوە سەری**
**بەچی دەچێ و دەبێتە چی**
**کـە یـاداشـتـی بـزربـوونـی دوازدە سوارەی مەریوان**
**لە توێکڵی میوەکانی نەنووسرێتەوە**
**دەنا درۆیە وشکی کەن درەخت نییە) ل٦٩**

هەڵچنینی هـزری کلتووری (بەشە زیندووەکەی) لە ئەدەبیاتی کوردیمان بەگشتی و لە شیعری کوردیمان بە تایبەتی، داهێنانی ئەمڕۆی نووسەر و شاعیران نییە، دەمێکە ئەو کردار و خولیایە هەبووە، هەر شاعیرێک بە جۆرێ وزەی خۆی بۆ بڕستکردن و ڕەسـەنـگـەرایـی خـسـتـووەتـە نـاو پرۆژەکەیەوە و قسەیەکی لێکردووە.

ئـەو دەقـــەی (کـۆشـک) بـە دیـد و خەیاڵێکی تەواو جیاواز داڕێـژراوە، لێرە شاعیر زمان و فۆڕم و مەبەستە کلتوورییەکەی بـە چاودێرییەکی زۆرەوە خستووەتە بەر خزمەتکردنی (مەبەست) کە ئامانجی شاعیر تێیدا جیاکاری بینینە لە کلتوورە کۆن و تازەکانی میللەتەکەمان. لەم دەقەدا تـەجـاوزی کـارە دیـکـۆمـێـنـتـاری و ئەرشیفییەکان کراوە، بە زمانی نوێ و جیهانبینی فراوان و فۆڕمی پتەو چوونەتە خزمەت کاراکردنی کلتوور و نیشانکارەکان تەواو دوورن لەو مانا بەخشییەی نیشانکراوەکان بە تەمان لێیان نزیکببنەوە.

مــەزرانـــدنـــی کـلـــتـــوور، تـەنـیـا شـکـۆدارکـردنـی کـلـتـوورەکـە نـیـیـە، بـەڵـکـو دنـیـایـەک مـانـابـەخشی لە دیدگەمان دەخرۆشێنێت، وادەکـات بـە چـاوی فـەلـسـەفـییـەوە سـەیـری کەسایەتییە کلتوورییەکانمان بکەین و وانە و واتای نوێیان لێوە فێرببین. (نالی) و (حەبیبە) لێرە تەنیا دوو کەسایەتی نین، یەکێیان شاعیر و ئـەوی دیـکـەشـیـان دڵـخـوازەکـەی، ڕەهەندە فەلسەفییەکانی پەیوەندی نێوانیان گرنگە، کە دونیابینی و ژیاندۆستی و مرۆڤایەتییە.

چـوسـت و چـالاککـردنـی کـایـەی ئەندێشە و جووڵاندنی بە هەموو لایەکدا ئەرکێکی دیکەی خەیاڵە، بۆ ئەوەی جووڵە و هێزێکی دینامیکی بەهەست و نەست و زەینە دامرکاوە نیشتووەکانی ناو خولگەی ئەندێشە ببەخشین، دەبێت خەیاڵ چالاک خۆی بنوێنێت و هەموو جۆرە هەستەکان بـکـەونـە خـۆیـان، چـونـکـە خـەیـاڵ دیدگە و بیرەوەری تیژتر دەکات.

لەڕێگای هەستی بینین و گوێگرتن و ئاخافتنەوە ناوەندێک لەخەون و خەیاڵ ڕەوایی بە دەروون ڕۆشنی خـود دەدات بچێتە نـاو گەشتی چنینەوەی خەیاڵ.

(پاسترناک) پێیوایە لـە بنچینەدا شاعیران لاڵن. توانای قسەکردنیان کەمە، لە ڕێگای گوێچکە و چاوەکانیان وێـنـەی خـەیـاڵـەکـانیـان بەرجەستە دەکەن، لەگەڵ سروشتدا دووانەیەکی ناهۆشیاری و نامیتافیزیکی هاوبەش فەراهەم دەکەن، کە کاری ئەوەبێت وەک ماتۆڕ و دینەمۆیەک هەمیشە هێز و وزە بداتە سەرووی خۆی، کە هەست و ناهەستە ئامادەکراوکانی خودە جۆشێنەرەکەیە.

**(ولاتێک لە شەڕێکدا کە نامەی**

**جەنگاوەرەکانی دەبـووە مێژووی ناونان لە ئاگرێک نەوەک بکوژێتەوە**

**قۆزاخەیەکی نەترووکاوی بردەوە سووڕی ژیانی جەلالی میرزا کەریم**

**لەو بەیانییە تەواو بوو کە برایەکان**

**کـفـنـیـان بـۆ درەخـتـە مـەسـت و بەردارەکانی هەولێر دەبڕی**

**کفن لەو کاتەدا دوو ڕەنگ بوو**

**کفن لەو کاتەدا گیرفانی هەبوو**

**ئیدی هەوا لە ژوورەکەیدا جێگۆڕکێی نەکرد) ل١٤٧**

کـاتـێـک هـۆش و نـەسـت تـەواو دەرەنـجـێـن لـە دەوروبـەریـانـدا، سۆزێکی ئەفسووناوی باڵی دەکێشی بەسەر سەرجەم کایە مرۆییەکاندا فـەرمـانـی بـزاڤ و چوستکردنی دەدات. ناخ و خەیاڵ بۆ ئامادەبووان و بـەرهـەمـهـێـنـانـی پـەرچـەکـردار، شاعیر چالاکانە خەیاڵەکانی بەسەر چـەنـد پـاژێـک لـەبـابـەتـی ئـەم دەقـە دابەشکردووە، هەر لە کۆچکردنی (جەلالی میرزا کەریم) لە هەولێر و ئـاشـووبـی شـەڕی نـاوخـۆ و دروستبوونی کەشوهەوایەکی نائارام و بێهوودەیی و ژیان ڕاوەستان و کارەساتە جەرگبڕەکان، هەموویان گەشتی خەیاڵن بەسەر یەکەیەکەی

وێنەکانی ناو ئەم دەقە، کە مۆرکی شاعیرێکی خەیاڵ دەوڵەمەندن، لەهەمان کاتدا کاردانەوەن بۆ ئەو ڕووداوانەی لایەکی هاوکێشەی خەیاڵ دەگرنەوە.

چۆن خەیاڵ ئەو چرکە شیعرییانە دەقۆزێتەوە، کە شاعیر تێیاندا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە کارتێکردنی نێوانیانەوە هەیە؟ فەزای خەیاڵ فراوانە و چەندان تەنی درەوشاوە لەشێوەی گەردیلەی خەیاڵە بچووکەکان لەو ناوەندەدا بەریەک دەکەون، لە ئەنجامی کۆی ئۆپەراسیۆنە هارمۆنییەکانی ناهەستی و ناهۆشیاری ناو کایەی دەق. چەند چرکە شیعرییەکی ئامادە (لحظة شعرية) دەست شاعیر دەکەون و خێرا هەستەکان بۆ ڕزگارکردنیان لەو ناوەندە خرۆشاوەدا دەیانخەملێنن، کە جیوە ئاسا هێندە تیژ و سرک و خزن زوو لەناو زەیندا دەستەمۆ دەکرێن، دەبنە ئەو وێنە شیعرییانەی کە لە منداڵدانی خەیاڵەوە پیتێندراون و بە شێوەی کۆرپە (وێنەی شیعر) چاو بۆ ژیان دەترووکێنن.

(تۆبۆفیلیا (Topophilia) ڕۆڵێکی خولگەیی و کۆششکار دەبینێت لە فراوانکردنی ڕووپێوی خەیاڵی ناو دەقە خەونبینەکان)٦

**(بەو نیازە پەنجەرەکەم کردەوە**
**با بێتە ماڵەکەمەوە کەمانچە بژەنێت**
**درەخت گۆرانیبێژ و خاووخێزانیش کۆرس**
**کەلوپەلیش گوێگر**
**ئەستەمە لە ماڵێکدا دەنگ ئاواز نەرسکێنێت**
**کاتژمێری هەڵواسراو**
**کات نەکاتە ئادەمیزادێکی درۆزن و فریودەرە**
**مۆمم لە هەموو پەنجەرەی ژوورەکانی ماڵم داگیرساندووە و گۆرانی دەڵێم**
**سڵاو لە ئاڵای وڵاتەکەم سێبەرەکانی تێکەڵ نەکرد**
**بەختیار زێوەر گوڵی سەربەستی لە دەستی نزیک خستەوە**
**لە کۆڵانەکاندا بڵاوی کردەوە**
**درەنگ گەیشتە ماڵی خۆی بۆنی تێدا نەما) لا١٠٧**

(کاتژمێر) ناوونیشانی ئەو شیعرەیە هەر بەمەبەست ئەم ناوەی هەڵبژاردووە، کە هێمایە بۆ (کات) بە هەرسێ جۆریەوە ڕابردوو، ئێستا، ڕانەبردوو، ئەم شیعرە ناوەڕۆکەکەی دوو مژار دەپێکێت.

یەکەم: کات و ئەو ماوەیەی کە کارەکانی تێدا ئەنجامدەدرێت، یان ئەنجامدراوە، یان ئێستا کاریگەرییەکەی دەردەکەوێت.

دووەم: غەریبی و گەڕانەوە بۆ ڕۆژانی ڕابردوو. خەیاڵ پەیوەستە بە کات و کردار و شوێن، زۆرترین چەشنی خەیاڵێک، کە شاعیران خولیا و هۆگری بن، ئەو ڕووداوە خۆش و ناخۆشانەیە کە لە ڕابردوودا ڕوویانداوە و کاریگەری بەسەر زەینی شاعیرەکەوە ماوە، لە شوێنێکدا بەجێماوە و وەک کارێکی لەدەستچوو حەسرەتی بۆ هەڵدەکێشێت.

شاعیر (گوڵی سەربەستی)ی (بەختیار زێوەر) دەکاتە پرسی خولگەیی و لەوێوە پەل بۆ بیرهێنانەوە لە ڕێگای خەیاڵگەراییەک، بەسەر ماڵێکی هونەردۆست و دەنگی گۆرانیبێژان و خودی شاعیرێک، کە خاوەن شیعرەکەیە هێمای شیعری بەرگریی و بەرخودان و مانەوەی نەتەوەیەکە، دەهاوێژێت و بونیادی دەقەکەی پێ دروستدەکات.

دیمەنە خەیاڵییەکان پێکەوە گرێدراون و سەربردەیەک، لە شارێکی وەک سلێمانی و لە زەمەنی (بەختیار زێوەر)دا و بارودۆخی سیاسی ئەو سەردەمە دەگێڕێتەوە، ئاهێک بۆ بەسەرچوونی بۆنی خۆشی گوڵی سەربەستی دەکێشێت، کە خاوەنەکەی تێر بۆنی نەکرد، ئەو گوڵەی هێمای ڕۆژی سەربەخۆیی و ئازادی نەتەوەی کوردە، بۆنی بەسەر هەموو کۆچە و کۆڵانەکانی شار پرژا، بەڵام شاعیر نەیتوانی بەدڵی خۆی بۆنی بکات، بە یادی ئەو شیعرە ڕۆژانی ئەمڕۆی باری سیاسی دەهێنێتە ناو گرتە و دیمەنی ئەمڕۆکەمان و بە تێکەڵکێشییەک مەبەستەکەی دەداتە خوێنەرانی.

شاعیری (سەد و یەکشەوە) لە زۆرینەی دەقەکانی ناو ئەم کۆشیعرییەدا بە هەناسەی غەریبی و ئاخ هەڵکێشان بۆ ڕابردوو دەقەکانی ڕەنگرێژ بە نۆستالیژیا کردووە و تێیدا لە بەرجەستەکردنیان ڕەگاژۆبوونێکی هەستیی و هۆشیاری ساغبووەتەوە.

چۆن خەیاڵ پێدەگات و فشاردەخاتە سەر کردەی چالاککردنی مێشک و دەرهاویشتەکانی لە ڕوانگەی زەین و نەست و حاڵەتی ناهۆشیارییدا، چ ڕۆڵێک وەردەگرێت؟


بەختیار زێوەر

لە شیعری (سوپاس)دا ئەو وێنەشیعرییانەی لەو دەقەدا هەن پێمان دەڵێن بوونی (ڕووداو) بۆ دروستبوونی (فشار) چەند گرینگە، کە خەیاڵ لەو کردارەدا چەشنی پەین و کیمیایە بۆ بەپیتکردنی زەوی و زۆربوونی بەروبووم.

**(باران لە دەرگای زەمین دەدا**

**گیای ڕووخۆش لێی دەکاتەوە**
**کەروێشکێک دەچێتە نزیکی**
**سمێڵی لەسەر و پرچی دەسووێ**
**سوپاس بۆ نان و نمەکی خودا**
**بە دڵێک بە ڕێگاوە دەڕوات**
**کە دڵ لە دڵدانی لەدوا نییە) لا١٦**

هێزی پاڵنەری (ڕووداو) فشار دەخاتە سەر بیروهۆش و ڕێکیان دەخات بۆ خۆهەڵکوتانە ناو بواری گەورەکردنی خەیاڵ و لەئەنجامی ئەو تەوژم و فشارانەدا خەیاڵ دەتەقێتەوە، چونکە لەدۆخی ئاسایی و چەقبەستووییدا خەیاڵەکان بەر هۆش و نەست و حاڵەتە ناهۆشیارەکان ناکەون، دەبێت بەریککەوتنێک ڕووبدات تا خەیاڵیش گورجوگۆڵ ببێت بە بەرکار و فرمانی خۆی بکەوێت.

تا (باران لە دەرگای زەمینی نەدا) هیچ کردارێکی زەینی لەسەر دروستبوونی وێنەی دێری دووەم (گیای ڕووخۆش لێی دەکاتەوە) دروستنەبوو، ڕووداو (باران) و (گیای ڕووخۆش) ئەو فشارەش دەبێتە هۆکاری لێکردنەوەی باران، پاشان خەیاڵ لە دێرەکانی دواییدا فراوانتر و زنجیرەیی پێکەوە دەبەسترێنەوە، بێ هۆکاری جووڵاندنی خەیاڵ، دەق لە بونیادی ناوەوەی خۆیدا ئەو سیستماتیکە درامایە لەدەستدەدات، کە بۆ (گێڕانەوە) حاڵەتێکی پێویستە و یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی مانابەخشی لە دەقدا.

بونیادنانی دەق، کردەیەکە هەمیشە بە کراوەیی کۆتایی دێت، هیچ ڕستەیەک لەناو وێنەی شیعریی بە دانانی (نیهاد) بۆ (گوزارە) یان بەپێچەوانەوە، مانای تەواوی نادات، دەکرێت دەق بەوە بچووێنین پارچەیەکە لە کریستاڵ، پارچەی بچووکی دیکەی لێ کەمبووەتەوە، ئەمە بۆ ناوەندی ئەو بیرۆکەیەمان دەبات، کە گوزارشتە شیعرییەکان تەواوببن، یەدەگی دەربڕینە پەخشانییەکان دەستپێدەکەن، واتە: شیعر لە دەقی ئەدەبییدا بە تەنیا گوزارشتبڕ نییە، پەخشان هاوکاری گوزارشت و دەربڕینەکانی دەکات، بۆیە: (ت. س. ئیلیۆت) دەیگوت: (مەحاڵە بە پڕی و بە تەواوی بە زمانی شیعر ئەو دەقە بنووسم، کە دەمەوێت تەواوی بکەم)٧

هەر وەختێک دەق هێزی کرانەوەی بۆ خرایە سەر پشت و سەربەستی خۆی لە گوزارشتە خەیاڵییەکان وەرگرت، شیعر وزەی لە خەیاڵ پێدەگات، خەیاڵ بۆ تەواوکردنی بونیادی چوارچێوەی خستنەناوەوەی دەق پەنا بۆ (زمان) دەبات وەک گوزارشت، جا بە شیعر بێت، یان پەخشان، یان پەخشانە شیعر، لەم حاڵەتەدا بازنەکانی خەیاڵ شەپۆلدەدەن و لەگەڵ میکانیزمی کارلێکردنی هەستەکان، گوزارشتیش ئەڵقە بەدوای خۆی دروستدەکات، تا بونیادی دەق دەنووسرێتەوە، چەندان جار شاعیرەکە ئەڵقە گوزارشتەکانی دەگۆڕێت، ڕووبەری دەق دەبێتە ئامێزگری چەندان وێنەی خەیاڵی تەواونەکراو.

**(سوپاس و درووود بۆ ئازارەکانی ژیان**
**مرۆڤ دوای مردن**
**پێویستی بە چوونە بەهەشتە**
**جۆگەلە بباتە بن درەختی ئومێد و نەمری**
**میوە لە شکۆمەندی دوای زەردەخەنە زیاتر نییە**
**خودایە ئاگرێکم بۆ دەستنیشان بکە**
**چاوی هەموو بینینەکان بنووسێت**
**دڵم دەتوێنمەوە و گوێڕایەڵی دەبم**

**مردووەکان بە چ شێوەیەک دەگەڕێنەوە سەر زەوی) لا٨٠**

شاعیر خۆی لە پراگماتیکیی دووردەخاتەوە و بەدوای بازنە یەک بەناو ئەوی دیکەدا چووەکان دەکەوێ، لەهەر وێنەیەکی شیعردا وێنەیەکی دیکە دروستدەکاتەوە، تا دەگاتە وێنەیەکی خەیاڵی گەورەتر، پێش ئەوەی پشوو بدات سەرلەنوێ خەیاڵی دەیباتەوە بۆ شوێنێکی دیکە. لەوێش بازنە بەناویەکدی داچووکان دەکاتەوە، تا کۆتایی دەق دەبێتە خاوەنی چەندان بازنە، بێ ئەوەی دەق لەڕووی بونیادنانییەوە تەواوببێ، جا لەو پاژە شیعرییەی کە تەواونەبووە، بزانە خەیاڵ چۆن بۆ شوێنێکی دیکە و مەبەستی دیکەی جیاوازی دەبات:

**(کاکەی فەللاح بە پشوویەکی ئارامەوە لە سەنگەردا هاتەدەرێ**

**نەختێک ڕاما و گۆڕەپانی بەردەمی کردە بەردەنوێژ**
**بە قووڵایی وێنە ڕەش و سپییەکانی خۆیدا هاتوچوو**
**قەڵەمەکەی بە ئەسپایی لەسەر شووشەی لامپا دانا**
**بەرەو گۆڕ هەنگاوی خۆشکرد**
**گۆڕ سەنگەری شۆڕشگێڕانە**
**نووسینەکانی ڕوومەتی کێلیش بزەی واتادارن) لا٨٠**

ئەو کات شیعر شێوەی خەیاڵی میکانیکی وەردەگرێت، ئەگەر لە جووڵەکردنێکی هەمیشەییدا فۆرمەڵەکرابێت، دەقی (خەیاڵی میکانیکی) ئەو دەقانەن بەهەموو لایەکدا نەست و هەستی ناهۆشیاری بڵاوە پێدەکەن، چەندان وێنەی جۆراوجۆری خەیاڵ دروستدەکەن، پاشان دەگەڕێنەوە چەقی مەبەست (ناوەرۆکی دەق) ئەو مەبەستە ئەوەیە، ناوەڕۆکێکی پان و بەرینە، هیچ نیشانکار و نیشانکراوێکیش تێیدا جێگای نابێتەوە، تانوپۆیەکن لە یەکتردا جیابوونەتەوە و بەدوای یەکدی کێشکردن ناگەڕێن، تەنیا خەیاڵبینییە دەتوانێت وزەی شاعیر بەرەو ئەو مەودایە ببات، شاعیران تێیدا لە خولگەیەکی کراوەی فرەجەمسەر مانا دروست دەکەن و دەیانخەنە ناو بەرگی خەیاڵی و پەخشیان دەکەن.

ئەندازەی بونیادنانی دەق لای (سەباح ڕەنجدەر) پلاندارێژی پێشوەختەی بۆ نەکراوە، ڕاستەوخۆ و سرووش ئامێز دەچێتە ناو کەشوهەوای شیعر و دۆخ بۆ خۆشکردنی خەیاڵ دەرەخسێنێت، پشتبەستن بەو چرکە ئیلهام بەخشانەی لەگەڵ خۆی دەیبەن بۆ ڕووبەری سەرگەرمی و کەڵکەڵەبوون و خرۆشاندنی ناخ و هەڵاویسانی هەستەکان، ئەمەش

لەلایەک بارێکی پۆزەتیڤە، شاعیری قاڵبداڕێژی لێ پەروەردە نەبووە، شیعرنووسێکی حازربەدەستی لێدەرناچێت، لەلایەکی دیکەشەوە بارێکی نێگەتیڤە، زۆرجار خەیاڵ دەیگەڕێننەوە ناو ئەو بوارە خەیاڵاوییەی چەند جارێکی دیکە لەهەمان شوێندا وێنەی نزیک بە وێنەکانی پێشووی لێچنیوە، بۆیە فۆرمی هەندێک لە خەیاڵەکانی بە یەکدی دەچن، هەمان مۆرکی شیعری کۆنی پێوە دیاردەبێت. لەجیاتی (کاکەی فەللاح) هەر ناوێکی دیکەشی دانابایە، هیچ لە وێنەی خەیاڵە شیعرییەکەی نەدەگۆڕی. واتە: (کاکەی فەللاح) دەبێتە هەموو ناوەکان.

(خەیاڵی کراوە، وەک دەقی کراوە وایە، لەو ساتانەی شاعیر دەیەوێت کەرستەکانی بونیادی خەیاڵە شیعرییەکانی بە کەرستەی هونەری دیکە دەوڵەمەند بکات، پەیوەندیکردن و سنووردارکردنی سرووش و سۆزی ببەزێنێت و بچێتە ناو خولیا و حەز و ویستێکی هونەری شیعری تازەوە، خۆی بۆ ناو مێرگێکی سەوزتر و تەڕتر بخزێنێت و چێژ بگۆڕێت، پەنا بۆ پاشخانە ڕۆشنبیرییەکەی دەبات، دەبینین دەست بۆ خەیاڵی میوزیکی و گۆرانی گوتن و تابلۆکێشان و شانۆگەری و فیلمسازیی ... تاد)٨ دەبات، چەمکی مەعریفەگەراییەکەی هاوکاری دەکات، بەو کەرستانە دەچێتە ناو خولگەی خەیاڵی نوێ بۆ هێنانەکایەی وێنەی شیعریی نوێ.

جار هەیە هەر یەک لەو هونەرانە بەجیا سوودی لێوەرگرتووە لە مەزراندنی شیعرێکیدا، جاریش هەیە چەند هونەرێک پێکەوە لە دروستکردنی پەیوەندییە خەیاڵییەکانیدا ئاوێتەی یەکدی دەکات، پەلکەزێڕینەیەک لەهونەر لەشێوەی خەیاڵی شیعریی لەفەزای داهێنان و فانتازیادا پێکدێت. نموونە لەشیعری (دڵتەنگی) دەبینین لە وێنەشیعری (حەمدی) شاعیردا زۆر جوان پەل دەهاوێت بۆ (کاوێس ئاغا)ی لاوکبێژ و لە دوو وێنەی شیعر و هونەری گۆرانی و لاوکبێژیدا تابلۆیەکی (وێژەیی-هونەریی) دەخوڵقێنێت، ڕاستە دوو وێنەی خەیاڵی لە یەکدی جیان لەڕووی ناوەرۆکدا، بەڵام دەقێکی کراوەی بۆ فەزای شیعرەکە ڕەخساندووە. جێگای کەرستەی هونەریشی تێدابیێتەوە و پەنجەرەی دەقەکەی بەسەر پشتەوە واڵاکردووە.

**(هەر ڕێگایەک وێڵبوونێکی بەدواوەیە**
**وێڵیشە دەتگەیەنێتە قووڵایی گیان**
**دوای لەدایکبوونی حەمدی**
**خوێن لە ئاخی چڵ ڕژا**
**زەوی بە شەونم تەڕ بوو**
**ڕۆژ نیوەی تەمەنی بە دیار زەویەوە**
**ڕادەوستێت و دادەمێنێت**
**شتێک بدزۆێتەوە**
**نەیدۆزییەوە**
**لە ئاوابووندا دڵتەنگییەکانی بەدی دەکات**
**هەر کێ دڵم بڕەنجێنێت**
**خانمی شیعر و هەولێر و نەوای کوێستانان خاڵخاڵ دەملاوێننەوە**
**کاوێس ئاغاش مۆڵەتم لە مەرگ بۆ وەردەگرێت**
**گوێ لە داستان ڕابگرم**
**شکۆی خودا لە دەوروپشتم ئالایەکە هەڵدراو**
**سێبەری بەسەر برینی قوربانییەکاندا دەکێشێت**
**چاوی بێداری و نەسرەوتن دنیای پێشاندام) ل٩٠**

لە چرکەی هۆشیاری و خۆلێکترازاندنی خەیاڵەکانی، دەچێتە باری ئاگایی و هەستکردن بە دەوروبەری، بۆ لاوانەوەی خۆی لەهەر گریمانەیەکی دڵشکاندنی، پەنا بۆ شیعر و هەولێر و کوێستانان خاڵخاڵ دەبات (گاستۆن باشلار ١٨٨٤ - ١٩٦٢ لە بیردۆزەی (فانتازیای شوێن)دا گوتوویەتی: (شوێن پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی باری سایکۆلۆژی و نووسەر دەردەخات، ئەو شوێنەی هەمیشە حەزدەکات لە ناویدا بە خەیاڵ، یان لە ڕاستیدا بژیێت و هەمیشە فیکر و زەینی لەسەرە و خۆشیدەوێت) کە (هەولێر)ی شاری شاعیرە، ئەمە بەو مانایە دێت، خەیاڵ ڕووی ئاگایی و شارییش دەیگرێتەوە، هەموو خەیاڵێک تەنیا وەهم و سەرابێکی تەمومژاوی نییە، بەڵکوو هۆکارێکی زیندووە لە (تۆبۆفیلیا – Topophilia) کە هەمیشە گەڕانەوەیە بۆ ئەو جێگایانەی لە دەروونتدا بە نەمری دەمێننەوە)٩

## زمانی خەیاڵ لە دەقدا:

(مالارمێ) دەیگوت: (من بە قەڵای پۆڵایینی (زمان)م خۆم دەپارێزم. هەر وەختێک ژەنگوژار بنیشێت، گەڕانەوەش بۆ بەکارهێنانی زمانی


کاکەی فەلاح

زمان لەناو کایەی شیعردا ڕۆڵی هێز و دەرەوشانەوەی داهێنان و هاوسەنگ ڕاگرتنی هەموو بنەما و مەرجەکانی شیعر نماییش دەکات، گرینگی و کاریگەرییەکەی لە دەغدەغەدانی خەیاڵدا فراوانتر و چوست و چالاکتر پەرەدەستێنێت، بۆیە وروژاندنی خەیاڵ، بەهێزبوون و پاراوترکردنی زمانی لێوە بەدەستدێت، بەئەزموون سەلمێندراوە، تا زمان کاریگەرییە پۆزەتیڤەکانی بکەوێتەکار، شیعر توانای خۆنوێکردنەوەی لە وشە و دەستەواژە و هێما و زانستە زمانییەکان بە گشتی، دەوڵەمەندتر دەبێت و کاراتر دۆخ بۆ نەشونمای

**(مالارمێ) دەیگوت: (من بە قەڵای پۆڵایینی (زمان)م خۆم دەپارێزم**

پێش و کارتێکردن لە نێوانیاندا گەرمتر دەبێت.

هەر دەقێکی هونەریی بە (شیعر) ەوەش، دوو ئاست پێشکێش دەکات.

یەکەم: ئاستی هەواڵبەخشی.

دووەم: ئاستی هێمابەخشی.

ئەوەی دووەمیان بە ناڕاستەوخۆ ڕووماڵی زمان دەکات، بەرگێک لە تەم و دیدە نارۆشنی پیشاندەدات. ئەو هێماگەراییە، شرۆڤە و شیکردنەوەی دەوێت، هەموو جارێک بە ئاسانی ناگەیتە ئەو ڕادەیەی بتوانیت کۆدەکانی هێماکان بکەیتەوە، سیحری سیحربازەکە بەتاڵ بکەیت، بۆیە لەدەقی هێمابەخشی، خوێنەر، هەندێکجار ڕەخنەگرانیش، دووچاری سەرئێشەی ناتێگەیشتن لەمانای هێماکانی ناو وێنە شیعرییەکان دەبن، بڕێکجاریش هێدمە و بەدحاڵییبوون دەگاتە دۆخی بێزاریی و دەستهەڵگرتن لەگەڕان بەدوای مانابەخشین و فرێدانی سەرتاپای دەقەکە.

زمان لە دەقی: (سەد و یەکشەوە)دا بەهیچ کلۆجێک لەسەر شێوەی زمانی هەواڵ دانەڕێژراوە و هیچ ڕستەیەک خەبەر و هەواڵی لەگەڵ خۆی نەهێناوە، بەڵکوو دەقێکی هێمابەخشی پڕاوپڕە لە سەراسیمە و سەرسوڕمان و تەمومژ و ڕەهەندی ئاڵۆز ئاڵۆزی بە زەخرەفە هێما نەخشێندراون، خوێنەر بە سانایی ناگەنە مەرامیان بە دەستکەوتنی ماناکان، مەگەر خوێنەری مەشقکردوو و زیرەک و ڕۆشنبیر نەبێت. وشەکان سادەن، ڕستەکان دیارن، بەڵام کە دەگاتە قۆناغی کامڵبوونی وێنەی شیعریی، هێماکان دەبنە لەمپەر لەبەردەم ڕوونیی و دوودیوی وێنەکان و جۆرێک لە ناڕوونیی لەکردنەوەی کۆدەکانی (هێما) قورسەکان دروستدەبێت.

ئەمەش خەسڵەت و بنەمای شیعری نوێخوازی و ڕەهەندە زمانەوانییەکانیەتی. (ئەدۆنیس) پێیوایە: (شیعر گەڕان و ڕۆیشتنێکی هەمیشەییە بەناو نادیاریدا)١١ گەڕان و کەشفکردنی شیعری هێماگەر و پڕ سەرسوڕمان و نیگەرانی، پێویستی بە پاشخان و گەنجینەیەک لە (خەون) هەیە تا سەفەری ناو زمان و بونیادی دەقێکی هەڵچنراو لەزمانی سەردەمیانە و جیهانبینی و تێڕوانینی تژی لە ڕەمز و بەها پێشکەوتووەکانی خەونە هاوچەرخەکان بکەیت.

لەناو دەقی سەرکەوتوودا، زمان کردەی تێکدان و سەرلەنوێ دروستکردنەوەی زمانەکەیەتی، دۆزینەوەی کانزای بەنرخ و گەڕانی دووروودرێژی ناو خاکوخۆڵ و ژێر دەریاکانی پێویستە، بۆیە بۆ خوێنەری ئاسایی خوێندنەوەی ئەمجۆرە دەقانە ئەرکە و هەندێکجاریش قێزەون. نموونەی ئەو وێنەشیعرییانەی خوێنەری ئاسایی، یان ڕەنگبێ زۆرێک لەشاعیران و ڕەخنەگرانی ئاسایی نەتوانن هەرچی بکەن و چێژێک لە ماناکانی بەدەستبهێنن، نموونە:

**(زیندەوەرێک لەژێر زەوی هاتەدەرێ**
**هەوایەکی پاراوی هەڵمژی و بەچاو نزایەکی نواند**
**سوپاس بۆ بۆنی خۆشی پەڕەسێلکە**
**نەیهێشت ئەستێرە تەماشای ئەو ئادەمییانە بکات**
**درۆیان بەدەمیەوە کردووە) لا١٠٣**

تۆ بەرانبەر تابلۆیەکی تەجریدی ئاڵۆسکاو بە چەندان ڕەنگی تۆخ و هێمای سەیر و هێڵ و سکێچی بەناویەکتربڕ وەستاوی، دەبێت ئەو (زیندەوەر)ە چی بێت لەژێر زەوی هاتووەتەدەرێ؟ باشە بۆنی خۆشی (پەڕەسێلکە) چ پەیوەندیەکی بەوانەوە هەیە، کە درۆیان لەگەڵ (ئەستێرە)دا کردووە؟ ئەم هەموو پرسیارە ئاڵۆزانە، بێ وەڵام لە مێشکی خوێنەردا دەخولێنەوە، ناتوانن وێنەیەک خەیاڵ بکەن، کە لێی نزیک بن و لە مانابەخشییەکەی تێبگەن.

**(دڵشاد مەریوانی زەنگوڵەیەکی بە دەرگای حەوشەوە کرد**
**لەسەر پشتی ئاسنێکی سارد نووسی**
**هەبوو**
**نەبوو**
**هەیە و نییە**
**تابووت ژوورێکی تاریکە**
**چاوم نوقاند و لە دڵی خۆمدا بۆ شوێنێکی دوورم ڕوانی**
**شوێنێک بای پەڵە پرچی هەوری لەسەر دەموچاوی هەڵدایەوە**
**کێڵگەی گەنم گەورەبوو) لا٩٩**

تەنیا ئەوانەی ئاگاداری چیرۆکی گرتن و زیندانیکردن و پاشان کپکوشتن و گۆڕغەریبی (دڵشاد مەریوانی)ن دەزانن ئەم چەند وێنەیە حەکایەتی لەناوچوون و قوربانیدانی شاعیرەکە دەگێڕنەوە، ئەویش لەکۆی مانای وێنەکان دەخوێندرێنەوە، ئەگینا گەنج و خوێنەرێکی وەچەی ئەمڕۆ، کە شتێک لەبارەی سەرکردە نەتەوەییەکانمان نازانن، چۆن لەم دەقە بگەن. کاتێک ڕستە و پاشان وێنەکان هێندە تەجریدین زەین و مێشک ماندوودەکەن، وەک ئەوەی لەبەرانبەر پارچەیەک لە (وشەی یەکتربڕ) دامابن و هێماکانیان پێ شیتەڵ نەکرێت.

لە بەرانبەر ئەمەشدا، خۆ دەبێت ئەوەی بیەوێت لە واقیعی شیعری نوێخواز حاڵیی بێت، ئەوەندەش زانیاری هەبێت. خوێندنەوەی ئەمجۆرە دەقانە، سەلیقە و وریایی و مەعریفەگەراییەکی سەرتاپایی دەوێت **(شیمس هینی) گوتوویەتی: (خۆ شیعر دەبێت هەندێک گرانی و تەمومژاویکردنی لەگەڵ بێت، خۆ شیعر خوێندنەوە ڕۆیشتنێک نییە لە بیابان، بەڵکو هەڵزنانە بەسەر لووتکە)١٢**


هەرگیز مەبەست لە دانانی (وشە)

له ڕستەی شیعریی، مانابەخشی و چێژ و گوزارشتکردن نییە، بەڵکوو بەدوای ڕاستی و پەنهانەکان، له سیمای گشتی شیعرەکانی شاعیری (سەد و یەکشەوە)دا دەبیندرێت وەک شاعیرە سوریالیستەکان مامەڵەی هزر و زمان و بونیادنانی شیعری ڕەچاوکردووە، فیکر و بابەتی گوزارشتەی ئازاد و زمانی قەتیس و کورتبڕی لەڕستە و دەستگرتن بە زۆر بەکارنەهێنانی وشە، لادان له کلتووری سواو و گوێنەدان بەبنەما و ڕەوشتە کۆمەڵایەتییە بێ ماناکان و فڕێدانی پرسیار بۆ ناو فەزایەکی کراوەی فرە ڕەهەند و شیکاریی، بایەخدان بە ئازادییە فیکرییەکان و نوێخوازگەرایی لەزمان و مۆدێلێکی نوێ لەدارشتنی بونیادنانی چەمکی شیعریی و سەرکێشیی لەخەیاڵ و ڕەهاکردن لەخەون و گەڕانێکی بێ وچان بەدوای ڕاڤەی تازە بۆ شیعر و هەڵگەڕانەوە لەو کۆنە سیما سواوانەی نیو سەدەیە شیعری کوردی بەناوی تازەگەرایی و هاوچەرخییەتی لەبنەمای هونەریی شیعردا گۆڕەپانەکەیان قۆرخکردووە، ئەمەش لەخۆڕا ڕێچکە ناگرێت و چەکەرەش ناکات، بەرهەمیش بەدەستەوە نادات، ئەگەر چەند هۆکارێکی دەروونی و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئایینی بۆ ناو ئەو سەرکێشییەیان پەلکێش نەکردبێت. کاتی خۆی (ئەندریێ بریتۆن) دامەزرێنەری شیعری سوریالی لەئەنجامی بێزاربوون لەهەموو شتێکی باوی جیهان، یاخی بوو، وەک مەلێکی دیل له قەفەس بە دەست نائازادی و دیلی و کێشە کەڵەکەبووەکانی مرۆڤ، بڕیاریدا ئیرادەی بەهێزبکات و وزە و هێز لەسرووش وەربگرێت و دژی قۆرخکاریی و لاساییکردنەوە و پووچییەکانی ناو مێشکی مرۆڤی کۆن بجەنگێت و قەفەس بشکێنێت، فیکری ڕەها و زمانی نوێ بپشکوێنێت، لەشیعری (نەترسان) گوزارشتێکی زۆر نزیک لەم بۆچوونانەی، کە دەیەوێت وێنایان بکات، بە پاڵپشتی (زمان)ێکی نوێ شایستە بۆ نوێنەرایەتی بۆچوونەکانی و سەرکەوتنی سەرکێشییە پیرۆزەکەی، کە تا سەر ئێسقان باوەڕی پێهێناوە و له خوێنیدا هەڵایساوە:

**(لەسەر یەک لە تەختەکانی باخچەی**
**گشتی هەولێر**
**کەشکۆڵی پێغەمبەرانم بەجێهێشت**
**بۆ ئەوەی ورە و هێز و توانا بدەمە**
**پیاوێکی دڵشکاو**
**لە زەوی ڕەق نەترسێت**
**چەمێک بۆ بەخێوکردنی ماسی و**
**مەلە ڕژایە بەرماڵیان و پرسی**
**دوژمنان ڕۆیشتن**
**ئەدی برادەرانی من لەکوێن**
**ئەم پرسیارە کەمێکی تری ماوە)**
**لا١٠٥**

ئەم شیعرە وەک شیعرەکانی دیکەی، مانیفێستی خود ئاشکراکردنە، خودییەک ڕوو لەئاسۆ و بەدوای ئاسۆدا دەگەڕێت و لێشی نادیار نییە، لەهەر بارودۆخێکدا ئەگەر زمان ئامانجی کەشف و دۆزینەوەی بەرگی نوێ و کەناڵی نوێ و ڕایەڵی بە یەکەوە بەستنەوەی داهێنانی هێنایە ئاکام، ئەو زمانە دەکەوێتە باری توندوتۆڵکردنی ڕەسەنایەتی و خۆجیاکردنەوەش لە (لاسایی) زمانی شیعریی (سەباح ڕەنجدەر) هەم زمانێکی تەواو هاوچەرخ و ڕەگداکوتەرە، هەم زمانێکی تایبەتمەندە، کەسی دیکە لەشاعیران ناتوانن لەم زمانە دۆخگۆڕە نزیکببنەوە. (زمان) بووەتە پردی بونیادنانی جیهانبینی تێفکرین بۆ کلتوور و پیادەکردنی داهێنان و بەکارهێنانی میتۆدی نوێ بۆ چالاکترکردنی هزر و هاوچەرخبوونی زمان.

مەبەست و ئامانجی شاعیر لەمەدا دەیەوێت ڕواڵەتی نوێی داهێنەرانە بۆ گوزارشتکردن لە ناوەوەی زمانە خۆجێییەکەیدا بدۆزێتەوە و نمایشی بکات، بەو مانایە نا تەنیا جیاوازبێت لەگەڵ شاعیرانی دیکە، چونکە ئەوانەی ویستوویانە لەگەڵ هاوپۆلەکانیان لە شیعردا جیاوازییەک بدۆزنەوە، جگە لە (زمان) دەبێت پڕۆژەی مەعریفەگەراییەکی هێندە دەوڵەمەندی هەبێت دەرگای گفتوگۆی بۆ گۆڕینەوەی کلتوورە جیاجیاکان کردبێتەوە، ئامادەش بێت لەشاعیرێکی (ئاسایی) بگۆڕدرێت بۆ شاعیرێکی بە (ئەزموون) کە فشارەکانی سەری کاری لێنەکەن و له کۆششی داهێناندا بەردەوام دەبێت. ئەوەی جێگای سەرنجمانە، (زمان) گرفتی سەرەکی خوێنەری کۆشیعری (سەد و یەکشەوە)یە چونکە شاعیر لەئەنجامی مەزراندنی وشە بۆ جێگای شیاویدا، جۆرێک لەناڕوونی لەمانای وێنەکان دروستدەبێت، هەورێکی


دڵشاد مەریوانی

سپی لەچەشنی تەمومژ بەسەر کەش و دۆخی (مانا)ی شیعرەکە کۆدەبێتەوە، بەرجەستەکردنی وشە لەڕستەدا هەرگیز لای شاعیر بەدەستی ئەنقەست و گەمەکردن و زەخرەفەکاری نەبووە (بەڵکو گرینگی و ئەرکی وشە لە شیعردا ئەوەیە بونیادی دەق پتەو و تۆکمە بکات، بژاقی مانا لە دەوری زماندا چالاک ببێت)١٣

(جان کۆهێن) گوتوویەتی: (زمانی ئاسایی یاسا و ڕێسای خۆی هەیە، کە پابەندە بە ئەزموونە

## کۆشیعری (سەد و یەکشەوە)ی سەباح ڕەنجدەر ڕەسەنی بۆ شیعری پۆست مۆدێرنیزمی کوردی دەگێڕێتەوە

دەرەکییەکانەوە، کەچی زمانی شیعر تەواو پێچەوانەیە، پشت بە ئەزموونە ناوەکییەکان (الباطنية) دەبەستێت)١٤

بەو لێکدانەوەیەی (جان کۆهێن) بێت، زمان لە شیعردا مەملەکەتی تایبەتی خۆی هەیە، نوێنەری لە دەرەوە نییە و خۆی هەموو شتێکە و پرسیارگەلێکی نە پراکتیکانە و نە تیۆریزانەشە، دەبێت هۆشمەند بەدوای سیما واتاییەکانی بگەڕێت و ڕەوت بۆ تێگەیشتن بدۆزێتەوە.

شیعر: پەیوەندییەکی ناوەندی بە (زمان) هەیە، کە ئەمەیان ڕاستییەکە ناکرێ گومانی بخەینەسەر، بەڵام هەستیاری و ترسناکییەکەی زیاتر لە ورووژاندنی (خەیاڵ)دا شاردراوەتەوە.

**ئەنجام:**

١- لە کۆشیعری (سەد و یەکشەوە)دا سێ میتفۆر لە خەیاڵگەرایی شاعیردا خەملێنراون:
- نموونەی خەیاڵێکی مەعریفی و لۆژیکی.
- نموونەی خەیاڵێکی تێرامانەوی و خەونبین.
- نموونەی تێکەڵاوبوونێکی هەردوو نموونەی سەرەوە، کاتێک تێڕوانینێک لە قووڵایی واقیعبینیدا هەڵدەهێنجێت.

٢- (خەیاڵ) لای شاعیر تەنیا توخمێکی بنچینەیی پێکهاتەی شیعر نییە، (هەوێن)ی سەرەکی دروستبوونی شیعرەکانیەتی، بێ خەیاڵکردن لەناو کایەی شیعر دوور نەکەوتووەتەوە، ئەم حاڵەتە دەگمەنە لەناو شیعری نوێخوازی کوردیمان، کە شاعیرێک هێندە خەیاڵاوی تا ئەو سنوورەی خەیاڵی بووبێتە (هێما)ی شیعرنووسینی و هێماکانیش هەڵگری شیکردنەوەی ماناگەلێکی فراوان و ڕەهەند و قووڵایی (ئاماژە)ی فرە جەمسەرن.

٣- زمانی لەپێناو فراوانکردنی کایەی خەیاڵەکانی بە جۆرێک بەکارهێناوە، وەک دووانەیەکی میتافیزیکی شانیان داوەتە شانی یەک بۆ سەرکەوتنی بونیادی دەق لەفەزای ناهۆشیاریی و ناهەستییدا، تا ئەوپەڕی سنووری کاملبوونێکی پڕ لەواتا و سەرسامیی و جوانیی.

٤- پانتایی (خەیاڵ) هاوتەریب بووە لەگەڵ هێزی (زمان) بۆ کاراکردن و هەمەجۆرکردنی ڕایەڵ و ڕەهەندەکانیان، بەدڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم: ئەم کۆشیعرە سەراسیمای خەیاڵی هێندە دەوڵەمەندە، لەئەدەبی کوردیماندا نموونەی شیعرێکی نوێخوازی زیندووە، دەکرێت توێژینەوە و باس و خواسی زۆرتری لەبارەوە بکرێت، هەروەها کرانەویەکی ڕەسەنە بەسەر زمانی نوێگەریدا.

**پەراوێزەکان:**

١- جراف طولي (أهمية التخيل في الحياة) ڕۆژنامەی مەککە، ڕۆژی ١٨/ یەنایەری/ ٢٠١٨، لا١٠
٢- هەمان سەرچاوە.
٣- محمد أبو زيد، ڕۆژنامەی (الشرق الأوسط) ژ ١٤٨٤١، لە ١٧/ یۆلیۆ/٢٠١٩.
٤- بومالي حنان (عبدالوهاب البياتي و تجليات الحداثة الشعرية) لا١٤، ط٢
٥- غاستون باشلار (جماليات المكان) وەرگێڕانی غالب هلسا، خانەی الجاحظ بۆ بڵاوکردنەوە، بەغدا ١٩٨٠، لا١٣٦
٦- د. شاكر عبدالحميد (الخيال من الكهف الى الواقع الأفتراضي) عالم المعرفة، الكويت، لا١٨٢
٧- خيري منصور (محمود درويش عودة الشعر الضال) منبر ثقافي عربي، ڕۆژی 2019/9/15.
٨- خزعل الماجدي (العقل الشعري) النالیا للدراسات والنشر، لا٣٧٧
٩- د. شاكر عبدالحميد (الخيال من الكهف الى الواقع الأفتراضي) عالم المعرفة، الكويت، لا١٨٢
١٠- خيري منصور (محمود درويش عودة الشعر الضال) منبر ثقافي عربي، سایتی ئەلیکترۆنی .www.alaraby.co.uk، ڕۆژی ٢٠١٩/٩/١٥.
١١- سامي مهدي، أفق الحداثة وحداثة النمط، بغداد، لا١٦٦
١٢- شاكر لعيبي، الشعر عند شيموس هيني، مجلة بين النهرين، العدد ١٢٤، ص٥٧
١٣- د. عبدالواحد لؤلؤة، (البحث عن معنى) دراسات نقدية، المؤسسة العربية، بيروت، ص١١٢
١٤- رشيد أمديون (شعرية السؤال ودلالاته) سایتی ئەلیکترۆنی .www.alquds.co.u ڕۆژی ٢٠١٩/٨/٢٥

**سەرچاوەکان:**


١- دیوانی سەباح ڕەنجدەر، بەرگی دووەم، ساڵی ٢٠١٨، چاپخانەی تاران، تاران.
٢- غاستون باشلار (جماليات المكان) وەرگێڕانی غالب هلسا، خانەی الجاحظ بۆ بڵاوکردنەوە، بەغدا ١٩٨٠
٣- خزعل الماجدي، (العقل الشعري)، النالیا للدراسات والنشر، سورية.
٤- د. شاكر عبدالحميد، (الخيال من الكهف الى الواقع الأفتراضي) عالم المعرفة، الكويت.
٥- جراف طولي، (أهمية التخيل في الحياة)، جريدة مكة.
٦- محمد أبو زيد، جريدة (الشرق الأوسط)، عدد ١٤٨٤١
٧- بومالي حنان، (عبدالوهاب البياتي و تجليات الحداثة الشعرية)
٨- خيري منصور (محمود درويش عودة الشعر الضال) منبر ثقافي عربي، الموقع الإلكتروني .www.alaraby.co.uk
٩- سامي مهدي، أفق الحداثة وحداثة النمط، بغداد، ط١
١٠- شاكر لعيبي، الشعر عند شيموس هيني، مجلة بين النهرين، العدد ١٢٤
١١- د. عبدالواحد لؤلؤة، (البحث عن معنى) دراسات نقدية، المؤسسة العربية، بيروت.
١٢- رشيد أمديون (شعرية السؤال ودلالاته) الموقع الإلكتروني .www.alquds.co.uk

# ڕۆمانێک لەنێوان دوو زەنگدا



د. نەجم ئەلوەنی

لەم وتارەدا دەقی ڕۆمانی (من تامەزرۆی خۆشەویستیم) لە نووسینی (ئاسۆ حەسەن) دەخەینە بەر ڕۆشنایی تیشکی ڕەخنە و لەڕووی بونیاتەوە شیکردنەوەی بۆ دەکەین.

شایانی ئاماژەیە ئەمە ڕۆمانێکی دیکەی نووسەرە و پێشتر ڕۆمانی (نوێژی ڕووناهی) لە ساڵی (٢٠١٣) لە لایەن یەکێتیی نووسەرانی کوردەوە بۆ چاپکراوە. ئەم ڕۆمانەی باسی دەکەین، چاپی تارانە و لە ساڵی (٢٠١٩) لە قەبارەیەکی مامناوەندی (١٧٧ل)دا بڵاوبووەتەوە.

لەم ڕۆمانەدا چەند کارەکتەرێکی سەرەکی و لاوەکی ڕۆڵیان گێڕاوە:

(هەژێن بازگر، مامۆستا بەناز بەهرام ئۆمەری، پیرەمێردی بازگر، سورمێ ژنی پیرەمێرد و نەنکی هەژێن، شێرزاد بازگر باوکی هەژێن، فاتیمە حەمەسوور کاکەمەندی دایکی هەژێن، خەڵکی لادێ، دایک و باوکی مامۆستا بەناز، کۆترێکی سپی کە هێمایە بۆ ڕەوانی نەمری شەهید شێرزاد بازگر، لاوێن کە هەژێن خۆشی دەوێ و پەیمانی هاوسەرییان بەیەکداوە...هتد)

زەمەنی ئەم ڕۆمانە کەمتر لە سەعاتێ دەخایەنێ، ماوەکەی دەکەوێتە نێوان لێدانی زەنگی تلیفۆنێکی مۆبایلەوە کە هەژێن بۆ مامۆستا بەنازی دەکات و لە لاپەڕە (٣)وە دەست پێدەکات و لە لاپەڕە ( ١٧٧) بە لێدانی زەنگی تلیفۆنێکی مۆبایل لە لایەن( لاوێن )ەوە ڕووداوەکان کۆتایی دێ.

لەماوەی نێوان ئەو دوو زەنگەدا، ڕۆماننووس لەڕێی زەینی مامۆستا بەناز و گێڕانەوەکانی بگێڕەوەدا بە بەکارهێنانی دیالۆگ و مۆنۆلۆگ و خەونەوە گەشتێکی فرەوانمان بەناو کارەسات و سەرکەوتن و شکستەکانی ژیانی هەژێندا پێدەکات. زۆربەی ڕووداوەکان لەزەمەنی ڕابردوویەکی دوور و نیزیکدا ڕوویانداوە. باپیرە بازگر و داپیرە سورمێ بەشێکیان بۆ مامۆستا بەناز گێڕاوەتەوە کە مامۆستای گوندەکەی ئەوان بووە و ماوەی چوار ساڵی لە ژوورێکی ماڵی ئەواندا بەسەر بردووە. بەشێکی دیکەی ڕووداوەکانیش لە لایەن (هەژێن)ەوە بۆ مامۆستا بەناز باسکراوە، بەتایبەتی کاتێ باپیر و داپیری هەژێن دەمرن و ماڵی مامۆستا بەناز وەک کچی خۆیان هەژێن لە خۆدەگرن هەتا دەگاتە قۆناغی سێیەمی کۆلێژی پزیشکی، و ئیتر ڕۆمانەکە کۆتایی پێدێ. هەندێ ڕووداویش بە بەرچاوی مامۆستا بەنازەوە ڕوو دەدەن و دوایی ئێمە لەڕێی زەینی ئەوەوە زانیاریمان لە بارەیەوە دەست دەکەوێ کاتێ پاش زەنگی تلیفۆنەکەی هەژێن بەدەم ڕێوە دەبێ بۆئەوەی بگاتە ماڵەوەوە و بزانێ بۆ جارێکی دیکە هەژێن باری دەروونیی تێکچووە و وەک جارانیتر گلەیی لە بەخت و چارەنووسی خۆی دەکا و دەگری.

لەڕووی ناوەرۆکەوە ئەم ڕۆمانە ژیانی (هەژێن شێرزاد بازگر)مان بۆ دەگێڕێتەوە. باوکی هەژێن پێشمەرگەیەکی ئازا و ڕۆشنبیربووە، لە پێناوی وڵات و ئازادی و یەکسانی و ئاشتیدا لە چیای باواجی شەهیدبووە و گۆڕبزرە. ڕۆماننووس بە سوود وەرگرتن لە هۆنراوەی ( سەربازی ون )ی (عەبدوڵڵا پەشێو) ئەم نازناوەی داوەتە پاڵی. لە پاش خۆی تەنانەت وێنەکی بەجێ نەماوە. هەژێن تازە دەکەوێتە سەرپێیان، کەسوکاری دایکی، بە زۆر دایکی بەشوو دەدەنەوە و بۆ ماوەی بیست ساڵ هەژێن هیچ زانیارییەک لەبارەی ئەوەوە نازانێ.

مامۆستا بەناز وەک کچ و خوشکی هەژێن لەخۆی دەگرێ و فێری دەکات چۆن متمانەی بە خۆی بێ و بە ئاسانی شکست نەخوات. ڕاستە دوای

> **یەکێ لەخاڵە بەهێزەکانی ڕۆمان، دوا هەڵوێست و کۆتایی ڕۆمانە، چونکە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی دەقەکە پێکەوە دەبەستێ، بەڵام لەم ڕۆمانەدا، ڕۆماننووس لاوازترین کۆتایی هەڵبژاردووە**

مردنی باپیر و داپیری تووشی نەخۆشیی دەروونیی دەبێ، بە تایبەتی خەمۆکی دەبێ، بەڵام زوو مامۆستا بەناز و دایک و باوکی مامۆستا بەناز فریای دەکەون و جارێکی دیکە هانی دەدەن بڕوا بە خۆی بکاتەوە.

لە گرنگترین قۆناغەکانی گەشەی جەستەیی و تەمەنی هەرزەکاریدا، ئەو مامۆستایە تێیدەگەیەنێ، چۆن ڕەفتار بکا و تووشی هەڵە نەبێ و لە گرتنی هاوڕێدا هوشیارانە هەنگاو بهاوێ و تێنەکەوێ. ئەمیش سەرەڕای جوانییە لە ڕادەبەدەرەکەی بڕیار دەدات بۆ هەموو شتێ پەنا بۆ عەقڵ بباو نەکەوێتە ژێر کاریگەریی سۆزەوە.

هەژێن دوای ئەوەی خۆی دەناسێ، بیر لەوە دەکاتەوە چۆن ئەوی دی بناسێ و تەفرە نەخوات، بۆیە تا نەگاتە قۆناخی زانکۆ پەیوەندی سۆزداری لەگەڵ کەس نابەستێ و لەم قۆناغەشدا دەڵێ: سێ هەنگاو گرنگن بۆ دۆزینەوەی خۆشەویست کە ئەمانەن: هاوڕێتی، لێکتێگەیشتن، دڵداری.

هەژێن ئەگەرچی باوکی خۆی نەدیوە، بەڵام ئەوەندە باسی جوانی و ئازایەتی ئەویان بۆ کردووە، لە ناخەوە عاشقی بووە و خۆزگە دەخوازێ مێرد بە پیاوێک بکات وەک ئەو جوان و ئازا بێ تا لەم تەنیایی و سەرگەردانییە ڕزگاری بکا و لەگەڵ ئەودا ئەوەی بازگر بپارێزێ. هەژێن لە گوند کۆترێکی سپی هەیە و وادەزانێ ئەو کۆترە ڕۆحی باوکێتی کە بەو جۆرە ئەمی خۆشی دەوێ.

پاش بیست ساڵ کاتێ کە هەژێن لە قۆناغی سێی کۆلێژی پزیشکی




دەبێ، لە ناکاو خاڵێکی پەیدا دەبێ و دێتە سەردانی بە مەبەستی ئەوەی بۆ کوڕێکی خۆی بیخوازێ کە فیتەرە، ئەمیش بە توندی ئەو داوایە ڕەت دەکاتەوە و تەنانەت حاشا لەوە دەکات کە خاڵی هەبێ.

لە لاپەڕە ( ١٣٤)دا لە ڕێی دیالۆگی نێوان هەژێن و خاڵی ڕۆمان دەردەکەوێ کە دایکی هەژێن لە وڵاتی سویدە.

نووسەر لەم دیالۆگەدا لە دیاری کردنی ژمارەی ساڵانی لێکدابڕانی هەژێن و دایکی هەڵەی کردووە و لە زاری هەژێنەوە کە لەگەڵ خاڵی دەدوێ، دە ڵێت:

ـ من دایکم هەبووە تا خاڵم هەبێ

.....

ـــ کاکە بەرلە (١٧) ساڵ دایکم مرد ئەو ڕۆژەی من تازە بە سەر پێییان کەوتبووم .. ئەو تارای سووری کردە بان سەری خۆی و بۆ گولەی مێردی منی جێهێشت ...

لە هەقیقەتدا ئەوە ڕاست نییەو بۆ بەڵگەش لە لاپەڕە (١٤٢)دا کاتێ بە تلیفۆن هەژێن قسە لەگەڵ زرباوکی دەکات، دەڵێ:

ـــ ئاگاداربە ئەو کچێکی لە کوردستان هەیە.

ـ ئائهوو ... ئەو بیست ساڵە وازی لەو کچە هێناوە ..

لەبەر ئەوەی ڕۆماننووس وەک شێرزاد بازگر پێشمەرگە بووە و بۆ هەمان ئامانج خەباتی کردووە، بۆیە هاوسۆزییەکی نەشاراوەی لەگەڵ ئەو شەهیدە و ماڵباتەکەیدا هەیە، بەڵام ئەمە ڕێگەی پێ نادات بێ بەڵگەی مادی کەسانی وەک مێردی

دووەمی فاتیمە حەمە سوور بە دز و گەندەڵ بزانێ، یاخود بێ هیچ بەهانەیەک لە زاری هەژێنەوە سووکایەتی پێ بکات وەک لەم دیالۆگەی کە لە لاپەڕەی ( ١٤٣)دا لە ڕێی تلیفۆنەوە لە نێوان هەژێن و زڕباوکەکەیدا دەردەکەوێ:

ـ تۆ پیاوێکی چاوچنۆک و بوودەڵەی .. مافت نییە بەناوی خاتوو فاتیمەوە قسە بکەی.

ـ تەلەفۆنەکە بدەوە خۆی ..

ـ تۆکێی بێڕیزی بەمن دەکەی ؟!

ـ تەلەفۆنەکە بدەوە بە خاتوو فاتیمە ئەو بڕیار دەدا ... ئێوە لە سویدن نەک لە نێو داعش و تونێلەکان.

پاشان هەژێن دەڵێ:

((زانیم ئارامم نییە گوێ لە قسەی پیاوێکی دزو گەندەڵ و درۆزن بگرم، ئیتر تەلەفۆنەکەم لەسەر داخست و ناچارم کردن ئەوان پەیوەندی بکەنەوە))

لێرە ئاماژە بە بۆچوونێکی (لۆکاش) دەدەم کە لە پەرتووکی (ڕە خنە و ئایدیالۆژیا)دا هاتووە:

مەرج نییە ئایدیالۆژیای نووسەر و دەق لەیەک بچن، چونکە دەق لەچوارچێوەی ئایدیالۆژیای ئیستاتیکیدا گوزارشت لە ئایدیالۆژیای نووسەر ناکات. بەمانایەکی دی مەرج نییە ناوەڕۆکی دەق هاوجۆربێ لەگەڵ هزر و ئایدیای نووسەردا. بەمەش ڕێ دەدرێ فرە دەنگی لە دەقدا دەربکەوێ.

دوای دوو ساڵ لە پەیوەندیی خۆشەویستی، لە ناکاو لاوێن بڕیار دەدات واز لە هەژێن بهێنێ و بچێتە دەرەوەی وڵات و لەوێ کچی پووری بخوازێ و درێژەش بە خوێندنەکەی بدات. بەم ڕووداوە کوتوپڕە هەژێن دادەڕووخێ و دەس بە گریان دەکات و بۆ بەهاناوە هاتن تلیفۆن بۆ مامۆستا بەناز دەکات ... ئەویش بەدەم ڕێوە تادەگاتەوە ماڵ زۆربەی ڕووداوەکانی ژیانی هەژێن لەڕێی زەینی خۆیەوە بۆمان دەگێڕێتەوە. دوای گەیشتنە ماڵ دەبینێ هەژێن دۆخی دەروونیی تەواو تێکچووە و دەلەرزێ و دەگری و هەرەشە لە لاوێن دەکات و لە بەشێکی قسەکانیدا کە لە لاپەڕە ( ١٥٩) خراوەتەوە ڕوو دەڵێت:

((بەڵام من تۆڵە لە لاوێن دەکەمەوە، بچێتە پاڵ ئەستێرەکانی ئاسمانیش ـ حەدی نەبێ ئەویش پیس بکات ـ دەیهێنمە خوارەوە و وای لێدەکەم بێت لە بەرپێیەکانم کڕنووش بۆ پێڵاوەکانم ببات. تۆ خۆت دەزانی من زۆرداریم لەکەس قەبووڵ نەکردووە، لەویش هەروەها))

لێرە پرسیار ئەوەیە دەبێ ئەم کچە چۆن چۆنی ئەو تۆڵەیە بکاتەوە ...؟ ئایا خۆشەویستی بە زۆردارەکی دەکرێ ...؟ ئەدی خۆی لە زۆر شوێندا ئاماژەی بەوەنەداوە کە خۆشەویستی پێویستی بەرێکەوتنی هەردوولا دەبێ ...؟

یەکێ لەخاڵە بە هێزەکانی ڕۆمان، دوا هەڵوێست و کۆتایی ڕۆمانە، چونکە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی دەقەکە پێکەوە دەبەستێ، بەڵام لەم ڕۆمانەدا، ڕۆماننووس لاوازترین کۆتایی هەڵبژاردووە. چارەنووسی عەشقی نێوان هەژێن و لاوێنی بەستووەتەوە بەوەی کە گوایە باوکی هەژێن وەک زۆر جاری دیکە بەهانایەوە هاتووە و عەشقەکەی دەپارێزێ. لەم بارەیەوە نووسەر لە لاپەڕە ( ١٧٦) لە زاری هەژێنەوە کە لەناو ئەمبولانسی نەخۆشخانەیە و مامۆستا بەناز بە شۆفێرەکە دەڵێ: هەندێ خێراتر لێخوڕە، ئەم دەڵێ:

((دادە پێویست ناکات بە خێرایی من باشم .. تۆ پێتوایە من وا بە ئاسانی جێتدەهێڵم .. ئەمەش خۆڵبارانێکی دیکەیە هاتووە و باوکم فریام دەکەوێ))

نووسەر بۆ دەربازبوونی چارەنووسی ئەم خۆشەویستییە لە داڕووخان، لە ڕێی دوا قسەی مامۆستا بەنازەوە لە لاپەڕە ( ١٧٧)دا دەڵێ:

((کە گەیشتنە نەخۆشخانەی

**ئەم ڕۆمانە، سەرەرای کەلێنەکانی، شایانی ئەوەیە بخوێنرێتەوە، چونکە پەنجەرەیەکی نوێمان دەداتێ بۆ ئەوەی لەوێوە تەماشای ژیانی مرۆڤی کورد بکەین و لەبیر و کەلتوور و داب و نەریت و شکست و بوێریی ئەو مرۆڤە تێبگەین**

فریاکەوتن، هەژێن بەپێی خۆی لە ئەمبۆڵانسەکە دابەزی و بەرەو ژووری پشکنین چوو، لەو کاتەدا زەنگی مۆبایلەکەی لای من بوو لێیدا ... ژمارەکەیم نەناسی، بەڵام کە هەڵمگرت، لاوێن بوو))

ئەم کۆتاییە بەزۆر بە بەسەردەقەکەدا سەپێنراوە و لەڕووی هونەری و واتاییەوە زیانێکی گەورەی بەکۆی بنیاتی ڕۆمانەکە گەیاندووە.

"ئەم کۆتاییە بەزۆر بە بەسەر دەقەکەدا سەپێنراوە و لەڕووی هونەری و واتاییەوە زیانێکی گەورەی بەکۆی بنیاتی ڕۆمانەکە گەیاندووە"

ڕۆماننووسین کارێکە زۆر وردەکاری و وریایی دەوێ، بۆ ئەوەی گێڕانەوەی ڕووداوەکان هەڵەی تێنەکەوێ، چونکە دروستکردنی ڕووداو یەکێکە لە بناغە گرنگەکانی سەرکەوتنی ڕۆماننووس، کەچی لەم ڕۆمانەدا نووسەر هەڵەی زەقی کردووە و بە سەریدا تێپەڕیوە بێ ئەوەی درکی پێ بکات. بۆ نموونە کاتێ دوای مردنی باپیر و داپیری هەژێن، ئەم کچە لە لایەن مامۆستا بەنازەوە دەبرێتە شارو وەک کچی خۆیان ئاگاداری دەبن، کۆترەکەی لە گوند جێ دەمێنێ، کەچی لەناکاو بێ هیچ زەمینە سازییەک لە لاپەڕە (٧٢) لە دیالۆگێکدا هەژێن بە مامۆستا بەناز دەڵێ:

((- دادە .. کۆترەکەم هاتووە؟ میوانێکی خۆشەویستم لایە و بەرگەی دووری منی نەگرتووە))

وەک دەزانین کۆتر بۆ ئەوەیماڵێک بدۆزێتەوە پێویستە ماوەیەکی باش لەو ماڵە بژێ و خزمەت بکرێ، ئەگینا لە خۆڕا ناتوانێ ئەم کارە جێبەجێ بکات و بە ئاسانی ئەو ماڵە بدۆزێتەوە. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە چۆن ئەم کۆترە لە گوندەوە هات و چۆن بەخۆی ماڵی مامۆستا بەنازی لەناو هەزاران ماڵدا دۆزییەوە، کەچی جارێکیش ئەو ماڵەی نەدیوە و ڕۆژێ لەوێ نەژیاوە ...؟ ئەم جۆرە هەڵانە بونیاتی هونەریی ڕووداو لاواز دەکەن و ئەوەشمان بۆ دەردەخەن کە پێویستە بە پلانەوە ڕۆمان بنووسرێ و بەوپەڕی وریاییەوە دەست بە نووسینی بکرێ و زۆرگرنگە پێش بڵاوکردنەوەی چەند جارێ لە ماوەی جیاوازدا پێداچوونەوەی بۆ بکرێ.

یەکێ لە لایەنە جوانەکانی ئەم ڕۆمانە زمانەکەیەتی، کە زۆر شیرین و شاعیرانە و بێ گرێ و گۆڵەیە، و کەمترین هەڵەی ڕێنووسی تێدایە لەچاو زۆر ڕۆمانی دیکەی کوردیی باشووری کوردستاندا. لەدێڕی یەکەمەوە خوێنەر ڕادەکێشێتە ناو دەقەکەوە و تووشی بێزاری ناکات. هەروەها لەم ڕۆمانەدا گفتوگۆی (نێوان دەقی) - هونەری و ئەدەبی - بەجوانی کاری لەسەرکراوە، ڕاستە هەندێکیان سنووری ئاماژە و لێکچوواندنی تێنەپەڕاندووە، وەک ئاماژەکردن بە عەشقی مەم وزین و لاس و خەزاڵ، یان لێکچوواندنی جوانیی هەژین بە تابلۆکانی داڤینشی، کە ئەمە سادەترین جۆرەکانی دەقئاوێزان لەخۆی دەگرێ، بەڵام لە هەندێ شوێنی دیکەی دەقەکەدا بۆچوونی هەندێ فەیلەسووف و شاعیر و نووسەری وەک (نیچە، شیلەر، ئۆسکاروایڵد ) بوونەتە نموونەیەکی سەرکەوتووی پرۆسەی دانووستانی نێوان ئەم دەقە لەگەڵ ئەو دەقانەدا. لێرەش تێبینییەکی دیکەمان لادروست دەبێ، ئەویش تایبەتە بە بۆچوونەکەی (شیلەر) سەبارەت بەوەی کە تەنیا ئافرەت بە دروستی لە ئەشق تێدەگات (لا ١٣٠) کەچی پاش دووساڵ دڵداری و ڕازگۆڕینەوە لە نێوان هەژێن و لاوێندا، ئەوسا بۆمان دەردەکەوێ کە نەخێر هەژێن بەدروستی لە ئەشق تێنەگەیشتووە و لە هەڵبژاردنی لاوێندا هەڵەیەکی گەورەی کردووە، بۆیە وا بە ئاسانی پشتی تێدەکا و بەتەمایە لە دەرەوەی وڵات بخوێنێ و کچە پوورەکەشی بخوازێ. ڕاستە نووسەر دەیەوێ ئەم هەڵەیە بەکاتی بزانێ و بۆ ئەمەش بۆچوونێکی (ئۆسکار وایڵد)ی هێناوەتەوە کە دەڵێ:((هەرگیز .. خۆشەویستی لەناکاو نامرێ، بەڵکە سەرەتا لەرزۆک دەبێ)) (ل ١٥٥) بەڵام ئەشقەکەی هەژێن بەهەڕەشە و جنێو گەیشتووەتە مەرام و لە لاپەرە ( ١٥٩ )دا هەژێن دەڵێ: بە ئاسانی دەستی لێ هەڵناگرم و لاوێن ناچار دەکەم کڕنووش بۆ پێڵاوەکانم بهێنێ، کەواتە لە ئەنجامدا ئەم ئەشقە هەموو بەها جوانەکانی خۆی لە دەستداوە.

دەقئاوێزان لەگەڵ هزر و بڕوای زەردەشتیدا، جێی خۆی پێدراوە لەم ڕۆمانەدا وەک بیری باش و کرداری باش و بڕوای باش. ئەمانەش بەشێکن لە ئەدگاری ئەو پیاوەی هەژێن دەیەوێ بیکاتە هاوسەری خۆی. هەروەها لە لاپەڕە ( ١٥٣)دا دەڵێ: من چاوەڕێم لاوێک بێت و لەنێو دڵما چرایەک پێ بکات، وەک ئاگردانی زەردەشتییەکان هەمیشە داگیرساوبێ.

لەکۆتاییدا دەڵێم: ئەم ڕۆمانە، سەرەرای کەلێنەکانی، شایانی ئەوەیە بخوێنرێتەوە، چونکە پەنجەرەیەکی نوێمان دەداتێ بۆ ئەوەی لەوێوە تەماشای ژیانی مرۆڤی کورد بکەین و لەبیر و کەلتوور و داب و نەریت و شکست و بوێریی ئەو مرۆڤە تێبگەین. هەروەها هەوڵێکی نوێیە بۆ پێناسەکردنی پەروەردە و خۆشەویستی لە ساڵانی دوای ڕاپەڕیندا.

# دەق

- ***ماڵئاوا .. کێڵگە جوانەکەم***

حسام بەرزنجی

- ***گەڕان بەدوای نیشتماندا***

حەمە ئەحمەد جاف


- ***کە خۆمان بووین***

شێرکۆ مەحموود

- ***یادەکانت دەکەم بە چەپکێک گوڵ***

سەرتیپ ئاغا واحد بەگ

# ماڵئاوا .. کێڵگە جوانەکەم



حسام بەرزنجی

«وەیسە» و «شاباز» پارچە زەویەکی سیی دۆنمیان لە «حاجی بابا» وەرگرت، بەیەکەوە دایبچێنن. وایان بەباش زانی لەجیاتی ئەوەی بە هاوبەشی لەگەڵ یەکتر کار بکەن، هەر لەسەرەتاوە زەویەکە بکەن بە دوو بەشی یەکسانەوە، هەرکەسە بە تەنها بەشە زەویەکەی خۆی بەناو بێنێ. بەڵام لەهەڵبژاردنی پارچە زەویەکەدا کێشەیان بۆ پەیدا بوو، کە کامە پارچە زەوی بۆ ئەم بێ و کامەش بۆ ئەویتریان بێ. لەئاکاما کێشەکەیان بردە لای «حاجی بابا» داریێکیان بە بەینی دابێنێ.

«حاجی بابا» کە یەکێ بوو لەو دەیان خاوەن موڵکە تازە بابەتانەی ڕۆژگار، زۆر بەخێرایی کراسی برسیەتی و دەربەدەری لەبەر خۆی داکەند و دای بە خەڵکەکە. لەناو بەرگ و پۆشاکێکی نوێوە، ناو و جەستە و هەموو شتەکانی تری خۆی شاردەوە! بەقەد چوار ئەوەندەی خاوەن موڵکەکانی سەردەمی زووی عوسمانی و ئینگلیزەکان، دەستی بەسەر زەوی و زاری ناوچەکەدا گرتبوو، بەڵام بە قسە و ڕەفتارە سادەکانییەوە، جێی خۆی لەناو دڵی ڕەشە خەڵکەکە کردبوەوە و وەکوو براو خەمخۆرێک خۆی دەنواند. لەلایەن سەدان کەسی وەکوو «وەیسە و شاباز» بە مرۆڤێکی بەخشەندە و دڵنەرم، ناو و ناوبانگێکی بۆخۆی دابین کردبوو.! لەسۆنگەی ئەمەوە «وەیسە وشاباز» بە متمانە و بڕوابەخۆبوونێکی زۆرەوە، کێشەکەی خۆیان بۆباس کرد، کەچی ئەو بەدەنگێکی تووڕە لێیان دەرهەڵبوو: نامەوێ بە هەڵە سوود لەو بەخشەندەییەی من وەربگرن، بەڵێ چاکەیەکم لەگەڵ کردوون، بەسەر سەر و بەسەرچاو. وامەکەن لێی پەشیمان ببمەوە.!! «بە دەنگە بەرزەکەیەوە زیاتر تووشی شۆکی کردن»: من ئەو زەویەم نەداوە بە ئێوە، ئێوەم داوە بەو زەویە، نەدەتوانن لەخۆتانەوە دەستکاری بکەن، نەبڕیاری هەڵەی بۆ دەربکەن هەرکاتی وتم پایدۆست، بەبێ لاتوجووم پایدۆستی لێدەکەن.! ئێوەش سەربەخۆن، دەتوانن بێ ئەوەی پرسم پێبکەن جێی بێڵن، بەڵام ئەگەر سەد ساڵی تریش کاری تێدا بکەن، ئێوە هەر ڕەنجبەرەکەی جارانن و منیش هەر خاوەن موڵکەکەم. هەردووکیان حەپەساو و دەست لەئەژنۆ بەجێیان هێشت. تووڕەیی و ئامۆژگاریەکانی «حاجی بابا» ناچاری کردن، وەکوو برا لەگەڵ یەکتر کار بکەن. کە بەهار داهات، جارجار بەدوان دەچوون سەریان لەکێڵگەکەی خۆیان دەدا، وەکوو مافورێکی تێرڕەنگ، ڕۆژبەڕۆژ نەشونمای دەکرد و دەگەشایەوە، بەهیوا و ئاواتێکی زۆرەوە تەماشایان دەکرد.! جارێکیان «وەیسە» وەکوو بڵێی لەناو خەونە دێرینەکانی خۆیدا بێدار بووبێتەوە، داخو حەسرەتێکی لەمێژینەی خۆی بۆ «شاباز» باسکرد: هەموو خۆزگە و ئاواتم ئەوەیە، منیش وەکوو هەندێ کەس بمتوانیبوایە خانووبەرەیەکی بە کۆشک و بانم بۆخۆم و منداڵەکانم

بکردایە «شاباز» بەدەم سەیرکردنی کێڵگەکەوە، کە ئەودەم کزەبایەکی فێنک، وەکوو شەپۆلی سەر دەریایەکی هێمن و چاوبەخەو خستبوویە جوولە. ئەویش بە زۆنگی خەمە قووڵەکانی خۆیدا شۆڕ بووەوە و دەردەدڵی خۆی بۆ باس کرد: منیش هەمان خۆزگە و ئاواتی تۆم هەیە تا لەجەوروجەفای کرێچییەتی ڕزگارمان بووبایە کونە کووخێکیش بێ من هەر پێی ڕازیم.! کە دەغڵەکەیان دووریەوە، هەرکەسە بەشی خۆی هەڵگرت و بردیە ماڵەوە.

«وەیسە» بەهەرچوار دەوری بەشە گەنمەکەی خۆیدا خولی دەدایەوە، دڵسارد و پەشۆکاو، پەنجەکانی خۆی دەگەستەوە و دەیگوت :ئەگەر کێڵگەکە هەمووی هی خۆم بوایە، داهاتی ئەوساڵم دوو ئەوەندە دەبوو، دەمتوانی دەست بە دروست کردنی خانوەکەم بکەم، بەڵام بەو برە گەنمەوە هیچ کارێکم بۆ ناچێتە سەر.! هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا و کەوتەوە قسە: پیری پێشین لەخۆڕا نەیانوتوە: بار بە لاباران ناگاتە هەوران. بەدەم ئەو قسانەوە گەنمەکەی کرد بە دوو بەشەوە، بەشێکی بۆخۆی هەڵگرت و بەشکەی تریشی بۆ «حاجی بابا» برد.

«حاجی بابا» هەر لەدوورەوە پێشوازی لێکرد، بە ڕوخسار و ڕوویەکی گەشەوە شتێکی بیر هێنایەوە و لێیپرسی: من ئەو ساڵە هیچم لێتان نەویستوە، خێرە ئەمەت هێناوە؟ لەوەڵاما «وەیسە» گوتی: قوربان ئەوەم بەدیاری بۆت هێناوە. «حاجی بابا» دەستی لەسەر شانی دانا و ئافەرینی لێکرد: دیارە تۆ جووتیارێکی زۆر بە وەفا و دەستڕەنگینی «وەیسە» خێرا هەڵیدایێ: قوربان، ئێمەومانان لەناو کاری وەرزێریدا کوڵاوین، حەوت پشتی باوک و باپیرانم لەناو ئەو کێڵگانەدا ناوکیان بڕاوە.! «حاجی بابا» دەستخۆشی لێکرد و پێیگوت: دەمادام پیشەکەی خۆت ئەوەندە خۆشدەوێ، ساڵی داهاتوو زەویەکە هەمووی بۆخۆت دابچێنە. ئەگەر هەروا گوێڕایەڵ و سەرکەوتووش بمێنییتەوە دەتکەم بەسەرکار، گەلێ کاری تریشت پێدەسپێرم. ڕۆژی دواتر «شاباز» بەخۆ کەوت، لێوی خۆی دەکرۆشتەوە و دەیگوت: هەرچی زووە دەبێ خەمێک لەخۆم بخۆم.»وەیسە»ی ناپاک بەڕی لەژێر پێم دزیوە و دەستخەڕۆی کردم، دەستبەتاڵ و بێکار منی خستە سەر ساجی عەلی.! بە پەلە گەنمەکەی خۆی کرد بە سێ بەشەوە، بەشێکی بۆخۆی هێشتەوە و دوو بەشەکەی تریشی بەدیاری بۆ «حاجی بابا» برد.

«حاجی بابا» زۆر بەگەرمی سڵاوەکەی لێوەرگرتەوە، لەناو گوڵبزەی لێوەکانیەوە، چەند قسەیەکی خۆش و ئارامبەخشی ئاڕاستە کرد: دیارە تۆش جووتیارێکی دەستڕەنگین و بە بەهرەیت. «شاباز» کە وەکوو کوڵکەدار لەبەر دەمیا وەستابوو، وەڵامی دایەوە: قوربان من جەوانیشم زۆر کردووە، لەکۆنەوە خاوەن باخوبێستانێکی زۆر بووین، لەکاری باخوباخداریدا لەو ناوچەیە هاوتام نەبووە «حاجی بابا» پیرۆزبایی لێکرد و پێیگوت: دە کەوایە، واز لەکاری گەنم چاندن بێنە. پارچە زەویەکی بەراوت پێدەدەم، بۆخۆت بیکە بە باخوبێستان. ئەگەر لەکارەکەی خۆشتدا سەرکەوتوو بوویت دەتکەم بە میراو. «حاجی بابا» کە بەتەنها مایەوە، بەدەوری ڕەوسە گەنمەکەی «وەیسە و شاباز» دا دەسووڕایەوە، لەناو بزەو زەردەخەنەی سەر لێوەکانییەوە کەوتە قسە:» وڵاغی باش بەخۆی ئالیک بۆخۆی زیاد دەکا. ئەمە لەخۆڕا نەوتراوە» تریقوهۆڕ پێکەنی»: من ئەگەر چل پەنجا کەسی دڵسۆز و گوێڕایەڵی وەکوو ئەو بەستەزمانانەم هەبوایە، لەمێژ بوو دەرگا و پەنجەرەی خانووشم ببوو بە ئاڵتوون بەڵێ.! من پێویستم بە کەسانی وەکوو ئەوانە هەیە، هەر کارێکیان پێ بسپێرم ملیان لەموەک باریکتر بێ.! هەر داوایەکیان لێ بکەم، زمانیان لەدەمدا نەبێ.

***

لەوەرزی بەهاری ئەو ساڵەشدا کە گیا لەچۆکان بوو، «وەیسە» ی چەمبەری، لەدوای سەردانی کێڵگە گەنمەکەی خۆیەوە، بەلای زەویە بەراوەکەی «شاباز»دا گۆزەری کرد، تا بە سەروسۆراغی باخوبێستانەکەی بکەوێ. تەماشای برکە بێستانەکانی

کرد هەموو کوڵیکەیان دابوو، ئەو ناوە یەکپارچە سپی دەیڕوانی. ناسکە نەونەمامەکانیش کەوتبوونە بەر شنەی شەماڵەوە، چڵی دارمێوە ساواکان، زۆر بە زانایی قرتێندرابوون و بەسەرپەرژین و چێوبەستەکانەوەدا درێژ ببوونەوە! ئەو شەوە «وەیسە» خەو نەچوە چاوی، دەتوت مارێکی ژەهراوی قووت داوە، ئۆقرەوئارامی لێهەڵگیرابوو، هەر ئەودیو ئەودیوی دەکرد، لێکی دەدایەوە و دەیگوت، ئەوساڵ بازاڕ پڕدەبێ لەبەرهەمەکانی «شاباز» لەوانەیە ساڵ وەرنەسووڕێتەوە پارەیەکی زۆری دەستبکەوێ، خانوویەکی گەورەش بۆخۆی قیت بکاتەوە. دوای یەکدوساڵی تریش دارەکان دەکەونە سەربەر، ئەوساکە دەهەنگرێ. هەر پێراناگا پارەکانی خۆی کۆ بکاتەوە، دەتوانی دیاریەکی زۆریش بۆ «حاجی بابا» ببا و زیاتر خۆی لێ نزیک بکاتەوە. ئەو کاتە من لەبیر دەکرێم، دەکەومە ناو پێڵاوان.! شەوی داهاتوو، بەهەڵەداوان چووە ناو بێستانەکەی «شاباز» بڕک بڕک پێداچوو هەموو کوڵیکەکانی هەڵوەراند. «شاباز» لەئاکامی ئەو زیانە زۆرەوە، چەند ڕۆژێک لەسەرچاو کەوت، لەپێشەخۆی وڕێنەی دەکرد و دەیگوت، ئەو ناپیاوەتییە هەر لە»وەیسە» دەوەشێتەوە، لەو بترازێ کەسی تر نییە کارێکی وا ترسنۆکانە بکا.

کە کەوتەوە سەرپێ، پێش ئەوەی هیچ کارێک بکا، چوو سەر لەدەغڵەکەی «وەیسە» بدات. بەپەلە هەنگاوی دەنایەوە، لەکەسێک دەچوو ڕێگای لێ ون بووبێ، هەر ڕێگا قەدبڕەکانی دەبڕی تاگەیشتەجێ. کە لەتەبارە گەنمەکەی ڕوانی لەجێی خۆی حەپەسا. دەتوت لیرەی ڕەشادی لەو کێڵگەیەدا باریوە، پۆلە باڵندەی ڕەنگاوڕەنگ بەسەر گەنمەجاڕی ئەو ئاقارە پڕ لەبژوێنەدا بەکۆمەڵ هەڵدەفڕین و هەڵدەنیشتنەوە. بە جووکە و جریوە ئەو ناوەیان پڕ کردبوو لە سیمفۆنیایەکی خواکرد.

«شاباز» بەچاوێکی پڕ لەڕقوتۆڵەوە سەیری دیمەنەکانی دەکرد، لەدڵی خۆیدا کەوتە گەفوگوڕ: هەر ئەوەندەم لەسەر ڕاوەستە تا دنیا کەمێکی تر گەرم دادێ، ئەوساکە بزانە کوو جەرگت داغ دەکەم. پیاو نەبم ئەگەر دووقات تۆڵەی خۆمت لێ نەکەمەوە.! گڕو زوخاڵی ڕقوتۆڵە «شاباز»یان خستە سەر ئاووئاگر. هەتا وەرزی دروێنە هات، خەریک بوو بەزگ بدا.! پێش ئەوەی «وەیسە» گەنمەکەی بدوورێتەوە، شەوێک چەند کەسێکی بەگەڵ خۆیدا، لێی بەخۆکەوتن، زرموکوت کەوتنە وێزەی گوڵەگەنمەکانەوە، تاکوتوک نەبێ ئەوانیتریان هەموو داوەشاند. «وەیسە» زیاتر لێی لەڕک ڕاچوو بەزمانێکی ژەهراویەوە کەوتە هەرەشە :با ئەمە لەناو دوو نانی گەرم بێ، بزانە ساڵێکی تر چیت بەسەر دێنم.؟ بۆکاری ساڵی داهاتوویان، هەرکەسە خۆی ساز دایەوە، خۆیان خستە ژێرباری قەرزوقۆڵەیەکی زۆرەوە. «شاباز» بێستانێکی گەورەتری داچاندەوە، ئاووئاوبارەی گەیاندە هەموو بەشەکانی بێستانەکەیەوە. «وەیسە» زیاتر خۆی بەکێڵانی کێڵگەکەیەوە ماندوو کرد. لەترسی خاوەن قەرزەکان، هەتا لەوەرزی دروێنە نزیک دەکەوتەوە، دڵەڕاوکێ و نیگەرانی زیاتر دەبوو. لەهەموو شتێک دەترسا. تەنانەت لەبروسکی هەورە تریشقەکانیش دەسڵەمییەوە، نەبادا چەخماخەی گڕوپەنگرەکانیان دەستخەڕۆی بکەن، بەڵام ئەو هەموو ترس و نیگەرانییە، باخوبێستانەکەی «شاباز»یان لەبیر نەبردەوە.! لەمانگی جۆزەرداندا چوو بەهەرچوار دەوری بێستانەکەیدا سووڕایەوە، وەکوو دارستانێک کەوتە بەرچاوی. بە هەناسەی سوارو نیگەرانییەوە لەدارودرەخت و بڕکە بێستانەکانی ڕوانی. دارەکان باڵایان کردبوو، شنەبایەکی نەرم، وردەگەڵای سەر لقوپۆپەکانی تێکدەئاڵاند و سێبەرێکی ئەفسووناویان لەسەر جۆگە و شەلەگەکانەوە دێنایە ئاراوە. بڕکە بێستانەکان لەساڵی پار زیاتر کوڵیکەیان دەرکردبوو، بە شنەی کزە باکەوە لەسەرخۆ دەهەژانەوە، وەکوو گەوهەری شەوچراغ، دەوروبەری خۆیان پڕ لەپریشکوپشکۆ دەکرد، تابلۆیەکی هونەری ئاسا. هەرجارێ بەتەرزێک دەکەوتنە بەرچاو. بۆ هەرلایەک گوێی خۆی هەڵخستبایە، قرینی بۆق و جووکە و جریوەی باڵندە

بزۆزەکانی دەکەوتە بەر گوێ. بەدەم سەیر کردنی ئەو هەموو شتە جوانانەوە، هەتا دەهات هەناسە سوار و پشووتەنگتر دەبوو. ئێرەیی بەو هەموو دەنگو ڕەنگە ئەفسووناویانە دەبرد. تەنانەت ئێرەیی بەو پەپولانەشەوە دەبرد کە لەسەر کوڵیکە ناسکەکانەوە هەڵدەفڕین و دەنیشتنەوە. ڕقی لەچاوەکانی خۆی دەبووەوە. دژی خۆی دەوەستایەوە و دەیوت، کوێر بم بەڵام ئەو دیمەنانە نەبینم. بە کوتە کوتی دڵیەوە، لەپێشەخۆی کەوتە قسە «وابڕوا ئەوساڵ بازاڕت گەرم دەبێ.!» پەنجەی دەستەڕاستی لەسەر دڵی خۆی دانا: « ئەو درکەی لەسەر دڵمت چەقاندووە هێشتان دەرنەهاتووە، لەساڵی پارەوەڕا هەروا خوێنی لێدەتکێ. تۆ ئەو پیاوە نیت ئەو پارووە چەورەت پێ قووت بدرێ، دەبێ دکرێکت پێ بکەم، ئەو باخوبێستانەت لێ بکەم بە گۆڕستان، خاوەن قەرزەکان بێن لەناو جۆگە و خەتە جووتەکانا سەنگە بەردت بکەن «لە شەوە زەنگێکدا دەرفەتێکی بۆخۆی ڕەخساند و خۆی کرد بەناویا، وەکوو شێتوهار پەلاماری برکە بێستانەکانی دا، هەمووی لەبنوبۆتکەوە هەڵکێشا، پاشان کەوتە وێزەی دارودرەختەکانەوە، هەمووی لەڕەگوریشەوە هەڵکەناند و لەشوێنێکا کۆی کردنەوە، بزەیەکی هێنایە خۆی و گوتی: «با ئەمەش بۆ شاتکە شێتەکەی ژنت بێ، نانی پێ بکا. تا ساڵ وەردەسووڕێتەوە پێویستتان بە نەوت نابێ.! «بۆ بەیانی «شاباز» لەسەر وێرانەی باخوبێستانەکەی خۆی وەستا و کەوتە گەفوگوڕ: «دەبێ پەندێکی وات پێبکەم، جارێکی تر بیر لەکاری وەرزێری و مەرزێری نەکەیتەوە. «سێ داوە مووی لەسمێڵی خۆی هەڵکێشا و دوا بەڵێنی خۆی دووپات کردەوە: «ئەو موانە لەپیاو نەهاتبێ گەر بێڵم دەنکێ گەنم ببەیتە ماڵەوە. خۆت بگرە بۆ گورزی من، بزانە چۆن پاروە نانت دەکەم بە خۆڵەمێش، لەترسی خاوەن قەرزەکانت دەبێ وەکوو سەگ، هەر ڕۆژێ لەناو کونە کوڵێتێکا خۆت بشاریتەوە. «هەرسێ داوە مووی لەناو قوتوویەکی بچووک دانا و هەڵیگرت.

کە وەرزی دروێنە دەستی پێکرد، دوورونزیک لە تەبارە گەنمەکەی «وەیسە» کەوتە بۆسە نانەوە ، پێش ئەوەی بیدوورێتەوە، لە ناو تاریکی شەودا دزەی بۆکردو ئاگری تێبەردا، هەرسێ داوە مووەکەی فرێدایە ناو گڕەکەوە....، وەرزێکی ئەوەندە گەرم و وشک بوو، سۆڵەی مەشخەڵی ئاگرو پووشە گڕ گرتووەکە، قرچقرچ بەرەو ئاسمان بەرز دەبووەوە. ئەو تەبارە چڕەی کە زەلامی بە پێوە لێ بزر دەبوو، بەچاو قوچێنێک بوو بە بیابانێکی ڕەش. لەو کاتەدا خۆشی و ئاسوودەییەکی تەژی لەتینوتەوژم چووە ناو خوێنە پڕ لەکەفوکوڵەکەیەوە، بەمێشکێکی هەساوەوە چەند قسەیەکی لەپێش خۆی کرد: ئۆخخەی. ئێستا دڵم داکەوت.! وەکوو گورگی باراندیتە، بەپەلە بۆ ماڵەکەی خۆی گەڕایەوە، کەوتە ناوکێشتە خەوێکی قووڵەوە. بۆرۆژی دواتر، لەگەڵ گەردی بەیانی لەخەو هەڵسا، دوای نوێژ کردن، توند و تەیار خۆی پێچایەوە، خاکەناسەکەی خستە سەر شانییەوە و بەپەلە ڕووی لەمەیدانی کرێکاران کرد. بەدەم ڕۆیشتنەوە کەوتە قسە :

بامن یەکەم کەس بم دەگەمە ئەوێ، بەڵکو خواکردە زوو خاوەن کارێکم لێهەڵدەکەوێ، پێش هەموو کەس بمبا بۆ سەر کار.! مەیدانی کرێکاران، بۆنی خوێنی لێدەهات. هێشتان هیچ وەستا و کرێکارێک نەهاتبوو. کە زیاتر نزیک کەوتەوە، لەسووچێکی گۆڕەپانە تاریکەکەدا، تارمایی کەسێکی کەوتە بەرچاو، پشوو سوار و گوێقولاغ لەملا و لەولای دەڕوانی، پێی خۆی لەسەر ئەسپەرەی پێمەڕە دەسک درێژەکەیەوە گیر کردبوو، وەکوو پەیکەرێکی ڕەشداگەڕاوی دەکەوتە بەرچاو، هەر لەجەنگاوەرێکی ئامادە و پڕچەکی دەکرد کە لەسەر ئاوزەنگی ئەسپێکی سەرکەش وەستابێ. کە زیاتر نزیک کەوتەوە، سەر و ڕوخساری «وەیسە»ی کەوتە بەرچاو، دەمێ لەیەک مووڕ بوونەوە، نیگا تووڕەکانیان ئاراستەی یەکتر دەکرد. ویستیان هەرلەوێ سەری مەیدان لەیەکبگرن، بەڵام پێویستی و برسییەتی، ئەودەرفەتەی بۆ نەڕەخساندن دابگژێنە یەکتر. خوا خوایان بوو یەکێکیان لێپەیدا بێ، کارێکیان پێ بسپێرێ .

# گەڕان بەدوای نیشتماندا



حەمە ئەحمەد جاف

دەستێک چەپڵە و...
دەستێکم پڕ لە (بەتاڵیی)
بەتاڵیی، تاڵ
تاڵ و ماندوو
تاڵ، وەک ئیجە و...
حیکایەتی
بەهەزاران گەنجی خنکاو
ماندوو، وەک برستی ڕێگا و
مەرگی هەنگاو
***
(ئەو)
لەنیشتمانێکی
پڕ لەگیرفانی نەوسن و...
تێرەوە دێ
(من) و (تۆ)ش،
ڕووت وقوت و برسی!
(ئەو)
ئێوارەیەکی سەرخۆش و...
مەستی باڕ و سەمای دیسکۆ
(من) و(تۆ)ش حەرەسی
سەنگەرێکی پێشەوەی پێشمەرگە و
شەوانی تەنیایی نیشتمان.....
بەپەپکی بەفر و....
مەفرەزەی ڕەشەبا و..
حەسحەسی بروسکە و ..
گاردی باران دەسپێرین !
***
هەمووومان
لە چەپڵەدا یەکریز و..
لە ڕاپەڕیندا حەماسی و...
لە ئەی ڕەقیبدا مەست دەبین !
لێرەوە ژیان دەستپێدەکا و..
ڕەش وڕووت مێژوو دەنووسێتەوە و..
(نیشتمان)یش، کۆماندەکاتەوە!
ژیانیش لەچاوەڕوانی و ...
زەمەن لەچاوشارکێ و
تەمەن لە خۆیدا لولمان دەدا و...
مەرگیش (مەی)
بەونیشتمانە سوتماکە دەخواتەوە
***
دەستی خەم
مەلۆتکەی نێو یەختی نیشتمانی ئاو
بە بێدەنگی ڕادەژێنێ و
(بێدەنگی)یش
لەخەندەی تۆ ڕاوی
ئاهەنگی شەوەسپییەکانی
نیشتمانێکی سووردا دادەگیرسێ و ...
ئیلهامی شیعرێکی یاخی
دەخاتە ئامێزی، فریشتەکانی
ئاسۆی نیشتیمانی غوربەتەوە !
(ئەو) دێت و ...
عەشق
لەدڵی قەیرە کچێکدا متووربە دەکا و
ئەمەل بە ژیان دەبەخشێ و ...
حەز
لەئێوارەیەکی جنسی و..
شەوێکی ڕۆمانسی مارە دەکا!
بەردی مراز
لەکوانووی جۆش سەندووی
دڵی فریشتەیەکی سپی


شەوانی نیشتمانێکی تووڕە
دەکا بەئاو!
هێند تووڕە
خۆی خۆیدەخواتەوە و..
یەک یەک
برینەکانی جەستەی چیا و
ڕۆحە سپییەکانی ئەنفال دەکولێنێتەوە و ..
هەڵبجە...
لەنیشتمانی قەتماغەی زامی خەونەکان،
بێدار دەکاتەوە!
***
(سایکس بیکۆ)
سەدساڵ نیشتیمانمی
خستە سەرزینی ئەسپی خەیاڵ و وەهمەوە
سەدساڵیش زوڵم و ستەمی دەوڵەتی عێراق
(سیڤەر)یش
لەسۆمای سەوزی ژیانەوە
خەریتەی جوانترین نیشتمانی دامێ
لێ مەخابن
نەخشە و پیلانی ژاراوی زلهێزان
(سیڤەر)ی ئاوێزانی هەڕەشە و گوڕەشەی
(لۆزان) کردەوە!.
لێرەوە ..من و تۆ ....
چیتردەست لە (لۆزان)یەکانی
نیشتیمان و
نەخشە و پیلانی ئیقلیمی
ناپارێزین
تا (هەواڵی سەربەخۆیی کورد)
دەدەین بە گوێی سیڤەرێکی تر و...
سەڵتەنەی عامی ئەقوامدا
ئەو گوێچکەی لە (تاوان) زیاتر
هیچ نابیستێ و..
لە (درۆ)ش زیاتر،
ڕاستی ناڵێ !
مێژووش قەت ناخوێنێتەوە!
مێژووی سووری
خەباتی ئەو نیشتمانەی
لێمان دزرا !؟

**
هاوارتە لە من نیشتمان!
دەهەستەوە
هەستەوە و...
سیمای کووچە و کۆڵانی منداڵیم
پڕکە لە بۆن وبەرامەی
سمڵ و مێخەکی سەرسنگی دایکم
ئەو دایکەی تا مرد
لەتێسکەی تفەنگی باوکمەوە
خەونی بە گەڕانەوەی پێشمەرگەوە دەبینی
ئەو پێشمەرگانەی
پەیامی ڕێکخستنەکانی شارو...
چریکەی تفەنگەکانی شاخ و.....
فرمێسکی باران و....
زەردەخەنەی بەفریان دەگەیاندە نیشتمان
ئەو نیشتمانەی
فرچکی بەبەفر و ڕەشەباوە دەگرت و ...
لەئاونگی فرمێسکە یاقوتییەکانی باراندا
خنکا
ئەو نیشتمانەی
لەشیعرە پاییزییەکانی ژەنەڕاڵدا دیل و
لەچاوەڕوانی کەژاوەی گریانی (شێرکۆ)
کانی نیشتیماندا، زیز و ...
لەزەماوەندی کۆمەرگی
ئازیزانی کۆڕۆنادا، مات و مەلوول!
نیشتمانێک
کون بە کون خۆمان لێ حەشار دا
جادە بەجادە خوێنمان تێدا چاندو..
کۆلان بەکۆلان خۆمان تێدا ناشت!
ئێستاش ...من نازانم
نیشتیمان ونی کردووم؟!
یان
نیشتیمانم... ونکردووە؟
نیشتیمانێک پڕ لە (ئەو)
خاڵیی لەمن و تۆ!

٢٠٢١/٩/١٢ - هەولێر



# کە خۆمان بووین



شێرکۆ مەحموود

بەنێو کۆڵانەکانی بینینمدا
دەگەڕێی
پێموتی لەخۆت وندەبی
بە هەڵم دەبی
دەبی بە تۆزی ڕەنگەکان و
بە سەیوانێک کۆلکەزێڕینە
بە سەرمدا دەچەمێیتەوە
تیشکت بە سنەوبەرەکانەوە
گەڵا گەڵا ماچ دەنێرێ
ئەوە تیشکی جیلوەی عەشقی تۆیە
عوریانە و
لەکۆڵانەکانی دڵمدا
تەنگەبەر و تونێڵەکان
پڕچاو دەکات
هەر بۆ خوا و بێگەردی تۆ
پێتدەڵێم
چیتر لەو کۆڵانانە پیاسە مەکە
لەوێ دارسێو
جەنگەڵێکی هەرە هەراشە
چکەچکی گریان
زەریایەکی بێئامانە
لەخۆت گومڕێ دەبی
دیدەکانت هێندە کز دەبن
من دەکەیتە چاو
دیدگات لەحەشاماتێک دەتاسێ
کە منم
من دەبینێ
لەمندا تەنها من
منیش هەمە چەشنم
ئاژەڵەکانی من وەدیعن
مرۆڤەکانی من دڕندەن
هیچیان نە تا کرۆک پاکن
نە تا ئەوپەڕی گومڕایی دڕندە



ئای کە ڕەحمەتی خەیاڵ
بەو سینگ و بەرۆکە لۆکەییەی
لەژیان تەریکی خستین
ڕەونەقی خورافە
حەقیقەتی بە تارمایی کرد و
دایە بەر -با -
نەمدەزانی ژیلەمۆی ژین
بە عومرمان هێدی هێدی دادەسووتێ
بە تیلەیەک لەڕووناکی
جۆڵلانە بە ڕووحمان دەکات
مەرگی ماچەکانم
لەکوڵمەی بێدەنگی تۆ
ژاڵەی مەرگیان
لەسێوی بە ئادەمی بوونم
شیرینتر کرد
کە ئەشکەوتی تەنهاییم
جممەی دەهات لەخۆم
بەقەد ورشەی باڵی پەپولەیەک
نادڵ نەبووم
بارانێک بووم
وڕێنەکانی خاکم سەوز دەکرد
لەمەجلیسی شەوانەی خودا
مایسترۆی ئارامی بووم
کە تۆم لەکۆڵانەکانی بینینما
لەکۆڵانەکانی دڵم
تەریفە و ونبوو دیتەوە
هەردووکمان وێڵ بووین
بە گۆچانی چاوساغی کوێرێکیش نابین
بۆکوێ بڕۆین
هەر ئێمە بووین
کاڵفامانە شەومان خۆشویست
ئەویش
لەڕەشیدا گومڕای کردین
ترپەی دڵی
لەبار بردین
زووير مەبە
هەوڵەکانم لەو ئەنگوستەچاوە
لەپرسەدان
ئێمە پێشتر مرۆڤ بووین
کە خۆمان بووین
نەوەک ئێستا



سەرتیپ ئاغا واحد بەک

# یادەکانت دەکەم بە چەپکێک گوڵ

تەسبێحی
زیکری ئەوینی تۆ
مەگەر دوایین ترپەی دڵم
بتوانێ ختمی بکا
«««««««»
یادەکانت
دەکەم بە چەپکێک گوڵ و
بە قردێلەی بیرت دەکەم
دەیانبەستمەوە
«««««««««»
ئەوینت
ئاوازی بەجۆشی پیانۆیەکە
کاتێ پەنجەی وشەکانم
دەیانەوێت بیژەنن
هەڵیاندەوەرێنێ
«««««««««»
من
کە چیرۆکی ئەوینی تۆم
بە ڕژاندنی فرمێسک نووسیبێتەوە
چۆن چاوی هەموو کەسێک
دەتوانێ بیخوێنێتەوە؟!
««««««»
بە ئازاری دووریت
گیانم سپارد
بەڵام کە پێت وتبووم گیان
بۆیە بەو گیانەوە ماوم
تاکو ئێستا!.
«««««««»
کە من
بە ئەشکی خوێنین
ئەوینی تۆ ئاو بدەم
جا چۆن گوڵی سوور ناگرێت؟
««««««««»
هێندەم یادی تۆ
بە تەسبێحی خەم
ختم کردووە
وا دەنک بە دەنکی
جوانی تۆی وێناکردووە

# ڕۆشنبیریی گشتیی

- ***نامۆکردنی ژن لە مێژوودا (توندوتیژی وەک نموونە)***

شاناز هیرانی

- ***ئایا داهاتووی دیموکراسی فاشیزمە؟!***

ڕەنگین عەبدوڵڵا

- ***لەبارەی ڕۆشەنبیرەوە***

هۆشەنگ شێخ محەمەد



# نامۆکردنی ژن لە مێژوودا

## (توندوتیژی وەک نموونە)



شاناز هیرانی

هەرکاتێک بمانەوێت باس لەئەسڵی توندوتیژی و هۆکارو دەرهاویشتەکانی بکەین، دەبێت سەرەتا بگەڕێین بۆ پێگە و ڕۆڵ و کاریگەری ژن. بەدرێژایی مێژوو تیشک بخەینە سەر ئەو ڕێڕەوە مێژووییەی کە وایکردووە توندوتیژییەکان بەقۆناغ ئەنجام بدرێن و هیچ هێزێک نەتوانێت تا ئێستا بەر بەو کردەوەیە بگرێت، چونکە لەبنچینەدا بۆتە بەشێک لەڕەفتار و ئایدیا و هەڵسوکەوت و کلتووری بەشێکی زۆر لەمرۆڤەکان. بۆیە من لێرەدا سەرەتا دەگەڕێمەوە بۆ ئەو مێژووە و بەسەر دوو قۆناغدا دابەشم کردوە:

مێژووی مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی گشتی دابەش دەبێت بەسەر دوو قۆناغی سەرەکی:

لەقۆناغی یەکەمدا کە بە قۆناغی دایک سالاری، یان قۆناغی خواوەندە ژنەکان ناسراوە

لەم قۆناغەدا کە بنەڕەتەکانی ئایین سەرهەڵدەدات، خواوەندە مێینیەکان دەبن بە پەرستراو. لەمێژوودا دێرینترین ئایینەکان، ئاینەکانی میزۆپۆتامیان/ ئاینەکانی سۆمەرن. لەم قۆناغەدا دایک خاوەنداریەتی لەنەوە دەکات، ئەم نەوانەش ڕەچەڵەکیان بۆ دایک دەگەڕێتەوە، نەک بۆ باوک. هەروەها سەرجەم ئەکتەکان، سەرجەم جووڵەکان و بیرکردنەوەکان لەو چوارچێوەیەدان کە ژن ڕابەرایەتی کۆمەڵگە دەکات. هەر لەوێش مەفهومی کار، مەفهومی پەرستن، مەفهومی ماڵ، مەفهومی ژیان و خێزان و هەموویان وابەستەن بەو چیرۆکانەی کە خواوەندە ژنەکان بۆ ئێمەی دەگێڕنەوە. بەڵام لەقۆناغێکی دواتردا، کاتێک کە پیاو بەجۆرێک لەجۆرەکان دەسەڵات وەردەگرێت، چیتر خواوەندە ژنەکان ناهێڵێتەوە و سیفەتی خواوەندە بەدکارەکان بۆ ژن جێدەهێڵن. هەروەها ڕەچەڵەکی نەوەکان لەژنەوە دەگۆڕێت بۆ پیاو. بۆ نموونە ئێستا من کەناوم شاناز ڕەمزیە، لەکۆندا دەبووایە ناوم شاناز فەهیمە بێت، بەڵام لەقۆناغی دووەمدا کە قۆناغی دەست بەسەرداگرتنی کۆمەڵگایە لەلایەن پیاوانەوە، ئەم قۆناغە بریتی دەبێت لەیەکەمین شت، ئەویش ڕاگرتنی ناسنامەی مرۆڤایەتییە لەژنەوە بۆ پیاو. پیاو دەبێت بە سەبجێکت، یان بە سەنتەر، ژن دەبێتە (مەفعول بە) واتە دەبێت بە ئۆبێجێکت. ئەوەی کار دەکات پیاوە و ئەوەی بەرکارە ژنە. ئەوەی ڕابەرایەتی دەکات پیاوە، ئەوەی دوای ڕابەر ئەکەوێت ژنە.

لە قۆناغێکی مێژوویی دووردرێژدا هەرچی سیفەتە لار و لەوێر و خراپەکان هەیە فۆرمەکەی دەگۆڕێت بەفۆڕمێکی ژنانە. لەبەرانبەر هەر چەپەڵییەک، بەرانبەر هەر تاوانێکی گەردوونیدا وێنەی ژن تێیدا زاڵ دەبێت. بەم ساتەشی کە ئێستا ئێمە قسەی تێدا دەکەین: بۆ نموونە لەئەمەریکا کاتێک زریانێک هەڵدەکات، یان گەردەلوولێک ڕوودەدات پێی دەڵێن: زریانی فلۆریدا، یان زریانی کاترینا. ئەم ناوانە هەمووی ناوی ژنە واتە هەر وێرانکارییەک ڕوودەدات ژن لەپشتەوەیەتی. واتە ژن شوومە، بۆیە مادام ژن شوومە، دەبێت بخرێتە ماڵەوە و لەچوارچێویەکی بەردیندا بهێڵدرێتەوە. ڕۆڵی ژن، یان کاری ژن دەبێت لە کارەوە بگۆڕێت بۆ بەخێوکردن و وەچە خستنەوە، ئەسڵی کاری ژنانە دەبێت بە ئامێرێک بۆ (ئیڤلیوشن): ئیڤلیوشن مەبەستم لە پەرەسەندنی مێژوویی جیناتی مرۆڤایەتییە، کە ژن بەرپرسە لەهێشتنەوەی ڕەگەزی مرۆیی. لێرەدا کاری ژن تەنیا بریتی دەبێت لەپەروەدەکردنی منداڵ

و گۆشکردنی لەچوارچێوەی خێزاندا. چونکە ئەمەش پێشینیەکی مێژوویی هەیە، بۆیە سەرجەم پرۆسیسە پەروەردەییەکەش کە ژن تێیدا منداڵی پەروەردە دەکات، بریتیە لەو تەسەوڕە پیاوانەیە. لێرەدا ژن (ژنانە) منداڵ گەورە ناکات، بەڵکو بە لۆژیکی پیاوانە، ئەمەش لەمێژوودا درێژەی هەیە تا ئێستا. بۆیە لەکۆی بزووتنەوە فێمێنیستی و ئەو بزووتنەوانەی داوای مافەکانی ژنان دەکەن، هەموویان ناڕازین لەو سیستمەی جیهان بەڕێوە دەبات. سیستمی بەڕێوەبردنی جیهان سیستمی ئایینە تاک خواوەندیەکانە و لەحەزرەتی (ئیبراهیم)ەوە تاکو پێغەمبەران (عیسا و موسا و پێغەمبەری ئیسلام) بریتی بووە لەسیستمێکی پیاوانە. بەمەش هەموو دەسەڵاتێکی لەم دونیا و ئەو دونیا بە پیاو دراوە. تەواوی پەیامبەرەکان پیاون، بەو پێیەی ژنان ناتوانن هەڵگری پەیام بن.

ژن لێرەدا تەنیا یەک ڕۆڵی هەیە، ئەویش هاوکاری پیاوە لە باشترین حاڵەتدا. بۆ نموونە: لەسەرجەم تێڕوانییە ئاینیەکان ژنان دەچنە دۆزەخەوە، بۆ؟ چونکە ژنان نزیکترن لەپیاوان، شەیتان دەتوانێت لەڕێگەی ژنانەوە پیاو فریو بدات و بیخاتە سەر ڕێگەی خراپ. ئەم لۆژیکە هەمیشەی وێنەی ژن دەکات بە تاوانبار، وێنەی گوناحکار، وێنەیەکی حەرام، وێنەی جەستەیەک کە دەتوانێت پیاو لەخشتە بەرێت. لەراستیشدا ئەمە هەمووی دۆخێکی سایکۆلۆژی پیاوانەیە، نەک فاکتێکی مێژوویی.

دواجار هەموو ئەمانە و سەرەتاکانی ئیعتراز گرتن و سەرەتاکانی ناڕەزایەتی دەربڕین لەم دۆخەدا کە ژنی تێدا وەک تاوانبار پێ ناسێنراوە. کەی هەست لای ژن دروست دەبێت بۆ بەرگری کرن لەخۆی و بۆ بەرگری کردن لەمافەکانی و بۆ بەرەنگاربوونەوە دژی ئەو سیستمە؟.

بەهەمان شێوە دەتوانین دابەشی بکەین بۆ دوو قۆناغ، یان دوو ئاراستەی جیاواز:

قۆناغێکیان، قۆناغی ڕۆژاواییە، کە بە سەرهەڵدانی ڕەوتی فیمێنیزم بەناوبانگە. قۆناغی خۆرهەڵاتیمان هەیە، کە هێشتا نەخەملیوە، بەڵام ڕیشەکانی لەناو کلتوور و دابونەریتەکاندا هەن. لێرەدا هەوڵ دەدەم بێسی هەردوکیان بکەم:

## سەبارەت بە خۆرهەڵات

ئێمە کە لەخۆرهەڵاتی ناوین دەژین، ئەو سەرزەمینەی کە هێشتا سەرزەمینی میزوپۆتامیایە. هەرەوەزی کار لەسەردەمی کشتوکاڵیدا زۆربووە. بۆیە هێشتا ژن خاوەنی تایبەتمەندی پێگەی خۆی بووە. هەر بەدیاریکراوی لەناو کورددا لەبەرئەوەی ئێمە لەمێژووی دێرزەمانماندا ژن خواوەند بووە، بەنموونە خواوەندی زانین، خواوەندی مەعریفە، خواوەندێک کە دەتوانێت درک بەهەموو شتەکان بکات، کارەکتەری (شاماران) هەیە کە خواوەندی زانین و عەقڵە و ژنە. ئەو ژنەی کە سەرێکی هەیە و جەستەی وەکو ماری لێهاتووە، لەدواوە کلکێکی هەبووە. ئەم وێنە ئەفسانەیەی کاتی خۆی لەزۆر ماڵدا هەبووەو بە دیوارەکانەوە هەڵواسرابوو. ئەمە سیمبولی خواوەندی زانینە و لەناو کلتورەکەی خۆماندا ماوەتەوە. ڕەنگە زۆرێک ئاگایان لەو چیرۆکە نەبێت. ڕەنگە لەناو ماڵە موسڵمانەکانیش وێنەکە بوونی هەبێت، بەڵام بێ ئەوەی بزانن ماناکەی چییە. ڕەنگە هەروا بزانن سیمایەکی کلتورییە لەناو ماڵەکانیان ماوە. هێشتا پێگەی ژن ئەم سەد ساڵەی ڕابردووی لێ دەرچێت کە دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی سەری هەڵدا، ئیسلامێک کە دەوڵەت دەیبات بەڕێوە. هەڵبەت یەک قۆناغە، پێشتریش لەسەردەمی دەسەڵاتەکانی عوسمانیدا کاری زۆر لەسەر ئەم کۆمەڵگەیانەی خۆمان کراوە، بەو مەبەستەی ژن نامۆ بکرێت. ژن بچەوسێنردرێتەوە، بەڵام تا پێش ئەو سەد و پەنجا ساڵە ژن پێگەیەکی بەهێزی هەبوە بۆ؟ چونکە جۆری ئەو کارەی کە پەیوەستە بە ژیانەوە هاوبەشی پێکراوە. ژن بە قەد پیاو ئەرکی لەسەر شان بووەو ئەرکەکان دابەشکراون، مرۆڤیش بە پێی ئەو ئەرکانەی پێی دەسپێدرێت توانا و دەسەڵاتی زۆری تێیدا دەبێت. هەروەها ژن هەر لەماڵەوە نەبووە، بەڵکوو لەدەرەوەیش بووە. وێرای ئەوەی ئەرکی منداڵ دروستکردن و پەروەردەکردنیشی لەسەر بووە. کەچی هاوشانی پیاو لەدەرەوە بووە و قسەی خۆی هەبووە و ڕۆڵی بینیوە لەو سەردەمانەدا. هەمیشە هاوبەشی پیاو بووە لەهەر بڕیارێک پیاو داویەتی. تا ئەو چرکەساتەش عەشیرەت هەیە سەرۆکەکەی ژنە، ئەمەش دیاردەیەکی نامۆیە، چونکە لەهیچ سەردەمێکی مێژوویی خۆراواشدا ئەوە نابینرێت، ئەزموونی شاژنە ئەلیزا بێسی لێدەرچێت لەبەریتانیا، ئەویش ئەزموونێکە لەدوای نەمانی وەچەی نێر لە سولالەی

> **“ لەسەرجەم تیۆرانیە ئاینیەکان ژنان دەچنە دۆزەخەوە، بۆ؟ چونکە ژنان نزیکترن لەپیاوان، شەیتان دەتوانێت لەڕێگەی ژنانەوە پیاو فریو بدات و بیخاتە سەر ڕێگەی خراپ ”**

**دیاردەی ژن کوشتن دیاردەیەکی زۆر زۆر تازەیە و تازە بەرهەم هێنراوە و خراوەتەوە ناو کلتورکەمانەوە**

**❝ هەر وێرانکارییەک ڕوبدات ژن لە پشتەوەیەتی. واتە ژن شوومە، بۆیە مادام ژن شوومە، دەبێت بخرێتە ماڵەوە و لە چوارچێوەیەکی بەردیندا بهێڵدرێتەوە ❞**

خانەوادەی مەڵێکدا دروست دەبێت، کاتێک پاشا لەوێ نامێنێ ئیدی هەر کچی دەبێت و کچەکە ڕابەرایەتی بەریتانیا دەکات. وەکوو نموونەش ئەمە تا ئێستا ماوەتەوە.

لەقۆناغی دواتردا کاتێک دەسەڵاتی عوسمانییەکان ئیمتیدادی دینی و خاوەنداریەتی زەوییوزار بۆ بەشێک لەو خەڵکانەی بەناوی شێخ، یان سەید دروست دەکات، ئەوانەی ڕەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە بۆ پێغەمبەر و کوردن، یان نەتەوەی دیکەن، وایان لێدەکەن دەسەڵاتی ئاینیانەی خۆیان زیاتر بەکاربهێنن و ئەو ماکانەی لەپشتی ئەم پەیامەوە ئامادەیەی هەیە دەیخەنە ناو مێشکی پیاوەکان، بەتایبەت دوای دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەکان و دەوڵەتەکانی وەکو عێراق و سوریا و تورکیا ئێستا. کە تێیاندا دەسەڵاتی ئایینی لەلایەن دەوڵەتەوە ئاراستە دەکرێت و چیتر پەیامەکان، کە لەمزگەوتەوە دەخوێندرانەوە هەر پەیامی مەلایەک نابن بەتەنیا، بەڵکوو دەوڵەت ئاراستەی دەکات. ئایین دەبێتە کەرستەی دەستی دەسەڵاتداران و لەوێوە جارێکی دی توندوتیژی بەرهەم دێت و زیاتر پەرە دەسەنێت، بەتایبەتی لە عێراقدا لەبەر ئەوەی نزیکن لەدەسەڵاتی پان عەرەبیزم، پان ئیسلامیزم، سوونەش بەتایبەتتر، کە لەدەسەڵاتدایە و ئێمەی کوردیش سوونەین. ئەمە بووە ئەداتێک بۆ زیاتر چەوساندنەوەی ژن، بووە ئەداتێک بۆ زیاتر ڕەوایی دان بۆ کوشتنی ژن. بۆ نموونە لەو یاسایانەی دادەڕژێن. ئەگەر پیاوێک ژنێک بکوژێت بە بیانووی پاککردنەوەی شەرەف (غسل العار) ئیدی ئەو تاوانبار نییە، بۆیە ڕێگا خۆشکراوە بۆ بەکارهێنانی دەسەڵاتی سیاسی، یان دەسەڵاتی ئایینی، کە پیاو بۆی هەیە لەژنەکەی خۆی و دایک و خوشکی خۆی بدات و شتێکی نامۆ نەبێت. تەنانەت دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت ژیانیش لەژنەکەی بسێنێتەوە، بەڵام ئێمە لەمێژوویەکی پێشتردا ئەم شتەمان نەبووە لەو ناوچەیە. بۆیە دیاردەی ژن کوشتن دیاردەیەکی زۆر زۆر تازەیە و تازە بەرهەم هێنراوە و خراوەتەوە ناو کلتوورکەمانەوە. بۆیە هێشتا ئامادەیی کلتووری لەم کۆمەڵگایەی ئێمەدا بۆ ڕابوونی ژنان، بۆ هەست کردن بە توانستەکانی خۆیان وەستانەوە لەبەرامبەر ئەم ئایدیۆلۆژیایە، کە ژنێک نەفرەت ئەبینین، ئامادەی زۆری هەیە. تازەترین نموونەش لەسەردەمی هاوچەرخمان بوونی ژنانێکی شۆرشگێرن لەبزوتنەوە چەپەکاندا، لەیەکێتی نیشتمانییەوە بۆ کۆمەڵەی ئێران بۆ ناو حزبی دیموکرات، لەدواییشدا بۆ پەکەکە و بەهێزترین دەرکەوتنیشیان هێزەکانی پاراستنی ژن (یەپەژە) بوو، کە توانیان لەڕۆژئاوای کوردستان ئەزموونێک پێشکەش بکەن و جیهانی پێ سەرسام بکەن. بۆ جیهان سەرسامە پێی؟ لەبەرئەوەی ئەمە تاکە بزووتنەوەی شۆڕشگێری ژنانەیە و بە ئایدیۆلۆژیایەکی ژنانەو لەسەر فیکرێک دروستبووە و بۆ بەرگریکردن لەخود هاتۆتە ئاراوە و بەرگری پێ لەخۆی دەکات. هەرچەندە ئەوەی جیهان چاوی لەسەربوو تەنیا مۆدیلێک نەبوو، بەڵکو ئەو بیرکردنەوەیە مێژووییە کە لەم ناوچەیە بوونی هەیە. هەمووشمان دەزانین تەنانەت لەڕاگەیاندنە عەرەبی و بیانیەکانیش زۆر قسە و باس لەسەر ئەو ژنە کوردە چەکدارانە کرا کە چۆن توانیان بارودۆخەکە بگۆڕن و لەبەرامبەر ئایدیۆلۆژیایەک بوەستنەوە کە پێی وایە ئەگەر پیاوێک بەدەستی ژنێک بکوژرێت ناچێتە بەهەشتەوە، ئەم دیاردەیەی کە ژنێک دێت و بە پیاوەکان دەڵێت: من دەتوانم تۆ بکوژم و ئەشی کوژێت. چانسی ڕاگرتنی کلیلی بەهەشتی لێ دەسێنێتەوە. ئا لێرەدا چرکەساتی بێدرابوونەوەی ئیرادەی چەند هەزار ساڵی خەوتووی ژنە لەسەر زەوی و ژن لەوێدا دێت و گوزارشت لەخۆی دەکات.

بەهەموو بارێک ئەمە کۆمەڵێک وانەی دوورودرێژی هەیە، ئەوەی پێی دەڵێن ژنۆلۆژی، پێشم وایە هەندێک لەژنان بەجۆرێک لەجۆرەکان چوونەتە سەری و زانیاریان لەبارەیەوە هەیە.

**سەبارەت بە خۆراواش:**

سەرەتاکانی دەرکەوتنی نارەزایەتی و سەرەتاکانی هەست کردن بە نامۆیی لەلایەن ژنان دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی

پێشکەوتنی پیشەسازی، یان قۆناغی ئەوەی پێی دەوترێت ڕۆشنگەری. لەقۆناغی ڕۆشنگەریدا لەدوای ئەوەی کە پیشەسازی دروست دەبێت و (کار) دەبێتە سەنتەر لەژیاندا. لێرەدا قۆناغێکمان هەیە لەئەوروپا کە بەقۆناغی چەق بەستووی ئایینی ناسراوە، بەڵام لەلایەکی دیکەوە قەشەیەکی وەکو مارتن لۆسەر دێت و دەڵێت: کار و کەڵەکە کردنی سەرمایە وەکو پەرستن و خوا پەرستی وایە، پێویست ناکات تۆ لەکەنیسەکەیدا دانیشیت، یان لەماڵەوە عیبادەتی خوا بکەیت بۆ ئەوەی بچیتە بەهەشت، نەخێر! دەتوانی چانسی ئەوەت هەبێت و کار بکەیت و سەرمایە بەدەست بێنی، خوا ئەمەت وەکو عیبادەت بۆ دەنووسێت.

ئیدی لێرەدا چەرخی کارکردن لەئەوروپا بەگەڕ دەکەوێ و دەرئەنجامی ئەم تێڕوانینە و تێگەیشتنەش دەبێتە هۆی بەرپابوونی شۆڕشی پیشەسازی.

لەشۆڕشی پیشەسازی لەشارەکانی ئەوروپا، لەفۆڕمی شاری تەقلیدییەوە دەگۆڕێت بۆ شاری کارگەکان. هەمووان دەزانین کارگە پێویستی بەدەستی کار هەیە. دانیشتوانی شارەکان کە خۆیان (مانی فاکتۆریان) هەبووە، یان بەهرەی دروستکردنیان هەبووە لەماڵەکانی خۆیان. بۆ نموونە ئەوەی کارگەی بچووکی دەستی هەبووە. پیاوێک لەماڵەوە بە پێستە پێڵاوی دروست کردووە، بەڵام لەتەنیشت ئەوەوە کارگە دروستکرا کە بەهەزاران پێڵاوی بەرهەم هێنا. ئیدی ئەم کارگە بچووکە دەستیانە چیدی وەکو جاران ئەرزشی نەما و کرێکارەکان دەبووایە بڕۆن لەکارگەکان کاربکەن، بۆ ئەوەی سەرمایە بەگەڕ بکەوێ و زۆرترین ڕێژەی کاڵا بەرهەم بێت. لەم قۆناغەدا چیدی دانیشتوانی شار بەتەنیا ئیکتیفای زاتی بەشی کرێکاری نەدەکرد. بۆیە لەدەرەوەی شارەکان و لەگوندەکان و دەوروبەرەوە، کە لەوێ دەسەڵاتی نەریتی و تەقلیدی زیاتر زاڵە وەک لەشار، ژن زیاتر لەماڵەوەیە و زیاتریش دەچەوسێنرایەوە. ئەمانە دێن و خانەخۆی خۆیان بەجێ دەهێڵن و لەخانەیەکی تازە ژیان دەبەنە سەر. ئەگەر پێشتر لەگوندەکان، یان لەشوێنە بچووکەکاندا (هاوبەندیە)ک، یان پەیوەندیەکە پەیوەندیەکی خوێنی و بەهێز بووە، چونکە هەمویان یەکدیان ناسیوە، هەمووی لەژێر یەک چاودا بووە، واتە لەژێر چاوی هۆز و خێڵ، بەڵام کاتێک دەڕۆنە شارەکان، شاری گەورەن و هەمووی یەکدی ناناسێت. لەڕاستیشدا ئەوەی کە پەیوەندیە توندوتۆڵەکان دروست دەکات، پەیوەندی خێڵایەتی نییە، بەڵکو پەیوەندی فەرمییە. شوێنی کار پەیوەندی دروست دەکات، بەرژەوەندی کەسەکان دەبەستێتەوە بە یەکدی، نەک پەیوەندی خوێن، کە لەگوندەکاندا هەبوو. لەم قۆناغەدا پیاوەکان کاریان کردووە و ژنان لەماڵ بوونە، بەڵام لە شوێنێکدا ژیانی شار قورسترە لەگوند ئەو پارەیەی پیاوێکی کرێکار بەدەستی دەهێنێت، ناتوانێت سەرجەم خەرجی و پێداویستیەکانی شاری پێ دابن بکات، بۆیە بەناچاری لەقۆناغی داهاتووتردا پێویستە ژنیش کاربکات. ئیدی پیاو واز لەو ئایدیایەی خۆی دەهێنی کە دەبێت ژن هەر لەماڵ بێت، بەڵکو بە پێی پێویست دەبووایە ژنیش بڕواتە ناو کارگەکانەوە، بەڵام هێشتا نەریتی دەسەڵاتی پیاوانە و بیرکردنەوەکانی ئەوە بوو کە ژن پارەیەکی کەمتر وەربگرێت لەبەرانبەر ئەو کارەی دەیکرد. لەم قۆناغەدا ژن سەرباری چوونی بۆ دەرەوە و کارکردن بە مووچەیەکی کەم، دەبووایە ئەرکی ماڵەوەیش جێبەجێ بکات و ئاگای لەمێردەکەشی بێت و منداڵیش دروست بکات و پەروەردەشیان بکات. بەڵام لەخاڵێکدا چیدی ژنەکان ئەوە قبوڵ ناکەن. نموونەکانیش زۆرن و سەرچاوەی زۆریش لەبەردەستن، بۆ ئەم قۆناغەی تێیدا ژنان داوای مافی خۆیان کردووە. ژمارەیەک ژن نارەزایەتی دەردەبڕن و بەم ژیانە ڕازی نابن. ئیدی وردە وردە قەبارەی نارازییەکان فراوانتر دەبێت و ژنان هەست بەدۆخی نایەکسانی و خراپی خۆیان دەکەن.

لەچەمکی شۆڕشدا واهاتووە، کاتێک شۆڕش بەرپا دەبێت، ئەگەر شۆڕشگێڕەکان هەست بە زوڵم و نادادی بکەن، هەتا ئەو هەستە دروست نەبێت شۆڕش بەرپا نابێت. ژنان نەختێک توانیان بێنە سەر شەقام و مان بگرن لەناو کارگەکان کە ئەو هەستە لایان گەیشتە ترۆپک. ئیدی لەم قۆناغەدا چەندین جۆری بزووتنەوەی فێمینستی دروست بوون بە فۆڕمی جیاواز جیاواز و بەپێی وڵات و سەردەمەکان. هەندێکیان هەموو خەتاکەیان بۆ ئایین و هەندێکیان بۆ پیاو و هەندێکیان بۆ پەیوەندی ستەمکاریان بەسەرمایەوە دەبەستەوە. لەدۆخێکدا و بەتایبەتی فێمنیستە ڕادیکاڵەکان، کە پێیان وابوو پیاو هۆکاری هەموو نەگبەتییەکانی ژنە، تەنانەت (قەدەغەی پەیوەندی ژن و پیاویشان دەکرد) زۆرێک لەو ژنانە بوونە هەموو شتێک بۆ خۆیان. گەیشتە ئەوەی قژیشیان وەکو پیاوان

“

**لەچەمکی شۆڕشدا واهاتوە، کاتێک شۆڕش بەرپا دەبێت، ئەگەر شۆڕشگێڕەکان هەست بە زوڵم و نادادی بکەن، هەتا ئەو هەستە دروست نەبێت شۆڕش بەرپا نابێت**

”

ببڕن و جل وبەرگی پیاوان بپۆشن. فێمینستەکان مۆدێلی زۆریان هەیە (وەک فێمینستی ڕادیکاڵی و سۆشیالیستی و هتد). لەڕاستیدا هەست کردن بە نامۆیی و هەست کردن بە ستەم بووە هۆکاری ئەو جۆرە لەناڕازی بوونە. بنچینەی ئەم ئایدیانە وردە وردە کۆمەڵێک بیرکردنەوەی بەرهەم هێنا و کۆمەڵێک ژنی جیاوازی هێنایە بەرهەم. بۆ نموونە یەکێکی وەکو سیمۆن دی بوڤوار، هانا ئارنێت و کۆمەڵێک لەو ژنە نووسەرو بیرمەندانەی کە لەبارەی توندوتیژیەوە چەند جۆرێکیان خستەڕوو.

جۆری سەرەتایی توندوتیژیش بریتیە لەم توندوتیژییە جەستەییەی کە پیاو بەسروشت لەژنی دەکات لە (لێدان، زیندانی کردن، لەهەر جۆرە مامەڵەیەکی توندوتیژانەی تریش) هەتا دەگاتە کوشتنیش. ئەمە جۆری یەکەمی توندونیژیە.

جۆرێکی هاوشانی ئەمە، کە زەبرەکەی لەزەبری توندوتیژی جەستە زیاتر دەبێت پێی دەوترێت توندوتیژی دەروونی لە (خراپ مامەڵەکردن، لەخراپ بیرلێکردنەوە، لەخراپ وێناکردنی ژنان) ئێستا ئێمە چەمکێکیشمان هەیە کە بەشێک لە نووسەرانی ژن لەسەری دەوەستن (توندوتیژی نواندن بە بیانووی خۆشەویستی) پیاوێک بە ژنێک دەڵێت: من تۆم زۆر زۆر خۆشدەوێت لەبەرئەوە نابێت تۆ ئەمانە بکەیت (لیستێکی قەدەغەکراوەکانی بۆ ئامادە دەکات) بەجۆرێک ژنەکە دەخاتە ناو قەفەزێکی زێڕینەوە بەبیناوی خۆشەویستی، کە ئەمەش دەڕواتە ناو توندوتیژی دەروونییەوە.

جۆرێکی ترمان هەیە لەتوندوتیژی، ئەویش توندوتیژی ئابورییە، ئەو جۆرەی لەمەسرەف نەکێشان و لەماف پێنەدان و کارپێکردنی ژن و هاوتا نەکردنی لەدەرماڵە و مووچە. ئەمە بەتایبەتی لەئەوروپا هێشتا زەقە، ئەگەرچی لەهەندێک شوێن وانییە، بۆ نموونە لای خۆمان وانییە، فەرمانبەرێکی ژن و فەرمانبەرێکی پیاو وەکو یەکە، بەڵام ئەمە هێشتا کێشەی ژنانی فێمینستە لەئەوروپا. هێشتا ئەوان خەبات بۆ ئەم حاڵەتە دەکەن.

جۆرێکی تری توندوتیژی (توندوتیژی ئاینیە)

لێرەدا دەسەڵاتی ئایینی ڕێگە دەدات پیاوان بۆیان هەبێت چەند هاوسەرێکیان هەبێت. یان حیجاب کردن بەزۆر و پاشکۆیەتی بۆ پیاو. شتی زۆرتریش هەن کە ستەمکاریە بەرامبەر بە ژن.

جۆرێکی تری توندوتیژی پێی دەوترێت توندوتیژی قەزایی، یان دادوەری. ئەمەش ئەو یاسایانەن کە لەکۆمەڵگەدا و لەچوارچێوەی دەوڵەتدا بوونیان هەیە، بەتایبەتی کاتێک ئەساسی یاساکان لەئایین و داب و نەریتەکانەوە وەردەگیرێن، بەجۆرێک لەجۆرەکان ملکەچن بۆ ئەو بیرکردنەوە پیاوانەیە. بۆ نموونە لەچەند ساڵی ڕابردوودا یاسایەک لەعێراق کاری پێکرا، کە پیاوێک بۆی هەبوو کچێکی تەمەن یانزە ساڵی بکاتە هاوسەری خۆی، کە بەیاسا ڕێگەی پێدرابوو.

مۆدێلەکانی توندوتیژی زۆرن تێیاندا پیاوان ڕەوایەتی بەخۆیان دەدەن ئەنجامیان بدەن لەکردارو ڕەفتار و بیرکردنەوەکانی. هەمووشیان دەچنەوە ناو خانەی توندوتیژی...

بۆ بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی توندوتیژیش لەناو کۆمەڵگەی خۆماندا، پێویستە هەڵوەستە لەسەر سێ تەوەر، یان خاڵ بکەین:

١. هۆشیارکردنەوەی تاک، کە زۆر گرنگە ئێمە تاکێکی هۆشیارمان هەبێت بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی تەندروستمان هەبێت.

٢. جێبەجێکردنی یاساکان لەسەر ئەرزی واقیع و بەرجەستەکردنیان. هەموومان دەزانین یاسایەکمان هەیە بۆ ئەو دیاردەیە، بەڵام زۆرجار کێشەکان بە ڕێگەی عورفەکانی کۆمەڵایەتی چارەسەردەکرێن و بێ دەنگی لێدەکرێت و ڕێگە نادرێت یاسا کاری خۆی بکات. ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی زیادبوونی توندوتیژیەکانە.

٣. ڕەخساندنی هەلی کار بۆ ژنان و فەراهەم کردنی ژیانێکی شایستە بۆیان. چونکە هەر کاتێک ژن بووە خاوەنی ئابووری سەربەخۆی خۆی دەتوانێت باشتر بەسەر کێشەکانی‌دا زاڵ بێت. زۆربەی جار پیاو چونکە دەرەقەتی خەرجییەکانی ژیان نایەت و ژنەکەش خاوەنی هیچ دەستکەوت و داهاتێک نییە و کار ناکات، کێشەی گەورە دروست دەبن و دەگاتە ڕادەی توندوتیژی و لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەی خێزانەکان.

بێگومان ڕێگەی تریش زۆرن بۆ بەر گرتن بە ئەنجامدانی توندوتیژی و نەهێشتنی لەناو کۆمەڵگەکەماندا... بەهیوای کەمبوونەوەی ئەو دیاردەیە و باشترکردنی دۆخ و ژیانی ژنان بەشێوەیەکی گشتی.



# ئایا داهاتووی دیموکراسی فاشیزمە؟!

تا ئێستا تۆتالیریزم و دیموکراسی دوو شتی دژبەیەک بوون. ئەم جەنگانەی کردوومانە لەدژی نازییەکان و ستالین و ئەمەریکای باشوور و شوێنەکانی دیکەش، بەناوی مرۆڤەوە بووە، کە سەرۆکی دیموکراسیەتە، ئەمەش تەنها مەرجێکە بۆ ئەوەی تۆتالیتاریزم کۆتایی پێبێت .

بەڵام ئێستاکە چی دەبینین؟

ئیسرائیل وڵاتێکە بەحیساب دیموکراتییە و خەریکە فەلەستینییەکان بە میتۆدی نازییەکان لەناو دەبات، ڕاستە ژن وەکو ئۆسویچ نییە، بەڵام ڕەنگە وەکو گێرنیکا یان بەرسۆڤی وابێت، وڵاتە یەکگرتووەکان لەسەردەمی بۆشدا ڕاستە وەکو وڵاتانێکی دیموکراسی دەردەکەوتن، بەڵام نابێت لە بیرمان بچێت کە چەندین خەڵکیان لەگوانتانامۆ زیندانی کردبوو، کە لەڕووی یاسایی و دیموکراتییەوە مافیان نەبوو زیندانیان بکەن، تەنانەت سزای جەستەیی بەسەر زیندانیەکانیشدا دەسەپێنن .

لەنێو ئیتاڵیا، بێرلسکۆنی تەنها پیاوێک بوو، کە خۆی بە تەنیا کۆنترۆڵی هەموو میدیاکانی کردبوو، وەکو چۆن مۆسۆلینی کۆنترۆڵی کردبوو، تەنانەت لەبەریتانیاش کە ڕەنگە کۆنترین وڵات بێت سیستمی دیموکراسی هەبووە. لەبابەتێکی ڕۆژنامەی لومۆند نوسرابوو کە هەزار کەس لەکۆمیسیاریا لەزیندان و لەنەخۆشخانەی دەروونی مردوون .

بەڵام فاشیزم چییە؟

فاشیزم ئەوە نییە کە کۆمەڵەیەکی گەورە خراپە دەرهەقی کۆمەڵەیەکی بچووک بکات، لەبەر ئەوەی هیتلەر خۆی بە شێوازێکی دیموکراسی بوو بە سەرۆک، دڵنیام گەر ریفراندۆمێک لە ساڵی ١٩٤٢ یان ١٩٤٣ بکرایە هەر ئەو دەبوو بە سەرۆک .

فاشیزم زیاتر پەیوەندی بەوەوە هەیە کە کەسێک بتوانێ کۆنترۆڵی هەموو جومگەکانی سیستەمەکە بکات، تا کەسێکی دی نەبێت بیر بکاتەوە بێ لەخۆی.

سیستمە تۆتالیتارییەکانی جاران دەیانتوانی ئەمە بکەن، بەڵام بە ستایلێکی توندوتیژ بەهۆی لێدان و شکەنجە و سێدارە و کوشتن، کە دەستێکی باڵایان لەوەلانانی مافی مرۆڤدا هەبوو .

ئەمڕۆ چەندین شێوازی سیاسیانەی دی هەیە، کە بتەوێت ملکەچی خەڵکی پێ بەدەست بێنیت، وەکو چۆن لابۆیتی دەیگوت: بەبێ ئەوەی هەست بکەیت لەدژی تۆن، یان تۆ خەریکی مافی ئەوانی دی دەخۆیت، بۆ ئەوەش چەندین میتۆدی دیکە هەیە تا وابکەیت لەخەڵکی، کە ئیتر بیر لەسیاسەت کردن نەکەنەوە، ئەمەش بەهۆی سۆشیال میدیا و بەهۆی بەرفراوانی تۆڕی پەیوەندی و سەرقاڵی خەڵکییەوەیە، لەگەڵ دروست کردنی کەشێکی سێکسی و پۆرنۆگرافی کە خەڵک بە تەواوەتی گیرۆدە بکات، لەگەڵ دژایەتی کردنی ئەوانەی کە گوایە مافی مرۆڤ دەخۆن بۆ نموونە جولەکە، یان باسی تاوانی وڵاتەکانی دی، وەکو ئەوەی بن لادن کە لەنێو هەناوی وڵاتێکی دۆزەخی و بەربەریدا دەجوولا، یان چەندین تاوانباری دی بۆنموونە دز و جەردە و کەسانی لاکۆڵان .پاشان چەندین شوێنی دیکە دروست دەکەن بۆ بەرهەمهێنانی دیکتاتۆریەتییەکی شەخسی، ئەمە کۆنترۆڵکردنێکی نهێنیانەیە، ئەم تەکنیکە لەتەکنیکەکانی دی باشتر ئیش دەکات بۆ ئەوەی دیکتاتۆریەتی نەرم سەر ڕێگا بخەیت.

تەواوی ئەم شتانە دەکرێت لەنێو ڕێزگرتنێکی پڕاوپڕی دیموکراسییەوە بێت، خەڵک هێشتا دەنگ دەدات، بۆ هەر پارتییەک تەنانەت ئەوانەی کە توندن، کەس ناتوانێ بزانێ کێ دەنگی داوە، یان کێ بەشداری هەڵبژاردنەکانی نەکردووە، دەنگەکان بێ فێڵ و ساختە نین بێ لەویلایەتی فلۆریدا لە ئەمریکا.



ڕەنگین عەبدوڵڵا*

بەڵام ئەو شتانەی کە لەفەلەستین و لەئەفغانستان و وڵاتە یەکگرتوەکان ڕوودەدات، وێنەی ئەو شتانەیە کە دەتوانێ بەسەر ئێمەشدا بێت گەر لەدژی ئەم سیستەمە بوەستینەوە، هەزارەکان گەر بیانەوێت بجەنگن و بەم مەرجانە ڕازی نەبن، ئەوا دەرنجام دەبێ سزا بدرێن.

**هەرکات بمانەوێ باسی تۆتالیتاریزم و فاشیزم بکەین ناتوانین کتێبی بنچینەکانی تۆتالیتاریزمی خانمە فەیلەسوف (هانا ئارنێت) نادیدە بگرین**

کەوابێت تۆتالیتاریزم کردەیەکی مێژوویی نییە کە مەحاڵ بێت دووبارە ببێتەوە، تەنیا توندوتیژییەک نەبوو کە ئەمرۆ بە ختەوەربین ئەو لێرە نییە، بیرسکۆلینی، بوش، شارۆن و ترامپ و ئیستاش لەفەرەنسا ئێریک زێمور، ئەم پیاوە دیموکراتانە ئیدیعای لیبرالیزمێک دەکەن کە هیچ نییە جگە لەفاشیستێکی نەرم، ئەمەش بەچەندین میتۆدی تازە و ڕۆشنبیرانە ئەنجام دەدرێت، بۆ کۆنترۆڵکردنی خەڵک و بشتوانی سزای ئەوانەش بدەیت کە دژایەتیت دەکەن، گوانتانامۆ، ژێینین ئاگادارن لەو شتانەی کە ڕوودەدات، لەو خۆڵانەی دەکرێتە ناو ڕۆنی خەڵکیەوە.

کاتێ فۆکۆیاما باسی کۆتایی مێژوو دەکا. مەبەستی ئەوە نییە مێژوو لەناو چووە، بەڵکوو ئەیەوێ بڵێ چیتر ڕوداوی گەورە ڕونادات جگە لە دووبارەبوونەوەی ئەو فاکت و سیناریۆ مێژوویانەی پێشتر بێرەدا تێپەڕیون. ئەگەر داهاتووی دیموکراسی فاشیزم بێ، وەکو میشێل باکۆلین پێی وابوو، ئەوە گومانی تێدانییە داهاتووی فاشیزمیش ئەم دیموکراسییەت و لیبراڵیزمەی ئێستابوو کە بیرمەندێکی وەکو ئێریک زێمور و هاوڕێکانی لەپاریس و دۆنالد ترامپ و هاودیدانی لەواشنتۆن ڕابەرایەتی ئەم تەوژمە ئایدیۆلۆژیە ئاڵۆزە دەکەن. دەرکەوتنەوەی فاشیزم لەفۆرمی دیموکراسیەتدا دەمانگەڕێنێتەوە سەر ڕیشەی دەرکەوتنی سەرەتاکانی بیروهزری دیموکراسییەت کە خەڵکانێک پێشەوایەتیان دەکرد و بەشێکیش بوون لەتیۆرسیانی تۆتالیتاریزم و فاشیزمی ئیدیۆلۆژی.

مۆنۆپۆلکردنی فەزای گشتی و نیشاندانی ئەو شتانەی دەبێ نیشان بدرێن و شاردنەوەی شتانێکی ئاشکرا بەناوی ڕەوایەتی ئایدیۆلۆژی لەهەر بەرگێکی سیاسیدا بێت هەڵگری توخمێکی فاشیزمە کە دەیەوێ ئەوانی دی وەکو عیفریت و ناحەز ببینێ، کۆکردنەوەی کۆی بەها کۆمەڵایەتییەکان و نۆرمە ئاینییەکان و لەناوبردنی خەونی ئاندیڤودوالیزم بە هەیکەلی پیرۆزی خۆی بزانێت.

ئەو خاڵە ڕوونبۆتەوە کە مێژوو کۆتایی پێهاتووە. واتە: دەسەڵاتی تۆتالیتاریزم خەسڵەتێکی جەوهەری پێکهاتەی ئینسانە و بێ خواستی دۆمینێکردن بەسەر ئەوانیتردا ناتوانێ هەناسەبدات.

هەرکات بمانەوێ باسی تۆتالیتاریزم و فاشیزم بکەین ناتوانین کتێبی بنچینەکانی تۆتالیتاریزمی خانمە فەیلەسووف (هانا ئارنێت) نادیدە بگرین. ئارنێت پێی وایە وەکو چۆن دیموکراسییەت و فاشیزم بەرهەمی مۆدێرنەن بەهەمان شێوەش تۆتالیتارزمی سیاسی بە یەک لەمنداڵە لاسار و خراپەکانی مۆدێرنە دەزانێ. لای هانا ئارنێت مۆدێرنە جیهانێکی تاریک و کەشف نەکراوە. ئەوەندەی ڕوونە بەئاسانی دێت و نۆرمە کلتوری و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان تێکدەدا و فەزای گشتی لەناو دەبا. فەزای گشتی شوێنی گۆڕینەوەی بیروڕای کاتیگۆریە کۆمەڵایەتییەکانە، بەڵام کاتێک تۆتالیتاریزم دێت یەکەم جێگا پەلاماری دەدات و دەستی بەسەردا دەگرێ، فەزای گشتییە، لێرەوە ئەو جومگانە کۆنترۆڵ دەکرێن کە دەیەوێ هیوا بۆ تێگەشتن و بیرکردنەوە بخولقێنێت.

لێرەدا ڕەنگە ناکۆکییەکی فەلسەفی لەنێوان هانا ئارنێت و فۆکۆیاما بدۆزینەوە دەربارەی مێژوو. لای هانا ئارنێتیش مێژوو لەسەرهەڵدانی مۆدێرنەوە دەوەستێ و پێی وایە هەموو ئەوەی دەبینین و لەگەڵیدا سەروکارمان هەیە هیچ ڕیشەیەکی مێژوویان نییە وەکو تۆتالیتاریم و نازیزم و فاشیزم ئارنێت پێی وایە ئەم ئیدیۆکۆژیانە منداڵە زۆڵەکانی مۆدێرنەن و مێژوو دروست ناکەن، بە پێچەوانەوە مێژوویان وەستاندووە.

بەهەمان شێوە لای فۆکۆیاما ڕیشەی هەمان تێزی ئارنێت دەدۆزینەوە کە لەسەرەوە دەربارەی کۆتایی مێژوو ئاماژەما پێکرد. ئەوەی ئەمرۆ لەڕۆژاوا جێگەی گرنگی و توێژینەوەی زانستی وئەکادیمین تێگەشتنی قووڵە ئەو کۆنسێپتانەی بەناوی زانست و فەلسەفەوە دەیانەوێ ڕێرەوی مێژوو بگۆڕن، ئەم هەوڵانە چەندە قووڵ و فراوان بن، هێشتا نەیانتوانیوە ئەو بیرکردنەوانە تێپەڕێنن کە فاشیزم و تۆتالیتاریزمیان بەرهەم هێناوە، هەڵگرانی ئەم جۆرە لەبیرکردنەوە ئامانجیان لەمۆنۆپۆلکردن و دەستبەسەراگرتن هەیە، ئەوەندەی خەریکی تێکدانی نەریتە فەلسەفییەکانن، هێندە بیر لەپێشخستنی بیری فەلسفە ناکانەوە.

*** ئەندامی مەکتەبی ڕاگەیاندنی(ی.ن.ک)**

# لەبارەی ڕۆشەنبیرەوە

هۆشەنگ شێخ محەمەد



ناوی ڕۆشەنبیر لەزمانی کوردیدا، هەڵگری واتایەکی جودا و جیاوازە لەزمانانی دی. ئەوەی لەم تەئویلەدا گرنگە، دوور لەبەراوردکردنی بە واتای زمان و کەلتووری دی، لێکۆڵینەوە لەناوی ڕۆشەنبیر و کاریگەرییەکەی لەسەر ئەقڵی گشتی دەکەین.

ناوی ڕۆشەنبیر لەدوو بڕگە پێکهاتووە «ڕۆشەن- بیر» ناوی ڕۆشەن، کە ڕەگەکەی دەگەڕێتەوە بۆ «هورەخش» و «هورەخشن»ی پەهلەوی و ئاڤێستایی و یەکسەر بە فەلسەفەی نوور و ڕووناکی و ڕۆشناییمان دەبەستێتەوە. فەلسەفەی ڕووناکی، دەمانباتەوە بۆ فەلسەفەی میترابیزم و دینەکانی کۆنی کورد. نوور لەفەلسەفەی زەردەشتی و ئێزیدی و یارسانی و مانی و تەنانەت لەدینەکانی ئیبراهیمیشدا ناوەندێکی گرنگ و پڕ بایەخە. ناوەکانی «هورەخش» و «هورەخشن». کە دواتر دەبن بە ڕۆشن و ڕۆشنایی و ڕووناکی و گەشانەوە و پڕشنگ و ناوی دیکەش، بنەڕەتێکی پەهلەوییان هەیە و لەکتێبی ئاڤێستا و هەتا سورەوەردیش لەنووسینەکانی خۆیدا هەر بە زمان و واتا پەهلەوییەکە دەگەڕێتەوە سەریان.

لەهەموو فەلسەفەکانیشدا، ڕووناکی وەکوو وو ئۆنتۆلۆجی قورسایی خۆی هەیە. کە دەڵێین لەڕووی ئۆنتۆلۆجییەوە، بە واتای (ئۆنتۆ) بوونەوەر و (لۆگۆس) زانین. واتا تێگەیشتنی بوونەوەرێک بەپێی ئاستی بوونەکەی، درک بە قووڵترین واتایەکەی دەکات.

لەدینە کۆنەکاندا، لەڕۆشەنبیری کوردیدا، لەتێگەیشتنی کورددا، ئەو بوونەوەرە، ئەو کەسە، بە ناوی (کەی، پیر، مۆغ، بابا، حەکیم، سووشیانس و فریادرەس) هاتووە. هەر یەک لەم ناوانەش دەربڕین لەئەقڵێک دەکەن، کە لەڕێی بووناسییەکی تایبەتەوە درک بە واتا قووڵەکانی بوون دەکەن. ئەقڵی ئەم کەسانە، بوونەوەرگەلێکی نوورانی و ڕۆشن و ڕووناکن، لەگەڵ بووندا، لەپێوەندییەکی تایبەت و قووڵ دان. لەزانیندا، لەکەسانی ئاسایی جیاوازن و توانای درککردنیان لەسەرووی مرۆڤەکانی دیکەوەیە. ئەم کەسە ڕۆشەنبیرانە، لەنێو دینگەلی کۆندا، خاوەن پێگە و پایەی بەرز و بەڕێز و گەورە بوون، بەچاوی بلیمەت و دانا تەماشایان کراوە. لەلایەن کۆمەڵگەوە، کەسانی موقەدەس و متمانەپێکراو و بڕواپێکراو بوون. کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆشیان لەسەر ئەقڵی گشتی و هۆشیاریی کۆمەڵایەتی هەبووە. هەروەها پارێزەری دین و کۆمەڵ و ژیان بوون.

لەمێژووی هاوچەرخیشدا، ناوی ڕۆشەنبیر، لەفۆڕمی «مامۆستا، مەلای دوازدە عیلم، زانا، دانا، منەوەر، خوێنەوار، مامۆستا و ڕووناکبیر» لەتێگەیشتنی گشتیدا قورسایی هەبووە. بەشێوەیەک لەساڵانی دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقدا، ڕۆشەنبیر، نوێنەری بیرکردنەوەی نوێ، پێشکەوتوو و ئەقڵێکی ڕووناک بوو. ڕۆشەنبیر خاوەن پڕۆژەیەکی هزری بوو بۆ کۆمەڵگە، بۆ میللەت، بۆ گەل و مرۆڤ بە تەواوی.

لەمێژووی دوای ڕاپەڕیندا، ناوی ڕۆشەنبیر، بەتایبەتی لەڕاگەیاندندا، بۆ یەکەم جار، بۆ نووسەران بەکارهات، بەوەی هەر نووسەرێک بتوانێت قسە لەسەر بابەتێک بکات، دەکرێت پێی بگوترێت (نووسەر و ڕۆشەنبیر، یان ڕووناکبیر) دواتر لەگەڵ زۆری و بۆری کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، ناوی ڕۆشەنبیر، قودسییەتی ڕەسەنی خۆی نەما و بەکارهێنانی بە شێوەیەک ئاسان بوو، هێنایە ئاستی کالایەک، کە بێ هۆکاری پێویست و بێ واتای خۆی بەکارهات. ناوی (ڕۆشەنبیر) لەواتای بنەڕەتی و ڕەسەنی خۆی دوور کەوتەوە و سوا. پێوەندییەکی ئۆنتۆلۆجی لەنێوان ناوەکە و ئەو کەسەی هەڵیدەگرێت نەما. چونکە ئیدی ئەو بوونەوەرە، لەئاستێکی ڕواڵەتیشدا نەیتوانی بە قووڵترین شێوە درک بە بوونی خۆی بکات. بۆیە ڕۆشەنبیر بووە سیفەتێک و چووە سەر ناوی گەلێ کەس. وەکوو وو نووسەر، مامۆستای زانکۆ، ڕۆژنامەنووس، شاعیر و هتد....

ئەگەر بنەڕەتی ناوی (ڕۆشەنبیر) یان (ڕووناکبیر) وەکوو وو واقیعێکی ئۆنتۆلۆجی، بمانباتە نێو لۆگۆس، لەهەمان کاتیشدا دەبێتە ڕەمزێک بۆ چاکە. ڕووناکی ئەگەر لەواقیعی ئۆنتۆلۆجیدا بوون بێت، ئەوا لەڕووی ئەخلاقییەوە ڕەمزێکە بۆ چاکە و فەزیلەت.

لەفەلسەفەی ئیشراقیدا، گشت بوون ڕووناکییە، کە خۆری ئەقڵ هەڵدێت، گشت بوون دیار دەدات، لەگەڵ دەرکەوتنی بووندا، گشت شتەکان دیاردەبن، هەموو بوونەوەرگەلی ماقووڵ و هەستپێکراو دیار دەبن. واتا کە بیرکردنەوەی مرۆڤ ڕۆشن بوویەوە، بوون دیار دەبێت. بە وێنەی هەڵاتنی خۆر، کە خۆر هەڵدێت، هەموو بوون دیار دەبێت. ئیشراقی ئەقڵ بەسەر ڕەوانی مرۆییدا، بەسەر دەروونیدا، بە زمانێکی زانستی

> ❝ ڕۆشن و ڕۆشنایی و ڕووناکی و گەشانەوە و پڕشنگ و ناوی دیکەش، بنەڕەتێکی پەهلەوییان هەیە ❞

نوێ. واتا که مرۆڤ ڕۆشەنبیر دەبێت، درک بە بوون دەکات و تێیدەگات. واتا ڕۆشەنبیر لەڕێی کردەی ئیشراقدا، دەزانێت، چونکە ئیشراق خۆی لۆگۆسە، لۆگۆسێکی خۆرهەڵاتی، که لەفەلسەفەی ئیشرقدا، خۆی ئاشکرا دەکات.

**لۆگۆس**

وشەی «لۆگۆس» وشەیەکی یۆنانییە، لەبنەڕەتدا بە واتای (پێوانەکاری) دێت. واتا ئەم بنەڕەتەی بە ئەقڵ حسێب دەکرێت و شتەکانی پێ دەپێورێن. هەروەها ئاماژەیە بۆ بنەڕەتێکی باتینی، ناوەکی بۆ ئەقلانییێتی شت و ڕوونبوونەوەی بۆ بیرکردنەوەی مرۆڤ هۆش درکی پێ بکات. لۆگۆس لای فەیلەسوفانی پێشین لەیۆناندا، بنەمای سەرەکی پێکهاتنی سرووشت و هەموو دیاردەکانی بوو. ئەم دیاردانە لەتاریکی و فەوزایەکی نائەقلانی ڕوونادەن، بەڵکوو دیاردەکانی سرووشت بەپێی سستەم و پێوەرێک، گونجان و هارمۆنیایەکی ناوازە پەیدا دەبن. گەردوون لەهزری یۆنانیدا پێی دەوترێت (کۆزمۆس) چونکە وەکوو ڕژێمێکی ئەقلانی هارمۆنی و گونجاوە، فەوزا نییە. وشەی کۆزمۆس واتای ئەمە دەدات، کە جیهان گشتێکی گونجاو و یەککگرتووە، لەناوەوەیدا بە ڕووناکی لۆگۆس ڕۆشنە، کە ئەمە بنەڕەتی مەنتیقی ناوەوەیەتی. لەسەر ئەم بنەمایە، مرۆڤ دەتوانێت، بە توانای بیرکردنەوەی لەشت و دیاردەکانی گەردوون بگات و درکیان پێ بکات. بۆیە فەیلەسوفانی پێشینی یۆنان، سەلماندیان کە بوون و لۆگۆس، بە توووندی پێکەوە بەستراونەتەوە. بوون لەبنەڕەتدا ئەقڵانییە، چونکە بوون و لۆگۆس یەکسان و گونجاون.

> **ئەقڵی مرۆڤ وەکوو مادده، چەند ڕووناکی بەنێودا تێبپەڕێت، ئەوەندە جووڵە دەکات. چەند بیرکردنەوە ڕووبدات و پەیدا ببێت، ڕۆشنتر دەبێتەوە**

دوای ئەمە وشەی لۆگۆس، وەکوو تایبەتمەندی بۆ بیرکردنەوە و تێگەیشتن و درککردنی مرۆڤ بۆ لۆگۆسی بوون بەکارهات. واتا بۆ ئەم ئەقلانییەتەی بە بوونەوە بەندە. وشەی لۆگۆس بووە واتای بیرکردنەوەی مرۆیی بە شێوەیەکی گشتی. مرۆڤ چونکە مرۆڤە، واتای ئەوەیە ئەو بوونەوەرەیە کە دەتوانێت درک بە لۆگۆس بکات. واتا ئاقڵە. وەکوو ئەرستۆ گوتی: مرۆڤ بوونەوەرێکە بیر دەکاتەوە، یان بوونەوەرێکە ئاقڵە. چونکە مرۆڤ دەتوانێت بیربکاتەوە و تێبگات، واتا درک بە ناوەوەی شتگەل و بوون بکات. مرۆڤ ئەو بوونەوەرەیە لەناوەوەیدا بەسەر گشت بوون و شتەکانیدا کراوەیە. بۆیە دەتوانێت درک بەگشت بوونەوەرەکان بکات. ئەو بەهرەیەی مرۆڤ درکی شتەکانی پێ دەکات، پێی دەگوترێت (ئەقڵ، یان ئاوەز).

فەیلەسوفانی یۆنان بیرکردنەوەی مرۆڤیان بە (لۆگۆس) ناودێر کرد. چونکە ئەمە توانای ناوەکی مرۆڤە تا ڕۆشن و ڕۆشنکەرەوە بێت بە نووری لۆگۆس. واتا وەرگری ئەو ڕۆشناییە بێت کە لەبوونەوە دێت. ئینجا تێگەیشتن و درککردنی.

فەیلەسوفانی یۆنان، ناوی لۆگۆسیان بۆ دەربڕینی زمانیش بەکار برد، کە مرۆڤ بە واژەوە، دەربڕین لەم شتانە دەکات کە لەبیرکردنەوەی ناوەوەیدا واتا لەلۆگۆسدا پەیدا دەبن. ئەم دەربڕینە واژەییە دەرەکییە (وشە)یە، کە بە یۆنانی لۆگۆسی پێ دەڵێن. واتا ئەو دەربڕینە دەرەکییەیە بۆ بیرکردنەوەی مرۆڤ، لەڕێیەوە دەریدەبڕێت و بە ئەوانیدیکەی دەگەیەنێت. بۆیە دەبینین لای فەیلەسوفانی یۆنان پێوەندییەکی قووڵ و توووند و گونجانێکی بنەڕەتی لەنێوان ئەم سێ هەقیقەتەدا هەیە: (بوون) (بیر) و (وشە) هەر یەکێک لەمانە بە وشەی لۆگۆس ئاماژەیان بۆ کراوە.

ئەگەر تەماشای دینەکانی کۆنی کورد بکەین، چ لەفەلسەفەی میترایزم، زەردەشت و ئێزیدی و یارسانی، هەروەها جوو و مەسیحی، ئیسلام و مانیزمیش. دەبینین پێش لۆگۆسی فەلسەفەی یۆنانی، لۆگۆسێکی خوداوەندی- خۆرهەڵاتی هەیە. هەر بۆ نموونە، «ئاهورامەزدا» خاوەن وشەی خواوەندی خۆیەتی و لەناوەڕۆکدا لەگەڵ لۆگۆسی یۆنانی بۆ بوون جیاواز نییە. چیرۆکی پەیدابوونی بوون و درککردنی ئەم بوونە لەلایەن مرۆڤەوە، ئەم بنەما ئەقڵییە دیار دەدات کە پێوەندی نێوان بوون و مرۆڤ، یان خودا و مرۆڤ لە ڕێی وشەوە ئاشکرا دەکات. ئەم بنەمایە ئەقڵییە چ بە بنەمایەکی خوداوەندی، یان بوونی بزانین، لەناوەڕۆکی خۆیدا جیاوازی نییە. چونکە هەم بیرکردنەوەی میتافیزیکی یۆنانی و هەم دینەکانی پێش و پاش ئەم فەلسەفەیەش، وەکوو یەک تەماشای لۆگۆس دەکەن. هەتا لەنێو ئیسلامیشدا کۆمەڵێ فەیلەسوف هەوڵیاندا لەڕێی فەلسەفەی یۆنانەوە، دەربڕین لەبیر و بڕواکانی ئیسلام بکەن.

کۆکردنەوەی حیکمەتی کۆنی خۆرهەڵات و فەلسەفەی یۆنان، لەحیکمەتی ئیشراقدا، دابەشکردنی حەکیمەکان بەسەر هەفت چیندا. دەرگەیەکی دی بۆ ئێمە دەکاتەوە، تا لەوێوە، تەئویلێکی دی بۆ کەسی ڕۆشەنبیر بکەین، وەکوو وێنەیەک بۆ حەکیمی خۆزان و لێکۆلەر، قوتب، مرۆڤی کامل و مرۆڤی باڵا. ئەوەی وێنەی ئەم کەسانە پتر ئاشکرا دەکات، بیرکردنەوەیە، کە ئەم وشەیەش لەزمانی کوردیدا (بیر- کردنەوە) جێگەی لەسەر وەستانە.

**بیرکردنەوە**

لەفەلسەفەی نووردا، ڕەوانی مرۆڤ ڕووناکییە و ڕۆشنە، لەشیش ماددەیە و تاریکییە. واتا مرۆڤ تێکەڵەیەکە لەڕووناکی و تاریکی. سەرچاوەی ڕووناکییەکەی ڕەوانە و سەرچاوەی تاریکییەکەی لەشە.

لەش لەفەلسەفەی ئیشراقیدا، دابەش دەبێتە سەر دووجۆر، بەرز و باڵاکان، کە ڕووناکی بیگەڕدن. لەگەڵ نزم و ماددییەکان کە بە پلەی جیاواز ڕێگری

ڕووناکین. لەش هەیە وەکوو هەوا ڕوونە و ڕێ دەدات ڕووناکی تێدا بچێت و دووبەدەری بکات، هەیشە وەکوو خاک ڕەقە و ڕێنادات ڕووناکی تێبچێت. هەیشە نیمچەیە، وەکوو ئاو ڕێ دەدات تا ڕادەیەک ڕووناکی تێبچێت.

مرۆڤ چەند بتوانێت ڕەوانی و ڕوحانی و ڕۆشن بێت، پتر ڕووناک و ڕۆشن دەبێتەوە. چەند ڕێگەش لەڕووناکی بگرێت، تاریکتر دەبێت. واتا مرۆڤ بۆیە وەکوو لەش و جەستە دیارە، چونکە ڕێ لەڕووناکی دەگرێت، ناهێڵێت ڕووناکی دووبەدەری بکات و بە ناویدا تێبپەڕێت. ئەو ماددانەی دەهێڵن ڕووناکی بە ناویاندا تێبپەڕێت و دووبەدەریان بکات، ئەوانە بە تەواوی ڕۆشن دەبنەوە.

ئەقڵی مرۆڤ وەکوو ماددە، چەند ڕووناکی بەنێودا تێبپەڕێت، ئەوەندە جوولە دەکات. چەند بیرکردنەوە ڕووبدات و پەیدا ببێت، ڕۆشنتر دەبێتەوە. ئەو کەسەی دەتوانێ ڕێ بە ڕووناکی بدات، مێشکی دووبەدەر بکات و بە ناویدا تێبپەڕێت و ڕێگری لەڕووناکی نەکات، پتر ڕۆشن و ڕووناک دەبێت. ئەوەیشی کە ڕێنەدات ڕووناکی بە نێو مێشکیدا بڕوات، وەکوو ماددەیەکی تاریک دەمێنێتەوە.

سوهرەوەردی لەبارەی ڕەوانەوە، دەڵێت: کە ڕووناکییەکی بێگەردە و لەنێو لەشدا زیندان کراوە، لەش بەرەو زیندان و تاریکی ڕایدەکێشێت، بەڵام ڕەوان هەوڵی خۆرزگارکردن دەدات. بیرکردنەوە وەکوو ڕەوانێکی نامادی و ڕووناکییەکی بێگەرد، (ئایدیا) لەنێو مێشکدا، وەکوو لەشێکی ماددی، لەزینداندایە، ئەو کاتە دەکرێتەوە، کە بیرکردنەوە پەیدا دەبێت. کردنەوەی بیر، یان بیرکردنەوە، لەنێو ئەقڵدا، وەکوو هەڵاتن و ڕۆشنبوونەوەی ڕەوانە لەنێو مێشکدا. بیرکردنەوە، وەکوو کردنەوەی دەرگەی زیندانە بۆ ڕەوانی بێگەرد، بیرکردنەوە، ڕۆشنبوونەوەی ڕەوانە بە ئازادبوونی لەمێشکدا. لێرەشدا سوهرەوەردی، لەپلاتۆ نزیک دەبێتەوە، کە پێیوایە ڕەوان لەجیهانی ئایدیاوە بۆ لەش دابەزیوە و دەبێ بۆ ئەوێ بگەڕێتەوە. هەروەها هەر ئەم تێزە لەگەڵ بیردۆزی (بیرهاتنەوە)ی ئەفلاتون یەک دەگرێتەوە، بەوەی ئێمە هەموو شتێک دەزانین، بەڵام بیرمان چووەوەتەوە، چونکە ڕەوان لەنێو لەشدا لەزینداندایە، ساتەکانی ئیشراق و زانین، ئەو ساتانەن کە ڕەوان ئیشراق دەکات و بە هەقیقەتێک دەگات، شتێکی لەجیهانی ئایدیا بیر دێتەوە، نەخشێک، یان ڕەمزێکی کۆن دەبینێتەوە. ئیشراق ساتی زانین و مەعریفەیە. واتا ئەو کەسەی بە مەقامێک دەگات و حاڵێک دەیگرێت، ئەو کەسە لەم ساتەدا ڕۆشنبیرە! بیری ڕۆش دەبێتەوە و بیری دێتەوە کە هەقیقەتی بوون و هەقیقەتی ڕووناکی و هەقیقەتی ئەو چییە؟ بەم پێیە ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە کە بە زانین دەگات، کە بە هەقیقەت دەگات. ئەمەش دەرگەیەکی نوێ لەپێوەندی نێوان ڕۆشنبیر و هەقیقەت دەکاتەوە.

**هەقیقەت**

ئایا پێوەندی ڕۆشەنبیر بە هەقیقەتەوە پێوەندییەکی ڕێژەییە، یان ڕەهایە؟ لە دەرەوەیە یان لە دەروونەوەیە؟

لەبارەی هەقیقەتەوە، چەند بیروبڕوایەک، لەنێو ڕۆشەنبیرانی کورددا بڵاون. لەوانە بیرۆکەیەک دەڵێ: هەقیقەت ڕێژەییە و ڕەها نییە، یان هەقیقەت پارچە پارچەیە و هەر کەسە و بەشێکی لایە، هەندێکیش پێیان وایە هیچ شتێک بەناوی هەقیقەتەوە نییە و ئەوەی هەیە ڕای کەسەکانە. لێرەدا پێویستە بزانین، کە ئەو هەقیقەتەی بەم شێوەیە پارچەپارچە دەکرێت و ڕێژەی کەم و زۆر دەبێت و بەش بەش دەبێت، مەبەست لێی هەقیقەتی پاژەکی زانستەکانە. کە دەکرێت بزاندرێت، یان نەزاندرێت بە ڕێژەی جیاوازەوە. ئەم جۆرە تێگەیشتنە لەهەقیقەت، تێگەیشتنێکی زانستی و ئایدیۆلۆژی و دینی و کەلتوورییە، پێوەندی بەم نهێنییە نییە، کە مرۆڤ وەکوو ڕازێکی موقەدەس دەیەوێت بیناسێت و بیزانێت و تۆژینەوەی بۆ دەکات، کە ئەویش نهێنی بوونییەتی.

مرۆڤ ئەو بوونەوەرەیە بەردەوام پرسیار لەهەقیقەتی بوونی خۆی دەکات. ئەوەی تا ئێستاش مرۆڤی وەکوو مرۆڤ هێشتۆتەوە، توانای پرسیارکردنییەتی لەبارەی مرۆڤبوونی خۆیەوە. پرسیارکردنی مرۆڤ لەبارەی بوونی خۆیەوە، پرسیارکردنە، لەهەقیقەت، یان ڕاستتر ئەم نهێنیی و هەقیقەتە مرۆڤ بەرەو خۆی پەلکێش دەکات تابیناسێت و بیزانێت.

مرۆڤ کە پرسیار لەبارەی بوونی خۆیەوە دەکات، بەئاگایە و درکی بەبوونی خۆی کردووە و بیری لێدەکاتەوە. بیرکردنەوە لەبوونی مرۆڤانەی ئێمەوە، بیرکردنەوەیە لەهەقیقەت، بیرکردنەوەیە لەوەڵامی پرسیاری ئەوەی نهێنی و هەقیقەتی بوون چییە؟

ئەوەی دەتوانێت وەڵامی ئەم پرسیارە

> **ڕۆشەنبیر ئەم کەسەیە، بیری بەهەق ڕۆشنبۆتەوە. هەقیقەت واتای هەق دەدات. هەقیش نهێنی بوونییەتی**

بداتەوە، کەسێکە کە لەگەڕانی بەردەوامیدا لەبارەی واتای قووڵ و هەقیقی بۆ بوونەکەی، ئەزموون و شارەزاییەکی جیاوازی پەیدا کردووە. ئەو کەسەی دەتوانێت وەکوو ڕووداوێکی وجوودیی کەسیی ڕووبەرووی پرسی هەقیقەتی بوون ببێتەوە، لەڕێی گەڕانیدا لەڕێژەییبوون و پارچەپارچەبوونی هەقیقەتدا دەردەچێت و دەگاتە ئەوەی هەقیقەتی بوون، هەق بێت. هەق وەکوو باڵاترین هەقیقەت.

لەفەلسەفەی ئیشراقدا، کە سۆفی بە ئەزموونە قووڵ و کەسییەکەی خۆییەوە، بە (نوور) دەگات. بەهەق دەگات. ئەم گەیشتنە، گەیشتنی بیرێکی ڕۆشنە، بە ڕۆشنایی. لەم ڕوانگەیەوە، ڕۆشەنبیر ئەم کەسەیە، بیری بەهەق ڕۆشنبۆتەوە. هەقیقەت واتای هەق دەدات. هەقیش نهێنی بوونییەتی.

ئەگەر لەسۆفیگەریدا، هەق وەکوو

> **ئەگەر لە سۆفیگەریدا، هەق وەکوو وێنەی نووری ڕەها و نووری نووڕان، مەبەست و ئامانج بێت. ئەوا لەبواری هزر و هۆشیاریی کۆمەڵایەتیدا، هەق، مرۆڤ خۆیەتی**

وێنەی نووری ڕەها و نووری نووران، مەبەست و ئامانج بێت. ئەوا لەبواری هزر و هۆشیاریی کۆمەڵایەتیدا، هەق، مرۆڤ خۆیەتی. نووری مرۆڤ و ڕۆشناییەکەی کە بەهەقی دەگەیەنێت. گەیشتن بە هەق. کارێکی ڕەهایە و پارچەپارچەبوون هەڵناگرێت. چونکە لێرەدا هەقیقەت زانست و لۆژیک نییە. بەڵکوو ئایدیا و وەڵامێکە بۆ نهێنی بوونی مرۆڤ، مرۆڤ دەبێت هەق بێت، ئەمە هەقیقەتە. مرۆڤ بوونی مرۆڤانەی خۆی لە ڕێی هەقەوە دەسەلمێنێت. هەق کۆتایی هەڵسوکەوت و گەڕانی مرۆڤە لەپێناو کامڵبووندا، ئەمەیە کە لەسۆفیگەریدا پێی دەڵێن: (شیرکی شاردراوە) واتا گەیشتن بەهەق، بەخوا بوونە و ئەمەش یەکێکە لە گەورەترین تاوانەکان لەنێو ئیسلامدا.

ئەگەر ئەمەی سەرەوە، دەرهەق بەکەسێکی سۆفی ڕاست بێت، ئەوا بۆ هەر کەسێکی دی، کە بە شارەزاییەکی ڕوحییەوە بەرەو هەق ڕێگا دەگرێت. ڕاست دەبێت. ئەزموونی ڕوحی و ئەزموونی بیرکردنەوە، هەردووکیان شارەزابوونن تا وەڵامی پرسی هەقیقەت بدەنەوە. بۆیە سۆفییەکان ئەو ڕۆشەنبیرانەن کە شارەزای (خودی مرۆڤن) بەردەام کەشفی دەروونی مرۆڤ دەکەن. بەردەوام بەرەو ڕەهایی حەج دەکات. دەیەوێت لە دەوروبەرە سنووردارەکەی دەربچێت و باڵا بکات.

کەسیی سۆفی لەشارەزایی دینی و ڕوحی و فەلسەفیدا، ئەو ڕۆشەنبیرەیە، کە بەرەو هەق حەج دەکات و بەم حەجکردنە، بە هەقی ڕەها دەگات، ئەمە دوا وێستگە و ئامانج و وەستانی سۆفییە لەنێو ڕووناکی هەقدا.

بەم پێوەرە نامادديیە، هەقیقەت، لەڕێژەییبوون و پارچەپارچەبوون دەردەچێت و دەبێتە نوور، یەک پارچە و یەک جۆر و ڕۆشن و دیار. هیچ شتێک وەکوو ڕووناکی دیار نییە و ناکرێت ڕووناکی بۆ دیاربوونی پەنا بباتە بەرهیچ، چونکە هەموو شتێک بە ڕووناکی دیار دەبێت. هەقیش ئەو ڕووناکییە ناوەکییەیە کە مرۆڤی ڕۆشەنبیر پێی دەگات و هەموو شت و بوونەوەرەکانی دی، شتگەلی دیار و نادیار. ئاقڵ و هەستپێکراو. ئایدیا و بەرجەستەی نیشان دەدات

ڕۆشەنبیر، دەبێت لەنێو هەقدا بێت. هەقانی بێت، بەهەق بژیەت و بەهەق بمرێت و ئەزموونی بوونەکەی بە هەق دیاری بدات. شارەزاییەکەی لەبووندا ببێتە ئەزموونی کەسێکی هەقانی. کەسی ڕۆشەنبیر کەسێکی هەقە.

بۆیە ئەزموونی ڕۆشەنبیر لەگەڵ هەقیقەت، دابەش ناکرێت و پارچەپارچە ناکرێت، بەڵکوو دەبێتە ئەزموونێکی وجوودی و ئەخلاقی، دەبێتە شارەزاییەکی ئۆنتۆلۆجی بۆ ئەزموونکردنی بوون لەنێو کات و شوێندا. هەق دەناسێت و پێیەوە پێوەست دەبێت هەتا ئەگەر لەسەر حسێبی ماڵ و گیانیشی بێت.

**موقەدەس**

ئەگەر ڕۆشەنبیر بەناوەکانی کەی و پیر و بابا و سۆفی و حەکیمەوە، سەر بە هەرێمێکی موقەدەس بێت، تۆژینەوە و لێکۆڵینەوەی ئەم ناوانە، بەشێک بێت لەمێژووی موقەدەس. ئەوا ئەم مێژووە بە جیاواز لەمێژووی ماددی، حزووری مرۆڤانەی لەنێو بووندا پەیدا کردووە.

موقەدەس وەکوو بابەتێک کە سەر بە هەرێمی خود و ئەخلاقێکی مرۆیی تایبەتە. واتەماشای مرۆڤ و ئەزموونی بوونەکەی دەکات کە موقەدەس بێت. ئەم قودسییەتە پێوەندی بە تێگەیشتنەکانی دین و سیاسەت و کۆمەڵ و دەرەوەی خودی مرۆڤ نییە، بەڵکوو لەدەروونی مرۆڤەوە پەیدا دەبێت و ئەزموونی مرۆڤ لەنێو دین و سیاسەت و کۆمەڵدا ئاشکرا دەکات.

سەرەتای موقەدەسی مرۆڤی سۆفی، بوون بوو بەوەی دوو ڕەهەندی هەبوو، یەکەم جێگیرە و دووەم گۆڕاوە. بەڵام مرۆڤی ئێستا ڕەهەندی جێگیر و ڕوحیی سرووشت و بوونی فەرامۆش کردووە، تەنیا ڕەهەندی ماددی و گۆڕاوی سرووشت دەبینێت. ڕەهەندە جێگیرەکەی سرووشت لایەنی موقەدەسی سرووشتە، کە مرۆڤ ئەزموونی بوونی خۆی تێدا ئەنجام دەدات و لەنێویدا نیشتەجێیە. ئەم ڕەهەندە موقەدەسە لایەنە ڕۆحییەکەی بوونی مرۆڤە.


بەهۆی پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیای نوێ و نەمانی ئەم ڕوحە، سرووشت واتای قووڵی خۆی لەدەست دا، بووە تەنیا شتێکی ماددی و ئامادەکراو بۆ بەکارهێنان و قازانجی مرۆڤ، هەروەها مرۆڤ خۆیشی کەوتە نێو ئەم هاوکێشەیە و بووە تەنیا شتێک بۆ قازانجکردن و بەکارهێنانی لەپرۆژەیەکی ماددیدا. بۆیە هەم لەسرووشت و هەم لەمرۆڤدا، ڕەهەندی موقەدەس نەما و جیهان بووە ئەزموونێکی تەنیا ماددی.

سۆفیگەری و سۆفییەکان، تاکە ڕۆشەنبیرانێک بوون، کە بەرگریان لەموقەدەس کرد. ڕۆشەنبیرانی علمانی و دینی و جۆرەکانی دیی ڕۆشەنبیریش، هەموویان خاوەن جیهانبینیێکی علمانی بوون بۆ سرووشت و بوون. پێوەندی نێوان زانین و حیکمەتیش پچڕا و هەردوو زانینی زانست و دین دژ بە سۆفیگەری و ئەو نەزعە موقەدەسە دەرکەوتن، کە هەوڵی دەدا ڕەهەندە ڕوحییەکەی بوون بپارێزێت و بەرگری لێبکات.

موقەدەس لەئەمرۆدا، لەنێو ئەو ڕەوشە زانستی و ماددی و دینییە دامودەزگەدارە دنیایەی هەیە، بە ڕوحێکی ئیشراقیانەی نوێوە، دەکرێت ببێتە ئیمانێکی ئازاد!

# دیدار

# محمد زادە









محەمەد زادە :

# یەکەم دیوانی عەبدوڵڵا پەشێو بەناوی (فرمێسک و زام) نووسینی سەر بەرگەکەی من نووسیم



لەتەمەنێکی زۆر گەنجییەوە، کە ئێستا دەکاتە ٤٧ ساڵ بە فەزای دەسترەنگینی پیاوێکی هێمن و ئەوسا جگەرە بەدەست و جانتایەکی پڕ لەوردە پیت و کۆمەڵە (ڕۆترینگ)ێک و هەموو جۆرە ڕاستەیەک کە ناوی (محەمەد زادە) بوو، لەباڵەخانەی ئەتلەسی شەقامی سەعدونی بەغدا و لەژوورێکی بچکۆلانەی ڕۆژنامەی (برایەتی) ئاشنا بووم.


هیچ شتێک لەوە خۆشتر نەبوو، کە بەچاوی خۆم ئەو کەسە دەبینم، کە ناوەکەی لەژێرەوەی هەرخەتێکی ناوونیشان ئامێز لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەی (برایەتی) و (هاوکاری) و (ڕۆشنبیری نوێ)ی سەردەمی دکتۆر ئیحسان فوئادی ڕەحمەتی و (ڕۆژی کوردستان) و هەموو بەرگی ئەو کتێبانەیە کە ئەوێ ڕۆژێ بەزمانی کوردی دەکەوتنە بەردیدی ئێمە منان. ئەمەش لای من، هەم موفاجەئەیەکی پڕ لەخۆشحاڵی بوو، هەم چاوڕوونییەکی ڕوونتر، کە دەبینم گەنجێکی (هەولێر)ی بۆتە سەرقافڵەی جوانکاری لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێب، کە پێشتر قەت بە خەیاڵمدا نەدەهات ئەندازیاری هەموو دونیا و نووسینی خەتی ئەمانە کەسێکی شارەکەم بێ و (محەمەد زادە)ش بێ، چونکە لەژێر هەر یەکێ لەم چاپەمەنیانە کە ناوی (زادە)م دەدیت لەلام هەڵوەستەیەکی پڕ لەتێڕوانینی جوانییەکان بوو.

لەو زەمەنەوە تاکو ئێستا کە دەکاتە ٤٧ ساڵی تەمەن، ئەو (زادە)یە هەم هاوڕێمە و هەمیش لەگەڵ یەکدی کارمان کردووە. دواجاریش لەیەکەم ڕۆژنامەی ڕۆژانەی دوای ڕاپەڕین، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) لەهەولێر دیسانەوە من و ئەو لەگەڵ هاوڕێکانمان بووینەوە ستافی یەکەمی دەرچوونی ئەو ڕۆژنامەیە. دیسان زادە بۆوە داینەمۆی (دیزاین) و (خەت) ئەمەشیان سەربردەیەکی دیکەیە و لەناوەڕۆکی ئەم دیمانەیەدا دەیخوێننەوە. بەهەرحاڵ لەمێژە دەموسیت هەردووکمان زۆر شت بەبیری خۆمان بێنینەوە، بۆ خوێنەری ئەم نەوە نوێیەشی بسەلمێنین کە هیچ یەکێ لەئێمە ئەوەندە بەسووک و ئاسانی نەگەیشتۆتە ئەمڕۆ کە ببینە قەڵەمێک و خاوەن ئەزموونێکی وەکو (زادە) بۆیە کۆمەڵێ پرسیارم لا گەڵاڵە بوو، وا لێرەدا لە ڕێگەی پرسیار و وەڵامەکاندا بەیەکەوە زیاتر ئاشنای محەمەد زادە دەبین.

**دیداری : نازم دڵبەند**

**– با لەسەردەمی گەڕەک و ماڵ و هاوڕێکانت، تا دەگاتە سەردەمی دوکانەکەی باوکت لەژێر قەڵا دەستپێبکەین. ئایا دەکرێ ئەو هەموو لەزەتەی ئەو سەردەمە بگێڕیتەوە؟**

+ سەرەتا ماڵمان لەگەڕەکی خانەقاوە گواستراوە بۆ گەڕەکی تەیراوە، کاتێک تازە تەمەنم گەیشتبووە حەفت ساڵان، واتە ساڵی ١٩٥٣ باوکم منی لەپۆلی یەکی سەرەتایی دامەزراند لەقوتابخانەی (ئیبن مستۆفی) بەڕێوەبەرەکەشی مامۆستا جەمال جەمیل بوو. پاش ئەوەی ڕەزامەندی وەرگرت، دەستی گرتم و بردمی بۆ ناو پۆلی یەک، هەر لەناو پۆلەکە باوکم کیسەی پارەی دەرهێنا و (١٠ فلس)ی خستە ناو دەستم و گوتی: بۆخۆت خەرجی بکە پاشماوەیەک لەناکاو زەنگی پشوو لێدرا، وامزانی قیامەت هەستا بەهۆی غەڵبەغەڵبی قوتابیان! مامۆستا چووە دەرەوە بۆ ژووری مامۆستایان و هەر قوتابییە و بە پاڵەپەستۆ دەچێتە دەرەوە منیش لەگەڵ چەند برادەرێکی گەڕەکەکەمان چووینە حانووت من یەک عانە (٤ فلس)م خەرج کرد. ئێستا من گەیشتومەتە کۆتایی تەمەن بەقەد ئەو کات و ڕۆژانە دڵم خۆش نەبووە و خۆشیشم نەدیوە! کە تەماشای دەوروبەری خۆم کرد وامدەزانی هەموو دونیا مولکی منە نەمدەزانی لەخۆشیان چی بکەم! بەهەرحاڵ خوێندنی سەرەتاییەکەم لەو قوتابخانەیە تەواو کرد. ئینجا دوای تێپەڕبوونی ئەو قۆناغە کەوتینە پۆلی یەکی دواناوەندیی کۆماری (جمهوری) لەم قۆناغەدا واتە (سەرەتای ساڵانی شێستەکان) بیروباوەڕی کوردایەتی زۆر پەرەی سەندبوو. هەوەڵجار بەهۆی یادکردنەوەی ساڵانەی ڕۆژی




محەمەد زادە ساڵی ١٩٥٨

(نەورۆز)ەوە لەلایەن یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و لاوان و گەنجانی کورد کە زۆربەی مەلاکان و پیاوانی ئایینیی کورد، ئەو ڕۆژەیان بە نەفرەت دەکرد و دەیانگوت ئەوە ڕۆژی ئاگر پەرستنە و دژی دابونەریتی ئیسلامە! بۆیە بەدزی ماڵەوە و دوور لەچاوی ڕژێمی ئەوساش بەناوی گەشتوگوزار و هاتنی بەهار دەچووینە دەشتودەری شار ئەو یادەمان دەکردەوە. لەو قۆناغەدا، کۆمەڵە برادەرێکی خوێن گەرمم ناسی، دوو لەو برادەرانە: عەبدوڵڵا پەشێو و ڕۆستەم باجەلان بوون، تازەش دەستیان بەشیعر نووسین کردبوو، زۆرجار شیعرەکانیان بەمن دەنووسییەوە، چونکە دەستوخەتم لەوان خۆشتر بوو، واش ڕێککەوت کە هەرسێکمان لەناو یەک بازنەی شانەی کارکردندا بین وەک ئەندام و کادری یەکێتیی قوتابیانی کوردستان. هۆکاری دووەمیش، هەڵگیرسانی بڵێسەی شۆڕشی ئەیلول بوو، ئەوەش گڕوتینێکی زیاتری بە ئێمەدا کە پەرە بە بیروباوەڕی نەتەوایەتیمان بدەین.

هەر لەو قۆناغەشدا، شێخ بورهان بەرزنجی مامۆستای ئینگلیزیمان، ڕۆڵێکی یەکجار گەورەی دەبینی لەپەرەوەردەکردنی ئێمەی قوتابیان و گەنجان بە بیروباوەڕی نەتەوەیی و کوردایەتی، لەپاڵ ئەوەش هەست و دڵسۆزیمان بۆ شۆڕشی ئەیلوولی تازە گڕگرتوو. قۆناغی دواناوەندیمان هەر لەقوتابخانەی (جمهوری) تەواو کرد، تا لەکۆتاییدا چووینە ئامادەیی هەولێر، لەوێش دەستمان بە ژیانێکی تازەی دیکە کردەوە، ئاراستەی گوزەرانمان بەرەو ئاقارێکی دی وەرسووڕا، لەگەڵ کۆمەڵە گەنج و لاوێکی تازە هەڵکەوتوو!

**– دەکرێ باس لەو بەهرەیە بکەی کەهەریەکێک لەئێمە، لەتەمەنێکی دیاریکراوی منداڵی و گەنجێتی لای خۆمانەوە بە دڵەوە بۆی دەچی؟**

+ هەر لەمنداڵییەوە دەستوخەتم خۆش بوو، هەموو حەز و ئارەزووشم چوبووە سەر وێنەکێشان و وێنەگرتن، تا لەقۆناغی چواری ئامادەیی مامۆستایەکمان هەبوو وانەی عەرەبی پێدەگوتین، خەڵکی کەرکوک بوو بەناوی (لەتیف حامید بەرزنجی) کوردپەروەر و چیرۆکنووسێکی باڵادەست بوو، بەزمانی کوردی دەینووسی، مرۆڤێکی زۆر ڕوحسووکیش بوو، مامۆستا حامد هەمووجار (نەشرە)ی



محەمەد زادە ـ ساڵی ١٩٧٧ (دەزگای ڕۆژنامەی هاوکاری )

> **”کێشەی من لەگەڵ پیشەکەم ئەوەیە، هەندێک جار خاوەن کتێب ڕازییە بە دیزاین و خەتەکە، بەڵام من ڕازی نیم“**



لە کاتی پێشەش کردنی خەڵات و ڕێزلێنانێکی تایبەتی لە خۆشنووس و نەخشەساز محەمەد زادە، ڕۆژی ٢٠٠٨/٥/٢١ لە شاری هەولێر، لەلایەن کۆمەڵەی خۆشنووسانی کوردستانەوە

سالانەی ڕاسپاردەی من دەکرد بۆ دیزاین و خۆشنووسییەکەی، چونکە دەستوخەتم زۆر خۆشبوو، لەهەمانکاتدا هاوڕێیەتیم لەگەڵ کەسێک پەیدا کرد لەقوتابخانەکەمان بەناوی (زمناکۆ) خەڵکی سلێمانی بوو خوشنووسێکی زۆر بەتوانا بوو، بەهیچ شێوەیەک لەیەک جودا نەدەبووینەوە، دەتوانم بڵێم خۆم کردبووە شاگردێکی سەرسەختی ئەو، لەکاری خوشنووسیدا! ئەمە هۆکارێکی زۆر گرینگ بوو، تەواو ئاراستەی ژیانی هونەریی منی گۆڕی! هەر ئەو برادەرەمان، زمناکۆ هەرچی کارێکی خۆشنووسیی بکردبایە ناوی (پەری) لە ژێرەوەی دەنووسی وەکو لۆگۆی خۆی.

**– هاوڕێ نزیکەکانی قوتابخانەت کێبوون، کە لێت نزیکبوون لەهەلگرتنی ئەو بەهرانەی تۆ زیاتر لەگەڵیان ژیانی خۆت گونجاندبوو؟**

+ هەر وەکو پێشتر باسم کرد لەزمناکۆ زیاتر کەسی دیکە نەبوو لەقۆناغی تەمەنی مندا وەک خۆشنووس، بەڵام لەهەمان قۆناغدا کەسانی دیکە هەبوون لەدەرەوەی قوتابخانە، وەکو: سەعید یەحیا خەتات، کەریم دیار، یونس خەتات. ئەوانە لەشاری هەولێر ناسراو و زۆر باڵادەست بوون لەو بوارەدا.


**«من و پەشێوی شاعیر یەکتریمان ناسی، ئەوکاتە هەردووکمان لەقۆناغی دواناوەندی بووین، ئەو تازە دەستی بەشیعر نووسین کردبوو، منیش تەنها دەستوخەتم خۆشبوو»**

**– بەدروستی ساڵی چەند بوو چوویە ناو دونیای خۆشنووسییەوە، هەڵبەت کاریگەری کەسانێک هەبووە کەتۆی بەرەو ئەو بەهرەیە ڕاکێشا بوو، ئەوانە کێ بوون؟**

+ بە دروستی، لەنێوان ساڵانی ١٩٦٤ و ١٩٦٥ بوو، ئەو کاتەی قوتابیی چواری ئامادەیی بووم بەڵێ، زمناکۆ وەک قوتابی و خۆشنووسێک و برادەرێکی گیانی بەگیانیش زۆرزۆر کاریگەریی لەسەرم هەبوو، ئێمە تەنها شەو لەگەڵ یەک نەدەبووین، بەڵکو کاتەکانی دیکە بەبێ یەکتر نەدەحەواینەوە. هەروەها هاندان و دەستخۆشیی (عەبدوڵڵا پەشێو و ڕۆستەم باجەلان)یش کە ئەوانیش دوو هاوڕێی هاوتەمەنم بوون و بەحوکمی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان کە هەرسێکمان لەناو یەک شانەی کارکردندا بووین. ئەوانە هەمووی کاریگەرییەکی زۆر باشیان هەبوو لەبەرەوپێشوەچوونی هونەری خۆشنووسییەکەم، هەتا بیرم دێت یەکەم نامیلکەی شیعریی عەبدوڵڵا پەشێو من بۆم نووسی.

**– واتە خەتی بەرگی یەکەم دیوانە شیعری (فرمێسک و زام)ی (عەبدوڵڵا پەشێو)ی شاعیر تۆ نووسیوتە. دەکرێ باسی ئەو دیدارەی خۆت و ئەو بکەی؟**

+ ماڵی داپیرەم (لە دایکمەوە) لەگەڕەکی سێتاقان بوون کە گەڕەکێکی هەژارنشینە، لەسەرەتای شەستەکانیش زۆر هاتووچۆیانم دەکرد، خاڵێکیشم هەبوو ناوی عوسمان بوو، چایخانەی هەبوو هەر لەگەڕەکی سێتاقان لەسەر ڕێی کۆیێ، تاکە چایخانە بوو لەو گەڕەکەدا ئامێری (تەسجیل)ی بۆ گۆرانیی هەبێ، دوای چەند ساڵێکی کەم لەو هاتوچۆیەدا بۆ ماڵی داپیرەم و چایخانەی خاڵم. لەڕێگای چەند برادەرێکی گەڕەکەکە، من و پەشێوی شاعیر یەکتریمان ناسی، ئەوکاتە هەردووکمان لەقۆناغی دواناوەندی بووین، ئەو تازە دەستی بەشیعر نووسین کرد بوو، منیش تەنها دەستوخەتم خۆشبوو. ئیدی ئەو دۆستایەتییە هێواش هێواش پەرەی سەند، تا پێکەوە کەوتینە ناو کاری یەکێتیی قوتابیانی کوردستانیش. بەڵێ، دیارە زەینی جەنابتان باشترە، یەکەم دیوانی عەبدوڵڵا پەشێو بەناوی (فرمێسک و زام) نووسینی سەر بەرگەکەی من نووسیم، دوای ئەوەش لەکاری نووسینی شیعرەکانیدا من یارمەتیم هەر دەدا، تا کەرت بوونی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ دووباڵ بەناوی (مەلایی و جەلالی) ئەوەبوو عەبدوڵڵا پەشێو دیوانی (بتی شکاو)ی ئامادەکرد، من لێرەوە زۆر داوای لێبوردنم لێکرد لەنووسینی بەرگی ئەم دیوانەیدا! چونکە عەبدوڵڵا پەشێو، مەیلی جەلالییەکانی هەبوو، منیش مەیلی مەلاییەکان. مەبەست و ناوەڕۆکی دیوانەکەشی هێرش بوو بۆ سەر پارتی دیموکراتی کوردستان بەگشتی و بەتایبەتیش بۆسەر مەلا مستەفای بارزانی! عەبدوڵڵا پەشێو، بەئەسڵ بێرکۆتییە، بەڵام دانیشتووی گەڕەکی سێتاقان بوو، کوڕە هەژارێک بوو، باوکیشی نەما بوو، بە دەستوبازوی خۆی، لوقمەی ژیانی پەیدا دەکرد و ملی لەبەر هەموو ئیشوکارێکی دەنا، بۆ ئەوەی بەسەربەرزی بژی، تاکوو گەیشتە قۆناغی مامۆستای سەرەتایی بەردەوام بوو، دوای ڕێککەوتنی یازدەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ بەخت یاوەری بوو بۆ خوێندنی زمان و ئەدەبیاتی کوردی لەیەکێک لەزانکۆکانی مۆسکۆی پایتەختی ڕووسیا. هەتا ئەو ڕۆژەی سەفەریشی کرد بۆ ڕووسیا،




بەدەست و خەتی محەمەد ساڵەیی

لەشوققەکەی ئێمەدا لەشاری بەغدا لەخزمەتیدا بووین و زۆر بەڕێز و حورمەتەوەش مایەوە، تا بەڕێمان کرد، بەڵام دوای ئەو سەفەرە، تا ئەو ساتەوەختەش، بەداخەوە بەهیچ شێوەیەک پێوەندیمان بە یەکتریەوە نەماوە، تەنیا هەندێکجار هەواڵی بەشێو لەڕێگای براگەورەکەیەوە (جەمیل) کە زۆر برادەرم بوو پێمدەگەیشت. ئەگەر لێشم دەپرسی بۆچی پێوەندیتان نەما؟ منیش دەڵێم: تا ئێستا نازانم بۆ؟ من هەر لێرەوە پێی دەڵێم: بەشێو گیان چاوەکانت ماچ دەکەم، بەهیوای تەمەنێکی درێژ و تەندروستییەکی زۆر باش.

**- لەڕۆژانی هەرزەکاریت، ئەو چایخانەی کاتت لێ بەسەربردووە لەهەولێر، زیاتر لەگەڕەکەکەی خۆتان بوو، یان لەسەنتەری شاربوو ئەی ئەو هاوڕێیانەت کێبوون کە لەگەڵیان دادەنیشتی، باسی چیتان دەکرد سیاسەت، هونەر خۆشنووسی، عەشق، لای زادە کامیان بەهەرمێنتر بوون؟**

+ چوونی گەنجان بۆ شوێنی کات بەسەر بردن بەتایبەتی لەنێوان ساڵانی شەستەکان زۆر زۆر کەم بوو، ئەوەی هەشبوو تەنها یەکدوو باخچەی گشتی بوون وەکو باخچەی گلگەند، بەڵام سەردانی چایخانەکانی سەنتەری شار وەکو چایخانەی مەچکۆ و چایخانەی حاجی مستیل، یان چایخانەی عەبۆ قاوەچی بۆ پشوودان و ئیسراحەت، زۆر باو نەبوو! بەڵکو هەر شەرم بوو! من بەشبەحاڵی خۆم لەبەر پەروەردەی ماڵەوەم پاش سەعی کردنێکی زۆر و حازرکردنی ئەرکی قوتابخانە جا ئەگەر بمتوانیایە بە دزی کەسوکارمەوە بچمە چایخانەی گەڕەکەکەمان بۆ لای برادەرەکانم! هەتا جارێکیان مامم بە ڕێککەوت منی لەچایخانە بینی یەکسەر باوکمی ئاگادار کردەوە و پێیگوت بڕۆ بگە کوڕەکەت لە فیلانکە چایخانەیە! کە باوکم هات ناو چایخانەکە شڵەژا، پێشوەخت یەک چینی باشی لێدام و لەپێش چاوی خەڵکی زۆرچاک ڕەزیلی کردم، لەدواییش کەوتە گیانی برادەرەکانی دیکەم و خاوەن چایخانەکەشی باش ڕیسوا کرد کە چۆن ڕێ دەدەی ئەو مێردمنداڵانە بێنە ئەو (.......) خانەیە!

**- بۆ لەبەشی ئەدەبیات لەزانکۆی بەغدا (بەشی کوردی)ت هەڵبژارد، ئارەزووی خۆت بوو، یان بەپێچەوانەوە؟**

+ هەڵبژاردنی بەشی کوردی بە ئارەزووی خۆم نەبوو، بەڵکو لەناچاریی بوو، لەڕاستیدا من دەرچووی بەشی زانستی (علمی) بووم، ئەو ساڵەی کە من ئامادەییم تەواو کرد زانکۆی سلێمانی (کە ئێستا زانکۆی سەلاحەدینە لە هەولێر) تازە دامەزرا بوو لەلایەن ڕژێمی بەعس واتە ساڵی ١٩٦٧ بەبێ هیچ مەرجێکی پێشوەختە هەموو قوتابییەکیان وەردەگرت لەدەرچووی بەشەکانی ئەدەبی و زانستی! بەڵام ئەو کات، ئەو تازە زانکۆیە ناوناوبانگێکی باشی نەبوو لەناو خەڵکی کوردستان، تەنها قوتابییە نمرە نزمەکان ڕوویان لەو زانکۆیە دەکرد. گوایە دامەزراندنی ئەو زانکۆیە دەستێکی (جەلالییەکان)ی تێدایە! هەر لەبەر ئەوەش بوو قوتابیانی دەرچووی ئەو ساڵ لەهەموو شار و شارۆچکە کوردییەکان بەنابەدڵی و بەناچاریی ڕوویان لەو زانکۆیە دەکرد!

**- وەکوو ڕۆژنامەنوسێکی گەنجی ئەوکات، زۆرجاریش لەکارکردن لەو ڕۆژنامانەی کە لەبەغدا دەردەچوون، تۆ کارەکتەرێکی کارامەی بواری خەت و نەخشەسازی بووی لەزۆربەی ڕۆژنامەکان. دەکرێ یەکەم سەربردەی خۆت لەسەر چوونە ناو دونیای ڕۆژنامەنووسییەوە بگێڕیەوە؟**

+ لەکۆتایی ساڵی ١٩٦٩ وەک خۆشنووس بۆ یەکەمجار لەگۆڤاری (ڕووناکی) پاشکۆی

**“ یەکەم خۆشنووس بووم لەسەر ئاستی کوردستان گرینگی و پەرەم بە شێوەی (خەتی حور) دەدا، کە تاکوو ئێستاش هەر لەسەری بەردەوامم ”**



محەمەد زادە ـ د.نافیع عەقراوی ـ کەریم دەشتی ـ حەسەن جاف



خالید بەکر ئەیوب ـ عەبدولڕەقیب یوسف ـ محەمەد زادە ـ هاوڕێ محەمەد زادە

ڕۆژنامەی (النور) کارم کردووە، کە مامۆستا عەبدولڕەحمان زەبیحی (عولەما) سەرپەرشتیی دەکرد و لەشاری بەغدا دەردەچوو، بەڵام تەمەنی ئەو گۆڤارە زۆر کورت بوو.

دواتر برادەرێکم هەبوو ناوی (سەیفەددین ئیسماعیل) بوو، چیرۆکنووسێکی بەتوانا بوو، کە بەزمانی عەرەبی دەینووسی، مرۆڤێکی زۆر خاکی و بەڕێز بوو، لەڕۆژنامەی (النور) کاری دەکرد، کە ڕۆژنامەیەکی کوردی بوو، بەڵام بەزمانی عەرەبی، باڵی (مام جەلال) دەری دەکرد کە پێیاندەگوتن (جەلالییەکان).

> **“ کۆمەڵە برادەرێکی خوێن گەرمم ناسی، دوو لەو برادەرانە: عەبدوڵڵا پەشێو و ڕۆستەم باجەلان بوون، تازەش دەستیان بەشیعر نووسین کردبوو، زۆرجار شیعرەکانیان بەمن دەنووسییەوە ”**

پێیگوتم: ها چی دەکەی؟ خەریکی چی؟

گوتم: خەریکم لەبەشە ناوخۆی قوتابیان وەردەگیرێم، بەخۆت دەزانی ژیان قورسە!

گوتی: بۆ لەڕۆژنامەیەک کار ناکەیت؟

گوتم: ئەوجا من چی دەزانم لەکاری ڕۆژنامە؟

گوتی: ئەو بەهرە خۆشنووسییەی تۆ هەتە هەموو ڕۆژنامەیەک پێویستی پێیەتی!

گوتم: ئاخر من شارەزای هیچ نیم ڕوو لەکوێ بکەم! نەعەرەبی دەزانم و نەکەسێک و نەشوێنێک دەناسم؟

گوتی: تۆ هیچ خەمت نەبێ، من داواکارییەکت بۆ دەنووسم بە عەرەبی، تۆش زۆر جوان بە خەتاتی بینووسەوە و بیبە (دار الجماهیر للطباعە والنشر) و پێشکەشی بەڕێوەبەری گشتی بکە. لەسەر قسەکەی ئەو برادەرەمان داواکارییەکەمان جێبەجێ کرد و بردم بۆ شوێنی مەبەست (بەڵام لەشەرمان و لەترسان پێم عاردی نەدەگرت و دڵیشم وەکوو مەشکە لێیدەدا، ڕەنگم سوور هەڵگەڕا بوو، هەرخۆم بەخۆم دەگوت کوڕە وازبێنە باشترە) مەخلەس، تەسمیل بە سکرتێرەکەیم کرد و دەستبەجێ خوێندیەوە و گوتی: هیچ پێویستیمان بە خۆشنووس نییە فەرموو دەتوانی بڕۆی! هێشتا قسەکەی تەواو نەکردبوو ویستی داواکارییەکەم بداتەوە زەنگی بەڕێوەبەری گشتی لێیدا! سکرتێرەکە مشەوەش بوو لەپەلەپەلییان داواکارییەکەی منیشی لەگەڵ دەستی خۆی بردە ژوورەوە، بەڕێوەبەری گشتی لێی پرسی ئەم نووسراوە چییە لەدەستت، بێنە بزانم؟ سکرتێرەکە گوتی: کەسێک هاتووە داوای ئیش دەکات، منیش پێیمگوت: پێویستیمان بە خۆشنووس نییە. بەڕێوەبەری گشتی پێیگوت: پێی بڵێ بابفەرموێ. سکرتێرەکە بە شەرمەزارییەوە فەرمووی لێکردم، کە چوومە ژوورەوە بڕوام بەخۆم نەکرد (گوتم: هەبی نەبی ئەوە خەونە یەکدووجار سەری خۆم لەقاند. نەخێر ڕاستە) بەڕێوەبەری گشتی (ناوی مونزر عرێم بوو پیاوەکی زۆر بە ترس و بە هەیبەت بوو) بەخێرهاتنەکی گەرمی لێکردم و لەگەڵ چا خواردنەوەشدا حاڵ و حیکایەتی خۆم بۆ باس کرد. گوتم کوردم و خەڵکی هەولێرم لەبەر کەمدەرامەتی دەمەوێ کارێکم دەسکەوێ لەگەڵ پیشەکەم بگونجێت.

گوتی: کوڕم، بێشک ئەوە دەستوخەتی خۆتە؟

گوتم: بەڵێ قوربان من قوتابی قۆناغی دووی زانکۆشم.

گوتی: زۆر باشە. ئێمە نیازمان هەیە ڕۆژنامەیەکی کوردیی هەفتانە دەربکەین بە ناوی (التضامن) بەس جارێ ناوی ڕۆژنامەکە بە کوردی دیاریی نەکراوە، بەڵام تۆ هەر لەئێستاوە لای ئێمە دامەزراوی وەکو خۆشنووسی ڕۆژنامەکە، ئەوە چەند ڕۆژێکی کەمیش ماوە بۆ جەژنی قوربان برۆ جەژنەکەشت بکەو پاشان وەرەوە دەست بەکاربە لەگەڵ ستافی ڕۆژنامەکە. بەڕاستی من شاگەشکە بووم بەو قسەیەی بەڕێوەبەری گشتی، نەمدەزانی لەخۆشییان چی بکەم! هەرزوو خۆم گەیاندە سەیفەدین ئیسماعیل و سەربردەکەم بۆ گێڕاوە، ئەویش سەری سوڕما لەو ڕێککەوت و ئەنجامە، گوتی: ئەو چیرۆکەت لەفیلمی هیندی دەچێ دیارە زۆر بە شانسی!

لەدوای جەژن لەگەڵ برادەرانی ڕۆژنامە یەکترمان ناسی، سەرەتا ئەوان تەنها سێ کەس بوون: (سەربەست بامەڕنی وەک (سەرپەشتیاری گشتیی ڕۆژنامەکە) و جەلالی میرزا کەریم و عەبدوڵڵا عەباس)

دوای پرس و ڕایەکی زۆر لەگەڵ پسپۆر و ڕۆشنبیران و شارەزایانی ئەدەب و زمان، لەسەر وشەی (هاوکاری) بریاردرا. بوو بە (ڕۆژنامەی هاوکاری) لەڕۆژی ١٩٧٠/١/٩ واتە لەژمارە سفرەوە لە (ڕۆژنامەی هاوکاری) دەست بەکار بووم، زۆری نەبرد ڕێککەوتننامەی یازدەی ئازاری بەسەرداهات. بەهۆی ئەو دۆخە تازەیەوە دەزگای ڕۆژنامەی هاوکاری هەندێک گۆڕانکاریی تێکەوت! لەوانە هاتنی کەمال ڕەئووف محەمەد وەکوو (سەرپەشتیاری گشتیی ڕۆژنامەکە) بەڵام ئەو وەزعە

هێندەی نەبرد، چەند کەسانێکی ناو باڵی مەکتەبی سیاسی (جەلالییەکان)ی ئەو کات، وەک: حلمی عەلی شەریف (وەک سەرپەشتیاری گشتیی) و نەوشیروان مستەفا و شاسوار جەلال (شەهید ئارام) وەک کارمەندی ڕۆژنامەوانی هاتنە ناو ئەو دەزگایە! ماوەیەکی کورتی پێچوو نەوشیروان مستەفا بەیەکجاری وازی لەدەزگای ڕۆژنامەی هاوکاری هێنا و چووە دەرەوەی عێراق لەهەمانکاتیشدا چەند کەسانێکی شارەزا لەبواری نووسین و زمان و ئەدەبییاتی کوردی بەچەند قۆناغێک هاتنە ناو دەزگای ڕۆژنامەی هاوکاری و بە ڕەسمی دامەزران، وەکوو: حوسێن عارف، حەمید عەزیز، سەلاح عەقراوی، مەحموود زامدار، بورهان قانیع، سەلاح شوان، ئەنوەر مەحموود، عەلی نەقشبەندی، عبدالرەحمان نەقشبەندی، سامی شۆڕش، نوری حەیران.

دەستەی ڕۆژنامەکە زیاد لەقەبارەی خۆی پەرەی بە هاوکاری دەدا، بووە تاکە سەکۆی گشت خەڵکی کوردستان بەهەموو چین و توێژەکانییەوە، لەدواجاردا حکومەت زۆر بە ترسەوە دەیڕوانییە دارودەستەی ڕۆژنامەی هاوکاری، کە ببووە تاکە مینەری قەڵەمە نەترسەکان.

هەر ڕۆژنامەی هاوکاریش بوو لەسەر لاپەڕەکانی خۆی بانگەوازی (ڕوانگە)ی بڵاو کردەوە وەکوو بۆمبێک لەناو گۆڕەپانی ئەدەب و هونەری کوردیدا تەقییەوە، کە بووە جێگای مشتومڕێکی زۆر لەنێوان مەلا و پیاوە ئایینەکانی کوردستان و ئەدیبانی سەر بە ڕوانگە و حکومەتی ناوەند! تا گەیشتە ئەو ئاستەی ڕژێمی بەعس بۆ نزیکەی مانگێک دەزگای ڕۆژنامەی هاوکاری دابخات بۆئەوەی دۆخەکە هێور بێتەوە.

شتێکی خۆشت لەسەر ڕوانگەییەکان بۆ بگێڕمەوە، لەوسەردەمەدا لە حەفتاکان بەدواوە پیتی نووسینی چاپەمەنییەکان گشتیان (مس) بوون واتە قورقوشم، ئەگەر هەر هەڵەیەک لە ڕستەیەک ڕوویدابایە، دەبوو هەموو ڕستەکە جارێکی دیکە دووبارە کرابایەوە، ئەوساڵی، باو باوی تازەگەریی بوو، واتە ساڵی ڕوانگە، (تازەگەریی لە شیعر و چیرۆک و لە هونەر) بورهان قانیع کاری هەڵەچنی دەکرد واتە (مصحح) بوو لە ڕۆژنامەی هاوکاری، بەڵام زۆر دژی ڕوانگە و ئەو تازەگەرییانە بوو، بەتایبەتی لە شیعری تازەدا، هەر بۆ گاڵتەکردن بەو بەزمە، لەکاتی چاپکردنی ڕۆژنامەی هاوکاریدا، وشە هەڵەی نێو شیعرەکانی کە فڕێدرابوون کۆدەکردەوە.

وەکو شیعری شاعیران: (شێرکۆ بێکەس، جەلال میرزا کەریم، سەلاح شوان، سەلام محەمەد، لەتیف هەڵمەت، سامی شۆڕش) وشە فڕێدراوەکانی لە ڕستەیەکدا، یەک لەدوای یەک ڕیز دەکرد و پڕۆڤەیەکی لەسەر چاپ دەکرد و دەیگوت ئەوەش شیعری تازەگەریی منە، ئینشاڵڵا ساڵی ئایندەش دیوانێکی لێ چاپ دەکەم بە ناوی (دیوانی چش) ئەوانیش بەسوعبەت چەپڵەیان بۆ لێدەدا.


**- ئەی لەگەڵ کام ستافی ئەو ڕۆژنامەیەی لەبەغدا کارت تیاکردوە زیاتر گونجاوی، چەندجار شەوانە نووسینەوەی مانشێتیان پێگۆڕیوی؟**

+ بەڕاستی، لەگەڵ ستافی (ڕۆژنامەی هاوکاری) وەکوو خێزانێک لەگەڵ یەکتر هەڵسوکەتمان دەکرد، جیاوازی لەنێوانماندا نەبوو، زۆر ئاسایی بوو، چەندەها جار شەوانە ڕۆژمان لەبارەگای ڕۆژنامەی هاوکاری دەکردەوە و چەندەها جار مانشێت و ناوونیشانی بابەتمان دەگۆڕی، تا دەکەوتە سەر ڕێچکەی خۆی. جاری واش هەبووە ڕۆژنامە لەژێر چاپکردندا بووە ڕاگیراوە و گۆڕانکاری بەسەر داهاتووە. لەڕاستیدا ئەمانە کاری ڕاستەقینەی ڕۆژنامە و ڕۆژنامەوانییە.

**- من دەتناسم و چەندین ساڵە هاوڕێمی، کەسێکی هێمن و دڵ فراوان، ئایا لەپاڵ کارەکانتدا چەند جار عەشق بووەتە میوانت، ئایا هیچ ساتە وەختێک ئەو عیشقە بۆتە ڕێگر، تۆ پاشەکشە لە داهێنانەکانت بکەی؟**

+ بە پێچەوانەوە هەردەم عەشق و خۆشەویستی بۆ من بۆتە ڕێنیشاندەر بۆ هەر داهێنانێکی تازە. من دەڵێم: ژیان بە عەشق و خۆشەویستییەوە جوانە، ئەگەر ئەو دوو شتە نەبوون، نەک ژیان، بەڵکو شارستانییەتیش پێشناکەوێت.

هەر ئەو عەشق و خۆشەویستییە هۆکار بوو لەو ڕۆژگارە و لەو تەمەنەدا، لەهەمانکاتیشدا ئەوکات کە قوتابیی زانکۆش بووم، دەمتوانی وەکو خۆشنووس و نەخشەسازێکی ڕۆژنامەوانی،



نیوەڕۆ خوانێک لە دەزگای هاوکاری، بە بۆنەی یادی سێ ساڵەی دەرچوونی ڕۆژنامەی هاوکاری کەسەکان لە ڕاستەوە: (سەلاح شوان، عبدالرحمان نەقشبەندی، نووری حەیران، جلال میرزا کریم، سامی شۆڕش، عبدالله عباس، سەربەست بامەڕنی، محمد زادە)


عەبدوڵلا عەباس ـ سەربەست بامەڕنی ـ محەمەد زادە ـ ساڵی ١٩٧٢

لەیەک کاتدا کاری ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە ئەنجام بدەم، وەکو: (ڕۆژنامەی التآخی – ڕۆژانە، ڕۆژنامەی برایەتی – هەفتانە، ڕۆژنامەی هاوکاری – هەفتانە، گۆڤاری بەیان – مانگانە، گۆڤاری ڕۆژی کوردستان – مانگانە، گۆڤاری ڕۆشنبیریی نوێ – مانگانە، گۆڤاری زانست – وەرزی، گۆڤاری دەفتەری کوردەواری – وەرزی)

هەروەها لەگەڵ خۆشنووس و نەخشەسازیی چەندەها کتێب و نامیلکە و ڕیکلام، جگە لەهەندێ کاری لابەلا، وەکو کاری سوغرە!

ئێستاش عەشق و خۆشەویستی لەناو دڵ و دەروونم دەکوڵێ و بڵق دەدا. هەر ئەوەش وای کرد ببم بە (پادشای خەتی تازەگەریی) واتە خەتی حوڕ، لە کوردستان.

**–حەزدەکەم پێناسەی (بەغدا)م بۆ بکەی لەو چەند ساڵەی لەکاری ڕۆژنامە نووسی لەم شارەدا کارت کردووە؟**

+ حەزم نەدەکرد وەڵامی ئەو پرسیارەت بدەمەوە، چونکە گریانم دێ!

بەغدا بەس بەشەوان خۆشی و ژیانی تێدا دەبیندرا و جووڵەی تێدەکەوت! پاش هەموو ماندوبوونێکی کاری ئێمەی ڕۆژنامەنووسان دەبووایە سەرێکمان لەشوێنە پیرۆز و خۆشەکانی بەغدای جاران

> **"عیزەت الدووری خۆی تەلەفۆنی بۆ دارا تۆفیق سەرنووسەری (التآخي) کرد و گوتی: کاکە دارا جارێ جێی قوونمان گەرم نەبووە ئێمەتان کرد بە ژن"**

بدابایە! بەغدای هارون ئەلرەشید و بەغدای هەزار شەوەی ئەبو نەوواس بوو! کۆرنیش و شارع البنات و سوق النهر و شەریف حەداد و لەگەڵ شەوە سوورەکانی بەغدا ئەمانە خوا لێیان خۆشبێت. بەڵێ بەغدا، شاری ئاشتی و پێکەوەژیان بوو، شاری ڕۆشنبیریی و ئەدەب و زانست و هونەر بوو، هەتا وڵاتان ئیرەییان بە بەغدا و عێراقەوە دەبرد دەیانگوت: با میسرییەکان بنووسن و لوبنانییەکان چاپی بکەن و عیراقییەکانیش بیخوێننەوە. زۆر بەداخەوە، هەر ئەوەندە تام و خۆشیمان لەژیان دیت. ئێستاش ئەوانە هەمووی بوون بەخەیاڵ.

**– تۆ کەسێکی دیاری ناو کاری ڕۆژنامەنووسی کوردی بووی لەبەغدا، شوێنی خۆت لەبواری داهێناندا هەبوو. بۆچی بڕیارتدا بگەڕێیتەوە هەولێر؟ یەکەمجاریش نەچوویت بۆ کاری ڕۆژنامەنووسی بەڵکو چوویتە ناو کاری گەشتوگوزارەوە؟**

+ کە ساڵی ١٩٧٨ ژیانی هاوسەریم پێکهێنا ویستم لەبەغدا جێگیربم، بەڵام بەغدا وردە وردە دەبووە شاری بێگانان ئەو تام و لەزەتەی جارانی لەدەست دەدا، خەڵکی ڕەسەنی بەغداش زۆر نارازی بوون لەدۆخی شارەکەیان کە بەو ئاراستەیە دەگوزەرێت.

پاشان پیشەکەی من سەر بە ڕۆژنامەی هاوکاری بوو، سەر بە وەزارەتی ڕاگەیاندنی عێراقی، بەڵام لەسەر سیستەمی موئەسسەساتی کە داوای گواستنەوەم کرد، گوتیان تەنیا دەزگای گەشت و گوزارمان هەیە لە (سەری ڕەش) بەهەرحاڵ ناچار بووم ڕازیی ببم و گەڕامەوە هەولێر، کەچی وەزیفەکەم هەر لە (سەری ڕەش) بوو دوای نزیکەی چوار ساڵ مانەوەم لەپیشەی حکومەت، لەبەر تەشقەڵە و گێچەڵی (جەیشی شەعبی) هەر بەیەکجاری وازمان لە وەزیفەکە هێنا.

**–دوای گەڕانەوەت بۆ کوردستان، بەڵام بزر نەبووی، سەرلەنوێ لەهەولێر هاتیتەوە ناو کارەکەی خۆت لەگۆڤاری کاروان و ڕۆژنامەی کاروانی وەرزشی و تەندروستی و کۆمەڵ. ئەمەجگە لەنەخشەسازی بەرگی کتێب. دەکرێ باسی ئەو تەجروبەیەش بکەی؟**

+ بە حوکمی هاوڕێیەتیم و تێکەڵیم لەگەڵ کەسانی ڕۆشنبیر و هونەرمەند و ئەدەب دۆستان، وەک حوسێن ڕەشوانی و حوسێن عارف و دکتۆر نافیع ئاکرەیی و سەعید یەحیا خەتات هیدیکەش، جارێکی دیکە دەگەڕێمەوە ناو دونیای ڕۆژنامەگەریی کوردی. بەڵکو شاری هەولێر بۆمن بووە سەنتەرێکی زۆر لێکنێزیک بووەنەوە لەگەڵ چینی ڕۆشنبیر و هونەرمەند و ئەدەبیان.

**– لەڕۆژانی یەکەمی ڕاپەڕین و دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی ڕۆژانە بەناوی (کوردستانی نوێ) تۆ ڕۆڵێکی زۆر گرنگت هەبوو لەدەرچوونی ئەو ڕۆژنامەیە، بۆ مێژوو چۆن باس لەو ئەزموونەی خۆت، وەکو یەکەم ئازادی ڕۆژنامەنووسی دەکەیت و چۆنیەتی بڕیاردانت بۆ ئەو مەبەستە چۆن بوو؟**

بەهۆی دۆستایەتییەکی کۆن لەگەڵ هاوڕێی دێرینم (ئەرسەلان بایز) کە کاتی خۆی هەردووکمان قوتابیی زانکۆی بەشی کوردی بووین، بەڵام من قۆناغێک لەپێشی ئەو بووم، کە زانیشم بووەتە سەرنووسەری ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) پیرۆزبایم لێکرد و هیوای سەرکەوتنم بۆ خواست، ئەویش یەکسەر داوای یارمەتی لێمکرد کە هەماهەنگی لەگەڵ بکەم، بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە،

بەوەی دارودەستەی هونەریی ڕۆژنامەکە ئامادە بکەم و سەرپەریشتیشی بکەم. من لاریم نەبوو لەم ئەرکە، چونکە ئەوە بۆمن سەر بڵندیی بوو لەکەش و هەوایەکی ئازادیدا نیوەی ئەرک و کاری ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بەمن بسپێردرێ، بەڵام داوای لێبووردنم لێکرد کە بۆ ماوەیەکی کورت دەتوانم هاوکارتان بم تا دەکەونە سەر ڕێچکەی خۆتان! چونکە منیش لەهەمان کاتدا پابەندم بە ئەرکێکی دی بەهەمان شێوە، ئەویش (ڕۆژنامەی برایەتی)ی هەفتانەیە. دەکرێ ئەوەش بڵێم لۆگۆی یەکەم ژمارەی (کوردستانی نوێ) بەدەست و خەتی من نووسراوە.

**– ئێستا ئەو خەتانەی کە ناوی زادەی لەژێرەوەیە، وەکوو ستایلێکی تایبەت سەیر دەکرێن و مامەڵەیەکی تایبەتیان لەگەڵدا دەکرێ، دەکرێ ناویان بنرێ قوتابخانەی خەت و دیزاینی زادە، یان وشەی (زادە) چۆن بووە نازناوی تۆ؟**

+ بەدڵنیاییەوە، دەبێ ناوی لێبندرێ (قوتابخانەی زادە بۆ خەت و دیزاینی ڕۆژنامەگەری) چونکە تەمەنی ئەو قوتابخانەیە ڕەنگدانەوەی زیاتر لەنیو سەدەیە بۆ گەشەکردن و پەرەسەندنی ڕۆژنامەگەری بەگشتی و بەتایبەتیش ڕۆژنامەگەریی کوردی لەهەموو ڕوویەکی هونەرییەوە.

سەبارەت بە نازناوی زادەش پێش کارکردنم لەدونیای ڕۆژنامەوانیدا، واتە لەشاری هەولێر، لەژێر گشت کارە خۆشنووسییەکانم نازناوی (موفتی)م بەکاردەهێنا! هەرچەندە بە بنەماڵە و خانەوادەی ئێمەیان دەگوت (مەلا زادە و موفتی) بەڵام کە لەڕۆژنامەی هاوکاری دەست بەکاربووم نیازم بوو نازناوی (مەلازادە) هەڵبژێرم، چونکە کوردیتر بوو، بەڵام جەلالی میرزا کەریم، پێشنیاری بۆ کردم تەنیا وشەی (زادە) بەکاربێنم جوانترە! ئیدی وشەی (زادە) قاڵبی خۆی گرت.

**– پرسیارێکی تەقلیدی. ئایە لە ژیانتا چەندجار حەزت کردووە بگەیتە ئاستی گەورەترین دیزاینەر، ئەو دیزاینەرە کێیە کەتۆ ئاواتت بۆ خواستووە؟**

+ سەرەتا زۆر بە ئاواتەوە بووم، کاتێک دەستم بەو کارە کرد! بەڵام من ئەو قۆناغەم ز و و




بەرگی کتێبەکەی

بڕی، بەوەی دوو شتی زۆر گرینگم لەگۆڕنا، ئەویش ترس و شەرم بوو! ئەوەش هۆکارەکی سەرەکی بوو کە ببم بەخاوەنی قوتابخانەی تایبەتی خۆم. لەژیانی ڕۆژنامەگەریشمدا لەهەموو ڕوویەکەوە بەردەوام سەرسام بوومە بەکاری ڕۆژنامەگەریی لوبنانییەکان.

**– دەکرێ بزانین تۆ ئێستا پێڕەوەی لەچ ڕێبازێکی هونەری دەکەیت؟**

+ لەسەرەتای سالانی ١٩٧٠ ئێمە چەند خۆشنووس و نەخشەسازێکی ڕوژنامەوانیی زۆر کەم بووین لەسەر ئاستی وڵاتان، کە هەڵگری تازەگەریی خەت بووین بۆ پەرەپێدان بە (خەتی حوڕ) لەکاری ڕۆژنامەگەریدا، کە لەهەموو لایەکی جیهاندا بەتایبەتی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی دژایەتی دەکراین، بەڵام لەئەنجامدا بێسوود بوو. منیش یەکەم خۆشنووس بووم لەسەر ئاستی کوردستان گرینگی و پەرەم بە شێوەی (خەتی حوڕ) دەدا، کە تاکوو ئێستاش هەر لەسەری بەردەوامم. لەگەڵ ئەوەشدا بڕوام وایە هونەرمەند بەگشتی و بەتایبەتیش شێوەکار و خۆشنووس و نەخشەسازی ئەمڕۆ دەبێ هەوڵ بدەن خۆیان لەگەڵ جیهانی کۆمپیوتەر و (ئای تی) بگونجێنن تاکو زیاتر لەکارە هونەرییەکانیاندا سەرکەوتوو بن، ئەگەرنا خۆیان لەکونجی تاریکیدا دەبیننەوە و پێشناکەون. چونکە ئەمڕۆ هەموو شتێکی ژیان بە تەکنۆلۆژیاوە بەستراوەتەوە، کە ئەویش (ئای تی) یە.

**– زانیوومە خەتێکت بەناوی (زادە) نووسیوە و لەوڵاتی میسر لێت دزراوە. ئەمە تاچەند ڕاستە؟**

+ ڕاستدەکەی. پڕۆژەی خەتێکم هەبوو بەناوی (حرف زادە) ئەو پڕۆژەیەم بە دوور و درێژی

**“ حلمی عەلی شەریف (وەک سەرپەشتیاری گشتیی) و نەوشیروان مستەفا و شاسوار جەلال (شەهید ئارام) وەکو کارمەندی ڕۆژنامەوانی هاتنە ناو ئەو دەزگایە! ماوەیەکی کورتی پێچوو نەوشیروان مستەفا بەیەکجاری وازی لەدەزگای ڕۆژنامەی هاوکاری هێنا و چووە دەرەوەی عێراق ”**



سامی شۆڕش ـ محەمەد زادە ـ مومتاز حەیدەری ـ جوهەر کرمانج ـ سەعداللە پەرۆش ـ عبدالوهاب تاڵەبانی. (ئاهەنگی یادی ساڵانەی ڕۆژنامەی هاوکاری ساڵی ١٩٧٧ ـ بەغدا)

لەکتێبی (الکتابة العربية وفنونها. اصلها وفصلها) لاپەڕە ١٧٢ باس کردووە، هەر لەکۆتایی ساڵی ١٩٧٦ ئەو پرۆژەیەم پێشکەشی (ئەکادیمیای زمانی عەرەبی) کرد کە بارەگاکەی لەقاهیرەیە، بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندییان لەسەر ئەو پرۆژە خەتییە بۆ دروستکردنی (پیتەکانی نووسین) لەسەر ئامێرەکانی چاپی وەکو: لاینۆتایپ و ئینتەرتایپ و هیدی، پێشان مەرجی تایبەتیی هەبوو بۆ دروستکردن و بەکارهێنانی هەر جۆرە پیتێک بۆ کاری چاپکردن! هەر کەسێک و لایەنێک پیتی نووسینی داهێنابا پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی لەئەکادیمیای زمانی عەرەبی، دەبووایە داهێنانی خەتەکەی لە (لجنة براءة الاختراعات) تۆماری بکردایە بۆ ئەوەی مافی داهێنەرەکە پاریزراو بێت. ئێستا بەرەڵڵاییە، ئەنجامی ئەو پرۆژانەش، ئەوەی فەرهوود کرا ئەوەی دزرا، وەکو دەڵێن کەس بە کەس نەبوو لەگەڵ پەیدابوونی کۆمپیوتەر و بەرنامەکانی نووسین و دروستکردنی پیتەکان بۆ ئامێرەکانی کۆمپیوتەر، وردە وردە خەونەکانمان گشتی چوونە ناو گۆڕ!


> **"یەکەمجار لەگۆڤاری (ڕووناکی) پاشکۆی ڕۆژنامەی (النور) کارم کردوە، کە مامۆستا عەبدولڕەحمان زەبیحی (عولەما) سەرپەرشتیی دەکرد"**

**- دەکرێ باسێکی ئەو کتێبەت بکەیت و پێمان بڵێی گرنگییەکەی لەچیدایە؟**

+ پاش ماندوبوونێکی زۆر و گەڕان بە دوای سەرچاوەکانی تایبەت بەمێژووی سەرهەڵدانی پیتی نووسینی عەرەبی و هونەری خۆشنووسی و نەخش و نیگار، کە بۆ ماوەی هەشت ساڵ خەریکی بووم و دواجار توانیم ئەو کتێبە بنووسم (الكتابة العربية وفنونها. اصلها وفصلها)

ئەو کتێبە ساڵی ٢٠١٤ لەشاری هەولێر چاپ کراوە، لەسەر ئەرکی ئەکادیمیای کوردی، بە پشتگیری و سەرپەرشتی جێگری سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی، دکتۆر ئازاد ئەحمەد مەحموود. کتێبەکەم بەزمانی عەرەبی نووسیوە و وەریشگێڕدراوتە سەرزمانی ئینگلیزی و بووەتە کتێبێکی جیهانی. کۆی لاپەڕەکانی (٣٣٦) لاپەڕەیە، بە قەوارەی A4 هەموو لاپەڕەکانیشی ڕەنگاوڕەنگە و زیاد لە (٥٠) تابلۆی خۆمی تێدایە، ناوەڕۆکی کتێبەکەش بەگشتی بایەخ بە مێژووی دروستبوون و سەرهەڵدانی شێوەی پیتەکان و هونەری خۆشنووسیی پیتی عەرەبی دەدات. لەهەمان کاتدا کاریگەری لەسەر نووسینی ئەو نەتەوانە هەیە کە دەکەونە ژێرباری ئاینی ئیسلامەوە. هەروەها ڕۆڵی ئەو نەتەوانەش لەبەرچاو گیراوە لەپێشوەچوونی شێوەی پیتی نووسین و هونەرەکانی خۆشنووسی. هەر لەدێرزەمانەوە تاکو ئەمڕۆ، بە تایبەتیش نەتەوەی کورد.

بایەخیش بە شێوەی ڕێنووسی (ئیملا)ی کوردی و سوودەکانی بۆ نەتەوەکانی دی دراوە، بە تایبەتی عەرەب و فارس و


١٣/ ٣/ ٦٥
لبنان

بسم الله الرحمن الرحيم

لحضرة وجناب الأخ العزيز السيد محمد عثمان عزيز المفتي المحترم.

اجمل تحيات واعظم اشواق وازكى سلام ارسله الى انسان كتب لي رسالة تقدير... الى اول اخواني الى الذي رآه قلبي ولم تراه عيناي... الى كاتب اجمل رسالة قرأتها في حياتي... الى محمد.

اما بعد.

ان الرسالة هذه هي الرسالة الاولى التي اكتبها لك بعد انقضاء اربعة اشهر على كتابتك لي...

ان هذا التأخر كان بسبب ظروف ذكرتها في رسالة سابقة ارسلتها للأخ وليد الذي له الفضل الاول في بناء اخوتنا لذا ارجو المعذرة في تأخري.

اخي.. انني شاب في الثامنة عشرة... خطاط صحفي اتكلم الكردية ـ العربية ـ الانكليزية.

هوايتي: الخط العربي ـ الاستماع للمطربين والمطربات: الاكراد.. محمد عارف الجزراوي ومريم خان العرب.. فريد الاطرش ـ محمد عبد الوهاب ـ ام كلثوم

وهذه اجوبتي على اسئلتك:

١ ـ استطيع المراسلة بالكردية

٢ ـ لم تصلني رسالتك ١٦/ ١٠/ ٦٤ ورسالة وليد الاخيرة وصلت اليوم

٣ ـ اقرأ كتب ادبية وخاصة اتأثر بالمنفلوطي

وفي الختام ارجو ان يمنيك بزيارة لبنان ونلتقي في هذا البلد الحبيب والسلام

الى اللقاء

اخيك
صالح نجيب

ئەو نامەیە لە لایەن خۆشنووسێکی کوردی لوبنانی، بەناوی ساڵح نەجیب ـەوە پێمگەیشت، لە ڕێگای ـ گۆشەی یەکترناسین ـ لە گۆڤارێکی لوبنانی بە ناوی الشبكة

ڕۆژی ١٩٦٥/٣/١٣ بوو نامەیەکی عەشق و خۆشەویستیم بۆ هات ئەوە ئەو نامەیەیە کە منی هاوێشتە داوی عەشق و خۆشەویستیی هونەری خۆشنووسی و دونیای ڕەنگ و ڕووی پیتەکان، دواجار تێیدا نوقوم بووم

تورک (کە بە دەست خوێندنەوە و ڕێنووسی خۆیان گیرۆدەن)

لەڕاستیدا ئەم کتێبە وەک نامەیەکی کراوەشە بۆ ئەوانەی بانگەشە دەکەن و دەڵێن: نووسینی کوردی ناتوانێت بچێتە ڕیزی هونەری خۆشنووسی، وەکوو نووسینی (عەرەبی و فارسی و تورکی) چونکە نووسین و ڕێنووسی کوردی پەرت و بڵاو و پچڕ پچڕە!

بەڵام من توانیمە لەنرخ و بەهای ئەم دەنگۆیانە کەم بکەمەوە، بەوەی قسەی نەستەق و پەندەکانی کوردی بەنووسین و ڕێنووسی کوردی لەناو جوانترین و قەشەنگترین تابلۆدا برازێنمەوە.

هەروەها توانیومە هەموو تواناکانی خۆم وەکو خۆشنووس و نەخشەسازێکی ڕۆژنامەوانی بەکاربهێنم، بۆ دەرهێنانی کتێبێکی نموونەیی لەم چەشنەدا، لەڕووی نەخشەسازیی ناوەڕۆک و چاپەوە.

هەرچەندە ئەو کتێبە هیچ گرنگییەکی پێ نەدرا لەلایەن کۆمەڵەی خۆشنووسانی کوردستان، کە بووە قوربانیی دوو ئیدارەیی! بەڵام لەدەرەوەی سنووری هەرێمی کوردستان، خەڵکی بێگانە زیاتر قەدری ئەو کتێبەیان زانی! بەوەی مامۆستایەکی زانکۆی موسڵ نەدیتی و نەناسی بەناوی دکتۆر ئیبراهیم خەلیل ئەلعەللاف بە دووروودرێژی ڕاوبۆچوونی خۆی لەسەر دەربڕی (ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ)ش لەژمارە (٧٩٦٤) هەینی و شەممەی ٢٠-٢٠١٩/٩/٢١ تەواوی قسەکانی ئەو مامۆستایەی بەزمانی کوردی بڵاوکردەوە. کاتی خۆشی گۆڤاری (صوت الاخر)یش ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلی لەسەر کتێبەکە بڵاوکردەوە. ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط)ی لەندەنیش ڕۆژی ٢٠١٧/٨/٩ ی ژمارە ١٤١٣٤ ڕاپۆرتێکی لەسەر کتێبەکە بڵاوکردەوە. چەند دانەیەکیشی لێنێردراوە بۆ هەریەک لەبەغدا و قاهیرە و بەیروت و ئیمارات و تورکیا و ئێران.

ئێستاش جارێکی دیکە، هەمان کتێب ئامادەیە بۆ چاپی دووەم، بەڵام بەشێوەیەکی پووختەتر و هەندێک دەستکاری و بە دیزاینێکی تازەتر.

**– من ئەوەندەم لەبیرە، ئەگەر تۆش شتی دیکەت لەبیرە، خۆت باسی بکە.**

+ برادەرێکی هەولێریم هەبوو زۆر پۆشتەو کەشخە بوو، حسێبی بۆ هەموو شتێک دەکرد، بۆ نموونە، سەرتاشی تایبەتیی خۆی هەبوو، هەموو سەرە مانگێک دەبوایە لای ئەو سەرتاشە سەرو پرچ و ڕدێنی خۆی چاک بکردبایە، بەڵکو نەیدەهێشت شاگردەکەشی نزیکی بایە! وا ڕێککەوت کابرای سەرتاش ماڵ و ئیشی کەوتە شاری موسڵ، ئەو برادەرە هەولێریەم خراپی لێقەوما! بەڵام هەموو سەرە مانگان دەچووە موسڵ بۆلای ئەو سەرتاشە! منیش پێمدەگوت کورە ئەو شارە سەرتاشەکی تێدا نییە بە دڵی تۆ بێ !؟ دەیگوت: کاکە لێمگەڕێ، دڵم تەنها بەدەستی ئەو دادەمرکێ بەدەستەخۆم نییە، بەداخەوە هەتا کۆچی دواییشی کرد هەر هاتوچۆی ئەو سەرتاشەی دەکرد!

خوڵاسە پیشەکەی منیش وەک پیشەی ئەو سەرتاشەی لێهات! زۆر لە برادەرە ئازیزەکانی خۆم کە بەرهەمێکیان دەبێ ڕوو لەمن دەکەن بۆ خەت و دیزاینی بەرگی کتێبەکە، منیش تەخسیرییان بۆ ناکەم باوەشیان بۆ دەکەمەوە و ڕێنماییان دەکەم، کە ئێستا باشترین دیزاینەر و خۆشنووس هەیە، بەڵام قەناعەت ناکەن و دەڵێن بە دەستی تۆ نەبێ تێنوێتیمان ناشکێ! یەک لەو ئازیز و خۆشەویستانە (دکتۆر سەباحی غالب) لە سەرەتای ڕاپەڕینی ١٩٩١وە لەدەنگوباس زیاتر یەکتریمان نەبینیوە، لەوڵاتی ئینگلستانەوە بەرەو کوردستان ئەوجا بۆ لای (زادە)ی خزمەتکار بۆ دیزاین کردنی (هەردوو بەشی بەرگی یەکەمی کتێبی مێژووی کورد و کوردستان ١٩١٨ ـ ١٩٢٠) جا ئاسوودە بوو..

کێشەی من لەگەڵ پیشەکەم ئەوەیە، هەندێک جار خاوەن کتێب ڕازییە بە دیزاین و خەتەکە، بەڵام من ڕازی نیم. هەتا خۆم قەناعەتی تەواو بەدەست نەهێنم، دەست لەکارەکە هەڵناگرم و وازی لێناهێنم! چونکە بەلای منەوە هەر چاپکراوێک بەگشتی و بەتایبەتی کتێب، لەشێوەی منداڵێک وایە کە لەسکی دایکی تازە ڕەگی ژیان دادەکوتێ و

**“ لەڕۆژی ١٩٧٠/١/٩ واتە لەژمارە سفرەوە لە (ڕۆژنامەی هاوکاری) دەست بەکار بووم ”**



چەند کادرێکی ڕاگەیاندنی شۆرش لەچۆمان ساڵی ١٩٧٤ کەسەکان لە ڕاستەوە: حاجی مەمۆ (عباس محمد حسێن) انور محمود، جوهر کرمانج، محمد زادە



محەمەد زادە ـ نەژاد عەزیز سورمێ ـ نووری حەیران ـ فیکرەت

وەک نەمامێک وردە وردە گەورە دەبێ! ئەگەر دایکی کۆرپەلەکە خواردنی پێویستی بۆ دابین نەکات، لەوانەیە ئەو کۆرپەلەیە بە سەقەتی لەدایک ببێ، ئەوکات نەجوانکاری، نە نەشتەرگەریش سوودی بۆ نابێ! کتێبیش هەمان شتە، ئەگەر پێشەکی خەمی لێنەخورێ، کەموکورتییەکانی چارەسەر نەکرێ لەبەرگی هەوەڵ تا بەرگی دوایی پێش چاپکردن، مسۆگەر بچووکترین نوقسانی دەبێتە گرێیەک لەسەر دڵی نووسەرەکەی! ئەو وەختە چارەسەری زۆر زەحمەتە وەک منداڵی کەمئەندام.

لەخوای بەزیاد بێت، جیهان چەندی بڵێی پێشکەوتووە لەڕووی چاپکردن و دیزاینەوە، بەتایبەتیش تەکنۆلۆژیای ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێب. خەڵکانێکی باشی لای خۆشمان لەم بوارەدا هەڵکەوتووە کە دەبێ زۆر شانازییان پێوە بکرێ.

پێش کۆتا قسەم: جارێکیان عیزەت الدووری تازە لەناو حزبی بەعس پەرەی دەسەند و گەشەی حزبیی دەکرد. بەڵکو لەناو جەماوەری بەغدا و ڕاگەیاندنی عێراقی پیاوێکی تازە بابەت بوو هێشتا نەبۆتە جێگری سەدام حسێن، لەنێوان ساڵانی ١٩٧١ یان ١٩٧٢ بوو، سەرپەرشتی ئاهەنگێکی ڕۆژی ئافرەتانی دەکرد بە وەکالەت لەجیاتی سەرۆک کۆماری ئەو وەختە ئەحمەد حەسەن بەکر، هەمیشە ئەوە هەواڵێکی چەورە بۆ ڕۆژنامەکان، بەهەرحاڵ ڕۆژنامەی (التآخي)یش وەک نەریت کردیە هەواڵێکی گرینگ لەلاپەڕەی ناوەوە، ناوونیشانەکەش بە مانشێتێکی توزێک گەورە.

سەرپەرشتیاری لاپەڕە لەسەر هەواڵەکە نووسیبوی (السيد عزة الدوري) منیش تەماشای ناوەڕۆکی هەواڵەکەم کرد هەواڵی ئافرەتانە! گوتم: هەبێونەبێ سەرپەرشتیاری لاپەڕە پیتی (ة)ی لە بیرچووە بۆ وشەی (السيد)ەکە، چونکە بە مەزەندەی خۆم کە لێکمداوە وشەی (عزة) ناوی ئافرەتانە! لەسەر شێوەی ناوی (نبيلة، ملكة، رحمة، جميلة، عزة)منیش یەکسەر بە خەتێکی گەورە نووسیم (السيدة عزة الدوری........) بەو شێوەیە، بۆ بەیانی چاپکراو بڵاو کرایەوە! دوای ماوەیەک عیزەت الدووری خۆی تەلەفۆنی بۆ دارا تۆفیق سەرنووسەری (التآخي) کرد و گوتی: کاکە دارا جارێ جێی قوونمان گەرم نەبووە ئێمەتان کرد بە ژن! ئەوە خێرە!؟ بۆ ژمارەی پاشتر داوای لێبووردنی لێکرا.

کۆتا قسەم ئێستا گەیشتومەتە دوایین قۆناغی تەمەن، داوای لێبووردن لە هەموو ئەو ئازیز و خۆشەویستانە دەکەم ئەگەر دڵی هەر کەسێکم ئازار دابێ، ئەوانەی لەژیاندا ماون و زیندوون یەکە یەکە چاویان ماچ دەکەم تا مردن من خزمەتکاریانم. ئەوەی نەشماون لەژیان و کۆچی یەکجارەکییان کردووە نزا بۆ خودا دەکەم جێگایان بەهەشتی بەرین بێ.

**– دەتەوێ شتێکی دی بڵێی؟**

بەدڵنیاییەوە دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە لە ئەنجامی ماڵ گواستنەوەم و بێ جێگەیی خۆم، واتە گواستنەوە بۆ خانوویەکی بچووکتر، بەناچاری مانگی ١١ی ٢٠١٧ زیاتر لە هەزار و پێنج سەد کتێبی کوردی و پێنج سەد کتێبی عەرەبی و سەدان گۆڤار و ڕۆژنامەو نامیلکەی جۆراوجۆر لە هەموو بوارەکانی ئەدەبی و هونەری و فیکری و ڕۆشنبیریی بەگشتی، لەگەڵ (٦) دانە ڕەففی گەورەی کتێبخانەکەم وەکو هاوکاری و پشتگیرییەک بۆ خەڵکی شارۆچکەکە پێشکەشی (کتێبخانەی گشتیی شارۆچکەی کەسنەزان – هەولێر) کرد.

لەپای ئەو هەڵوێستەشمدا (بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان – سەربە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان) پێزانین و سوپاسنامەیەکیان ئاراستە کردم.

ئێستا ماڵم نزیکی شارۆچکەی کەسنەزانە، بۆیە دڵم هەر لای کتێبەکانمە ، چونکە وادەزانم منداڵێکیان لێسەندووم و لەپێش چاوی خۆم بەخێوی دەکەن و ناتوانم تێر تێر ماچ و بۆنی بکەم. بەهەرحاڵ هیوادارم سوودێکمان گەیاندبێت بە دانیشتووانی شارۆچکەی کەسنەزانی خۆشەویست.


کوردستانی نوێ
NEW KURDISTAN

لۆگۆی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) بە دەستوخەتی محەمەد زادە.. لەژمارە (٠) سفر، ڕۆژی یەکشەممە/١٢ی کانوونی دووەم ١٩٩٢. ساڵی یەکەم

# هونەری

- **گرفتار کاکەیی لەنێو ژیانی هونەریێکی ڕەسەندا**

ئاشتی گەرمیانی



# گرفتار کاکەیی
# لەنێو ژیانی هونەرێکی ڕەسەندا

ئاشتی گەرمیانی

(گرفتار کاکەیی) لەبوارەکانی کاری هونەری شێوەکاری و کاریکاتێر و ڕۆشنبیری و هونەری جیهانی منداڵان توانیویەتی بناغەیەکی جوان و پڕ لەبەهاکان دابنێت و گرنگی و پەرە بە هونەرەکەی بدات لەسەر هەموو ئاستەکاندا، کارکردن بە شێوەیەک کە میلی چرکە وکاتەکان زۆر بە ئاسانی تێنەپەڕن، سوود لەهەموو جووڵەکانی ژیان وەربگرێت بەتایبەتی ژیانێک لەنێو هونەرێکی ڕەسەندا. شێوەکار گرفتار کاکەیی لەساڵی ١٩٦٧ لەشاری کەرکوک لە دایک بووە، ئێستا لەوڵاتی ئەڵمانیا نیشەجێیە. کاتێک مرۆڤ چاو لەژیان و لاپەڕە هونەرییەکان و چالاکی و داهێنانەکانی ئەو هونەرمەندە دەگرێت بەڕاستی مێژوویەکە پڕ لەسەروەری و نوێبوونەوەی ژیان و میلملانێ و بیر و هزر بۆ دارشتنی فۆڕمە جیاجیاکان. کاتێکیش لەکارە کاریکاتێرە هونەرییەکانی ڕادەمێنی، بۆت دەردەکەوێت هونەرێکی پرۆفیشیناڵ و ئاوڕدانەوە لەژیانێکی پێچەوانەی خەڵکی ئاساییە، ئەو لەگەڵ ئازار و گرفتی ڕۆژانەی خەڵکدا ژیاوە، لەهەمان کاتدا جیهانی هونەری منداڵانیش لە وردەکاری دەست و پەنجەکان و بەرائەتی ڕووحدا توانیوێتی سەرکەوتنی بەرز بەدەست بهێنێت، میوزیک و جیهانی گوێگرتن لەئاوازەکان بەشێکن لەژیانی، بەشێوەیەک تێکەڵی ئەو هونەر و جیهانە بووە کە خۆی بۆ خۆی ئاواز دادەنێت و نۆتەکان کۆدەکاتەوە و لەعود و ساز و ئامێرەکاندا خەمی وڵات سارێژ دەکات و دڵی هەموومانی پێ شاد دەکاتەوە سەبارەت بەکارە هونەرییەکانی هونەرمەند گرفتار کاکەیی و هەنگاوەکانی لەنێو کاری شێوەکاریدا، لەسەرەتاوە هەوڵی ئەکادیمیەتی ڕیالیستی و ڕیالیزمی داوە بۆ دانانی بناغەیەکی بەهێز و پتەو لەمۆدێل و پۆرترێت و لەش و لاری مرۆڤ و ستیلایف و هەنگاو بەرەو تێکەڵ کردنی ڕەنگەکان و مامەڵە لەگەڵ ئەو قوتابخانە هونەریەی کە دواتر مرۆڤ خۆی لەترۆپکی ئەودا دەدۆزێتەوە، تاقی کردنەوەیەکی قووڵ و درێژ هەناسەی هەیە بۆ دروست کردنی تابلۆکانی بەو شێوە هونەریەی کە ئەزموونێکی دوور و درێژی بڕیوە تاوەکو گەیشتۆتە ئەوەی پێشانگاکان و چالاکییە هونەرییەکانی شاهێدی ئەو کار و بەرهەمانەن. ئەوەی بەلای منەوە گرنگە هونەرمەند گرفتار کاکەیی چۆن توانی لەئەکادیمیەتی کارە هونەریەکانییەوە خۆی تێکەڵ بە هونەری کاریکاتێر بکات، لەچ بیر و هزرێکدا ئەو بیرۆکانەی ڕێکخستەوە و توانی مامەڵە لەگەڵ ووردەکاریەکانی ئەو هونەرەدا بکات. ئەوەندە ئاسان نییە، مرۆڤ بتوانێت لەقوتابخانەیەکی هونەریدا قووڵ ببیتەوە و بەردەوام تابلۆی جۆراوجۆر بە پێوانەی جۆراوجۆر بەدەست بهێنیت، دواتر دونیای کاریکاتێر بە بەرگی کوردی، یان بەخەمی ڕۆژانەی خەڵکی خۆمان و دواتر بۆ خەمێکی گەورەتر کە جیهانییە، واتە: بەجیهانی بوونی هونەرە کاریکاتێرەکانی



هونەرمەند گرفتار کاکەیی و تێکەڵ بوون بە کەڵچەرێکی دی کە ئەوروپی و بەجیهانی بوونە. زۆرن ئەو کارە هونەریانەی کە هونەرمەند لەئەزموونی ژیانی هونەریدا ئەنجامی داون، زۆرن ئەو بیرۆکە و بابەتانەی کە تاڵ و شیرینن و سەرەنجڕاکێش و جێگای نیگەرانی و خۆشەویستی و گەڕان و وێڵ بوونن بە دوای ژیاندا. مرۆڤێک پڕە لەئەفسانە و داهێنان و تازەگەری و گرنگی بەو هونەرەی کە خۆشی دەوێن. دەستی ڕەنگینی بە جۆری ئەکادیمی زۆر بەسەلیقەن بۆ تۆمار کردن و نەخشاندنی ئەو خەونانەی کە نەماندیون و پەیمان بۆ نەبردوون. گرفتاری هونەر و کەلتوور و میوزیک و جیهانی منداڵان و نووسین و نەخشاندن ئەو مرۆڤەیە کە بەهای ژیان زۆر گرنگن بۆ دوێنێ و ئەمڕۆ و داهاتوو، هەرلەبەر ئەو هۆکارەیە وەکو دەروێشێکی جیهانی ڕۆشنبیریەت مامەڵە لەگەڵ کەرەستەکاندا دەکات. ئەگەر من سەرەنجێک لەفۆرمەلە و ناوەڕۆکی کارە هونەرییەکانی بدەم ئەوا زۆر خوێندنەوە دەبینم و دەیانخوێنمەوە وەکو ئەوەی کە تازە منداڵ بین و زمان بگرین، ئەو کارە هونەریانەی کە باس لەکارەسات و نەهامەتییەکانی ژیان دەکات وەکو ساتێک لەگەڵ باوکم وێنەی باوکێک بە قەڵەم و خامەیەکی جوان و ڕەوان هێڵکاری و ڕەنگارییەکی وردی تێدا کردووە، مانایەکی گەورە دەبەخشێت بۆ هونەرمەند گرفتار و من و کەسانی دی، بیرۆکە و وردکردنەوەی وتەکان و چیرۆکەکان بۆ کاری کاریکاتێری بە شێوەیەک کە هیچ کات مرۆڤ بەو شێوەیە نیگای لێ ناکات، ورد بوونەوەیەک لەژیانی ڕۆژانەی خەڵک، پێچەوانەی خەڵکی دی. ئیدی ئەگەر خۆشەویستی بێت، یان خەم و پەژارە و توانج لەکردەوە و بەرکرداریەکان لەم سەردەمەدا، یان پۆرترێتی ئەو مرۆڤانەی کە بەهادارن و ناسراون لەجیهاندا ئەو دەموچاوەکانی گۆڕیوە بۆ تەنز و جێگای سەرەنج! گرفتار کاکەیی بە چرکە هەموومان دەگرێنێ و ئاشتمان دەکاتەوە و تووڕەمان دەکات و وەفاداریمان پیشان دەدات. چالاکی هونەری و بەشداری کردن و نمایش کردنی کارە هونەرییەکانی هونەرمەند گرفتار کاکەیی نەپچڕاون، هەر لەکەرکوکەوە تا دەگاتە ئەوروپا. قۆناغ بە قۆناغ جێگە پەنجە و هێڵەکانی بەسەر لاپەڕەی تەمەنەوە هەیە و لەهەر هەنگاوێک کۆمەڵە کار و پڕۆژەیەکی جوانیمان پێشکەش کردووە، هەروەک لەبیبلۆگرافیای کار و چالاکییەکانیدا هاتووە. گرفتار کاکەیی میوزیکژەن، نووسەر، شێوەکار و کاریکاتێریستی ناسراو: هونەرمەند گرفتار کاکەیی کەسێکی فرە بەهرەی زیاتر لەبوارێکی هونەری و ڕۆشنبیرییە، نووسەر و میوزیکژەن و ئاوازدانەر وێنەکێشی شێوەکاری و کاریکاتێریستە. وەلێ لەبواری هونەری کاریکاتێردا توانیویەتی لەسەر ئاستێکی نێودەوڵەتیدا پێگەیەکی باش بۆ خۆی دابین بکات. چ وەکو کردنەوەی پێشانگای تایبەت و چ وەکو دادوەر لە پێشانگە نێودەوڵەتییەکان. گەر گوزەرێک بەژیاننامە و کاروچالاکییەکانیدا بکەین، گرنگی ئەم هونەرمەندەمان بۆ دەردەکەوێت. گرفتار کاکەیی لەساڵی ١٩٦٧ لەشاری کەرکووک لەدایکبووە.

کارمەندی وەزارەتی ڕۆشنبیرییە. لەساڵانی ١٩٨٢و ١٩٨٣و لەقۆناغی ئامادەییەوە بەشداری تێکرای بزاڤە هونەرییەکانی چالاکی قوتابخانەکانی کردووە، لەلایەن بەڕێبەرایەتی ئامادەییەکەیانەوە هەموو ساڵێک خەڵات کراوە. لەقۆناغی ئامادەییش لەئامادەیی بازرگانی کەرکووک بەشداری پێشانگایەکی شێوەکاری ئامادییەکەیان دەبێت و لەلایەن بەڕێوبەرەوە خەڵات دەکرێت. ساڵی ١٩٨٦ بۆ ماوەی سێ مانگ لەکەناڵی کەرکووک وەکوو وێنەکێشێ بەرنامەی جیهانی منالان لەگەڵ مامۆستا ڕەزا شوان کاری کردووە. بەڵام بەهۆی نەبوونی بە بەعسی بێزار کراوە و ناچار بووە وازبێنێت.

لەساڵی ١٩٩٢ یەکەمین کاریکاتێری لەڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان بڵاوکردەوە.

لەساڵی ١٩٩٤ یەکەمین پێشانگەی کاریکاتێری لەهۆڵی میدیای هەولێر پایتەختی هەرێم کردووەتەوە. ئەمەو بەشداریکردن و کردنەوەی دەیان پێشانگەی تایبەت و هاوبەش وەکوو:

- لەساڵی ١٩٩٥



“ خۆی بۆ خۆی ئاواز دادەنێت و نۆتەکان کۆدەکاتەوە و لەعود و ساز و ئامێرەکاندا خەمی وڵات سارێژ دەکات ”

> ساتێک لەگەڵ باوکم وێنەی باوکێک بە قەڵەم وخامەیەکی جوان و ڕەوان هێڵکاری و ڕەنگاریەکی وردی تێدا کردووە

پێشانگەیەکی هاوبەش لەگەڵ هونەرمەند بڕوا (ئازا حەسیب قەرەداغی) هۆڵی میدیا کردۆتەوە.

- لەساڵی ١٩٩٦ دووەمین پێشانگەی تایبەتی لەهۆڵی میدیا. هەولێر.

- لەساڵ ١٩٩٨ سێهەمین پێشانگەی تایبەت. لەهۆڵی میدیا.

- لەساڵی ١٩٩٨ چوارەمین پێشانگەی کاریکاریکاتێری (پۆرتریتی کاریکاتێری). هۆڵی میدیا-هەولێر.

- لەساڵی١٩٩٨پێنجەمین پێشانگەی تایبەت. هۆڵی میدیا- هەولێر.

- لە ساڵی ١٩٩٨ شەشەمین پێشانگەی تایبەت. هۆڵی میدیا - هەولێر.

- ساڵی ١٩٩٩حەوتەمین پێشانگەی تایبەت. هۆڵی مۆزەخانە -سلێمانی.

- لەساڵی ٢٠٠١ هەشتەمین پێشانگەی تایبەت. هۆڵی مۆزەخانە - سلێمانی. لە - ساڵی ٢٠٠٢ نۆیەمین پێشانگەی تایبەتی هۆڵی خانەی کاریکاتۆر. تاران - ئێران.

- لەساڵی٢٠٠٤ دەیەمین پێشانگەی تایبەت. لە شاری کەرکووک.

- لەساڵی٢٠٠٤ یازدەمەین پێشانگەی کاریکاتێری. هۆڵی کتێبخانە - خانەقین. - لەساڵی ٢٠٠٥ دوازدەیەمین پێشەنگەی تایبەتی. هۆڵی هونەرمەندانی کوردستان -کەرکووک.

- لەساڵی ٢٠٠٦ سیازدەمین پێشانگەی تایبەت. هۆڵی سەندیکای هونەرمەندانی. کەرکوک.

- ساڵی ٢٠٠٧ چواردەمین پێشانگەی تایبەت. هۆڵی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان -کەرکووک.

- لەساڵی ٢٠٠٨ پازدەمین پێشانگەی تایبەتی. هۆڵی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان. کەرکووک.

- لەساڵی ٢٠٠٨ شازدەمین پێشانگەی تایبەتی. هۆڵی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان - کەرکووک. لە ساڵی ٢٠٠٨ هەڤدەمین پێشانگای تایبەت وێنە بۆ منالان. هۆڵی هیجری دەدەی کاکەیی. کەرکووک.

- لەساڵی ٢٠١٠ نمایشی



کارەکانم لە واشنتن و نیویۆرک - ئەمریکا.

- لەساڵی ٢٠١١ هەژدەمین پێشانگەی تایبەتی. هۆڵی میدیا- هەولێر.

- لەساڵی ٢٠١٣ نۆزدەمین پێشانگەی تایبەتی. هۆڵی مۆزەخانە - سلێمانی.

- لەساڵی٢٠١٤ پێشانگەیەکی هاوبەشی لەگەڵ هونەرمەندان نامۆ ڕۆستەمی و کیڤان. هۆڵی میدیا- هەولێر.

- لەساڵی ٢٠١٤ بیستەمین پێشانگەی تایبەت. هۆڵی کتێبخانە گشتی. کرکوک.

- لەساڵی٢٠١٧ بەشداری پێشانگایەکی کاریکاتێری تایبەت بە کاریکاتێر. هۆڵی ئەمنە سورەکە - سلێمانی.

- لەساڵی ٢٠٠٢ تا ئێستاش بەشداری سەدان پێشبرکێ و پێشانگەی کاریکاتێری جیهانی کردووە.

دادوەری پێشبرکێی کاریکاتێری سوریا بووە. لەساڵی ٢٠١٩ بەشداری کردووە لە پێشانگایەکی شێوەکاری تایبەت بەیادی جینۆسایدکردنی ئێزیدیکان لەهانۆڤەر - ئەڵمانیا. لەساڵی٢٠٢٠ بیست و یەکەمین پێشانگەی تایبەتی شێوەکاری و کاریکاتێری لەدوو هۆڵی جیاجیای شاری لۆبیک- المانیا کردۆتەوە.



# خوێندنەوەی کتێب

- **یاداشتەکانی ئەمین فەیزی بەگ .. گەڕانەوەی فەیزی لەئوسکودارەوە بۆ کوردستان**

موحەممەد گەڵاڵەیی

- **خوێندوەیەک بۆ کتێبی بیرەوەریەکانی مامۆستا کەریم شارەزا (١٩٢٨ . ٢٠١٥)**

مەغدید حاجی

- **وتارێکی بێ ناوونیشان**

سەعید عەبدوڵڵا

# یاداشتەکانی ئەمین فەیزی بەگ

## گەڕانەوەی فەیزی لەئوسکودارەوە بۆ کوردستان



موحەممەد کەلالی*

لەسەرەتای پایزی ئەمساڵدا، کتێبێکی مێژوویی لەچوارچێوەی نووسینەوەی یاداشتی کەسیدا بەناوونیشانی (یاداشتەکانی ئەمین فەیزی بەگ) کە لەزمانی تورکی-عوسمانی لەلایەن توێژەر و مامۆستا سامان موستەفا ڕەشید وەرگێڕدراوە، لە هەمان کاتیشدا خوێندکاری دکتۆرایە لەزانکۆی ئیستانبوڵ، ئەم کتێبە لەدووتوێی (١٣١) لاپەڕەی قەبارە مامناوەند دایە، لەلایەن دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان لە پایزی ٢٠٢١ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

ئەم کتێبە وەکو یاداشتی داخی سەردەمی ڕابردوو لەلایەن نووسەر و ڕووناکبیری کوردستانی سەردەمی عوسمانی لەچارەکی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم تا چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم نووسراوە، واتە: موحەممەد ئەمین فەیزی بەگ ناسراو بە (ئەمین فەیزی) کە لەکایەی سەربازی وەکو مولازمی وەزیفی عوسمانی (مەدەنی و سەربازی) ڕووناکبیری و پەروەردەیی لەماوەی ساڵانی ١٨٨٣-١٩٢٤ کە ماوەی چل و یەک ساڵی کردووە، قۆناغێکی چارەنووسسازی مێژووی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییە، کە تێیدا ئیمپراتۆریەتەکە لەڕووی دارایی و ئابووری مایەپووچ بوو، پێش ئەوەی ئەمین فەیزی ببێتە مولازمی یەکەم لەسوپای عوسمانیدا لەساڵی ١٨٨٣دا، ئەوا ئیمپراتۆریەکە بەر لەنۆ ساڵ پێشتر مایەپووچبوونی خەزێنەکەی ڕاگەیاندبوو، هەروەها پێنج ساڵ بەرلەوەی فەیزی بەگ کۆچی دوایی بکات، بەبڕیارێکی پەرلەمانی کۆماری تورکیای نوێ لە ٣ی ٣ی ١٩٢٤ بەیەکجاری ئیمپراتۆریەتەکە، کە لەژێر ناوی خەلافەتی عوسمانی دابوو هەڵوەشێندرایەوە!

ئەمین فەیزی بەگ، لەو قۆناغە سەختەی ناوخۆیی ئیمپراتۆریەتەکەدا هاتە سەر شانۆی کاری وەزیفی مەدەنی و سەربازی، ڕووناکبیریی و پەروەردەیی، کە قۆناغێکی زۆر دژواری سیاسی، جڤاکی، ئابووری، ئایینی و سەربازیشی لەگەڵ خۆیدا هێنابووە کایەوە، لەهەمانکاتیشدا ئەو قۆناغە بۆ کورد زۆر سەخت و دژاورتر بوو، لەوانە: سەرهەڵدان و سەرکوتکردنی جووڵانەوە چەکدارییەکانی کورد، بەشێک لەخێڵە کوردەکان چوونە نێو پرۆسەی بەسەربازکردنی کۆمەڵی کوردەواری لەڕێگەی بەئەندامبوون لەهێزی نارێکخراوی (سوارەی حەمیدی) هەوڵدان بۆ تێوەگلاندنی کورد لەکوشتارە ناوخۆییەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا، دەستکردن بە ڕاگواستنی کورد و بەزۆر بەشداریپێکردنی لەشەڕی یەکەمی جیهانیدا، هەروەها ڕوودانیماڵوێرانییەکانی وەکو: ئاوارەیی، بڵاوبوونەوەی برسییەتی، نەخۆشییە گوزاراوەکان و گرانییەکی لەڕادەبەدەر، سەرباری هەموو ئەو ڕووداوە پانۆڕامیانەی بەهێڵێکی گشتی ڕیزمانکردن، ئەمین فەیزی بەگی لەکاروانی نووسینەوەی مێژووی کورد، هزر و فەلسەفە، زانستە پەتییەکانی وەکو ماتماتیک، پەروەردەییەکان و سەربازییەکان دانەبڕی، بەڵکوو لەسەر نووسینەکانی ڕژدتری کرد. سەرەڕای ئەوەی لەبەشێکی زۆری ژیانی بەتایبەتی لەشوێنی مانەوەی بۆ حەسانەوە، خوێندنەوە، نووسین و کاری وەزیفی بەبەردەوامی دزی لێکراوە، یان حەقی مانگانەی خۆی پێنەدراوە، سەرباری ئەمانەش بۆ چەند جارێک پارەی بۆ کەسوکاری لەسلێمانی ناردۆتەوە و بەشداری کردووە لەبەخشینی پارە بۆ هێڵی ئاسنین و کەشتیگەلی سەربازی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی.

ئەم کتێبە (یاداشتەکانی ئەمین فەیزی بەگ) لەلایەن وەرگێڕەوە پێشەکییەکی وردی بۆ نووسراوە، کە تێیدا باس لەچۆنیەتی دەستکەوتنەوەی کۆی دەستنووس و بەرهەمەکانی ئەمین فەیزی بەگ دەکات، هەتا دەستکەوتنەوەی دەستنووسی کتێبی ئەنجوومەنی ئەدیبان، کۆی بەرهەمەکانی ناوبراو دەگاتە سیانزە بەرهەم لەڕشتە جیاوازەکانی وەکو: ئەدەب، مێژوو، پەروەردەیی، زمان، بایەلۆژی، ماتماتیک، هزر و فەلسەفە، سەربازی و یاداشت،

بۆهەر یەکێکیان کورتەیەکی لەبارەیەوە نووسیون، کۆی بەرهەمەکانی ئەمین فەیزی بەگ لەژیانیدا گەیشتوونەتە سیانزە بەرهەم، کە خۆشبەختانە لەلایەن وەرگێڕی ناوبراو کە لەپێشەکی کتێبەکەدا نووسیویەتی یانزە بەرهەمی دەست خستوونەتەوە، تەنها کتێبەکانی: (شۆن کردستان) و (حیوانات مائیە) ماون بەدەستیان بخاتەوە، پێشتر کاری لەمجۆرە نەکرابوو. ئەمە هەواڵێکی خۆشە کە ئەم هەوڵانە لەلایەن توێژەرانی کورد دەدرێت، بەتایبەتیش توێژەرە گەنجەکانی ئەمرۆمان کە ئەو خەمە گەورەی نیشتمانیان هەر لەبیرە، سەرەڕای ئەم دۆخەی تێیدان، بەڵام خەمە سەرەکیەکانیان لەبیرنەکردووە!

لەم نووسینەدا بەکورتی چەند سەرەقەڵەمێک دەخەینەڕوو، یان تیشک دەخەینە سەر چەند وێستگەیەکی ژیانی ئەمین فەیزی بەگ وەکو بیرهێنانەوەیەک بۆ خوێنەران، بۆ ئەوەی هەوڵێکیش بدەین چەند پەرەگرافێک وەکو بەسەرهاتی ژیانی ناوبراو بۆ سوود وەرگرتن و ئەزموونی کەسی ناوبراو بخەینەڕوو.

لەسەرەتای یادشتەکانی کە بەناوی خوای گەورە دەستیپێکردوە، ناوی خۆی نووسیوە کە: ناوی موحەممەد ئەمینە و نازناوی فەیزییە، کوڕی دەروێش عەبدولقادر ئاغای کوڕی موستەفا ئاغایە، خەڵکی (سلێمانی)یە و لەدایکبووی گەڕەکی گۆیژە بووە لە ساڵی (١٨٦٢/ ١٨٦٣) دا، لەئەنجامی خوێندنەوەی یاداشتەکانی ئەمین فەیزی دا، دەتوانین چەند خاڵێکی گرنگ لە ژیانی ئەو زاتە هەڵەنجێنین، کە لەدەستپێکی ژیانی خوێندن و باڵاکردن تێیدا تامەزرۆی خوێندنەوە و نووسین دەبێت تا دوارۆژەکانی ژیانی لە ئیستانبوڵ دا، لەپاڵ بەرزبوونەوەی پلەی سەربازی، نووسین و کتێبەکانی نەشونما دەکەن تا دەگاتە دوای ئەوەی بەزۆر لەساڵی ١٩١٣ دا خا نە نشین




دەکرێت و بەتەواوی خۆی بۆ نووسین تەرخان دەکات.

هەردوای ئەو ساتەشە کە لەسەروبەندی هەڵایسانی شەڕی یەکەمی جیهانی دا بووە، گەشت بۆ وڵاتانی ئەورووپا دەکات، وادیارە مەبەستی ئەوە بووە کە زیاتر بمێنێتەوە بەتایبەتی لەهاوینی ١٩١٤ دا، بەڵام کاتێک شەڕەکە هەڵدەگیرسێت لەنەمساوە دەچێتە فەرەنسا لەبەندەری مارسیلیای سەر دەریای سپی ناوەڕاست بە کەشتییەکی نەفەرهەڵگر دەگەڕێتەوە ئیستانبۆڵ، دەکرێ ئەو سەفەرەی ئەوروپا بەخاڵی کاریگەری هزری و فەلسەفی دابنێین و باندۆری زیاتری لەسەر ئەمین فەیزی بەگ دروستکردبێت، بەتایبەتی ئەو زمانی فەرەنسی زۆر بەباشی زانیوە، چونکە ئەمین فەیزی لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم دەستی بە نووسین کردووە، لەو گەشتەیدا بۆ ئەوروپا دەچێتە زۆرێک لەشوێنەکانی وەکو: زانکۆی ڤیەننا و سۆربۆن، کتێبخانە و مۆزەکانی ئەم وڵاتانەی ئەوروپادا پێیدا تێپەڕیوە، هەر لەئەوروپا خۆی وەکو ئەندازیار دەناسێنێت بۆ ئەوەی تووشی بێنەوبەردەی دامەزراوەکانی ئەوروپا نەبێت کە تازە لەگەڵ ئیمپراتوریەتی عوسمانی کەوتبوونەوە شەڕ، هەرچەندە بۆ دووجار لەنەمسا و فەرەنسا پەلکێشی بنکەی پۆلیس دەکرێت!

ئەو هەر تەنیا گەشتی بۆ وڵاتانی ئەوروپا نەکردووە، بەڵکو لەتەشرینی دووەمی ١٩٠٤ دا بە زەریای هیندی سەفەری هیندستانیشی کردووە، ئەزموونی دەسەڵاتدارییەتی ئینگلیزەکانی لەهیندستان بینیوە، کە چۆن لێنەگەڕاوە وەکو ئەفسەرێکی عوسمانی چەک و خەنجەرەکەی لەبەندەری مۆمبای لێوەربگرن تا ئەوکاتەی هیندستان بەجێدەهێڵێت، کە بەمەبەستی سەفەری حەجکردن

**“ ئەمین فەیزی بەگ، وەکوو نووسەرانی سەردەمی ئێستامان لە پێدانەوەی مایەی کتێبە چاپکراوەکانی لەلایەن کتێبفرۆشە عەجەم و ئەرمەنییەکان کێشەی هەبوە ”**

> **“ئەم کتێبە وەکو یاداشتی داخی سەردەمی رابردوو لەلایەن نووسەر و رووناکبیری کوردستانی سەردەمی عوسمانی لەچارەکی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم تا چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم نووسراوە”**

بەرەو ئەو وڵاتە چووە، بەڵێ وادیارە کەشتیەکەی لەبەندەری بەسرا لەگەڕانەوەدا نەبووە بۆ دەریاری سوور و ئینجا دەریای سپی ناوەڕاست، بەڵکو بەشێوەی ترانزێت چۆتە هیندستان ئینجا کەنداو و دواتر دەریای سوور و دەریای سپی ناوەڕاست، واتە لەکاتی گەڕانەوەی کەشتیەکەدا چوونەتە خاکی نەجد و حیجاز، هەروەها شارەکانی حیجازی وەکو: مەککە، مەدینە و نەجد گەڕاوە، دواتر بۆ وڵاتی میسر، ئینجا شارەکانی شام وەکو: بەیروت، قودس، حەلەب و دیمەشق تێیدا گەڕاوە و ماوەتەوە، ئەمە بێجگە لەوەی تا ڕۆژی خانەنشین بوونیشی هەر لەشارەکانی بەغداد و موسڵ بووە، کە هەموو ئەم شارانە لەسەرەتای سەدەی بیستەم دا لەنێو جولانەوە هزری، ڕۆشنفکری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری دەکولان، زۆرێک لەم گەڕانانە بۆ ئەمین فەیزی بەگ بوونەتە ئەزموونی کرداری بەدرێژایی ماوەی گەڕان و مانەوەکانی لەو شارانەدا.

بەدرێژایی نووسینەوەی یاداشتەکانی ئەمین فەیزی ژمارە و ڕێکەوتی هەموو نووسراوەکانی کە لەکتێبەکەیدا بەوردی و دروستی نووسیوە کە جێگەی سەرسوڕمانە، بۆ نموونە: باس لەڕاپەرینی هەمەوەندییەکان لەقەزای بازیانی سەر بە موتەسەرفیەتی سلێمانی ئەوکات لە ویلایەتی موسڵ دا دەکات، کە دەنووسێت: بەفەرماننامەیەکی سوپا بە ژمارە(٢٢١) لەڕێکەوتی ٥ی ئابی ١٩٠٩ بەرەو کەرکوک بەڕێکەوتم، کە وەکو ئەندامی دیوانی عورفی شەڕ دانرابووم، هەتا ئەوەش دەنووسێت: ڕاپەرینی هەمەوەندییەکان کە عەشیرەتی هەمەمەوەندی بەرپایان کردبوو یاخود ناچار بەڕاپەرین کرابوون. ئەم بابەتی بوونە لەلای کەسێکی سەربازی زۆر دەگمەنە و کەم وێنەیە بەتایبەتی بۆ ١١١ ساڵ بەر لە ئەمرۆ بنووسرێت، چونکە زۆرێک لەڕاپەڕینەکان بەکاری ئاژاوەگێڕی و کاری چەتەیی لە قەڵەمدەدران!

هەر دەربارەی ئەم فەرمان و ڕێکەوتی ڕۆژ و مانگ و ساڵانەی کە ئەمین فەیزی بەگ لەیاداشتەکانی بەکاریهێناوە، لەمامۆستا سامان موستەفا ڕەشیدی وەرگێڕی ئەم یاداشتانەم پرسی، کە لەئەرشیفخانەی عوسمانی ماون، یان نا، بە خۆشحاڵیەوە گوتی: زۆرینەی ئەم نووسراوانە ماون، لەچاپی دووەمی ئەم کتێبەدا دەیانخاتە بەردیدەی خوێنەران، کە ئەمە مایەی خۆشحاڵییە، چونکە ئەمین فەیزی بەگ لەسەرتاپای گێڕانەوەکەیدا زۆرینەی جارماڵەکەی لەلایەن ئەو کەسانەی کە باوەڕی پێکردوون و داڵدەی داو یان لەشوێنی مانەوەکەیدا دزیان لێکردووە و تاڵانکراوە، لەهەمانکاتیشدا زەبتیەی (پۆلیس)ی ئەوکاتی عوسمانیش کاری دزەکانی دیزەبەدەرخۆنە کردووە و نەیانویستوە دەستگیریان بکات و دادگایش سزایان بدات، لەبەرئەوەی ناوبراو کەسێکی سەڵت بووە، وەکوووو خۆی دەنووسێت لەپێکهێنانی ژیانی هاوسەرگیری دا سەرکەوتوو نەبووە، بۆیە لەدڵپاکی و پاکی خۆیدا ئەو زەفەرەیان پێبردووە..!

ئەمین فەیزی بەگ؛ زۆرینەی سامان و مووچەکەی بۆ یارمەتیدانی کەسوکاری، لێقەوماوان، بەخشینەکانی بە پڕۆژەکانی هێڵی ئاسنین و کەشتیگەلی دەریای عوسمانی بووە، هەروەها کەسێکی دەستپاک بووە، چونکە بەپێی ئەو بەڵگانەی لەدوای بەجێماون، وەکوو خۆیشی باسی ئەو نووسراوانە دەکات کە لەپای کارە باش و پاکەکانی سوپاس و پێزانینی لە لایەن ئیمپراتۆریەتی عوسمانی پێدراوە.

ئەمین فەیزی بەگ، وەکو نووسەرانی سەردەمی ئێستامان لەپێنەدانەوەی مایەی کتێبە چاپکراوەکانی لەلایەن کتێبفرۆشە عەجەم و ئەرمەنییەکان کێشەی هەبووە، کە باسی چوار بەرهەمی خۆی دەکات، وەکو: (هوای نسیمی) کتێبێکی ئەدەبی بووە، (تفرقە ڕیاضیە) کە دەربارەی بیرکاری بووە، هەروەها کتێبەکانی (شعاعات) کە هۆنراوە و پەخشانی ئەدەبی بووە، (اجمال نتایج)، لەبارەی داهات و چارەنووسیان دەنووسێت: لەنائامادەیی خۆم ئەو کتێفرۆشە عەجەم و ئەرمەنیانە هەڵسابوون دوو هەزار دانە لەکتێبە چاپکراوەکانی منیان بە بازرگانە جوولەکەکان دابوو، ئەوانیش کردبوونیان بە (پەت و کیسە) تۆ بنوارە لەو شانس و ناوچاوانەی من!

دەمەوێت ئاماژە بەتێڕاونینێکی سەردەمیانەی پەروەردەیی ئەمین فەیزی بەگ بکەم، پێش ئەوەی کۆتایی بەم خوێندنەوەیە بهێنم، نووسەر لەماوەی ژیانیدا ئەزموونێکی گەورەی پەروەردەیی لەبەرێوەبردن و وانەگوتنەوە لەقوتابخانە سەربازییەکانی عوسمانی لەشاری بەغداد هەبووە، بەڵام تێڕاونینەکانی زۆر مەدەنی و سەردەمی بوونە و تائێستایش لەپەروەردەی هاوچەرخ کار لەسەر قوڵکردنەوەی ئەو بنەمایانە دەکرێت، ناوبراو دەنووسێت: لەئەزموونی چەند ساڵەی کارکردنمەوە

لەبواری پەروەردەدا، دەتوانم چەند بنەمایەکی پەروەردەیی و فێرکردن هەڵبگۆزم... کە بنەماکانی فێرکردن و کۆکردەنەوەی زانیاری سیانن: (دانانی کتێب)، (وانە وتنەوە) و (تاقیکردنەوە).

یەکەم: دانانی کتێب: کتێبەکان، کتێبی وانەکان، کتێبی خوێندنەوە، ئەو نووسینانەی بۆ بیرهێنانەوە دەنووسرێن، فەرهەنگ، ئەو چوار جۆرە لەکتێب، دەبێ بنووسرێن و دابنرێن، هەر کتێبێک لەو جۆرانە بێت، پێویستە بە شێوازێکی روون و ڕەوان بنووسرێت و فێرکار بەبێ مامۆستا کاتێک کە بەتەنها دەیخوێنێتەوە بەئاسانی لێی تێبگات سوودی لێوەربگرێت و شیاوی تێگەیشتن بێت و سوود لێوەرگرتن بێ ئاسان بێ بۆ تێگەیشتن.

کتێبی خوێندنەوە چەندە ورد و پڕ زانیاری بێت ئەوەندە سوودی زیاتری دەبێت و ئەوەندەش زیاتر خزمەتی فراوانکردنی زانیاری دەکات، هەرچی کتێبی وانەکانیشە پێویستە ئەگەر شتی زۆر پێویست نەبێت، تا دەتوانرێت کورت و پوخت بێت.

بەسوودی پەرتووکێک لەسەر قەبەی قەبارەی پەرتووکەکە نەوەستاوە، بەڵکو بەندە بەباشی نووسینەکەوە.

دووەم: وانەوتنەوە: لەوانەوتنەوە و فێرکردندا، ئەو وانانەی ڕۆژانە دەدرێت بە فێرخوازان، پێویستە لەچوارچێوە و سنووری توانای قوتابییەکی ئاست مامناوەند تێنەپەڕێنێت، بەلای کەمەوە هەرهیچ نەبێت، تاوەکوو نیوەی پۆلەکە بەتەواوی وانە فێرنەبن و بۆیان ڕوون نەبێتەوە، نابێت وانەی تازە بە قوتابییەکان بدرێت.

هەروەها لەپرۆسەی فێرکردندا، بەکارهێنانی نەخشەی جوگرافی، شێوەی ئەندازەیی، نموونە سروشتیەکان، ئامرازە کیمیاییەکان و تەواوی هۆکارەکانی دی فێرکردن لەتێگەیاندن و ئاسانکردنی وانەکاندا بۆ قوتابی کارێکی بەسوودە.

سێیەم: تاقیکردنەوە: ئەو مامۆستایانەی چاودێری تاقیکردنەوەی دەکەن، پێویستە لەمامەڵەکردنیان لەگەڵ هەر جۆرە پرسیارێکی قوتابی، هەستیاری تاکە کەسی نیشان نەدەن. پێویستە پرسیاری تاقیکردنەوەکانیش لەپرسیاری ئاسانەوە دەستپێبکات لەکاتی ڕاستکردنەوەی هەڵەی فێرخوازاندا پێویستە بەشێوەیەکی گونجاو ڕێنمایی بکرێن. بەڵام لەوکاتەی کە فێرخوازێک وەڵامێکی هەڵە و نازانستی دەداتەوە، پێویست ناکات نمرەی پێبدرێت ئەو فێرخوازەی نمرەی کەمی هێناوە گونجاو نییە نمرەکەی پێش تەواو بوونی تاقیکردنەوە گشتیەکان ئاشکرا بکرێت. چونکە دڵتەنگی باڵی بەسەردا دەکێشێت و دەبێتەهۆی ئەوەی لەتاقیکردنەوەکانی تردا نەخوێنێت و تێنەکۆشێت.

لەم سێ بنەما سەرەکییەدا کۆمەڵێک بیر و تێڕوانینی نوێ لەسەر بیرکردنەوە و ڕامانەکانی ئەمین فەیزی دێتەگۆڕێ، کە چۆن پەروەردەکارێکی هزرکراوە و نوێگەری سەردەمی خۆی بووە، هەتا ئاماژە بەوە دەکات کە جێبەجێکردنی ئەم سێ بنەمایە دەبێتە هۆکاری هێنانەکایەی فێرخوازێکی تەندروست لەعەقڵ و جەستەدا، هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە خواردن، خواردنەوە و جەستەی فێرخوازان گرنگی پێبدرێت، سەرەڕای ئەوەی هانی فێرخوازان دەدات کە خۆیان فێری زمانی بێگانە بکەن، کە بیانەوێت فێری زمانی تر بن، ئەوا پێویستە کتێبێکی کورت و پوختی ڕێزمانی و گفتوگۆ ئەزبەر بکات و لەگەڵ کۆمەڵێک دەستەواژەی گرنگی زمانەکە، دوای ئەوەی زانیارییەکانی ئەو زمانەی لەلایەن مامۆستایەکی تایبەتمەندەوە فێردەکرێت، ئەوا خوێندنەوەی کتێبی زۆر و زیادکردنی زانیاریشی پێویستە.

ئەمانە نیشانەی پێشکەوتوویی ناوبراوە لەنێو وڵاتیکی وەکو عێراقی ئەوکات کە لەسێ ویلایەت پێکدەهات واتە: بەغداد و موسڵ و بەسرا، بەپێی ئامارەکانی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی لەسەدا دووی خوێندەوار بووە، لەهەمانکاتدا کارکردن بۆ ئەو بنەمایانە خۆڕاگری و ماندوونەبوونیشی ویستوە، چونکە وەکو ئەمین فەیزی دەگێڕێتەوە، ئەوکاتیش (ڕاپۆرتنووسەکان) وازیان لێنەهێناوە و زۆر دژایەتیان کردووە!

لەم کتێبەدا بەتەواوی هەموو وردەکارییەکانی ژیانی ئەمین فەیزی شارەزا دەبین، جێگەی خۆیەتی دەستخۆشی لە توێژەری بەدیمەن و خوێندکاری دکتۆرا مامۆستا سامان موستەفا ڕەشید بکەم، کەوا ئەم بەرهەمەی وەرگێڕاوە و کاری ساغکردنەوە و پەراوێزی بۆ کردووە، هەروەها لەبەرنامەی دایە کۆی بەرهەمەکانی ناوبراو بۆ زمانی کوردی وەربگێڕێت، بەهیوای دیتنی ئەم بەرهەمانە و خەرمان بەرەکەتی زیاتر بۆ ناوبراو دەخوازم لەکارە زانستییەکانی داهاتوویدا.


*** مامۆستا لە بەشی مێژووی فاکەڵتیی ئاداب لە زانکۆی سۆران.**

**"ئەم کتێبە (یاداشتەکانی ئەمین فەیزی بەگ) لەلایەن وەرگێڕەوە پێشەکییەکی وردی بۆ نووسراوە، کە تێیدا باس لەچۆنیەتی دەستکەوتنەوەی کۆی دەستنووس و بەرهەمەکانی ئەمین فەیزی بەگ دەکات"**

## خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی بیرەوەرییەکانی

# مامۆستا کەریم شارەزا

## (١٩٢٨ ـ ٢٠١٥)



مەغدید حاجی

مامۆستا کەریم شارەزا بیرەوەرییەکانی لەژێر (٨٧) ناونیشانی لاوەکی گێڕاوەتەوە. کاتی خۆی (٢٤) ئەڵقەی ئەم بیرەوەریانەی لەگۆڤاری مێرگ و (١٣) ئەڵقەش لەگۆڤاری ڕامان بڵاوکراوەتەوە.

کامەران کەریم شارەزا لەپێشەکییەکەیدا نووسیویەتی و دەڵێ: (شارەزای باوک لەتەمەنی (٨٠) ساڵییەوە دەستی کردووە بەنووسینەوەی بیرەوەرییەکانی.

لەسەرەتادا زۆر بەوردی و بەسەلیقەوە دەستی پێکردووە، ئەمەش لەخوێندنەوەی ئەلقەکانی سەرەتایدا زۆر بەڕوونی هەستی پێدەکرێت، تا دەگاتە نیوەی ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، لەدوای ئەو کاتەوە هەست بەپەلەکردن دەکەین لەتۆمارکردنی بیرەوەرییەکانیدا، لێرەدا کاک کامەران هۆکارەکەشی ڕوونکردۆتەوە.

مامۆستا کەریم شارەزا یادەوەرییەکانی بەزمانێکی پاراوی ئەدەبی، بێ گرێ و بێ هەڵە تۆمار کردوون، تەنانەت کتێبەکە هەڵەی چاپیشی زۆر کەمە.

مامۆستا، ناوونیشانێکی بۆهەر وێستگەیەک لەوێستەگەکانی ژیانی داناوە، ئەم شێوازەش بۆ خوێندنەوە ساناتر و سەرنج ڕاکێشترە و خوێنەر ماندوو ناکات، درێژدادڕیشی نەکردووە. واپێدەچێت مامۆستا سەبارەت بە سەرگوزشتەی ژیانی و ڕووداوەکان، لەکاتی خۆیدا شتێکی یاداشت کردووە، هەروەها پشتی بەئەرشیف و سەرچاوە بەستووە، سەرەڕای یادەوەری، بۆیە زۆرینەی ڕێکەوت و ناوەکانی بەدروستی تۆمار کردوون. هەموو کتێبێکی بیرەوەری، یان یاداشتنامە، بۆ توێژەر و مێژوونووس نابن بەسەرچاوەی تەواو باوەڕپێکراو، بەڵام سوودیان لێدەبینرێت.

کتێبی (بیرەوەرییەکانی کاروانی ژیانی مامۆستا کەریم شارەزا) بەشێوازێکی جیاواز نووسراوە، ڕووداوەکان، ئەوەی بینیویەتی بەجوانی و بەپوختی دەیانگێڕێتەوە، ناوەکان بەتەواوی دەخاتەڕوو، مێژووەکانی تۆمار کردوون، ئەمە هەمووی وەکو سەرچاوە بایەخی خۆیان هەیە. کتێبەکەی مامۆستا چەند گێڕانەوەی بیرەوەرییە، ئەوەندەش نووسینەوەی مێژووە، مێژووی پەروەردە، مێژووی سیاسی، مێژووی یەکێتی نووسەرانی کورد...هتد.

مامۆستا کەریم شارەزا وەکو کەسایەتییەکی پەروەردەیی و ئەدیبێکی بەڕێز نەیویستووە لەڕێگەی نووسینی بیرەوەرییەکانیدا ڕق و کینە لەبەرانبەر ئەوانەی لەکاروانی ژیانیدا نەیاری بوون دابڕێژێت، ناوی کەسی نەزڕاندووە، ئەگەر هەڵوێستی ناپەسەندی هەندێ کەسیشی ئاشکرا کردبێت ئەوە بۆ ئەوەی بووە تابلۆکە بەتەواوی بخاتەڕوو.

کتێبی بیرەوەرییەکانی مامۆستا کەریم، تۆمارێکی گرنگە، ژیانی خۆی و خانەوادەکەی و بەشێکی مێژووی کۆیەی زۆر بەوردی تۆمارکردووە. ژیانی خوێندکاری خۆی، هەر لەقۆناغی سەرەتاییەوە تاکو ناوەندی لەکۆیە، دوایی خانەی مامۆستایان لە بەغدا لە نیوەی دووەمی چلەکانی سەدەی ڕابردووی پڕ لەڕووداو، ئەوەی بینیویەتی و لەگەڵیدا ژیاوە تۆماری کروون.

مامۆستا کەریم لەکوێ مامۆستا بووە، لەکام قوتابخانە وانەی وتۆتەوە، یان بەڕێوەبەری قوتابخانە بووە، ناوی تەواوی بەڕێوەبەر و مامۆستایانی ئەو قوتابخانانەی تۆمارکردووە.

ڕۆڵـی خـۆی لـەنـاوەنـدەکـانـی خوێندن خستۆتەڕوو. مامۆستا کـەریـم لـەم کـتـێـبـەیدا، یان لەدوو توێی بیرەوەرییەکانیدا، چـەنـد نـهـێـنـیـیـەکـی سیاسی ئـاشـکـرا کــــــردووە، ئـەم یاداشتنامانەی مامۆستا خزمەت بـەنـووسـیـنـەوەی مـێـژووی سیاسی کوردستان و عێراق دەگەیەنێت.

مـامـۆسـتـا هـەر لـەسـەرەتـای تـەمـەنـی لاویـــەوە تـێـکـەڵ بەسیاسەت و حزبایەتی بووە، لـەسـاڵانـی (١٩٤٦)و(١٩٤٧) لەگەڵ پارتی دیموکراتی کورد دەسـتـی بـەخـەبـاتـی سیاسی کـردووە، لەساڵی (١٩٤٨) کە لەبەغدا خوێندکاری خانەی مامۆستایان بـووە و سەرنج لەخەباتی پیشەیی و چینایەتی و جـەمـاوەری حزبی شیوعی عـێـراق دەدات و ڕۆڵـی ئـەم حـزبـە لـەڕاپـەریـنـە مـەزنـە جـەمـاوەریـیـەکـەی کـانـوونـی دووەمـــی (١٩٤٨) دەبـیـنـێـت بەتایبەتی خەبات و کاریگەری لـەنـاو تـوێـژی قـوتـابـیـیـان و گـەنـجـانـدا، دەبـێـتـە شـیـوعـی، شیوعییەکی نیشتمانپەروەر و ڕووناکبیر و دوور لەدەمار توندی حزبایەتی. لەسەرەتای حەفتاکانیشەوە تاکو کۆچی دوایـــی، مـامـۆسـتـا کـەریـم لەحزبایەتی دوور کەوتۆتەوە، بـەڵام پارێزگاری لەهەڵوێستە جـوانـەکـانـی خـۆی کـردووە (نـیـشـتـمـانـی و کـوردایـەتـی) دۆسـتـی هـەمـوو لایـەنـە نیشتمانپەروەرەکانی عێراق و کوردستان بووە.

مامۆستا کـەریـم لـەسـەرەتـای شـەسـتـەکـانـی سـەدەی ڕابردووەوە، لەسەر هەڵوێستی سیاسی، بۆ خوارووی عێراق، بۆ لیوای ناسریە گوازراوەتەوە (٥ ـ ٦) ساڵ بـەمـاڵـەوە لـەوێ مـاوەتـەوە، ئـەوکـات بـەسـەدان مامۆستا و فەرمانبەر و پۆلیسی کورد لەسەر هەڵوێستی سیاسی و کـوردایـەتـی بـۆ خـوارووی عـێـراق دوور خـرابـوونـەوە. لـێـرەدا مـامـۆسـتـا کـەریـم وەکـوو ئاوێنە ژیـانـی خۆیان و هـەنـدێ ڕووداوی گرنگ لـەدوور خراوەیی بەخۆشی و ناخۆشیەکانییەوە دەخاتەڕوو.

کـەسـایـەتـی پـەروەردەیـی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی هەمیشە لەژیانیدا زاڵ بووە، ئەوەندەی بەشاعیر و نووسەر و ئەدیب نـاسـراوە، ئـەوەنـدە بەسیاسی نەناسراوە، ئەگەرچی لەبواری سیاسیشدا دڵسۆز و خاوەن هـزر و بۆچوون و ڕۆشنفکر بـووە، بـەڵام بـەداخـەوە لـەم وڵاتـــەی ئـێـمـەدا بـەدەگـمـەن حزبەکان گـوێ لەپێشنیاز و ڕەخنە و داواکـاری ئەدیب و هونەرمەند و نووسەران دەگرن، لێرەدا نموونەی ڕۆڵـی ئەدیب و نـووسـەر و هـونـەرمـەنـدان لەنەوەتەکاندا بۆ وەستاندنی شەڕی ناوخۆ، شەڕی براکوژی ئـەوە دەسەلمێنێت، مامۆستا کەریم ئەم بابەتەی وروژاندووە.


هەر لەم کتێبەدا ڕۆڵی مامۆستا کـەریـم شـــارەزا لـەبـواری خەباتی پیشەیی مامۆستایان خـراوەتـەڕوو، بەتایبەتی ڕۆڵ و بـەشـداربـوونـی لـەهـەردوو کۆنفرانسی مامۆستایانی کورد لـەشـەقـڵاوە، لـەهـەردوو ساڵی (١٩٥٩)و(١٩٦٠)دا.

زانـیـاری گرنگیشی دەربـارەی هـــــەردوو کـۆنـفـرانـسـەکـە خـسـتـۆتـەڕوو کـە سـوودیـان بـۆ مـێـژوونـووسـانـی بـواری پـەروەردە و خوێندنی پیشەیی دەبێت. مامۆستا و ئەدیبی ناودار کەریم شـارەزا، وەکوو شاعیر و نـووسـەرێـکـی دیـار خـاوەن چـەنـدیـن بـەرهـەمـی ئـەدەبـی و ڕۆشـنـبـیـری جـۆراوجـۆرە، قـورسـایـی خـۆی هـەبـووە لەکاروانی ڕۆشنبیری کوردیدا، ئەندامی یـاریـدەدەری کـۆڕی زانـیـاری کـورد و ئەکادیمیای کوردی بوو. هەر لەسەرەتای دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی کورد لە (١٩٧٠/٢/١٠)دا تاکو دوای ڕاپـەڕیـن و قـۆنـاغـی نەوەتەکان ڕۆڵێکی کاریگەری لەم ڕێکخراوە ئەدەبییە گرنگەدا بینیوە.


چـەنـدیـن سـاڵ سـەرۆک، یان سکرتێری لقی هەولێر بووە.

لەبیرەوەریەکانیدا ژمارەیەک ناونیشانی بۆ یادەوەری لەگەڵ یـەکـێـتـی نـووسـەرانـی کـورد تەرخانکردووە.

بەکورتی و بەپوختی مامۆستا کەریم شارەزا زانیاری گرنگمان لـەبـارەی یەکێتی نووسەرانی کــورد دەخــاتــە بــەردەســت، بــەمــەشــیــان خـزمـەتـێـکـی وەفـــادارانـــەی پـێـشـکـەش بـەمـێـژووە پڕشنگدارەکـەی یەکێتی نووسەرانی کـورد و بەتایبەتی لقی هەولێر کردووە.



# وتارێکی بێ ناوونیشان



سەعید عەبدوڵڵا

لەوەتەی دەخوێنمەوە، خووێکم بەوە گرتووە، هەر کتێبێک، نامیلکەیەک بخوێنمەوە، چەند پەڕێک لەگەڵ کتێبەکە دادەنێم، کە هەم دەیکەم بە جێ نیشانی پێگەیشتنی لاپەڕەی خوێندراو، هەم تێبینییەکانی خۆم لەبارەی کتێبەکەوە لەسەر دەنووسم. بەشێکی زۆری ئەو تێبینیانەی دەیاننووسم دواتر لە پرۆگرامی (وۆرد)ی کۆمپیوتەردا (تایپ)یان دەکەم و بەشێکیان بۆ نووسەر و وەرگێڕی کتێبەکان دەنێرمەوە و بەشەکەی دیکەشیان بۆ کات و ساتی خۆی هەڵیان دەگرم، ئەگەر بپرسن بۆچی بڵاویان ناکەیتەوە، یان بۆ نووسەرەکانیانی نانێریتەوە؟ ئەوە لەبەر ئەوەیە دەترسم نووسەر، یان وەرگێرەکانیان سەلیقەی گوێگرتن و حەوسەڵەی هەڵوەستەکردنی ئەم ڕەخنە و تێبینیانەیان نەبێ، بەڵام شەفیقی حاجی خدری، کە من خوێنەری بەردەوامی بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانیم، ئاقڵانە گوێ بۆ بسگڕی ڕەخنەلێگرتن دەگرێ و تا ئەو جێگایەی توانای هەبێ و ڕەخنەگر بتوانێ بیسەلمێنێ، شەفیقیش دەیسەلمێنێ و بینیویشمە لەنووسین و بەرهەمەکانی دواتردا ڕەچاوی کردوون.

ئەوا ئەمجارەیان لەدوای دووجار لەسەریەک خوێندنەوەی ڕۆمانی (کچانی دووکەڵ و ئاگر) خووی خۆم هەر بەرنەداوە و هەمیدیسان دەستم داوەتەوە تێبینی نووسین، دیارە تێبینییەکانم هەم لەسەر دەقە ئەدەبییەکەیە، هەمیش لەسەر لایەنی هونەریی وەرگێڕانەکەیە، ئەمە لەکاتێکدا من نە ڕەخنەگری ئەدەبیم و نە زمانەوانیشم، بەڵام وەک چەند کەسێک ناساندوویانم، دەڵێن (خوێنەرێکی زیتەڵ)م، جا کەوا بوو خوێنەری زیتەڵ قسەی خۆی هەیە لەسەر نووسین، ئەوەش بەمافی خۆم دەزانم، چونکە مادام من خوێنەربم، دەبێ خوێنەری بەرهەم و دەقی باڵا، یان لانیکەم دەقی (باش) بم، نەک نووسنێک کەموکورتی و هەڵەی هێندە تێدابێ، هەر لەچەند لاپەڕەی یەکەمی دەست لە خوێندنەوەی هەڵگری، ئەوەیشم لەچەندان کتێبدا بەسەر هاتووە لەوانەش (ژووری ڕووداوەکان - جۆن بۆڵتن) و چەندانی دیکەش.

کاتێکیش هاتمە سەر ئەو قۆناغەی، کە دەبێ شتێک لەبارەی ئەم ڕۆمانەوە تۆماربکەم، یان چەند وشەیەک بنووسم، من پێشتر لەخولەکانی ڕۆژنامەوانی و ساڵەکانی خوێندنی ئەکادیمیانەی پەیمانگە و کۆلێژدا لەبەشی میدیا فێرکراوم، کە دەبێ (سەرەتا ناوونیشانێک بۆ وتار دابنرێ ئینجا وتار بنووسرێ، دواتر وتارەکەت بخوێنەوە و ناوونیشانەکەی بگۆڕە، ئینجا بۆ جاری دووەم هەمان شت و لەجاری سێیەمدا ناوونیشان بگۆڕە و بەیەکجاری بیچەسپێنە) من نازانم ئەوەی فێری کراوم، تا کوێی وتارنووسین و زانستەکانی میدیا بڕ دەکات، بەڵام بۆ ئەمجارە و ئەوانەشی پێشتریش نووسیومن هەر بە ڕاستی سوودم لێوەرگرتوون.

سەرەتا ویستم ناوونیشانی ئەم وتارەم (دەوڵەتەکەی ئاڤا هوما)بێ، کە نووسەری ڕۆمانەکەیە، دواتر کردم بە (بەرخودان ژیانە) ئینجا کردم بە (دووکەڵ و ئاگر لە نێوان فرمێسک و خوێندا) بەڵام کە لە کۆتا جاردا خوێندمەوە ئەو تێکهەڵپژانە ئەدەبی و مێژووییەم بیر هاتەوە، کە لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا لەنێوان هەردوو عەلامەی کورد (نووسەر و ڕۆژنامەوان حەمەی مەلا کەریم و پرۆفیسۆری مێژوونووس دکتۆر کەمال مەزهەر)دا ڕوو دەدات، لە کۆتا ئەڵقەی ئەو تێکهەڵپژانەدا، دکتۆر کەمال لە ڕۆژنامەی (هاوکاری) وتارێک دەنووسێت و ناوی دەنێت (وتارێکی بێ ناوونیشان) لەوێش وەک ئەو ڕوونی کردۆتەوە زۆر

ناوونیشانی وتاری بە خەیاڵدا هاتوون، بەڵام وای بەباش زانیوە بێ ناوونیشان بێ نەک لە دانانی ناوونیشانێکدا کێماسی بکەوێتە وتارەکەیەوە. منیش بە لاسایی کردنەوەی ئەو ڕوونکردنەوەیەی دکتۆر کەمالی کۆچکردووی نەمر، ناوونیشانەکانی وتارەکەم لادان و کردم بە (وتارێکی بێ ناوونیشان).

سەرەتا ویستم وەک دەقێکی ئەدەبی بە زمانێکی ئەدەبی بنووسم، بۆیە چەند وشەیەکم نووسین، بەڵام ڕەخنە و تێبینییەکانم لەبارەی کتێبەکە بەهەردوو لای دەق و وەرگێڕاندا هێندەی تووڕە کردم ناچار بووم، دڕم بە فەزای ئەدەبیدا و پەنجەکانم لەسەر دوگمەی کیبۆردی کۆمپیوتەرەکەم کەوتنە هەلەکە سەمای نووسین، وەلێ چلۆن نووسینێک؟ ئەوەیا دەبێ دیسان خوێنەر بڕیاری لێ بدات، دەمنادەمێکیش لە حەسرەتان تفێکم قوت دەدایەوە و دیسان تووڕە دەبوومەوە و لەبەر خۆمەوە دەمگوت ئاخر بۆ ..... بۆ؟؟

## کچانی دووکەڵ و ئاگر

بەرلەوەی ڕۆشنایی چاپ ببینێ و چاوی ئێمەی پێ ڕۆشن ببێتەوە، لە دیواربەندەکەی خۆیەوە لەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکەوە شەفیقی حاجی خدر وەرگێڕی ڕۆمانەکە، چەند جارێک لەبارەی ئەو ڕۆمانەوە ڕوونکردنەوەی دەدا و باسی ئەو هەنگاوانەی دەکرد، کە لە وەرگێڕاندا پێی گەیشتووە، ئەوەش پیشەی هەمیشەیی خۆیەتی و هیوادارم هەر تەرکی نەکات.

ڕۆژی ٢٠٢١/٦/١٩ کە لە یەکێک لە شەقامەکانی شاری هەولێردا بە دوای بابەتێکی ڕۆژنامەنووسیدا دەگەڕام، تا ڕوومالی بکەم، مامۆستای ژیانم و ڕێنوێنیکارم (مومتاز حەیدەری) لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا پێیگوتم کتێبەکەی کاک شەفیقی حاجی خدری دەرچووە و وەرە بۆ ماڵی ئێمە پشکی خۆت وەربگرە. منیش وەک هەمیشە بەسەرچاوێکم گوت و ڕووی ئۆتۆمبێلەکەم بەرەو گەڕەکی دووی مامۆستایانی زانکۆ وەرسووڕاند و لەبەردەمی ماڵەکەیان وەستام، بینیم مامۆستا لە حەوشە هاتووچۆیەتی، دوای بەسەردا هەڵدانێکی کورت، ئینجا کتێبەکەی پێشکەش کردم کە پێشتر لەسەری نووسیبوو (بە برای بەڕێزو خۆشەویست کاک سەعید عەبدوللای ڕۆژنامەنووس، خۆش مەحشەر، لەگەڵ هیوای دوارۆژێکی پڕشنگدار.. پێشکێشە) ئینجا وەک پیشەی هەمیشەیی دوو مۆری (کۆماری کوردستان ـ هەولێر) ی (کتێبخانە و ئارشیڤی مومتاز حەیدەری) لێدابوو. داوای لێکردم بیخوێنمەوە و شتێکیشی لەبارەوە بنووسم. کاتێک کتێبەکەم خوێندەوە لەجاران باشتر تێگەیشتم، کە مومتاز حەیدەری کتێبناسانە لەدەستنیشانکردنی ئەم کتێبە بۆ وەرگێڕان، ڕشد بووە لەسەر وەرگێڕانی ئەم ڕۆمانە لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی، سەرباری ئەوەش تێچووی چاپکردنەکەی گرتۆتە ئەستۆ.

ئەم هەڵوێستە مەردانە و مرۆڤانەیەی مومتاز حەیدەری، دوو جار دەپێورێ، جارێک بە تای ڕۆشنبیری و داهێنان و بە ئاگابوون و بەردەوامی پڕۆسەی بە ڕۆشنبیریکردن و ئاڵوگۆڕی زانیاری (مەعریفە) جارێکیش بەتای ئەقڵی پێویست بۆ نەتەوە و داهاتووی نەتەوەییمان، چونکە مومتاز حەیدەری دەزانێ شەپۆلی ئەو ڕووداوانەی لەدنیای ئەدەبیدا هەژانەوە دروست دەکەن، دەنگدانەوەی نەتەوەکانی دیکەی لێوە دەبیسترێ، ئینجا لەسەریەک دانانی تۆماری ڕووداوەکانی نەتەوەیەکیش لەهەر بارێکی ئەدەبی، سیاسی، کۆمەڵایەتی ... هتد، هۆکارێکن بۆ ئەوەی

> چۆن ئەو هەموو هەڵە بێ شومارە بەسەر ئەو هەموو کەسانەدا تێپەڕیوە، کە بەدەقە کوردییەکەدا چوونەتەوە؟



> **ئۆرهان پامۆک لەدوای وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ بەهۆی ڕۆمانی (بەفر)ەوە لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێ: (ناخۆشترین پرسیار ئەوەیە، کە دەڵێن لە دوای نۆبڵ چی دەنووسی: مەگەر ئەوان نازانن ئەوەی هەمبوو هەڵمژشت!)**

بتوانین لەداهاتوویەکی نزیک و دووردا چمکی ئازادیمان بەهۆیەوە دەستکەوێ. ئەوەش بە ئەقڵی کراوە و پێگەیشتوو دەکرێ، بۆ ئەوەی ئازایانە، بە وردەکارییەوە نیشان بگرێ و تێبگات و بڕیاریش بدات. ئەوەش مەردایەتی و مرۆڤایەتی بەباڵا دەبڕێت.

بەڵگەی ئەو مەردایەتییەی مومتاز حەیدەری هەر بە قسەی من نییە، ئەوەتا مامۆستای زمانزان، نووسەر، وەرگێڕ و سەرکردەی خەباتی ڕۆژگارە سەختەکان، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە لە کۆڕی ڕۆژی ٢٠٢١/٧/٤ لە شاری کۆیە لەبەردەم ئامادەبووانی کۆڕی ناساندنی (کچانی دووکەڵ و ئاگر)دا گوتی: (مەردایەتی مومتاز حەیدەری لەوەدایە هەر بەوە ناوەستێ پارەی خۆی خەرج بکات بۆ چاپکردنی کتێبەکانی خۆی، پارەکانی بۆ چاپکردنی کتێبی دیکەش خەرج دەکات) بۆیە منیش لە کۆتایی ئەم بڕگەیەدا هەر ئەوەندە بۆ قسەکانی مامۆستا حەسەن زادە زیاد دەکەم و دەڵێم: مامۆستام، تۆ پڕشنگی خۆرێکی لەکاتی کردنەوەی هەر کتێبێک تیشکەکانی پەرش و بڵاو دەبنەوە و ڕووناکیان دەگاتە ئەو دیوی چیا سەربەزەکانی کوردستان و لە پێدەشتەکانی وشەی کوردیدا مێرخوزارێک دەسازێنن هەر دەبێ خوێنەری کوردی تێیدا بڕازێ، لەگەڵ هەڵدانەوەی هەر لاپەڕەیەکیش لە کتێبەکانت ئەستێرە دەبارن و تریفەی مانگیش هەرچی بریسکە ڕووناکی هەیە شەرمەزاریان دەکا و خۆت وەک پاسەوانی مانگ ڕەگت لەزەمین و سەرت لەبەهشتە بەرینەکەی گەورە مرۆڤەکانی کورد دەخولێتەوە.

### له دەقی بڵاوەوە بۆ دەقی والا

ئاڤا هوما لە دەقەکانی ئەم ڕۆمانەدا ڕێک و ڕەوان هاوتەریب لەگەڵ ڕەوتێک دەڕوات کە پێی دەڵێن (پۆست/ پۆست مۆدێرن) بەڵام هێندەی من ئاگاداری نووسینی ئەو ڕەوتەبم، کێماسی هێناوە، چونکە ئەگەر بوونی کەلێن لە دەقەکانی ئەم ڕۆمانەدا لێکدانی دوو لایەنەی ئەو جەمسەرانە بن، کە پاڵەوانەکان پێویستیانە تا لە ڕۆماندا هاموشۆ بکەن، ئەوا لەچوارچێوەی خۆی دەرچووە و جێی نابێتەوە، بۆیە هەناسەیەکی قووڵ هەڵکێشە و پاروپارو هەنگاوهەنگاو لەگەڵمدا وەرە با ڕوونی کەمەوە...

ئەوەی پێشتر لەڕۆماندا بینراوە و خوێنراوەتەوە، لێکدوورینی تەواوەتی ڕووداوەکانی ئەو کاراکتەرانەیە کە وەک پاڵەوان دەردەکەون، ئەگەر سیناریستێک بیویستبایە بەرگێکی درامایی بە بەردا بکات، پێویستی تەنها بە لایەنە هونەرییەکان دەبوو بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ئەم ڕۆمانە وەک دەقێکی سینەمایی بەکاربێنێ و بیکات بە فیلم، یان زنجیرە، یان دیکیۆمێنتاری، ئەمە ئەو قۆناغە مێژووییە، کە ڕۆمانی پێ ناسراوەتەوە، بەڵام خۆ ئەو سەردەمە تێپەڕی، ئێستا دەرهێنەران، سیناریۆنووسەکان ماندووترن لە جاران، چونکە ئیدی ڕۆمان یەکسان نییە بە سیناریۆ، بەڵکو تەنها هێڵە گشتییەکانی بۆ دیاری دەکات. لەگەڵ گەشەکردنی لایەنی گشتی مرۆیی بۆ هەر بابەتێک، دونیای ئەدەبی لەدوا گۆڕانکاری خۆیدا وێنە گشتگیرەکان لەدەستدەدا، ئەوەش لەسەرەتای ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو بینرا، بەتایبەتیش لە شیعردا زۆر هەستی پێکرا، ئەو گۆڕانکارییانە هێندە فراوان بوون، شیعری کوردیشی گرتەوە، دواتر ئەو ڕەوتە گەشە دەکات و لە ساڵی ٢٠٠٠ بەدواوە، دەقە مۆدێرنەکان سەرهەڵدەدەن، ئەویش بە (پۆست مۆدێرن) ناسراوە، ئەو دەقانە بە لێکخشان لەگەڵ (فەلسەفە) خۆیان هاوتەریب دەکەنەوە، ئەوە وەنەبێ پێشتر ڕۆمانی فەلسەفی، شیعری فەلسەفی، دەقی ئەدەبیانەی فەلسەفی نەنووسرابن، بەڵام جیاوازییەکەی ئەمجارە لەوەدا بوو، کە لەجیاتی ڕۆمانی فەلسەفی (فەلسەفەی ڕۆمان) هاتە کایەوە، یان باشترە بڵێم پەرەی سەند و لەدووتوێی نووسینەکاندا خۆی دەربازکرد و بووە پاڵەوان، لە ساڵی ٢٠١٠ کاتێک (پۆست/ پۆست مۆدێرن) لەجیهانی ئەورووپا سەرهەڵدەدات، بەتایبەتی لەبواری فیکر و فەلسەفەدا کە ئەڵمانیا ڕابەرایەتی دەکات، ئەویش لە ڕکابەری ئەوەی، کە پۆست مۆدێرن دەبێتە ئامرازی کاری ئەدیبانی خۆرهەڵاتی، دیسانەوە بۆ جارێکی دیکە ئەدەبیات خۆی لەگەڵ ئەو ڕەوتە گونجاندەوە. ئەوەیە کە ئێستا ئاڤا هوما لە (کچانی دووکەڵ و ئاگر)دا پێی دەناسرێتەوە.

لەم ڕۆمانەدا خانمی نووسەر، بێ ڕەحمانە، دەقی

ئەدەبی، گفتوگۆی ڕووت و هەواڵی ڕۆژنامەنووسی و پێگەی جوگرافی و سەردی مێژوویی تێکهەڵکێشاون شەڕێکی لەنێواندا هەڵگیرساندوون خۆی نەبێ کەس جەنگاوەرەکانی بەرە جیاوازەکانی ئەم شەڕە لێکناکاتەوە.

ئەوکاتەی دوابڕگەی لاپەڕە (۹۷)ی ڕۆمانەکەم دەخوێندەوە، کە دەڵێ: (هەستمکرد لەسەر تەلارێکی هەوربڕدا فڕێیانداومەتە خوارێ، نەخێر لەوەش پۆلکتر دەستی قەدەر دابەزیبووە خوارەوە، ئەو بورجەی تارومار کردبوو، کە مرازەکانم لەسەری ڕۆنابوو، کەوتبوومە ژێر داروپەردووی تاوەری ئارەزووم). چاوم داخستن ئاهێکم هەڵکێشا و (پەکوو، ماڵت ئاوەدان بێ)یەکم گوت و ئیدی ڕێک موبایلەکەم گرتە دەستم و لە واڵی شەفیقی حاجی خدری سەیری وێنەی ئاڤا هومام کرد، لەبەر خۆمەوە گوتم: ئاخر تۆ هێندە ناسکی، چۆن توانیت هێندە بێ بەزەیی بی ئەو هەموو باسانە تێکهەڵشێلی؟

لەم ڕۆمانەدا ئاڤا هوما وەک ماجەلان، بەڵام لەجیاتی ئەوەی بە جیهاندا بگەڕێ بە دۆزەخی پڕ لەگڕ و کڵپەی کوردسوتێندا دەگەڕێ، جگە لەوەی، ئازایانە هەموو دەقەکە لەژێر تارای سورمەچیندا بە مژاڵی خەوندا ڕەت دەکات، خۆ ئەگەر ئەم ڕۆمانە لەجیاتی ئەم ناوەی (خەونی کچانە)شی ناوبوایە، هەر بۆی دەگونجا. ئەوەی بە ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانەدا گوزەر بکات، لەوە تێدەگات ئەگەر ئێش و ئازاری خەڵکی، یان هەموو جیهان بە تاک بێت و بەکزە بایەک بچێ، ژان و ناسۆری ئێمەی

کورد ڕەشەبایە و تۆفانی دێ و وەک زریان بەسەرماندا دێتە خوارێ، جا هەر چاکە ماوین، دەنا دەبووایە تا ئێستا ڕیشەشمان دەرهاتبایە، بەڵام بەرگەمان گرت، ئەوەنییە




سەلیم بەرەکات دەڵێ: (کورد بوون هێندە سەختە هەر خۆمان بەرگەی دەگرین!)

ئەوەی دەمێنێتەوە لە چوار چێوەی ئەم بەشەدا بیخەمە ڕوو ئەوەیە، لەگەڵ ئەوەی ئەم خانمە (ئاڤا هوما) لە سەرەنجنامەکەدا خراوەتە ڕوو لە لاپەڕە ۵۸۸دا دەڵێ: (زەماڵەی خوێندنم لە زانکۆی ویندسۆرتا وەرگرت تا ماستەر نامە لە ڕشتەی نووسینی داهێنەرانە بخوێنم) دیارە ئاڤا خانم لەم دەقەدا بە خەونی گەورەوە کەوتۆتە ڕێ، وەلێ خەون

> ئاڤا خانم لەم دەقەدا بە خەونی گەورەوە کەوتۆتە ڕێ، وەلێ خەون و ڕاستی لێک دەدەن و لە ئەنجامدا توانایی دەیباتەوە

و ڕاستی لێک دەدەن و لە ئەنجامدا توانایی دەیباتەوە، من چاوەڕێ بووم ئەم ڕۆمانە لەوە باڵاتربێ، بەڵام نازانم ئایا نووسەر وەک ئەزموونکردەی (پۆست/پۆست مۆدێرن) هەر هێندەی پێ وێراوە، یان ئەوە هەموو توانایەتی و ئەوەی هەبووە خستویەتییەڕوو، هەروەک ئۆرهان پامۆک لەدوای وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ بەهۆی ڕۆمانی (بەفر)ەوە لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێ: (ناخۆشترین پرسیار ئەوەیە، کە دەڵێن لە دوای نۆبڵ چی دەنووسی: مەگەر ئەوان نازانن ئەوەی هەمبوو هەڵمڕشت!) منیش زیتەڵانە دەپرسم ئەرێ ئاڤا خان ئەوەی هەبوو هەڵترشت، یان هێندەی پێ وێراوی؟ چونکە بەڕاستی کەلێنی تێدایە و دەبووایە وودتر گرێ بدرابووایە، ئەوەش لەبەر چاو دەگرم کە من دەقە کوردییەکەم خوێندۆتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە ئەو ڕۆمانە خۆی سەپاندووە، تا خەڵاتی (ناتلیس)ی بردۆتەوە، هەوڵ دەدەم لەدرێژەی ئەم نووسینەدا لەسەر هەندێک لەو کەلێنانە هەڵوەستە بکەم. بەڵام بەچاوی خوێنەر نەک ڕەخنەگری ئەدەبی.

### وەرگێڕانەکانی شەفیقی حاجی خدر وەک هەمیشە

دەمەویست لەژێر ئەم ناوونیشانەدا لاپەڕ بە لاپەڕ و وشە بە وشەتان بۆ بخەمەڕوو. لە مەودای دوو جار خوێندنەوەی کتێبەکەدا کە لە پێشبەند و ٣٩ بەند پاشبەندێک پێکهاتووە ئەمە جگلە لەو (سەرەنجامنامە)یەی نووسەری ڕۆمان و (چی لەبارەی ئەم ڕۆمانە نووسراوە؟) و (پێشبار)ی وەرگێڕ و (هەقە قسەیەکی ڕاستگۆیانە بکرێ)ی مومتاز حەیدەری و (پێشەکی نووسەر بۆ چاپە کوردییەکە) هەمووی بەسەریەکەوە ٥٩٤ لاپەڕەیە.

لەو دەقەدا من لە ١٦٣ لاپەڕە هەڵەی چاپ و داڕشتن و دەقم دیاری کردووە. ئەوە یان دواتر یەک بەیەک بۆ وەرگێڕی ڕۆمانەکەی دەنێرمەوە. ناڵێم خۆزگە، بەڵکوو دەڵێم نەدەبووایە ئەو هەڵانەی تێدا بان، من دەزانم خستنەڕووی ئەوهەموو هەڵە و کەموکوڕییەی لەزمان و داڕشتن و دەقەکەدا هەن پێویستی بە خوێنەری پشوو درێژ هەیە، لەلایەکی دیکەشەوە نووسەری ڕۆمانەکە و وەرگێڕەکەشی جارێک سەرسام و جارێکی دیکە تووڕە دەکات و لە شوێنێک پاساویان هەیە و لە دەربڕینێکدا دانی پێدا دەنێن ئیدی واباشترە درێژە نەدەمە ئەو پێشەکییە و شەمەندەفەری پشوودرێژی ئەم گەشتە وەڕێ کەوێ، ئەو چەند دێرەتان هەر وەک نموونە دەخەمە پێش چاو. ئەوەتا لە لاپەڕە ١١دا و بەر لەوەی بگەیتە دەقەکانی وێنەکانی ڕۆمانەکە وەرگێر لەژێر ناوونیشانی (پێشباری وەرگێڕ)دا دەڵێ: (ئەوەی ڕاستی بێ بووەتە باڵیۆزێکی ژان و ناسۆری کورد لەوێ) دیارە باڵیۆز بوون بە دەستنیشانکردنی لایەنێکە بۆ شوێن و مەبەستێکی دیاریکراو، بۆ کاتێکی دیاریکراو. بەڵام کاکی وەرگێڕ، نازانم بۆ ئەو (وشە)ی باڵیۆزی بەکارهێناوە، خۆ ئەو بەڵدە بەو ڕاستییەی، کە باڵیۆز بۆ دەوڵەتە، یان بۆ بوارێکی دیاریکراوە، ( باڵیۆزی ئاشتی - باڵیۆزی پەنابەران - باڵیۆزی ... باڵیۆزی...هتد). بەڵام باڵیۆز زۆر بچووکە بۆ نەتەوەیەکی (زیاتر لە چل ملیۆن کەسی) ئێمە نەتەوەیەکین نە دەوڵەتمان هەیە، نە کەسیشمان هەیە باڵیۆز دیاری بکات، جا لەوەش نەگبەتتر، ئێمە نوێنەرمان هەیە و کەس دانی پێدا نانێ حزبایەتیش سەری وەها لێ تێکداوین، خۆمان نازانین بەرەو کامە ئاراستە دەڕۆیین، لەوەش نەگبەتی تر ئەوەیە جرت و فرتی حەرامسەراکانی تورکیا و سیغاخانەکانی ئێران و قومارخانەکانی ئەمریکامانە.

ئینجا لە کۆتایی هەمان ئەو پێشبارەدا وەرگێڕ هیوای خواستووە هاوشێوەی دەقە ئینگلیزییەکەی ڕۆمانەکە، وەرگێڕانەکەی بۆ زمانی کوردی مایەی تێڕامان و سەرنج بێ. ئەوەیان وەک هیوا خواستن هاتووەتە

> مەردایەتی مومتاز حەیدەری لەوەدایە هەر بەوە ناوەستێ پارەی خۆی خەرج بکات بۆ چاپکردنی کتێبەکانی خۆی، پارە بۆ چاپکردنی کتێبی دیکەش خەرج دەکات

دی ئەوەتا لە ئێستادا کە من ئەم وشانە دەخەمە ڕستەوە، زیاتر لە ١٠ کەس هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەیان بە نووسین بۆ دەقە کوردییەکەی کردووە و سەدان دانەی لێفرۆشراوە، هەزاران کەسیش گوێیان بۆ پرۆسەی وەرگێڕان و چاپکردنەکەی ڕاداشتووە و سەدان کەسی دیکەش خوێندویانەتەوە.

لە لاپەڕە ٢٠دا لە پێشەکی نووسەر (ئاڤا هوما) بۆ چاپە کوردییەکە دەڵێ: (لەنێو ئەدەبیاتی ئینگلیزییدا بە دوای ڕەنگدانەوەی خۆمدا گەڕام، لێ هەرگیز کەسێکم نەدۆزییەوە لە دووریشەوە لەمن بچێ. هیچ کەسێک پێگەی ژنی کوردی لەنێو وێژەدا جێ نەگرتووە) چاکی پێکاوە، ژنی کورد لەخۆی نەبێ لەکەس و کەسیش لەو ناچێ، بەڵام بەدوای هەموو ئەو ناسۆر و ئازارانەی ژنی کورد بەسەری هاتووە، یەک خۆزگەی هەبووە (مێیەتی لەخۆی بتەکێنێ) دەیانجارم لە دایکم گوێ لێبووە، کە لەدەست ئێش و ئازار و لەئاکامی ئەو تەقینەوانەی لە هەناویدا وێرانی دەکردن خۆزگەی دەخواست (بەرد) بووایە. ئینجا نازانم بۆچی مەگەر گوێت لەوە نەبووە، نەک ژنی کورد، بەڵکوو کوردیش کەس نایناسێتەوە ئەوەتا دیسان لێرەدا پەنا دەبەمەوە بەر دەقێکی دیکەی ئەدیبی کوردی خۆراوای کوردستان (سەلیم بەرەکات) کە ڕووە و خودا دەڵێ: (خودایە عابیدینی خۆتن ئەکراد بیانناسەوە) بۆیە ئەگەر وەک خانم هوما لەلاپەڕ ٢٢دا دەڵێ: (خوێن و ئارەقەم بۆ ئەو ڕۆمانە نۆبەرەیەم ڕشتووە) جا ئەگەر وەهات نەکردبا ئەو دەنگدانەوەیەی دەبوو؟ چما خانم نازانی دەبێ خوێنت بەسەر تاشە بەردەکانی ئەو شاخەدا بڕژێ کە پێیدا دەگەیتە دوند؟ بۆ ئەوەی لەدوای خۆتەوە شایەتیت بۆ بدەن کە کەسێک هەبووە بە خوێن و ئارەقەی خۆی بەو شاخەدا هەڵزناوە.

مەگەر کەمت دیون ئەو کرێکارانەی بۆ پارویەک نان ئارەقە تا نێو پێڵاوەکانیان دەچێ، هێشتا پشتی ئەو ژنانەی کۆڵە پشتەکانیان لەخۆیان گرانتر بوون هەر ئازاری هەیە، ئەوان لەبەر و پشتدا ئازاریان هەیە، نۆمانگ کۆرپەیەکیان هەڵگرت و دوای چەندان ساڵ لەبەردەم پەتی سێدارەی ئێراندا، یان لەژێر زنجیری دەبابەکانی بەعسی عێراق و زیندانەکانی تورکیای میراتگرانی عوسمانیدا خۆیان بینییەوە، ئەگەر ئەوانەش نەبوونایە، لەبەر بێ ناسنامەیی لە ڕۆژئاڤاوە سەری خۆیان هەڵگرت و شتێکیان نەبوو لەدووری هەزاران کیلۆمەتر خۆیانی پێ بناسنەوە.

ئەوەی لەوەش ناخۆشترە، ئەو هەڵە زمانەوانی و (ڕێنوسە)یە کە لە ڕۆمانەکەدا و دەقە کوردییەکەدا بوونی هەیە، نازانم ئەوە دەقی ڕۆمانەکەیە وەرگێڕدراوە یان وەرگێڕ دووجاری نووسیوە، یان تایپیستی وەرگێڕدراوە کوردییەکە هەڵەی کردووە، بەڵام سەراسیمەم لەوەی چۆن ئەو هەموو هەڵە بێ شومارە بەسەر ئەو هەموو کەسانەدا تێپەڕیوە، کە بەدەقە کوردییەکەدا چوونەتەوە؟ ئەوەتا وەک نموونە دەیهێنمەوە، کە لە لاپەڕە ٤٥ دا دەڵێ: (چونکە گوتی ئەو ناتوانێ متمانە بە قەحپەیە بکا) دەبووایە وابێ: (چونکە ئەو ناتوانێ متمانە بەو قەحپەیە بکا) یان (ئەو گوتی ناتوانێ متمانە بەو قەحپەیە بکا) بێ چونکە ئەوەی سەرەوە هەم گرێیە هەمیش هەڵەی تێدایە.

لەلاپەڕە ٥٢دا لەیلا چیرۆکی توتییەک بۆ چیای برای دەگێڕێتەوە، لەوێدا دەقەکەی هەیە من نامەوێ پاتەی بکەمەوە، بەڵام ڕاستی ڕووداوی توتییەکە هەروەک مەولانای (ڕۆمی - ئەفغانی) بۆمان دەگێڕێتەوە ڕژانی (شیر)ە نەک (ڕۆن).

لە لاپەڕە ٥٤ وشەی (دیمێنشیا)ی بۆ خەڵەفاوی بەکارهێناوە، بەڵام لەجیاتی ئەوە دەبوایە (ئاستی ئاگایی زیاتر دابەزیوە)ی بەکارهێنا بووایە. ئەوە جگە لەوەش لە لاپەڕە (٥٥)دا وشەی (یاخچاڵ)ی بۆ بەفرگر بەکارهێناوە، نازانم بۆ چونکە یاخچاڵ وشەیەکی تورکییە، یان تەواوتر ئەوەیە (ئازەری)یە، لە کوردیدا (بەفرگر)مان هەیە. ئیدی ئەوە ئەو هەڵانەن کە من هەموویانم بەپێی لاپەڕەکان تۆمارکردوون، ئەگەر بەم شێوەیە بچمە دوای ئەوا ڕەنگە ئەم وتارە کە هیچ ناونیشانێکی لەخۆی نەگرتووە، لە سێ هەزار وشەی دیکەش تێپەڕ ببێت. لەکاتێکدا ئێستا سێ هەزار وشەیە، بۆیە من بە لیستێک ژمارەی لاپەڕەکانی کتێبەکە، کە هەڵەکانی تێدان بۆ وەرگێڕی کتێبەکەم ناردووە.

**سەربار**

دەمێکە لە پەندی کوردوارییەوە گوێمان لەوە

> **"سەیری وێنەی ئاڤا هومام کرد، لەبەر خۆمەوە گوتم: ئاخر تۆ هێندە ناسکی، چۆن توانیت هێندە بێ بەزەیی بی ئەو هەموو باسانە تێکهەڵشێلی؟"**

دەبێ کە دەڵێن سەرباری لە ژێر باری گرانترە... بەڵام خۆ من لەخستنەڕووی ئەم کۆتاییەدا مەبەستم ئەوەنییە ئەم سەربارە هەموو ئەوەی پێشتر بێنێ، بەڵکوو مەبەستمە بڵێم سەرباری هەموو ئەوانەی لەسەرەوە گوتراون:

کچانی دوو کەڵ و ئاگر ڕۆمانێک بە پێودانگی ئەدەبی، ڕوپێوێک بۆ جوگرافیای نەتەوەیەک، ڕاپۆرتێک بۆ بەردەم بارەگای خۆ سەپێنی نوێنەرانی گەلان UN و هەژمارێک بۆ ئەوەی پەنجە بخرێتە یەک بەیەکی پیتەکانی.

ئەم ڕۆمانە لەگەڵ ئەوەی دارشتەو ڕۆڵ بینینی چیرۆک ئامێزانە دەردەکەوێ تیایدا هەروەک لە لاپەڕە ٦١دا دیارە، ڕۆژنامەنووسانیش ڕۆڵی تیادا دەبینێ، لەگەڵ ئەوەشدا خەون وەک ڕاستییەکی خۆ سەپێن ڕۆڵە سەرەکییەکەی تێدا دەبینێ. ئینجا هەروەک لەیلا خەون بە کامیرایەکەوە دەبینێ و دوای ئەوەی بە قیستیش دەیکرێ و پارەکەی بۆ نادرێ، بەڵام ڕۆمانەکە وەک (داتاشۆ)یەک و لە شاشەی تیڤییەوە هەموو ئەو وێنانەمان بۆ نمایش دەکات کە نووسەری ڕۆمانەکە گرتوونی. ئەمە جگە لەو یارییە زمانەوانییەی لە ڕۆمانەکەدا بوونی هەیە، ئەوەتا دەستەواژە و وشەکانی کرمانجی ژوور و خواروو، ناوی ئەو هەموو گوڵانەی نووسەر ڕیزی کردوون و ئەو پێگە جوگرافیانەی کە لە ڕۆمانەکەدا بوونیان هەیە، ئەی ناوی ئەو خواردنە کوردەوارییانەی لە ڕۆمانەکەدا ناویان دێ و باسی تام و بۆیان دەکرێت، خۆ ئەوانە گەز گەز باڵایان بەقەدی ڕۆمانەکەداوە و هەرگیز خوێنەر دەستبەرداری ئەو ڕاستییە نابێ کە ڕۆمانەکە پەلکێشی دەکات بۆ ئەوەی پارو پارو هەنگاو هەنگاو لەگەڵ نووسەردا هاموشۆبکات و هەست بە دەنگدانەوەی خۆی بکات.

> **شەفیقی حاجی خدری، کە من خوێنەری بەردەوامی بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانیم، ئاقڵانە گوێ بۆ بسگری ڕەخنەلێگرتن دەگرێ**

لە کۆتایی ئەم نووسینەدا پەنا دەبەمە بە دروو خاڵ و کۆتایی پێ دێنم ئەوانیش:

١. کۆتایی ئەم ڕۆمانەی قسەی لەسەر دەکەین هاوشێوەی کۆتایی ڕۆمانی (کۆلارەوان)ی خالیدی حسەینییە کە باس لە منداڵیکی ئەفغانی دەکات چۆن، مناڵەکە لە کۆتاییدا بەقەراغی دەریادا ڕادەکات و بەدەم هەڵفڕینی کۆلارەکەیەوە ئیدی بەرەو ئایندە دەچێ، لەیلاش دوای ئەو هەموو ئازارەی هەیبوو، ئێستا دەست دەخاتە سەر بەرزایی سینگی، و نیشانی دەدات کە زگی هەیە (دووگیانە).

٢. دارا عەتار کە خاوەن ٦٠ ساڵ ئەزموونی کۆکردنەوەی ئارشیڤی کوردییە لە ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپا لە یاداشتەکانیدا دەگێڕێتەوە:

لە ساڵانی نێوان ١٩٦٧ – ١٩٧١ لە گەرمەی ململانێ و هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول، ئەوکاتە من نوێنەری بارزانی نەمر و شۆڕشی ئەیلوول بووم لە لەندەن، ژمارەیەکی زۆر ڕۆژنامەنووسی بیانی پەیوەندیان پێوە دەکردم بۆ ئەوەی سەردانی کوردستان بکەن و ڕووداوەکانی شۆڕش بە چاوی خۆیان ببینن و تۆماری بکەن.

یەکێک لەوانە (مەدام لوسی) ڕۆژنامەنووسی ئیتاڵیایی بوو لە ڕۆژێکی ناوەڕاستی ساڵی ١٩٦٨ پەیوەندی پێوەکردم داوای کرد ببینیم و باس و خواسی کوردستان بنێتە ئاراوە. کاتێک لەگەڵی دانیشتم، لەکاتی نانخواردندا هەر لەناکاو گوتی: (دەزانی من زۆر دڵم بە میللەتی کورد دەسووتێ، ئەو وڵاتانەی داگیریان کردووە جگە لە شەڕ هیچ خێریان لێ ناوەشێتەوە، بەدبەختی کوردە کە بیەوێ لەم وڵاتە ستەمکارانە ڕزگاری بێ، ئەوەتا ئێوەی کورد لە عیراق گیرۆدەی حکومەتێکن هەر لە سەردەمانی کۆنەوە تاوەکو ئێستا هەرجارە و بە بیانوویەکەوە دەسەڵات و ستەمی خۆیان بەسەردا سەپاندووە، بۆیە ئێوە لە عیراق شەڕێکی دۆڕاو دەکەن چونکە کەس پشتیوانیتان ناکا، ئەو دەوڵەتانەی دوژمنی عیراقن دۆستایەتی ئێوە ناکەن تاوەکو عیراق ببێتە دەوڵەتێکی دیموکراسی، ئەوانەشی دۆستی عیراقن هاوکاریتان ناکەن تا عیراقی دۆستیان وێران ببێ)، بەداخەوە ئەو ڕۆژنامەنووسە سەردانی بۆ کوردستان بۆ ڕێکنەکەوت و هەر دووراو دوور چەند بابەت و وتارێکی لەبارەی کوردەوە لە ڕۆژنامەکانی بریتانیا و ئیتاڵییەکان نووسی.

# لەبری بیرەوەری

- **شەو لەکێوان**

د. ئەرسەلان بایز

- **مونیرە خانی جەلیزادە... (یەکەمین شەهیدی ژنی دووگیان و کۆرپەی لەباوەش)**

ڕەهبەر سەید برایم

- **ناهیدە سۆفی، یەکەمین ژنە زیندانیکراوی سیاسی لە باشووری کوردستاندا**

محەمەد گۆران

- **قۆپچە سۆر .. سەردانی عەبدولکەریم قاسمی کرد**

ستار محەمەدئەمین

# شەو لەکێوان

ئەمە ناونیشانی سێیەمین کتێبی (د.ئەرسەلان بایز)ە کە لەم ژمارەیە و ژمارەکانی ئایندەدا بە زنجیرە بڵاوی دەکەینەوە.

ئەو پێشتر دوو کتێبی وەکوو بەشێک لەبیرەوەرییەکانی چاپ و بڵاوکردۆتەوە، کتێبی یەکەمی بە ناونیشانی (کاژێر شەشی ئێوارە) ئەو یاداشتنامەیە لەکاتژمێر شەشی ئێوارەی مانگی ئەیلولی ساڵی (١٩٧٥) دەست پێدەکات و لەکاتژمێر شەشی دوایین ڕۆژی مانگی کانوونی یەکەمی هەمان ساڵ کۆتایی دێت.

ناوەڕۆکی کتێبەکە باس لەخەباتی نهێنی ئەو ساڵەی ڕێکخستنەکانی (کۆمەڵەی ڕەنجدەران) لەشاری هەولێر دەکات، تاکوو بڕیاری گرتنیان لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە بۆ دەردەچێت. دوای ڕاکردن لەدەستی پۆلیس و خۆشاردنەوە، ئینجا چوونە دیوی کوردستانی ڕۆژهەڵات و مانگێک زیندانی (سەقز) و دواتریش ڕادەست کردنەوەیان بە بنکەی پۆلیسی (بناوەسوتە)ی پشتی قەزای (پێنجوێن).

کتێبی دووەمیش بەناوی (قاوشی ژمارە سێ) کە باس لەچۆنیەتی ڕادەست کردنەوەیان بە ڕژێمی عێراق و جۆری لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجەدان و دواتر حوکمدانیان لەزیندانەکانی عێراق، تا ڕۆژی ئازاد بوونیان لەساڵی (١٩٧٩).



د. ئەرسەلان بایز

(١)

شەوێکی سەرما و سۆڵەی ئەنگوستە چاوی دوایین ڕۆژەکانی مانگی دوانزەی ساڵی (١٩٧٩) بوو. پێنج هەنگاو لەدووری خۆتەوە هیچ تەنێکت بەدی نەدەکرد. ئاخر ئەو جۆرە شەوانەی زستان بۆ کاری قاچاغ و کاروانچییەکان زۆر لەبار بوو بۆ خۆدزینەوە لەبۆسە و چاوی ژاندارم و چەتەکان. (ئەو)یش لەتەمەنی (٢٩) ساڵی و بەرگێکی خاکی لەبەر. پێڵاوێکی شەوڕۆی نوێی لەپێ بوو. قەمسەڵەیەکی کورتی شینی نوێ لەبەر، کە تازە براکەی لەکاتی گەڕانەوەی لەحەج لەشاری (کوێت) بۆی هێنابوو. نامەیەکی چوکلێتی لەیەکێ لەقەفەکانی سەردەستی قەمسەڵەکەی حەشار دابوو. سەیر بوو، ئەو پێویستی بە بردنی ئەو نامەیەی ڕێکخستن نەبوو، چونکە لەلایەکەوە ئەگەر ئەو نامەیە بگیرایە یەکەوسەر لەسێدارە دەدرا، لەلایەکی دیکەشەوە (ئەو) لەلایەن سەرکردەکانی شۆڕش و پێشمەرگەکان ناسراو بوو. هەرچەند ڕۆژێک پێش ڕۆیشتنی (ئەو) ژمارەیەک لەهەڤاڵە زیندانییەکانی پێوەندییان بە شۆڕشەوە کردبوو. جیا لەوەش لەکاتی زیندانییەکەیدا کاک (نەوشیروان مستەفا) ناوی (ئەو)ی وەک ڕۆژنامەنووسێکی گەنجی ئازادیخوازی زیندان، بەهەموو ڕێکخراو و سەندیکا ڕۆژنامەوانی و مافەکانی مرۆڤی ئەوروپا دابوو. بەڵام دیارە حەماسەتی فکر و عەشقی شۆڕش و پێشمەرگایەتی هەموو بیرکردنەوە و هزری داپۆشیبوو.

بەو شەوە تاریکە بێ باکانە لەهەر پێشهاتێک، بێباک لەخەمی چارەنووسی کەسوکاری

لەدوای پەیوەندی کردنی بە شاخ. بێباک لەتازە گۆڕینەوەی ئەڵقەی دەزگیرانی دوای چوار ساڵ چاوەڕوانی و پێکەوەنانی ماڵێکی بچکۆلانە. خوێنی دەمارەکانی جەستەی قوڵپیان دەدا. خۆی ڕادەستی قەدەر کرد و لەگەڵ کاروانچییەکان، کەتا ئەو ساتەوەختە هیچیانی نەدەناسی ڕێگای هاتونەهات، ڕێگای قیبلەنمای فکر و خەونی تەمەنێکی دووردرێژی گرتەبەر.

دوای تەواوکردنی چوار ساڵی پڕ لەترس و دڵەڕاوکێی سەختی پشتی دەرگا ئاسنینەکان و شادبوونەوەی بە دنیای ئازاد و کەسوکار. دوای ڕاوێژ و پابەندبوونی بە کۆمەڵێک پرۆژە و بەرنامە لەگەڵ هاوڕێکانی سەبارەت بەکاری ئایندە بۆ دوای بەربوونیان. پاش دوو هەفتە لەباوەشی گەرمی خێزان و پێشوازی لەلایەن دۆست و هاوتەمەن و گوندنشینەکانی (کاریتان) ئیدی وردە وردە دوو هزر و دوو دنیای لەیەکتر جیاواز سەراپا خەیاڵدانی داپۆشی. (مۆرانە)ی بزێوی خەیاڵی (ئەو) لەدنیایەکی شاراوە و نهێنیدا مێشکی کردبووە شانەی هەنگ و لەگڤە گڤی خۆی نەدەکەوت. پەپوولەی خەیاڵی (ئەو) لەنێو گوڵ و گوڵزاری کوێستان و لقەداری سەرچەمی دۆڵ و قەدپاڵی شاخەکان لەگەشت و باڵە فڕێدا بوو. خەیاڵی (ئەو) بەرگێکی خاکی و کلاشنکۆف لەشان، وەک سۆفییە گەڕیدەکان هەر شەوە و دۆڵ و پەنا تاوێر و ئەشکەوتێک پەناگە و جێی حەوانەوەی بوو. قسەوباسی ناو خێزان و دانیشتن و کۆڕی گوندنشینەکانیش، هەرباس باسی کێڵانی زەوی کشتوکاڵ بوو.

لەفەرمانگە فەرمییەکەشیدا هەرباسی مووچە و سەری

مانگ و پلە بەرزکردنەوە بوو. لەو ڕۆژە سەختانەدا لەترسی دەزگاکانی ڕژێم کێ دەیتوانی باسی شۆڕش و پێشمەرگە و مافەکانی گەلی کورد بکات. دوو ڕۆژ پێشتر (ئەو) لەڕێگای (حەمید کەریم شانە)ی بەرەچەڵەک کۆیی و هاوڕێی چەندین ساڵەی ڕێکخستن و پێشمەرگایەتی و زیندان، لەماڵی (جەلال) لەدوایین ماڵی خانووە قوڕەکانی باکووری شارۆچکەی (قەڵادزێ) خۆی حەشاردابوو. چاوەڕوانی دەرفەتی سەفەر بوو. شەوان ئەو گەڕەکە دەبووە حکومەتێکی سەربەخۆ. چەتەوڵ و چەکدارەکانی ڕژێم بە بەرنامەی پێشوەختەی داڕێژراو نەبووایە، لەترسی پێشمەرگە و کاروانچیە چەکدارەکان نەیاندەتوانی بێنە ناو کۆڵانە تەسک و چڵکاوەکانی گەڕەکەکە. ئەو ماڵە هەژارانە شەوان وەکوو مێرووڵە بۆ دابین کردنی بژێوی ژیانی منداڵەکانیان، لەماڵەکانیان دەهاتنە دەرەوە. چەندین چەکداری پۆشتە و تفەنگ لەگۆڵم وەکوو بەور چاوتیژ و بێباک، لەنێو کۆڵان و سەربانەکانیاندا لەهاتووچوو دابوون. ولاخدارەکانیش بە وریاییەوە بارەکانیان دادەگرت و باری نوێیان بار دەکرد. هەر وەکوو پێشتر پێشینان وتویانە. شەو قەڵای مێران بوو.

قەڵادزێ وەکوو کچێکی تازە هەڵچووی شۆخ و شەنگی ئاوودامێن شۆڕ، لەئامێزی لووتکەی شاخەکانی بلفەت و قوتەی مامەندە و ئاسۆس بەلارولەنجە خۆی دەنوێنێ، شابسکەکانی لەسەر تەپۆڵکەیەکی دلڕفێن بەسەر رووباری زێی بچووکدا شۆڕ دەبێتەوە. بۆیە هەر لەدوورەوە مرۆڤ حەیرانی دەبێت. بەهاران، قریشکەی دەنگی کوڕ و کچۆڵە تازە هەڵچووەکانی سەیرانگا و نسێکانی، لەگەڵ قاسپەی کەوی بناری کوێستان و بولبولی سەر لقەداری گوێ چەمان تێکەڵاو دەبوون. گوندی (داریشمانە)ی باکووری شارەکەش سەردەمانێک بێشە و پایتەخت و مەیدانی سوارچاکی (فەقێ ئەحمەد)ی باپیرەی بابانەکان بوو. بوونی قەڵا و قووڵە سەربازییەکانی سەرچیا و گردە بەرز و پێدەشتەکانی، هێمای ئەوە دەدەن لەدێر زەمانەوە ناوەندێکی ململانێی سیاسی بووە لەنێوان هێزە دەسەڵاتدارەکانی ناوچەکە، بەڵام مەخابن هەرپێنج ساڵێک پێشتر فشاری ژێر پەنجەی ئەهریمەنێکی نێو فرۆکەی بەعسییەکان لەئاسمانەوە ئەو شارۆچکە خنجیلانەیەی بەسەریەکدا خاپوور کرد، خوێن و ئاواتی دەیان کچ و کوڕەکانی زانکۆی لەگەڵ داروپەردووی دیواری ماڵەکان تێکەڵ بەیەکتر کرد.

دوای ڕاشکانی شەو (کاوە)ی تەمەن بیست ساڵەی گورج و گۆڵی قوتە برنوێک لەشان و (بەلەک پێچ) پوزەوانە لەپێ، دوو ڕیز ڕەخت لەکەمەر بەدوایدا هات و جڵەوی ولاخێکی بەرزەی ڕادەست کرد. ئیدی بەیەکەوە بەرەو دەرەوەی گوندەکە ڕێیان کرد. هەرچەند سەدمەترێک بەولاوە، لەپشتی تەپۆڵکەکەی سەرەوەی گوندەکە ژمارەیەک ولاخداری چەکدار ئامادەی ڕێکردن بوون.

کاروان کەوتەڕێ، ولاخەکان سەریان لەدوو یەکترینا. بارەکان سیگار، تۆچا، هەندێکیش مەشروبات و شتی دی بوون. پێش جوولەی کاروانەکە دوو سێ چەکداری چاوتیژی چوست و چالاک، وەکوو چاوساغ و تاقی کردنەوەی سەلامەتی ڕێگاکە چەند سەدمەترێک لەپێشەوە دەڕۆیشتن. شیاوی باسە جارجارە چەکدارەکانی ڕژێم و سەربازەکان لەو ڕێگایەدا بۆسەیان بۆ پێشمەرگە دەنایەوە. هەندێجاریش ڕێگرەکان بۆ قازانجی گیرفانی خۆیان لەو ڕێگاوبانانە شەڕیان بە کاروانچییەکان دەفرۆشت، تەقە لەنێوانیان دروست دەبووو کوژراو و بریندار لێدەکەوتەوە.



ئەم دنیایە سەیرە هەر گیانلەبەرێک بۆخۆی سستەمێکی تایبەتی ژیانی خۆی هەیە. بەو شەوە تاریک و نوتەکە ئەو ولاخانە وەکو بڵێی هەر لەبوونیانەوە ئاشنای هەمیشەیی ئەو تولە ڕێگاوبانە سەختانە بن، زۆر بە هێمنی و وریایی لەنێو ئەو بێشە و دەوەن و بەردەڵانە پێچاوپێچە بەرز و نزمانە دەڕۆیشتن بێ ئەوەی یەک هەنگاوی هەڵە باوێن. چونکە هەر هەنگاوێکی هەڵە و خلیسکانێک هەڵدێران بوو بەرەو دۆڵێکی هەزار بە هەزار. دوای سێ سەعات ڕۆیشتن بەوریایی لەمەودای مەترسی بۆسەکان دەرچوون. لەسەر کانی و ئاوڕێکی نێودۆڵێکی نەدیو، کاروان بۆ پشوودان وەستا. بارەکانیان داگرت و تورەگەی خواردنیان کردە سەری ولاخەکان. دواتر ئاگرێکی گەورەیان کردەوە، هەریەکە و بەدەوری ئاگرەکە تەشکە بەرێکی ڕاخست و لەسەری ڕاکشا. جامانە، یان شاڵێکی بەخۆیدا (ئەو) یش وەکوو ئەوان لەسەر تەشکە بەرێک ڕاکشا. هەندێک

> **“ (ئەو) جاران پێی وابوو دۆڵی (بازارگە) کە چیای (قەرەچوغ) دەکاتە دوو لەت سەخت و بەرزترین دۆڵی کوردستانە ”**



لەولاخدارەکان چووبوونە خەوێکی قووڵ، هەر وەکوو بڵێی لەنێو جێو بالینگانێکی نەرم و نیان و ژوورێکی گەرم خەوتبن. ئەمە یەکەمین شەوی خەوی ناوچە ئازاد کراوەکانی (ئەو)بوو. بۆیە تا کازیوەی بەیانی چاوی نەچووە خەو. لەلایەکەوە لەکەشوهەوای ئەو جۆرە خەوتنە ڕانەهاتبوو، لەلایەکی تریشەوە قۆناغێکی باشی ڕێگای بڕیبوو بۆ گەیشتن بە مرازی خۆی، بە بارەگاکانی سەرکردایەتی شۆڕش و بوون بە پێشمەرگەی کوردستان.

لەگەڵ شەبەقی، ولاخەکان بارکرانەوە و بەرەو دوا مەنزڵگا (گوندی بێوران)ی دیوی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەڕێکەوتن. سەعاتێک دوای خۆرکەوتن لەپانتاییەکی دەرەوەی گوندەکە کە چەندین ولاخداری تری لێبوو بۆ دوایین جار بارەکانیان خست. (کاوە)ی خانە خوێی، ولاخدارێکی بۆ بانگ کرد و لەگەڵی ڕێکەوتن بە پێنج دینار بیگەنێتە بارەگاکانی (ناوزەنگ) شیاوی باسە پێشتریش (١٠) دیناری دابووە هەقی ئەو ولاخدارەی گەیاندبوویە ئەو شوێنە. باشوور و ڕۆژهەڵاتی یەک نیشتمان، یەک نەتەوە، زمان، یەک زمان، هەمان جل و بەرگ و ڕەفتار و ئاکار، کەچی هەر وەکوو هێمنی شاعیر دەڵێ: یەک بستۆکە سنوور کردوونی بە دوولەت.

شاخ و کێوەکان تەواوکەری یەکتربوون، بەڵام خانووەکانیان جیاواز بوون. دارودەوەن زیاتر و لووتکەی شاخەکانیش کوێستان و بەفرگرتربوو. جارجارەش کزەبایەکی ساردی نێو دۆڵەکان فرمێسکی لەچاوان دەهێنا.

**"خەیاڵی (ئەو) بەرگێکی خاکی و کلاشنکۆف لەشان، وەک سۆفییە گەڕیدەکان هەڕ شەوە و دۆڵ و پەنا تاوێر و ئەشکەوتێک پەناگە و جێی حەوانەوەی بوو"**

جیاوازی گەورەی نێوان کوردی ڕۆژهەڵات و باشوور لەوەدابوو کوردەکانی ڕۆژهەڵات خۆیان بە ئێرانی دەزانی (ئەو)یش چەندین جار گوێی لە (د.قاسملو)ی ڕەحمەتی بووە کە دەیووت: ئێمە ئێرانین. هەربۆیەش حزبەکەیان ناوی (حزبی دیموکراتی کوردستان- ئێران) بوو، بەڵام کوردەکانی باشوور پێیان وابوو بە عێراق نامۆن، هەر بۆیەش حیزبەکانیان بەناوی (پارتی دیموکراتی کوردستان- یەکێتی نیشتیمانی کوردستان- کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان...هتد) بوو. تەنانەت لەدامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لەبیستەکانی سەدەی ڕابردووشدا دەنگیان بە چوونە پاڵ ئەو دەوڵەتە نەدا.

(ئەو) بە وردی سەیری دیمەنە دڵرفێنەکانی دەکرد. جارجارەش ناوی گوند و شاخەکانی لە ولاخدارەکە دەپرسی. کاتێ لەڕێگاشدا ڕێکەوتی تاک و تەرای پێشمەرگەی دەکرد. لەناخەوە دەیویست پێیان بڵێت: ئەوا منیش هاتووم پێوەندیتان پێوە بکەم، هاتووم بۆ پێشمەرگایەتی، پاش چەند ڕۆژێکی دی وەکوو ئێوە تفەنگ دەکەمە شان و شەش مخزەن لەکەمەری خۆم دەبەستم.

دوای سەعات و نیوێک ڕۆیشتن گەیشتنە گوندێک بەناوی (کانی زەرد) دوکەڵی لوولەی زۆپای سەربانەکان ئاسمانی گوندەکەیان تەڵخ کردبوو. ژنە شەرواڵ لەپێکان خەریکی پاک کردنەوەی بەردەرگای ماڵەکانیان و ئاوهێنان لەکانی و پاک کردنەوەی گەوەڕی ئاژەڵەکان بوون. تاکوتەراش، پیاوەکان چەند بڕە دارێکی وشکیان لەپشتی ولاخەکان بارکردبوو، بەرەو گوندەکە دەگەڕانەوە. لەسەر کانی و ئاوی مزگەوتەکە لایاندا و هەندێ ئاوی سازگاریان خواردەوە. لەو چلەی زستانەدا ئاوی کانیاوەکان شیلەتێن و یارمەتیدەری گوندییەکانە لەدەست نوێژ هەڵگرتن و خۆ (بسمیل) کردنی بەیانیاندا.

دواتر (کانی زەردیان) جێ هێشت و کەوتنە ڕێگا. گەیشتنە شوێنێک کە دوو سێ ماڵی پەرپوتی مەڕ لەوەڕێنی لێبوو ولاخدارەکە گوتی: ئێرە (قاسمەڕەشە) قاسمەڕەش سەرەتای چوونە نێو دەربەندێکی هەزار بە هەزار بوو کە لەزستانان ڕووبار ئاسا ئاوێکی زۆری پێدا دەڕۆیشت، بەڵام لەهاویناندا جیا لەکانیاوەکانی. ڕووبارەکە کەم دەبووەوە و هێندەی جۆگەلەیەک ئاوی پێدا دەڕۆیشت.

ئەو دۆڵە دەیگەیاندینە گوندی (نۆکان). لەوێشەوە بۆ (ناوزەنگ) هەر چەند خولەکێک بوو. دۆڵێک وەکوو بڵێی دوو دیواری داتاشراو لەشاخ، کاتێ سەرت بەرز دەکردەوە کڵاو و جەمانەت لەسەر دەکەوتە خوارەوە. (ئەو) جاران پێی وابوو دۆڵی (بازارگە) کە چیای (قەرەچوغ) دەکاتە دوو لەت سەخت و بەرزترین دۆڵی کوردستانە. بەڵام ئەمڕۆ بۆی دەرکەوت ئەو لەگەرمیانەوە هاتووە، دۆڵ و شاخە هەزار بە هەزارەکانی کوردستان هاوتای تەپۆڵکە و دۆڵە بچووکەکانی گەرمیان نین.

## مونیرە خانی جەلیزادە...

# (یەکەمین شەهیدی ژنی دووگیان و کۆرپەی لەباوەش)




**رەهبەر سەید برایم**

زەمانی بەعس درویّنەی مرۆڤ وسوتاندنی خەرمانی کوردان بوو، مەرگ باران و ئەشکەنجەدان و لەسێدارەدران بوو، بەعسیەکان گوڵدانی گوڵ و خونچەیان دەکردە تابووت، بە کیمیاباران و ئەنفال و وڵاتیان سووتاند وەک قەرەبرووت!

لەڕوانگەی ناحەز و دژمنانی کورد، هەموو کورد تاوانبارە بە درشت و ورد، ئاخۆ بۆ دەبێ کوردبوون تاوان بێ، بۆ قرچ و برِی پیر و ژن ومنداڵ و لاوان بێ، دەریای ئیجە و قورگی نەهەنگ و دارستانەکانی سەرسنوور، بۆتە گۆڕستانی کۆچبەرانی کوردخاکی ئەوان دەکەن سوور، بیابانەکانی خوارووی عێراق ودەشتی عەرعەر و خاکی عەرەب و گۆڕی بەکۆمەڵ وچاڵی کوردانە، گۆڕ غەریبی پیر و لاو و ژن و منداڵی کوردانە، ڕووداوەکان و کارەساتەکان مێژووی خوێناوی کوردانن، زۆربەی گوندەکانی کوردستان گوندی شەهیدانن، ڕۆژگارەکان لەکتێبەکان باشتر دەزانن. ڕویان ڕەش بێ وەک ڕەژوو، تاوانکارانی مێژوو.

دڵی شاری کۆیە مۆزەخانەی یادگارەکانن، تۆمارگای ڕووداوەکان و بەسەرهاتی سەختی ڕۆژگارەکانن، مونیرە مەلا تایەری حاجی مەلا ئەحمەدی حاجی مەلا ئەسعەدی جەلیزادە، خێزانی حاجی سابیری چنارۆک بوو، یەک ڕەگ و ئاگردانن یەک خانەوادە، لەڕۆژمێژووی ١٩٦٣/٧/٤ لەکۆیە فتیلەی فەرتەنە دادەگیرسێ، مونیرەی دووگیان کۆرپەی لەباوەش، دەیان گەوزێنن لەناو خوێنی گەش، پێ پەتی و تاڵانچی و بێ دەرپێ و بێ دەست نوێژ، لەختوخۆڕایی دەیانکوژن بەدەسترێژ، لەهێلانەی زگ نەتروکا بوو لەهێلکە، کوشتیان کۆترۆکە و فەرخەی پەرەسێلکە، خوا نەیدا بوو، چاوی هەڵنەهێنابوو، هەرناویشی لێ نەنرابوو، کۆرپەلە و ژن، هەر دەکوژن، خودا و دەرگا گەواهن، دەزانن چەند بێ گوناهن، شوانە چوار خوشکی بێ شوان کردبوو بە گڕی ژیلەمۆی کورد، بەو سۆز و ڕازە:

منی کۆرپەلەی تازە
کوردایەتیم ڕێبازە

> **“ پەیکەری دایکە مونیرە و کۆرپەکەی، بت و بەردێکی ڕەق و تەق و ڕووتی بێ گیانە، بەڵام هێمای ژنێکی سێ گیانی بێ گوناه و بێ تاوانی کوردانە ”**

لە بێشکەی ساوای ژینا
لە ئێسقانی بێ تینا
کوردە قوربانی تۆمە
کوردستان خاکی خۆمە

درەخت دەپارێزرێت بە توێکڵەکەی، کۆمەڵگەش پێش دەکەوێ بە بیرۆکەی کاکڵەکەی، چرای زانستی حاجی١ مەلا عەبدولڕەحمانی جەلی و حاجی مەلا ئەسعەدی و گۆچانەکەی حاجی مەلا عەبدوڵڵای لە ئادەم فیلتر، مێزەر وعەبا و عەسای جەنابی مەلا گەورە، نەبوو لەو بەشان و شەوکەت و بەپیلتر، نەبوو لەقەڵەمی مەسعود محەمەد تیژتر و بیرفراوانتر، مێژووی نەجیبەخانی جەلیزادە (یایەی دایە) لەپەلکەزێرینە گەشتر و ڕەنگینتر و جوانتر، قوبادی جەلیزادە، لەعەرشی شیعر کەی قوبادە، شیعرەکانی ساکاری، بۆ نەورۆز دەبنە دیاری، دارحەیزەرانەکەی سدیق عەبدولقادر و چاوە کەلا شوشەکانی کەمال عەبدولقادر٢ و وانەکانی مەجیدی شێخ نوری، لەباخچەی قوتابخانە و پەروەردە گوڵیان دەگرت وەلاکین دوربە دوری، باسی هەر جوانیەکەی دەکەن بەو ڕادە، پشکیان هەیە، دانەیی مروارین بنەماڵەی جەلیزادە.

دووچنارۆکە بۆ زانیین ناسان
هی جەلیزادە و خێڵی بلباسان


سوولەکانی چنارۆک، کانیاوی حەمامۆک، یەک پشکە ئاوی تێدا نەما داری کەندەکۆخ وشک بوون وشک، بەس چاوی ژنانی کۆیە هەر دوو جۆگەلەی بەهاژەن لەئەشک، حەزرەتی حاجی قادری کۆیی، لەمەزنایەتی خۆی بە شکۆیی، بۆ دووری کۆیە و دەردی نامۆیی، فرمێسکی ڕشتووە تنۆک تنۆک:


لەخۆم ئاگر هەڵێنم وەک
(چنارۆک)
لەچاوم گریە دەربێ وەک حەمامۆک

غەزەب یەخەی ئەو شارەی بەرنادا، ڕەنج و ڕەونەق و جوانی دەدەن بەبادا، وەک دیدەی کوێران، هەوارگەی وێران،

نامەی قوبادی بۆ ئەی شارەکەم٣
دادەگیرسێنێ کۆی ئازارەکەم
من کۆیەم عاسی٤ مێژوو دەمناسی
وەک لوبنانی چی لەبەر هۆی سیاسی
لەوەتەی هەیە خوێنی دەمژرێ٥
خوێنی تێ ناکرێ و گیانی دەگوشرێ

> **“ دڵی شاری کۆیە مۆزەخانەی یادگارەکانن، تۆمارگای ڕووداوەکان و بەسەرهاتی سەختی ڕۆژگارەکانن ”**






خۆشەویستی وەکوو دەریا هەڵکشان و داکشانی هەیە، بەڵام خۆشەویستی کۆتایی نایە و هێزێکی ڕووحانی هەیە، ژن هەموو هێزی دەخاتەکار لەکاتی گریاندا، کاتێکیش نقومی پێکەنین دەبێ نزیک بۆتەوە لەکۆتایی ژیاندا، چیرۆکی ژن لەچاوەکانی دەخوێندرێتەوە، مرۆڤ بە کردەوەکانی یادی دەکرێتەوە، چاوهێمای فەرهەنگ و وتەیە، گوێ لەچاوی ژن بگرە، گلێنەی مرواری و سیحراوییە پرشنگی ئاگرە، ژێی گەرووی ژن ئامێرێکی مۆزیکە پڕ لەئاواز، لەدەنگی سروشتی مەلان و تەژییە لەناز و ڕاز و نیاز، خۆشەویستی باڵندەیەکی دەنگ خۆشە لەدڵی ئافرەت، وەرزی گوڵان و بەهارییە دەخوێنێ بەچەند ئاواز، فرمێسکی ژن لۆژیکن، هەناسەکانی مۆزیکن، ژن جوانترین بەخشینی خوایە بۆ مرۆڤ، نەهێنییەکەی خۆشەویستییە، سۆزدار و ئەویندار بێ گەر دوور بێ لەئۆف، دەنگی خۆشەویستی بە هێزترە لەدەنگی ویژدان، تاوانی مێژوویی و دەروون دەکا بە تەندور و دڵ پڕ پشکۆی ناو ئاگردان.

(تا ئێستا ڕووی نەداوە لە تەئریخی میللەتا) (قەڵغانی) زگی ژنان لەگەڵ کۆرپەی بێ خەتا، خەڵتانی خوێن بکرێن، لەختوخۆڕایی بکوژرێن، کردەوەکان لەوشەکان بەرزتر دەدوێن، ڕۆژی ڕەش بوو کەس نەیدەوێرا بێ بەهانایان، دایک و کچ گۆڕیان هەڵکەند لەپەنایان، پەیژەیان بۆ کردە تەختە و تابووت، ناشتیان بە هەناسە ساردی و دڵسووت، هەڵیان گرت بە چوار دەستان، بردیان بەرەو گۆڕستان، بە پێپیلکەی سۆز بۆ ئاسمان فڕین لەبەرزین، بەو کارەساتە خوێناوییانەی کۆیە کردگار لەرزین.

مونیرەی دووگیان و کۆرپەی

باوەشی، بوونە نۆبەرەی شەهیدانی شۆڕشی ئەیلول بەگەشی، ساڵی ١٩٦٣ سەید برایم چەند دێڕە شیعرێک دەنوسێ، لەسەر گۆڕەکەی نوسرابوو، چونکە ڕوداوێکی ناڕەوا بوو:

کۆرپەم لەباوەش شەهیدیان کردین

گوناحمان نەبوو بەس هێندە کوردین

ئێمەش هاتینە ڕیزی شەهیدان

بۆ ڕزگاربوونی کورد و کوردستان!

بەڵکوو وەنەبێ خانەوادەی جەلیزادە، هەر لەئەدەب و هونەر و زانست پەروەردە، لەو بوارە ڕۆڵی بنچینەیان دارشتووە، بەڵکوو لەخەبات و کوردایەتی لەپێناوی کوردستان خوێنی گەشیان ڕشتووە، شەهیدی قارەمان کاوەی جەلیزادە لەو بەرەبابە و لەو وەچاخ، لەگرتنی شاری تەق تەق بووە گوڵاڵەی سوورەی شاخ، یەکەمین شەهیدی ڕاپەڕینی شاری کۆیە، شەهید کامەران حەوێز جەلیزادە بوو، ئەو شەرەفەی پێ دەبڕێ بۆیە، شەهید هیمداد مەلا ڕەئوف جەلیزادە، شەهید کراوی دەستی ستەمکاری بەعس و جەللادە، هەر بەرەو سەرەوە چووە٦ بڵێسەی ئاگری وەجاغی جەلیزادان، یەک ڕەگ و ڕەنگن جەلی و شیوەشانی مەلازادان. کۆ ئەستێرەن لەگەشە و ڕوناکین لەبریسکەی سورەیادان، پەیکەری دایکە مونیرە و کۆرپەکەی بت و بەردێکی ڕەق و تەق و ڕووتی بێ گیانە، بەڵام هێمای ژنێکی سێ گیانی بێ گوناه و بێ تاوانی کوردانە، قوربانیەکە لەسەر کوردبوون وەک پەیکەری ئازادی کورد و کوردستانە، یەکەمین شەهیدی ژنێکی دووگیان و کۆرپەی شیرەخۆرەی باوەشە، بوکی خوێناوی شۆڕشی کورد واتە لەیەک جەستەدا سێ گیان پێشکەشە.

**پەراوێزەکان:**

١. ئاماژەیە بە شیعری شێخ ڕەزا بۆ حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە.

٢. ساکار: نازناوی شیعری مامەفەندی مەلا فەتاحی جەلیزادەیە.

٣. کەمال عەبدولقادر و مەجیدی شێخ نوری :مامۆستای مام جەلال بووین لە کۆیە بە ڕێنمایی کەمال عەبدولقادر، مام جەلال K.P.X ی دامەزراندووە، یەکەم ڕێکخراوەی قوتابیانە.

سەدیق عەبدولقادر: بەڕێوەبەری دواناوەندی بوو لە کۆیە، زۆر بە دیسپلین و توند بوو.

٤. نامەی قوبادی بۆ ئەی شارەکەم : ئاماژەیە بۆ شیعری قوبادی جەلیزادە بۆ کۆیە بە ناوی (ئەی شارەکەم).

٥. من کۆیەم عاسی: ئاماژەیە بۆ شیعرێکی مەلا مستەفای عاسی شاعیر کە دەڵێ:

من کە کۆیەم سەیری من بکەن قەسر و باغ و مەنزەرەم

بێتو لوبنان من ببینێ بێشکە دەگری وەرەم

٦. لەوەتی هەیە خوێنی دەمژرێ: ئاماژەیە بۆ شیعرێکی شێرکۆ بێکەس لەسەر کۆیە .

٧. هەر بەسەرەوە چووە بڵێسەی ئاگری وەجاغی جەلیزادان: ئاماژەیە بۆ وتەیەکی مەلا عەبدولڕەحمانی جەلیزادە بە عەبدولڕەحمانی پاشای بابانی گووتووە.

بە بۆنەی دانانی پەیکەری مونیرە جەلیزادە و شوانەی باوەشی لە ڕۆژمێژووی ٢٠٢١/١١/٨ لە پارکی خوشکە فریشتە لەشاری کۆیە،لە لایەن هونەرمەند بەختیار هەڵەبجەیی دروستکراوە.

**سەرچاوەکان:**

- وتەی ناوداران-هاوار عەبدولڕەحمان بازیان-چاپی یەکەم ٢٠٠٥
- گوڵبژێریک لە وتەی ناودارانی دونیا-وەرگێران و ئامادەکردنی- ڕەزا شوان ٢٠١١
- وتەی ناوداران- ئینگلیزی- کوردی- ئامادەکردن و وەرگێران –کارزان نوری عوسمان ٢٠١٣
- دیلانە و مۆزیک- ڕەهبەر سەید برایم –٢٠١٨
- بەبەختی حاجی- ڕەهبەر سەید برایم–٢٠١٠
- دیوانی سەید برایم – دەستنووس
دیوانی عاسی



مۆنۆمێنتی یادەوەری

# ناهیدە سۆفی

# یەکەمین ژنە زیندانیکراوی سیاسی لەکوردستاندا



محەمەد گۆران

ناهیدە سۆفی ساڵی ١٩٤٨ ئەو ڕۆژەی ڕابەرایەتی خۆپیشاندانەکەی بەردەرکی سەرای کرد، جگە لەپیرەمێردی شاعیر، کەسێکی دیکەش پێی سەرسام بوو! (سەعید گەوهەر) دیمەنی ئازایەتی ناهیدە سۆفی دەبینێت، بۆیە ساڵی ١٩٤٩ کاتەک لەزیندانی فەزلییەی بەغدا ئازاد دەکرێت، پەیوەندی هاوسۆزی و خۆشەویستی لەنێوانیاندا دروست دەبێت و دووساڵ دواتر لە ١٩٥١ ژیانی هاوسەری پێک دەهێنن.

ناهیدە سۆفی تاکو پۆلی پێنجی سەرەتایی خوێندووە، بەڵام کەسێکی خوێندەوار و پێشکەوتوخواز بووە، حەزی بەئەدەب و هونەر هەبووە، زیاتریش بابەتی زانستی خوێندۆتەوە. وەک بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژیا، کەسێکی چەپ بووە و هەمیشە گووتوویەتی: (خۆشترین و بەلەزەترین خواردن، لەگەڵ نانەڕەقە، دوای چەند کاتژمێرەک دەبن بەیەک، بۆیە مرۆڤ نابێ ویژدان و باوەڕ بەخۆشگوزەرانی و تیکە نانێک، بگۆڕێتەوە).

ئەو کچە شارییە، لەبۆنەکاندا جلی کوردی پۆشیوە و لەکاتی ئاسایی و چوونە دەرەوەدا، جلی مۆدەی لەبەر کردووە. وەک شایەتحاڵەکانی ئەو ڕۆژە لێی دەگێڕنەوە: ساڵی ١٩٤٨ یەکەم ئافرەت بووە بەجلی مۆدە (تەنوورە و بلوسەوە) بەشداری خۆپیشاندانەکانی بەردەرکی سەرای سلێمانی کردووە، کە تیایدا دەگیرێت و ماوەی ساڵەک حوکم دەدرێت، پیرەمێردی شاعیر، ئەو دەمە شایەتحالی ڕووداوەکە دەبێت.

لەگفتوگۆیەکی نێوان خاڵ (پیرەمێردی شاعیر) و خوارزا (جەمیل سائیب)دا، خاڵ بەخوشکەزاکەی دەڵێ: «جەمیل ئەمرۆ ئەو کچ و لاوانەت لەخۆپیشاندانەکەدا بینی؟». جەمیل سائیب، خاوەنی یەکەمین چیرۆکی کوردی (لەخەوما) لەباشووری کوردستاندا، کە دەکاتە خوشکەزای پیرەمێرد، دەڵێ: «بەڵێ خاڵە بینیم». پیرەمێرد دەڵێ: «دە گوێبگرە! ئەم هەڵبەستەم پێشکەش بەوان کردووە». هەر ئەو ڕۆژە بۆ ئێوارەکەی، پیرەمێرد لەقەلەندەرخانەکەی هۆنراوەی نەورۆز دەنووسێت، هەر وەک لەدیوانەکەیدا ئاماژەی پێکردووە:

**نەورۆز**

***ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە***

***جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشی و بەهاتەوە***

***چەند ساڵ گوڵی هیوای ئێمە پێ پەست بوو تاکو پار***

***هەر خوێنی لاوەکان بوو گوڵی ئاڵی نەوبەهار***

***ئەو ڕەنگە سوورە بوو کە لە ئاسۆی بڵندی کورد***

***مژدەی بەیانی بۆ گەلی دوور و نزیک ئەبرد***

***نەورۆز بوو ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەوە***

***لاوان بەعەشق ئەچوون بە بەرەو پیری مەرگەوە***

***ئەوا ڕۆژهەڵات، لەبەندەنی بەرزی وڵاتەوە***

***خوێنی شەهیدە ڕەنگی شەفەق شەوق ئەداتەوە***

***تا ئێستا ڕووی نەداوە لە تەریخی میللەتا***

***قەڵغانی گوللە سنگی کچان بێ لەهەڵمەتا***

***پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین***

***نامرن ئەوانە وا لەدڵی میللەتا ئەژین***

پیرەمێردی شاعیر ئەم شیعرەی بۆ (ناهیدە محەمەد محێدین) ناسراو بە (ناهیدەی سۆفی) گوتووە. ناهیدەی سۆفی کە لەو سەردەمەدا خاتوونێکی گەنجی تەمەن ١٦ساڵ بوو، ئەو ڕۆژە ڕابەرایەتی خۆپیشاندانەکەی ساڵی ١٩٤٨ بەردەرکی سەرای سلێمانی کرد، بەڵام ئایا ئەم خۆپیشاندانە بۆ چ مەبەست و ئامانجێک کرا؟

خەڵکی سلێمانی ئەو ڕۆژە، تایبەت توێژی گەنجان، دژی ڕێکەوتنامەی (پۆرتسمۆس) وەستانەوە کە (ساڵح جەبر) سەرۆک وەزیرانی عێراق و حکومەتی بەریتانی پێکەوە واژۆیان کردبوو کە لەمێژوودا بەڕێککەوتنامەی (وثبة کانون) ناسراوە. پیرەمێردی شاعیر کە دووساڵ دواتر و لەساڵی 1950 وەفاتی کرد. لەو ڕۆژەدا لەسەرای سلێمانی



دەبێت، ڕووداوەکان و لوولەی تفەنگی حکومەتی پاشایەتی بۆ سەر سینگی خۆپیشاندەران بەچاوی خۆی دەبینێت کە چۆن (ناهیدەی سۆفی) سیمبولی ئەو ڕۆژەی خۆپیشاندانەکە و ژنانی شار دەبێت.

ناهیدە سۆفی لەژیانی هاوسەریدا حەوت منداڵ (چوار کچ و سێ کوڕ)ی بەناوەکانی (ژیان و بەیان و پەیمان و ڕێزان، بارزان و کارزان و ئومێد) بووە، کاریگەریشی بەسەر هەموو ئەندامانی خێزانەکەیدا هەبووە.

لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا هاوڕێ و هاوسێی لەخزم و ناسیاو لا باشتربووە، چونکە ئەو بۆچوونی وابووە کە هاوڕێ و هاوسێ، مرۆڤ خۆی ئازادە لەهەڵبژاردنی بەڵام خزم و ناسیاو پەیوەندییەکەیان ناچاری و خوێنە، ئازادیش نیت لەهەڵبژاردنیاندا، بۆیە بەتایبەت زۆر ڕێزی لەهاوسێ گرتووە و گوتوویەتی: «مرۆڤ ئەگەر حەفتا ساڵ بژی لانی کەم شەست ساڵ لەگەڵ هاوسێکانی لەپەیوەندی دایە، بۆیە پێویستە هەمیشە لەگەڵ دراوسێکاندا لەگفتوگۆدابن بۆ ژیانێکی ئارام و شایستەی مرۆڤانە، بەڵام حەزی بەخزم خزمێنە نەبووە».

ناهیدە سۆفی، لەگەڵ ئەوەی بەفکر چەپێکی عیلمانی پێشکەوتووخواز بووە، هەمیشە و بەئاشکراش، وتوویەتی: کە دیوەخان و ئایین نابێ دەستێوەردان لەژیانی مرۆڤەکان بکات، کە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بۆ ژنێک بەر لەحەفتا ساڵ، شتێکی زۆر و دانسقە بووە، هاوکات کەسێکی نەتەوەیش بووە، لەلای ئەو هیچ جیاوازییەک لەنێوان هەولێر و سلێمانی و مەهاباد و ئامەد و قامشلۆ نەبووە.

ناهیدە سۆفی لەژیانیدا چوارجار زیندانی بینیوە، جاری یەکەم بەهۆی بەشداری کردنی لەخۆپیشاندانەکەی بەردەرکی سەرا، وەک یەکەمین ژنە زیندانیکراو لەباشوور و سلێمانیدا ناوی دەچێتە مێژوو و ساڵی ١٩٤٨ بەساڵێک حوکم دەدرێت. ساڵی ١٩٨٠ دووساڵ و نیو لەسەر سنووری عەرەبستانی سعودی دەستبەسەر دەکرێت (ئەو جارەیان هاوسەرەکەی و دوو کچەکەیشی لەگەڵدا دەبێت). ساڵی ١٩٨٣ دووجاری دیکە، هەر جارەی لەگەڵ (سەعید گەوهەر)ی هاوژینیدا بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک لەئەمنی سلێمانی دەستبەسەر دەکرێن.

شیاوی وتنە کە تەنها لەگرتنی یەکەمدا (ناهیدە سۆفی) خۆی هۆکار بووە، ئەگینا هەرسێ جارەکەی دواتر بەهۆکاری پێشمەرگە بوونی کوڕەکانی گیراوە و دەستبەسەر کراوە. هەر لەو ماوەیەشدا حکومەت دووجار دەستی بەسەر ناوماڵ و خانووەکەیدا گرتووە و لۆریان هێناوە و ماڵەکەیان هەڕاج کردووە.

لەکاتی زیندانی و لەیەکێک لەزیندانەکانی بەعس، لەگوندی غەرب لەقەزای الشنافیە، ئەفسەری لێکۆڵینەوە بەناهیدەی سۆفی دەڵێت: حاشا لەکوڕە پێشمەرگەکانت بکە، ئێمە بەرت دەدەین!. ناهیدەی سۆفی لەوەڵامدا دەڵێت: «کاتێک حاشا لەکوڕەکانم دەکەم کە تەسلیم ببنەوە».

ناهیدەی سۆفی لەساڵی ١٩٣٢ لەگەڕەکی مەڵکەندی شاری سلێمانی لەدایکبووە و ساڵی ١٩٩٤ هەر لەسلێمانی کۆچی دوایی دەکا.

> **«ساڵی ١٩٤٨ یەکەم ئافرەت بووە بە جلی مۆدە (تەنوورە و بلوسەوە) بەشداری خۆپیشاندانەکانی بەردەرکی سەرای سلێمانی کردووە»**



# قۆپچە سۆر .. سەردانی عەبدولکەریم قاسمی کرد



ستار محەمەدئەمین

شارۆچکەی مەخمور دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای شاری هەولێر بە دووری ٥٧ کم، سنوورێکی فراوان و پانتایەکی زۆری زەوی کشتوکاڵی هەیە، هەروەها هەردوو ناحیەیی قەراج و کەندیناوە سەر بەو شارۆچکەیەن، مەخمور بە ناوچەیەکی ستراتیجی سەربازیش ناسراوە. لەبەر ئەوەی کەوتۆتە باوەشی چیای قەرەچۆغ، هەر بۆیە لەهەموو شەڕ و ململانێکاندا، دوژمنانی کورد ویستوویانە دەست بەسەر ئەم شارەدا بگرن، لەهەمان کاتدا بە ناوچەیەکی دەوڵەمەندی نەوت و بەروبوومی کشتوکاڵی دادەنرێت گرنگترینیان بەروبوومی دانەوێڵەیە بەتایبەتی گەنم و جۆ، ئەو شارۆچکەیە لە ساڵی ١٨٨٠ لەسەر دەستی کەسایەتی ناوداری ناوچەکە (برایم بایز ئاغا) بونیاد نراوە، لەسەرەتادا مەخمور تەنیا لەقەڵا پێک هاتبوو کە دەکەوێتە ڕۆژاوای مەخموری ئێستا.

لەسەرەتای ساڵی ١٩٠٧ لەسەردەمی عوسمانییەکاندا، بەزۆری و دوور لەئارەزووی خەڵکەکە مەخمور دەگوازنەوە ئەو شوێنەی ئێستا، هەرلەوێدا عوسمانییەکان هەڵدەستن بەدروستکردنی قشڵەیێک لەناوەراستی شارەکە. حکومەتی مەلەکی عێراقی لەساڵی ١٩٢٧ یەکەم قائیمقام بۆ مەخمور دادەمەزرێنێت، بەناوی (عەبدولڕەحمان مەحەمەد سەعید بابان) دانیشتوانی مەخمور لەچەند خێڵێکی کورد پێکهاتووە و لەسەرەتای دروست بوونی مەخمورەوە، هەر لەوێدا ژیاون تاکوو ئێستا، لەوانەش عەشیرەتی شێروان و پالانی و سیان و بندیان و دزەیی و سورچی و بابان و بلباس چەندانی دی. لەبەر بەرفراوانی سنووری کشتوکاڵی شارۆچکەی مەخمور خەڵکێکی زۆر لەناوچەکانی دی کوردستان بەگشتی و هەولێر بەتایبەتی، ڕووی تێ دەکەن هەر لەسەرەتای دروستبوونی ئەم شارە. گەلێک کەسایەتی لێدەرکەوتووە، کە خزمەتی شارەکەیان کردووە و لەهەموو ئەو کارەساتانەی بەسەر مەخموریشدا هاتووە، کەچی بەجێیان نەهێشتووە و بوونەتە بەشێک لەمێژووی مەخمور. یەکێک لەو کەسایەتیانە ناوی (حەسەن قۆپچە سۆر)ە تەمەنی سەد ساڵە و کۆمەڵێک یادەوەریمان لەدیمانەیێکدا بۆدەگێرێتەوە و دەڵێ: من لەساڵی ١٩١٨ لە گوندی باقرت نزیک کەسنەزان لەدایک بوویمە. پاشان هاتوومەتە باداوا لەلای مەلا فەندی بووم، تاکو ساڵی١٩٤٢ دواتر هاتوومەتە گووندی باقرت لەنزیک شارۆچکەی مەخمور، لەساڵی ١٩٤٤ لەمەخمور نیشتەجێ بووم تاکوو ئێستاش هەر لەمەخمور دادەنیشم، من و چیای قەرەچۆغ بەڵێنمان داوە هەرگیز مەخمور بە جێنەهێڵین.

لەدرێژەی دیمانەکەدا، مام حەسەن قۆپچە سۆر دەڵێ: کە هاتمە مەخمور تەنیا نەوەد خێزان لەم شارۆچکەیە هەبوون، لەم شوێنەی ئێستاش نەبوون، هەموو خەڵکەکە لەقەڵات و دەوروبەرەکەی دەژیان، وردە وردە خەڵک لەدەوروبەری دەهاتن، تاکو وای لێهات مەخمور فراوانتر بوو، ژمارەی دانیشتوانەکەی زیاتر دەبوو، سەرەتا ئەوانەی لەم شارەدا دەژیان زۆربەیان کورد بوون تەنیا چەند ماڵە عەرەبێکی لەناو بوو.

سەبارەت بەنازناوی قۆپچە سۆر، مام حەسەن بۆمان دەگێڕێتەوە و دەڵێ: ساڵی ١٩٤٤ تازە ماڵم هێنابووە مەخمور، عەلبەی گەنمی بە (٧) دینار بوو، لەگەڵ خزمەکی خۆم گەنممان هێنا هەولێرێ، ئەوکاتە سەیارە

لەمەخموری نەبوو، بەپشتی حوشتر دەمان هێنایە هەولێرێ بۆ فرۆشتن، لە (خانی سپی) کە کەوتبووە پشت شەقامی باتا، ئەو سەردەم ئەم شوێنە مەیدانی گەنم و جۆ فرۆشتن بوو.

ئەوکات عەلبە گەنمەکەم فرۆشت بە حەوت دینار، لەلای بەرگدوروێک بەناوی کەریم، مرادخانییێکی زۆر جوانی بەدرووین دا، هەموو قۆپچەکان کە لێی دابوون سۆر بوون، بەخۆشم ئەوکات شیوعی بووم. لەئەوێ ڕۆژێوە ئەو نازناوەم هەڵگرتووە، لەدرێژەی وتەکانیدا قۆپچە سۆر دەڵێ: شیوعییەت لەو کاتانە شانازی بوو بۆ ئەوانەی کە لەسەر ئەم ڕێبازە بوون، زۆربەی خەڵکەکەش شیوعی بوون، من شیوعی بووم شانازیم پێوەدەکرد تاکو ئێستاش، چونکە لەو سەردەم ئەندامەکان ئابوونەیان دەدا حزب، بەڵام ئێستا خەڵکەکە لەگەڵ پەیدابوونی پارە ئەو شیوعیەتەی سەردەمی ئێمە کۆتایی پێ هات، ئیدی شیوعیەتیش وەکوو ناو مایەوە. هەر لەبارەی پیشەی چەخماغسازییدا، مام حەسەن دەڵێ: لەشاری هەولێر ئەوکات وەستا یونس و وەستا تاهیری چەخماغساز هەبوون، دوکانیان لەناو قەیسەری هەولێر بوو. زۆر بەناوبانگ بوون، بەڵام لەمەخمور و گوندەکانی دەورووبەری، من ئەو کارەم دەکرد کەسی دی لەمەخمور ئەو کارەی نەدەکرد من فیشەکم دادەگرتنەوە، چەک و ئەسلەحەم چاک دەکردەوە، لەم دەوروبەرە تەنانەت من کاری چەخماغسازی گەرۆکیشم دەکرد، بەسواری پایسکڵ، ماتۆڕسیکل لەو گوندانەی دەورووبەری هەلێرێ دەگەڕام، ئیشی چەغماچیاتیم دەکرد، تاکوو ئێستاش کەلوپەلەکانم هەرماون و هەڵمگرتوون، وەکوو یادەوەرییەک بوونە کەرستەی کلتووری.

لەساڵی ١٩٤٥ لەمەخموور تەنیا من دوکانی پیشەیی و سەعاتچیاتیم هەبوو دەراسە و تەراکتۆریشم چاک دەکردەوە، ئیشی ئۆکسجین و لەعیمچیاتیشم دەکرد، هەر لەبەر ئەوەش بوو لەسەردەمی عبدالکریم قاسمی بوو داوای زەویم کرد، گوتیان هەم سەنعتچی، هەم شیوعیشی، نابی زەویت هەبی تەنیا جووتیارەکانن خاوەنداری زەوی کشتوکاڵی دەکەن.

مام حەسەن لەبارەی بەفر بارینەکەی ساڵی ١٩٤٥ی شارۆچەی مەخمور دەڵێ: لەم ساڵەدا بەفرێکی ئەستوور لەمەخمور باری، پێنج ڕۆژ مایەوە، مامز بەرەو قەرەچۆغی روویان لەئاوەدانی دەکرد. لەیەک ڕۆژیدا ١٥ مامزمان ڕاو کرد.

ئەو ساڵە هاتیش بوو لەقەراجی گەنم یەک بۆ حەفتای هێنابوو، لەدرێژەی قسەکانییدا قۆپچەسۆر دەڵێ: تاکوو سەردەمی عبدالکریم قاسمی لەمەخمور کارەبا نەبوو، تەنیا یەک قوتابخانەش هەبوو تاوەکو شۆڕشی ١٤ تەمموز قوتابخانەیەکی دیکەیان دروست کرد. حەسەن قۆپچە سۆر باس لەزیندانی کردنی دەکات، کە هێشا دەسەڵاتی پاشایەتی عێراقیان بەڕێوە دەبرد و دەڵێ: ساڵی ١٩٥٢ من بۆ ماوەی ساڵێک حوکم درام و ڕەوانەی بەندیخانەی موسڵ کرام، ئەوکاتە ئەوەی لەساڵێک زیاتر حوکم بدرایە بە زنجیر هەردوو قاچەکانیان دەبەستایەوە و سندمیان دەکرد. ئەوەبوو من بۆ ماوەی ساڵێک لەوێدا مامەوە، ڕۆژێکیان سەعید قەزاز کە وەزیری ناوخۆبوو. هاتە ناو بەندیخانە، ئێمەیان هێنایە دەرەوە و ڕیزیان کردین بە دانیشتنەوە سەعید قەزاز هات و گوتی: هەڵسنەوە ئینجا پرسیاری لەکەموکورتی و هەڵسوکەوتی فەرمانبەر و پۆلیسەکانی ناو بەندیخانەکە کرد. ئەوکاتە لەم بەندیخانەیەدا هەردوو کوڕەکەی بارزانی (عوبێدوڵڵا

> **لەم ساڵەدا بەفرێکی ئەستوور لەمەخمور باری، پێنج ڕۆژ مایەوە، مامز بەرەو قەرەچۆغی روویان لەئاوەدانی دەکرد. لەیەک ڕۆژیدا ١٥ مامزمان ڕاو کرد**



شاندی دانوستانی بزووتنەوەی جوتیاران لە ریکەوتی ١٣/١٢/١٩٦٠ سەردانی بەغدایان کردووە لەگەڵ
کومەتی عبدالکریم قاسم شاندەکەش پێکهاتووە لە ریزی سەرەوە لە ڕاستەوەدا١– حسێن مەیاس مورتکە
٢– مام محمود عەدۆ ٣– حەسەن قۆپچە سۆر مەخمور دانیشتوەکان ٤– مەلا خالید ٥– رەحمانەشەل
نانەکەلی

> «هەموو قۆپچەکان کە لێی دابوون سۆر بوون، بەخۆشم ئەوکات شوعی بووم. لەئەوێ ڕۆژێوە ئەو نازناوەم هەڵگرتووە»

> «من و چیای قەرەچۆغ، بەڵێنمان داوە هەرگیز مەخمور بە جێنەهێڵین»

و لوقمان)یش هەرلەوێ زیندانی کرابوون. بانگی هەموومانی کرد و گوتی: چیتان هەیە بیڵێن. زیندانی هەبوو گازندەی خۆی دەگەیاندە (عوبێدوڵڵای بارزانی) پێیگوت: دوو پۆلیس هەنە زۆر ئەشکەنجەمان دەدەن هەڵسوکەوتیات لەگەڵمان زۆر خراپە، ئەوەبوو هەر ئەو ڕۆژە، پۆلیسەکانیان لەوێ لابرد. سەعید قەزاز گوتی: هەتا ئەو حکومەتە مابێت، نابێ ئەو دوو پۆلیسە لەهیچ دامەزراوەیەکی دەوڵەت کار بکەن.

مام حەسەن باس لەسەردەمی گەنجی خۆی دەکات و دەڵێ: من لەژیانی گەنجایەتیدا لەهەموو ئاهەنگ و بووک گواستنەوەیەک ئامادە دەبووم، لاوک و حەیرانیشم گوتییە، ئەوەبوو چوومە ئێزگەی کوردی لەبەغدا لەساڵی ١٩٥٦ بۆ ئەوەی (لاوک و حەیران) بڵێم کە چووم لە ئێزگە مامۆستا (عەلی مەردان و ڕەسوڵ گەردی و حەسەن زیرەک)یش لەوێ بوون، داوایان لێکردم بەستە و گۆرانی بڵێم، منیش بەناوی لاوک و حەیران چووبووم، بۆیە گەڕامەوە و بەشداریم نەکرد.

مام حەسەن دەربارەی حرس قەومییەکان دەڵێ: لەساڵی ١٩٥٨ عەبدولکەریم قاسم انقلابی بەسەر مەلیکی عێراقدا کرد و حوکمی گرتە دەست. ئەوەبوو ئێمەش وەکوو چەند کەسایەتیەکی شاری مەخمور بانگێش کراین، بۆ ئەوەی سەردانی عەبدولکەریم بکەین لەبەغدا. کاسایەتییەکان لە کۆمەڵەی هەرەوەزی جووتیاران پێکهاتبووین وەکوو: (مەحمود عەدۆ، ڕەحمانە شەل، حوسین مەیاس، مەلاخالید، حەسەن قۆپچە سۆر) ئەوەبوو چاومان پێکەوت و پیشوازییەکی گەرمی لێکردین، ئێمە خەڵکی تریشمان لە گەڵ بوو، بەڵام ئەو پێنج کەسەمان بە نوێنەرایەتی هەرهەمووان (عەبدولکەریم قاسم)مان بینی تەنیا یەک کەسی لەگەڵ بوو، قسەی بۆکردین، پشتگیری تەواوی بزووتنەوەی جووتیارانی کرد، هەر لەدرێژەی قسەکانیدا قۆپچە سۆر گوتی: ئەوکاتە هەرچی جووتیار و کرێکار و کاسبکار هەیە هەر هەمووی شیوعی بوون، بەڵام هەرکە پارە زۆربوو شیوعییەت نەما، هەر هەموویان لایان دا.

لەساڵی١٩٦٣ عەبدولسەلامی بردە بەردەم دادگا لێپێچینەوەی لێ بکات ئەوەبوو من گوێگر بووم لەو دادگایە ئامادەبووم کە سەرۆکی دادگا لەو سەردەم ناوی (فازیل عەباس مەهداوی) بوو لە عەبدولسەلام پرسیاری کرد و گوتی: ئەتوو چیت لەگەڵ کوردەکان هەیە ئەوەندە ڕقت لەکوردە، ئەویش لەو دادگاییەدا زۆر خراپ باسی کوردەکانی کرد. سەرۆکی دادگا قسەکانی بە عەبدولسەلام بڕی و گوتی: بێ دەنگ بە پێڵاوەکانی کورد لەتۆ و باوک و باپیریشت شەریف ترە، ئەوەبوو دانیشتنەکەیان دواخست.

لەدرێژەی قسەکانیدا قۆپچە سۆر دەڵێ: لە ٣ی تەمموزی ساڵی ١٩٦٣ بزووتنەوەی (حەسەن سەریحی) دەستی پێکرد داوای لەشیوعییەکان کرد یارمەتیان بدەن، بەڵام ئەوان ڕازی نەبوون ئەوەبوو زۆر لەشیوعییەکان توورە بوون، گوتی: ئەگەر سەرکەوین هەرچی سەرکردەکانی شیوعی هەیە لەعێراق، هەرهەمووی لە سێدارە دەدەم. دەربارەی زیندانیکردنی خۆی، مام حەسەن بۆمان دەگێڕێتەوە و دەڵێ: لەسەردەمی عەبدولکەریم قاسم حاکمێکی عەسکەری هەبوو، بەناوی (سالح عەبد) ی لەگەڵ کورد زۆر خراپ بوو. لەدواوەی عەبدولکەریم ئیشی لەسەر ئەوە دەکرد نێوان عەبدولکەریم قاسم و مەلامستەفا تێک بدات. ئەوەبوو شەڕ دەستی پێکردەوە. مەلا مستەفا گەڕاوە شاخ و شەڕیش دەستی پێکردەوە، ئێمە چەند کەسێک دەگەڕاین بۆ ئەوەی ڕایەک لەشەقامی کوردی عێراقی دروست بکەین بەناوی ئاشتی بۆ کوردستان. ئەوەبوو من گیرام، ڕەوانەی دیبەگە کرام. دوومانگ لەوێدا مامەوە، دوایی ڕەوانەی هەولێر کرام، ئەوکات سەروبەندی پەیدابوونی حرس قومی بوو. حەوت مانگ لەوێدا مامەوە، دوایی ڕەوانەی (مسەیب)یان کردم. لەوێش سێ مانگ مامەوە، ئینجا ڕەوانەی بەندیخانەی کەرکوک کرام. لەوێوەش بۆ بەندیخانەی (بەغدا)یان ڕەوانە کردم. زۆر هەوڵمدا ڕابکەم، بەڵام دەرفەت نەبوو، نەمتوانی. هێشتا لەزیندان بووم کودەتا بەسەر حەرس قەومییەکاندا کرا، ئەوەبوو ئەوانیش لەگەڵ من لەبەندیخانەی کەرکوک زیندانی کرابوون، ئەوەبوو بۆ نگرەوسەلمان ڕەوانەیان کردم حوکمی سێ ساڵ زیندانیان بەسەردا سەپاندم لەوێش ڕەوانەی بەندیخانەی بەعقوبە کرام لەوێ بوو عەبدولسەلام لەناو فڕۆکە سووتا و کۆتایی بە حوکمی حەرەس قومی هات.

منیش سێ ساڵەکەی زیندانم تەواو کرد و گەڕامەوە، بۆیە ئێستاش سەرم بڵندە، نەسوێند خۆرم و نەپیاو کوژیشم لێدەرچوو. تاکوو ئێستا، جگە لەدەسەڵاتی کوردی، شەش حکومەتم بینیوە، بەوانەی خۆشمانەوە، بەڵام بۆ مێژوو لەهەموویان زیاتر لەعەبدولکەریم قاسمی ڕازی بوویمە.

# وێستگەی دیوان

- **خالید دلێر .. شاعیر، نووسەر، ڕەخنەگر، هونەرمەند، سیاسی، پێشمەرگە (١٩٣٣ - ٢٠١١)**

عەبدولواحید ئیدریس شەریف

- **خانوێک لەبەر تەلانی**

فەرهاد جەمیل

- **حەیدەری**

جەمشید حەیدەری

# خالید دلێر

## شاعیر، نووسەر، ڕەخنەگر، هونەرمەند، سیاسی، پێشمەرگە (١٩٣٣ – ٢٠١١)



د. عەبدولواحید ئیدریس شەریف

ئەو کەسایەتیە بەهرەمەندە لە ١٩٣٣/٨/٢٠ لەگەڕەکی بەفری قەندی شاری کۆیە لەدایک بووە، سەرەتا لەحوجرە، دواتر لەقوتابخانە درێژەی بەخوێندن داوە، جگە لەبەهرە و توانای خۆی، باوکیشی سەرچاوەیەک بووە بۆی، بۆچوونە ناو جیهانی ئەدەب و هونەر، حەز و هیوا و خەونە جوانەکانی زاڵ دەبن بەسەر هەوراز و سەختییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا، بۆ ژیان و خوێندن ساڵی ١٩٥٣ دەچێتە بەغدا، دواتر لەکەرکوک دەگیرسێتەوە، هەر لەو ساڵەدا شیعر و وتاری بۆ ڕۆژنامەی ژین نوسیووە کە (گۆران)ی شاعیر بەڕێوەبەری نووسینی ڕۆژنامەکە بووە (دلێر)ی هانداوە بۆ بەردەوام بوون،

### دلێر لەکەرکوک دەناسرێت:

ساڵی ١٩٥٤دوای ئەوەی لەکەرکوک نیشتەجێ دەبێ، دوای چەند کارێک، لەشەریکەی نەوت دادەمەزرێ و درێژە بەخوێندن دەدات و کاری پارتایەتیش دەکات، حەزەکانیشی بۆ دونیای ئەدەب و هونەر فەرامۆش ناکات، ساڵی ١٩٥٧ یەکەم نامیلکە بەناوی گزنگی هەتاو چاپ دەکات، کە کۆمەڵێک لەشیعر و پەخشان و وتارەکانی لەخۆ دەگرێ،

ساڵی ١٩٥٨ دوو کورتە چیرۆک بەناوەکانی (خولە وبلە) (کەوای نەکرای) چاپ دەکات

لە ساڵی ١٩٥٦ یەکەم سروود لە هۆنراوە و ئاوازی خۆی دادەنێت:

*ئێمە کە کوڕی شاخ و کێو و کەژین*

*وڵات فێری کردووین بە مەردی بژین*

*بەدەرسێ کە هەوڵ و خەباتە لەژین*

*قەڵای سەختی دوژمن، ئەخەینە هەژین*

ساڵی ١٩٥٧ مۆڵەت وەردەگرێ و دەچێتە ئێزگەی بەغدا -بەشی کوردی ، بەمەبەستی تۆمارکردنی چوار لەگۆرانییکانی، بەڵام تەنیا دوو گۆرانی بۆ تۆماردەکەن، ساڵی ١٩٥٨ بەچەند ڕۆژێک پێش نەورۆز دەچێتەوە ئێزگەی بەغدا و سێ گۆرانی تازە تۆمار دەکات بەناوەکانی (ئەی قومری، سکاڵا، موژدەبێ ساڵ گەڕایەوە) دوای شۆڕشی ١٩٥٨ چەند سروودێ تۆماردەکات لەهەمان ئێزگە. ساڵی ١٩٦٠ کە پارتی دیموکراتی کوردستان مۆڵەتی کارکردن وەردەگرێ، سروودێک بەم بۆنەیە دادەنێ و لەڕۆژی ڕاگەیاندنی مۆڵەتەکەدا، لەبارەگاکانی پارتی لەجیاتی هەموو شتێک ئەم سروودە لێدەدەن.

### یەکەم سروودی پێشمەرگە لە زیندان:

دوای هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلوول، ١٦-٩-١٩٦٩ دلێر لەکەرکوک دەگیرێ کە ئەوکاتە کادیرێکی چالاکی پارتی بووە، لەبەندیخانەی (تسن) لەکەرکوک لەژووری تەنیا بەندی دەکەن.

کاتێک شەڕی دەرونی لەگەڵ دەکەن بە دانانی ڕادیۆیەک کە وتاری عەبدولکەریم قاسم دەگوازێتەوە لەدەربەندیخان وتاردەدا دژی کورد و بزووتنەوەکەی کە لەناویان

دەبەن، لەوکاتەدا دلێر لەجێی کوڵدان و بەزین، هۆنراوە و ئاوازی سروودی پێشمەرگە دادەنێ وەکو وەڵامێک بۆ عەبدولکەریم قاسم.

*پێشمەرگەین بە هەڵمەتین*

*پاڵەوانی میللەتین*

*شێری ڕۆژی زیللەتین*

*لەپێناوی سەربەخۆیی کوردستان*

*بەخت دەکەین، ژیانمان، ماڵ گیان*

دوای دوو ساڵ زیندانی دەبێت بە پێشمەرگە، وەکو کادیرێکی هوشیار ڕۆڵی خۆی دەبینێ لەبڵاوکردنەوەی بیری شۆڕشگێڕی، دوای لێکترازانی پارتی، لەساڵی ١٩٦٥ لەشاری (هەمەدان) سروودی (نەورۆزی دووروڵات) لەهۆنراوە و ئاوازی خۆی دادەنێ و لەڕۆژی نەورۆز پێشکەشی دەکات. تا ساڵی ١٩٧٠ بەردەوام دەبێ لەدانانی سروود، کە سەرجەمیان (١٣) سرووده (کوڕانی کوردستان، سەربازی ئازادی، ئەژین، بەخێربێنەوە، عەبدولکەریم، ئاشتی، ئیجازەی پارتی، پێشمەرگەین، ئێمە ڕۆڵەی کوردین، نەورۆزی دووروڵات، جەژنی کورد، ئۆتۆنۆمی، شەهیدانی کوردستان) لەبواری گۆرانی و ئاوازیشدا، چەندان شاکاری نەمری هەیە کە گۆرانیبێژان چڕیویانە کە (١٦) گۆرانین. (١٣) گۆرانی، هۆنراوە و ئاوازی خۆیەت (٣) گۆرانیش هۆنراوەکانیان هی (نالی و گۆران وپیرەمێرد)ن و ئاوازی بۆ داناون، گۆرانییەکانی جگە لەخۆی لەلایەن هونەرمەندان (عەباس محەمەد، خەڵات خالید دلێر، شەماڵ حەمە توفیق، سەلاح مەجید) تۆمار کراون (چاوەکەم بۆچی، بۆجوانی سەرەڕێ،سەما، تۆران، ئەی قومری،جەفا، مۆژدە، وەی وەی، سزا، ناسک، بەهارە، ڕۆی ڕۆی، پەری، قژ، قیبلە، خاڵ)



**دوای وازهێنان لەپارتایەتی لەکوردایەتی نا:**

لە ساڵی ١٩٧٠ بەدواوە درێژەی بەخەبات وتێکۆشانی خۆی دەدات بە شێوازی تر، لەچوارچێوەی ئەدەب و وتاری ڕەخنەگرانە، لەبواری ئەدەبدا دوو کتێبی شیعری

> **“وەکوو خۆی بایەخی تەواو بە کارە ئەدەبی و هونەرییەکانی نەدراوە، هۆکاری سەرەکیش هەڵوێست و سازش نەکردنی بووە لەبیروباوەڕ و بۆچوونەکانی”**

> ***دلێر وەکوو خۆی بایەخی تەواو بە کارە ئەدەبی وهونەرییەکانی نەدراوە، هۆکاری سەرەکیش هەڵوێست و سازش نەکردنی بووە لەبیروباوەڕ و بۆچوونەکانی***

**ساڵی ١٩٥٧ یەکەم نامیلکە بەناوی گزنگی هەتاو چاپ دەکات، کە کۆمەڵێک لەشیعر و پەخشان و وتارەکانی لەخۆ دەگرێ**

چاپکردووە بەناوەکانی (ئاگر وگوڵ لە ١٩٦٨) و (بەرەو لوتکەی ئاوات لە ١٩٧٩) چیرۆکی (دەریاش هەڵچوونی هەیە) لەساڵی ١٩٨٦ چاپ دەکات، لەساڵی ١٩٨٥ (هەندێ وتار و چاوپێکەوتنی ئەدەبی) چاپ دەکات، لەساڵی ٢٠٠٣ کتێبی (هونەری گۆرانی کۆیە و تایەر تۆفیق) چاپ دەکات، لەبواری ڕەخنەی ئەدەبیشدا، ئەو کتێبانە چاپ دەکات (هێمن بیر و هەڵوێست، هێمن و هەژار دۆست و دژوار، ستەمکردن لەحاجی قادری کۆی تاوانە).

دلێر جگە لەو بەرهەم و داهێنانانەی بەکورتی ئاماژەمان پێدا، لەبواری خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتیشدا ڕۆڵی بەرچاوی بینیوە بۆ بەرە و پێشبردنی کۆمەڵی کوردەواری، تا ئەو ساتەی دواماڵئاویشی کرد، هەر لەسەنگەری گەل و بەشخوراواندا بوو، هەر لەسۆنگەی گەورەیی ئەوکەسایەتییە پڕ بەخشش وداهێنانە لەخزمەت ئەدەب و هونەر وسیاسەتدا، نامەی دکتۆراکەم تەرخان کرد بۆ بەرهەمە ئەدەبی و ڕەخنەیی و هونەرییەکانی ئەو کەسایەتیە بەناوی (بنیاتی هونەری و بیری ڕەخنەیی لەکارە ئەدەبی و هونەرییەکانی خالید دلێردا) لەزانکۆی کۆیە، داهێنانەکانی سەرچاوەی چەندان نامەی تریشن، بەڵام بەداخەوە دلێر وەکوو خۆی بایەخی تەواو بە کارە ئەدەبی و هونەرییەکانی نەدراوە، هۆکاری سەرەکیش هەڵوێست و سازش نەکردنی بووە لەبیروباوەڕ و بۆچوونەکانی، بەداخەوە لە ١٦-١٢-٢٠١١ لەشاری سلێمانی دواماڵئاوایی دەکات و ڕۆژی ٢٠١١/١١/١٧ لەشاری کۆیە بەخاک دەسپێردرێ.



# خانوێک لەبەر تەلانی

سالانی ٨٥ و٨٦ لەیەکێک لە گوندەکانی دۆڵی خۆشناوەتی خانوێکی شێوە لاکێشەیی لە قوڕدروسکراوم دەستکەوت، کەهی ناسیاوێکمان بوو، بەهۆی بریندارییم لە جەولەو جموجۆڵی پێشمەرگایەتی دابڕابووم، کەمێکیش نارازی؟ چەند هەڤاڵێکی نارازیشم لێ کۆببوونەوە، خانوەکە لەشوێنێکی زۆر خراپ دروست کرابوو، ڕێی هاتووچۆی مزگەوت و کانیێ ژنای زۆر خراپ بوو، بەتایبەتی زستانان، بەدووری پەنجا مەترێک لەسەرەوە بەردێکی یەکجار زەبەلاح ڕاکشابوو پشتی بەردەکە درزێکی گەورەی دابوو، ئەو دەمەی بەرد دێتە خوارێ یان دەمێکیتر؟ ڕۆژانە سەرێکمان لێدەدا چونکە، بەپێی دەرز و شەقاری پشتەوە بایە بەرد بەتاوە بارانێک غلۆر دبوەوە، بەپێی زانیاریم ئێستاش بەردەکە لەشوێنی خۆی ماوە «دەزانێ بەرد لەشوێنی خۆی سەنگینە» دیارە ئەو بەشەی لە ژێر خاک بووە زۆر گەورەتر بووە لەوەی سەرەوە، ئەو ترسە خەوی لێزڕاندبووین جارێکیان لەگەڵ تولحی بەیانی گوێمان لەدەنگی مەلای گوندی بوو هاواری دەکرد ڕەحمەتێ خواتان لێبێت وەرنە مزگەوتێ، ئێمە لەخەو ڕاپەڕین و هەریەکەمان بەلایەکدا هەڵاتین وامانزانی بەرد غلۆر بۆتەوە، تومەز ماموستای ئاوایی بۆ خۆرەبانی سەربانی مزگەوت بانگی خەڵکی دەکرد.

تەماشامان کرد بەرد هەر لەجێی خۆی بوو، بەمەزەندەی خۆمان هاتبا خوارەوە خانووی بە تەواوی ڕاپێچ دەکرد! هەمومانی تەخت دەکرد، ترسی بەرد و تۆپ و تەیارە، هاتنی بەڕۆژی ماموستا صباح شوکر و چاودێرییەکەی بەسەر ئاڵای شۆڕش، هەراسانی کردبووین، شوکر ئێستا هاوڕێ و هاوبیرین خودایە، چی بکەین لەو هەموو دەرگا داخراوە ئاخر ناوەناوە کیفە ماریش بەجێ دەمان، خۆڕادەستکردنەوەی ڕژێمیشمان لەخۆ حەرام کردبوو، لەناو خانوەکە دووکەندوی لەقوڕ دروستکراوی گەورە هەبوون گەنموجۆی تێدا عەمبار دەکرا لەپشتەوەش، لەبنەبانێ ئاخوڕێ کەرێ جێمابوو دەستکاری کردنی قەدەغەبوو لایەکی دیوارەکەش کۆنە جەنجەر و کورتان و شەنە و بێر و ئامور و هەموو کەل و پەلی جووت هەبوو، تەنانەت کۆنە تەنەکە و جۆرەها قاپقاپە و سۆلەی دڕاوی لێبو مۆزەخانەیەک بوو بۆ خۆی. هەموو ئەوانە من بەرپرسیاری پاراستنیان بووم خاوەنەکەشی بەسەردان ناوە ناوە دەهات و سەرێکی دەدا، پیاوێکی تا بڵێی بە دین و خوایی بوو، لەسەردانێکیدا دیقەتی سەر دەرگای خانوەکەی دا، کە هەرخۆی بە تەنەکەی ڕۆن دروستی کردبوو لەسەر تەنەکەکە وێنەی کچێکی جوان بەناوی زبییدەی بەسەرەوە بوو گەورە و بە تەمەنەکان دەزانن، هەرچەندە کوڕەکانیان سەربازی ڕژێم بوون بەڵام ئەو کچە لادێیە سوکناییەک و ئارامییەکی بە دڵودەرونمان بەخشیبوو گوتی: کوڕینە دەزانن بێشەرعییەک لێرە هەیە خودایە مەلایکەتانی چاکە و خراپە بۆم نەنووسن ئەو خودایە ئاگادارە بیرم لای ئەو ژنە نەبووە ئێستاش چەقوێکم بۆ بێنن ڕەشی دەکەمەوە باچیتر گوناهبار نەبم منیش گوتم ڕەشی مەکەوە گوناهبارتر دەبی، ئەوە تازە خێزانی ئێمەیە بە پێنج کەس ئەو ژنەمان هەیە ئەویش ڕەسمی سەر تەنەکەی ڕۆنە. خوا لێت قبوڵناکا گوناهبارتر دەبی، بەبەر چاوی ئێمە زیندە بەچاڵی خێزانەکەمان بکەی. مام بۆ سوککردنی گوناهەکانی سەرشانی زیاتر پێی داگرت بۆ ڕەشکردنەوەی. پێیوابوو نەزەر حەرامییەکە لەمل ئەوە منیش ڕێگام لێگرتبوو، بوو بەشەڕمان، زۆرمان یەکتر هێناوبرد کەلکی نەبوو شەڕی ئەو بۆ خوای بوو پێمگوت شەڕی ئێمەش ناموسە دوای هێنەومنهێنەکی زۆر لێکیان کردینەوە بەو مەرجەی ڕەشی بکاتەوە. بۆی دانیشت دەستی بە ڕەشکردنەوەی کرد، منیش بۆ گاڵتە بەدیاریەوە دەگریام، ناوەناوە تیلە چاوێکی لێدەکردم گریانەکەمی بە جددی وەگرتبوو، هات دەستی لەملمکرد و گوتی: مەگری مەگری ئەوە هیچ نیە ئینشاڵا خوا حەوێزی دەداتەوە، ژنی بەڕاستی دێنی. گوتم مامە تۆ لێناگەڕێی هی بەقەست و سبوغمان هەبێت نۆرەی بەڕاستەیە.



فەرهاد جەمیل

# حەیدەری

پاش ناوی بنەماڵەی حەیدەری دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شانزدەی زایینی.


باپیرە گەورەمان ناوی (محمد شێخ حەیدەر پیرەدین) لەسەدەی (١٠)ی کۆچی، کۆچی دوایی کردووە، بەهۆی جیاوازی ئایینزا (سونی) ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بەجێهێشتوە، ڕووی لەباشووری کوردستان کردووەو لە (هەریر) گیرساوەتەوە.

کوڕەکەی بەناوی باوکی کردووە (حەیدەر) بەپێی سەرچاوەکان ئەوە بە (حەیدەر)ی یەکەم دانراوە، بەڵام پاشناوی (حەیدەری) بەکار نەهێناوە، ئەحمەدی کوڕی حەیدەری یەکەم، بۆ یەکەمجار، پاشناوی (حەیدەری ـ حەیدەریزادەی) بەکارهێناوە.

ئەحمەد، ئەویش ناوی لە کوڕەکەی ناوە (حەیدەر) کە لەهەولێر لەسەدەی (١٧)ی زایینی لەدایکبووە ـ بە (حەیدەری دووەم) ناوبانگی دەرکردووە، لەهەولێریش کۆچی دوایی کردووە، مەرقەدەکەی لەپشت مزگەوتی شێخەڵڵایە لەهەولێر.

حەیدەرییەکان بنەماڵەیەکی ئایینی و ڕۆشنبیری کوردستانن، هەندێکیان لەگوندی (ماوەران) ژیاون و دەژین، ئەوانی تر بەشێکیان لەهەولێر و هەندێکیان لەبەغدا حەیدەرییەکانی بەغدا، ئەوانەی (سونە مەزهەبن) کوردن، ئەوانەی شیعە مەزهەبن عەرەبن و هیچ پەیوەندیان بە بنەماڵەی حەیدەریيانی کوردستان نییە.

گوندی (ماوەران) مەڵبەندێکی گەورەی ئایینی ئیسلام بووە، چەند مەدرەسەی تێدا بووە تا ساڵی (١٩١٨)، زۆرێک لەمەلایەکانی کوردستان سەردانی (ماوەران)یان کردووە بۆ خوێندن وەک مەولانا خالید، نالی شاعیر و دەیانی تر.


/ حەیدەری / جەمشید حەیدەری

پاش ناوی بنەماڵەی حەیدەری دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شانزدەی زایینی.


باپیرە گەورەمان ناوی ـ محمد شێخ حەیدەر پیرەدین، لە سەدەی (١٠) کۆچی، کۆچی دوایی کردووە، بەهۆی جیاوازی ئایینزا (سونی)، ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بەجێهێشتوە، ڕووی لە باشوری کوردستان ـ لە (هەریر) گیرساوەتەوە.

کوڕەکەی بەناوی باوکی کردووە (حەیدەر) ـ بەپێی سەرچاوەکان ئەوە بە (حەیدەر)ی یەکەم دانراوە، بەڵام پاشناوی (حەیدەری) بەکار نەهێناوە، ئەحمەدی کوڕی حەیدەری یەکەم، بۆ یەکەمجار، پاشناوی (حەیدەری ـ حەیدەریزادەی) بەکارهێناوە.

ئەحمەد، ئەویش ناوی لە کوڕەکەی ناوە (حەیدەر) کە لە هەولێر لە سەدەی (١٧) زایینی لە دایکبووە ـ بە (حەیدەری دووەم ـ ناوبانگی دەرکردووە، لە هەولێریش کۆچی دوایی کردووە، مەرقەدەکەی لە پشت مزگەوتی شێخەڵڵایە (لە هەولێر).

حەیدەرییەکان بنەماڵەیەکی ئایینی و ڕۆشنبیری کوردستانن، هەندێکیان لە گوندی (ماوەران) ژیاون و دەژین، ئەوانی تر بەشێکیان لە هەولێر و هەندێکیان لە بەغدا. حەیدەرییەکانی بەغدا، ئەوانەی (سونە مەزهەبن) کوردن، ئەوانەی شیعە مەزهەبن ـ عەرەبن و هیچ پەیوەندیان بە بنەماڵەی حەیدەرییانی کوردستان نییە.

گوندی (ماوەران) مەڵبەندێکی گەورەی ئایینی ئیسلام بووە، چەند مەدرەسەی تێدا بووە تا ساڵی ١٩١٨، زۆرێک لە مەلایەکانی کوردستان سەردانی (ماوەران)یان کردووە بۆ خوێندن وەک (مەولانا خالید، نالی شاعیر و دەیانی تر.


جەمشید حەیدەری

# باخچەی دیوان

- ساڵێک لە ساڵۆنی لاپەڕە نۆدا

# ساڵێک لە (ساڵۆنی لاپەڕە نۆ)دا





ساڵۆنی لاپەڕە نۆ، لەسەرەتای دامەزراندنییەوە ئامانجی بووە ببێتە ناوەندێکی رۆشنبیری لەشاری هەولێر، تێیدا گفتوگۆ لەبارەی پرسە گەرمەکانی رۆژ و پرسەکانی بواری رۆشنبیریی، ئەدەبی، هونەری و سیاسی بکرێت، هاوکات مینبەرێک بێت بۆ ناساندنی ئەو کتێبانەی تازە چاپ دەکرێن.

ساڵۆنی لاپەڕە نۆ لەناوەندی هەولێری مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لە ٢٠٢١/١/١٨ یەکەم کۆڕی تێدا سازکراو بە درێژایی ساڵی ٢٠٢١ سەربارى پەتای کۆرۆنا و وەستاندنی کۆڕەکان بۆ ماوەیەک، کەچی تائێستا زیاتر لە «٣٠» کۆڕ و سیمیناری تێدا ئەنجام دراوە.

ناوەندی هەولێری مەکتەبی راگەیاندن ئامانجیەتی لەرێگای ساڵۆنی لاپەڕە (نۆ)وە بەبێ جیاوازی ئایدۆلۆژی و فیکری دەرفەتی یەکسان بۆ نووسەران و رۆشنبیران برەخسێنێ تا بەرهەمەکانیان بناسێنن و گفتوگۆی گەرمی ئەدەبی، رۆشنبیریی و هونەری و سیاسی ئەنجام بدەن و گفتوگۆکانیان ببێتە سەرەتایەک بۆ دروستکردنی گفتوگۆی جدی لەمەڕ بابەتە گرنگەکانی پەیوەست بە کۆمەڵگای کوردی.

لەماوەی ساڵی «٢٠٢١»دا ساڵۆنی لاپەڕە (نۆ)ی «٦» کۆڕی جیاوازی لەبوارەکانی «شانۆ، فیکرو فەلسەفە، سیاسەت، هەڵبژاردن، رۆژنامەگەری» ئەنجامداوە و هاوکات یادی دوو هونەرمەند و نووسەر و تێکۆشەرێکیشی کردۆتەوە، ئەمە جگە لەوەی لەساڵۆنی لاپەڕە نۆدا «٢٧» کتێب لەبوارە جیاوازەکان بە خوێنەران ئاشناکراون.


ئەو کتێبانەی لەساڵۆنی لاپەڕە (نۆ) مەراسیمیان بۆ ئەنجامدراوە و دابەشکراون بەسەر ئامادەبووان و خوێنەران بریتین لە:

١. ئەمرۆ ساتمەم کرد بەسەر دوێنێدا کەوتم- شیعر- موحسین ئاوارە ٢٠٢١/١/١٨

٢. لەپشت دەرگا داخراوەکان- هەولێر- دیاربەکر- یاداشت، ئارێز عەبدوڵا ٢٠٢١/١/٢٣

٣. خالید دلێر باوەڕێکی نەگۆڕ- د. عەبدولواحید ئیدریس شەریف- ٢٠٢١/١/٣٠


٤. سێ کتێبی ئینستیوتی نارین و ماڵپەڕی مەودا میدیا کە بریتی بوون لە «باخچەکانی پاشا، چیرۆکی لەخەومای جەمیل سائیب، رووماڵی راگەیاندنی کوردی بۆ ململانێی نێوان پارتی و

















پەکەکە- بەڵێن عزەت میکە.
٥. تۆماری ڕۆژانەی ڕاپەڕینی هەولێر وەکوو خۆی- د. عەبدوڵا عەلیاوەیی ٢٠٢١/٣/٦.
٦. داڕووخانی ئایدۆلۆژیا- کاروان گەزنەیی- ٢٠٢١/٣/٢٧
٧. کاری تەلەفزیۆنی- دیدار لەتیف- ٢٠٢١/٥/٢٢
٨. خدر و خوناو- شێرزاد شەیدا بندیان ٢٠٢١/٦/٥
٩. ڕاگەیاندن لەکاتی قەیرانەکاندا- پ.ی.د. ئاراز ڕەمەزان- پ.ی.م. هەردەوان مەحمود کاکە شیخ ٢٠٢١/٦/١٢
١٠. هەنگاوێک بەرەو سۆسیال دیموکرات- فەهیمە سابیر ٢٠٢١/٦/١٥
١١. گورگە مێیەکە- ستار باقی کەریم- ٢٠٢١/٦/١٩
١٢. چوار کتێب و بەرهەمی شوان داودی- ٢٠٢١/٦/٢٦
١٣. خەوشەکانی حوکمڕانی کوردی و ئاسۆی چارەسەر- د. ئەحمەد مەحمود- ٢٠٢١/٧/١٠
١٤. ڕەمزی نافیع ڕۆڵەیەکی هەولێری فیداکاری سەربەخۆیی کوردستان - محەمەد گۆران - ٢٠٢١/٨/١٤
١٥. تۆ کێیت؟ گەشەپێدانی مرۆیی -مەجید عەبدولڕەحمان خۆشناو-٢٠٢١/٨/٢١
١٦. ڕاگەیاندن و ئاسایشی کۆمەڵایەتی- هێمن ئەمین شوانی- ٢٠٢١/٨/٢٨
١٧. کاروانی ٣٨ شۆڕشگێڕەکە- نووسینی بڵند شاڵی- وەرگێڕانی بورهانی حاجی سلێمان- ٢٠٢١/٩/٤
١٨. جیهادی ژنان- شاناز هیرانی- ٢٠٢١/٩/١١
١٩. خێوەتی خارا- ڕەهبەری سەید برایم- ٢٠٢١/٩/٢٥
٢٠. «شا دارستان»ی ئاقاو بڵند- ڕەهبەری سەید برایم- ٢٠٢١/١٠/٦
٢١. لێتدەپرسین حزب چییە؟ بنەما سەرەکییەکانی حزب، حەمەزیاد مەولود- ٢٠٢١/١٠/٢٣
٢٢. کورتەباسێک دەربارەی پڕۆگرامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان- عادل عەلی- ٢٠٢١/١٢/١١


لە درێژەی چالاکییەکانی سالۆنی لاپەڕە (نۆ)دا ساڵیادی هونەرمەندان «جەلال بەیار و ئەردەلان» بەکر کرایەوە، هەروەکوو مەراسیمی چلەی ماتەمینی نووسەر و پێشمەرگەی دێرین «فەقێ شێخوەسانی» لەبالیسان ئەنجام درا.
لەپاڵ مەراسیمی ناساندن و بڵاوکردنەوەی کتێبی نووسەران، ژمارەیەک کۆڕ و سیمینار لەبارەی بابەتی جیاواز و پرسە گەرم و گرنگەکانی ڕۆژ ئەنجامدراوە، کە بریتین لە:
١. کۆڕی حەمەسوار عەزیز



















لەبارەی ڕەخنەی شانۆیی لە ٢٠٢١/٢/١٣

٢. کۆڕی سمکۆ عەبدولکەریم لە بارەی ڕەوشی ڕۆژنامەگەری و جێبەجێکردنی یاسای ڕۆژنامەگەری لەکوردستان لە ٢٠٢١/٢/٢٠

٣. کۆڕی مامۆستا حامد محەمەد لەبارەی میدیای کوردی و ئازادی ڕادەربڕین- ئاستەنگ و زەمینەسازی یاسایی و پیشەیی لە ٢٠٢١/٢/٢٧

٤. کۆڕی موحسین عوسمان لەبارەی چەمکی ڕۆشنبیری، سیاسەت و دەوڵەت لەنێوان دوو عەقڵدا لە ٢٠٢١/٣/١٣

٥. کۆڕی د. ئەمیر نامیق لەبارەی ڕاگەیاندنی یەکێتیی- سەرهەڵدان و گەشەسەندن لە ٢٠٢١/٥/٢٩

٦. کۆڕی تاریق جەوهەر سارمەمی لەبارەی ئاستەنگە سیاسی و یاساییەکانی بەردەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠٢١/١٢/٤

لەدرێژەی زنجیرە چالاکییەکانیشدا دوو خولی ڕۆژنامەوانی بۆ میدیاکارانی سنووری پارێزگای هەولێر کراوەتەوە، کە خولی یەکەمیان لەرۆژانی (٢٩و٢٠٢١/٣/٣٠) لە لایەن د. سامان جەلال بەناوونیشانی «پەیامنێری و هونەری نووسینی هەواڵ و ڕاپۆرت» بۆ نزیکەی ٣٠ بەشداربووی شاری هەولێر کرایەوە.

خولی دووەمی لە قەزای سۆران بۆ زیاتر لە «٧٥» فێرخوازو ڕۆژنامەنووسی سنوورەکە لە ڕۆژانی ١٦و٢٠٢١/٦/١٧ کرایەوە و وانەکان لە لایەن (د. سامان جەلال، م. هەردەوام مەحمود کاکەشێخ، کاروان ئەنوەر، ئاریان محەمەد) وترانەوە و لەکۆتایی هەردوو خولەکەشدا بڕوانامەی بەشداربوون بەسەر بەشداربووانی خولەکان دابەش کران.

* گۆڤاری دیوان

گۆڤاری دیوان، کە گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی گشتییە لەلایەن ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چاپ و بڵاودەکرێتەوە، یەکەم ژمارەی لە «٢٠٢١/٦/٢٦» لەمەراسیمێکدا لەهۆڵی شەهید مەهدی خۆشناو لەبارەگای لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانی کورد بڵاوکرایەوەو تا ئێستا بەردەوامەو ئەم ژمارەیەی بەردەستتان ژمارە «٧»ە کە لە ساڵی ٢٠٢١ بڵاوکراوەتەوە.

* چاپکردنی کتێب:


لەپێناو ڕەخساندنی هەلی زیاتر بۆ چاپکردنی کتێب


















و بایەخدانی بە کتێبی نووسەران، ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەدرێژەی زنجیرە چالاکییەکانی خۆیدا بڕیاری داوە کتێب بۆ نووسەران چاپ بکات، لەمڕووەوە لەساڵی «٢٠٢١» و وەکوو قۆناغی یەکەم هەشت کتێب چاپکراون، کە بریتین لە:

١. خدرو خوناو- شێرزاد شەیدا بندیان

٢. ڕاگەیاندن لەکاتی قەیرانەکاندا- پ.ی.د. ئاراز ڕەمەزان- پ.ی.م. هەردەوان مەحمود کاکەشێخ

٣. گورگەمێیەکە- وەرگێڕانی ستار باقی کەریم

٤. ڕاگەیاندن و ئاسایشی کۆمەڵایەتی- هێمن ئەمین شوانی

٥. تۆ کێیت؟ گەشەپێدانی مرۆیی- مەجید عەبدولڕەحمان خۆشناو

٦. ڕەمزی نافیع- ڕۆڵەیەکی هەولێری فیداکاری سەربەخۆیی کوردستان- محەمەد گۆران

٧. بارودۆخی سیاسی باشووری کوردستان لەماوەی نێوان دانوستانەکانی نێوان «ی.ن.ک» و ڕژێمی بەعس- ١٩٨٣-١٩٨٥ – د. ئەحمەد حەمەدەمین

٨. بۆ ئەوەی ڕاستییەکان ون نەبن لەزاری کەمال محێدین- یاداشت- ئامادەکردنی ستار محەمەد ئەمین














مەسعودی مەلا هەمزە*



# ڕۆشنبیر و دەسەڵات یا ڕۆشنبیری دەسەڵات

گفتوگۆکان لەبارەی ڕۆشنبیر کێیە و بەکێ دەگوترێ ڕۆشنبیر مێژوویەکی دووروودرێژ و قووڵی هەیە، لەوانەیە تائێستا دەگمەنن ئەو بیرمەند و ڕۆشنبیر و نووسەرانەی کۆکن لەسەر ئەوەی کە بەکێ بگوترێ ڕۆشنبیر؟ یان ڕۆشنبیر کێیە؟

لەسادەترین پێناسەدا دەتوانین بڵێین: ڕۆشنبیر ئەو دەستە بژێرەی نێو کۆمەڵگەن کە جیاواز لەتاکەکانی دی کۆمەڵگە بیر دەکەنەوە و خاوەنی دید و تێڕوانین و بۆچوونی خۆیانن و کۆمەڵگە ئاراستە دەکەن و دەتوانن ڕووداو بخولقێنن.

بە دیوێکی دیکەشدا دەکرێ بپرسین، یان بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا بگەڕێین، کە لەنێو کامە کۆمەڵگەدا ڕۆشنبیران دەتوانن کۆمەڵگە ئاراستە بکەن، لەکام کۆمەڵگەشدا ئەوە دەسەڵاتە ڕۆشنبیران لەخزمەتی خۆیدا بەکاردەهێنێ و کۆمەڵگەیان پێ ئاراستە دەکات، بەو شێوەیەی کە خۆی دەیەوێت؟

بە ئاوڕدانەوەیەکی خێرا، لەمێژووی شۆڕشەکانی گەلانی جیهان، دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە بەڵێ ئەوە ڕۆشنبیران و نووسەران و هونەرمەندان دەتوانن کۆمەڵگە ئاراستە بکەن و ڕابەرایەتی کۆمەڵگە بکەن لەگۆڕانکارییە گرنگ و ڕیشەییەکان.

ئەم هەڵوێستەی ڕۆشنبیران بۆ سەردەمی خەباتی شاخ و پێشمەرگایەتی لەباشووری کوردستانی خۆشماندا ڕاستە، بە جۆرێک بەڵێ ئەوە نووسەر و هونەرمەند و ڕۆشنبیرانی کورد بوون بە هەڵوێست و بەرهەمەکانیان ببوونە پێشەنگی کۆمەڵگە، دژ بە زوڵم و زۆری و تاوانەکانی بەعس دەوەستانەوە و هانی خەڵکیان دەدا بۆ بەرەنگاری. ئەگەر واز لەڕابردوو بێنین و سەیرێکی ئەمڕۆ بکەین و بەدوای ئەو وەڵامەدا بگەڕێین کە ئایە ڕۆڵی ڕۆشنبیری کورد ئێستا لەکوێ دایە؟ ئایا ڕۆشنبیران لەخزمەتی کۆمەڵگەدان و دەیانەوێ پێشەنگی کۆمەڵگە بن یاخود ڕۆشنبیری دەسەڵاتن و لە هەوڵی جوانکردنی دەسەڵات و شاردنەوەی ناشیرینییەکانن!

بەر لەهەر شتێک هەرگیز لەگەڵ ئەوەدانیم مرۆڤ ڕەشبین بێت و دژی هەموو شتێک بێت، بەتایبەتی ئەگەر کۆمەڵگە بە ڕێگەی ڕاستی خۆیدا ڕۆشت و دەسەڵاتیش ڕاستگۆیانە خزمەتی کرد، بەڵام لەکاتێکدا هەموومان دەزانین کە بەداخەوە دۆخی کوردستان دۆخێکی تایبەتە و هیچ یەک لەجومگەکان لەئاست چاوەڕوانی خەڵکدا نییەو وەک پێویست نییە، لەم کاتەدا دەبێ هەڵوێستی ڕۆشنبیران چی بێ؟

بە بڕوای من وەکوو هەموو سێکتەرەکانی ژیان لەکوردستان، بەداخەوە ڕۆشنبیران دابەش بوونە بەسەر دوو بەرەی جیاواز و دژ بەیەک، کە ئەویش بەرەی دەسەڵات و بەرەی نارازییە، وایلێهاتووە ئەوانەی لەبەرەی دەسەڵاتن، بەهەموو شێوەیەک خەریکی جوان نیشاندانی شتەکانن و بەرەی دژ و بەرامبەریش بە پێچەوانەوە. لەکاتێکدا هیچ یەکیان لەم ئاراستەیەدا ڕێگای ڕاست و دروستیان نەگرتووە!

ڕێگای ڕاست و دروست ئەوەیە ڕۆشنبیر پێشەنگی کۆمەڵگە بێ و کۆمەڵگە ئاراستە بکات، ئیشی ڕۆشنبیر ئەوە نییە داکۆکی لەدەسەڵات بکات و هەوڵی جوانکردنی ئەم و ئەو بدات، لەهەمان کاتدا ئیشی ڕۆشنبیریش نییە هێڵی ڕاست و چەوت بەسەر هەموو شتەکاندا بێنێ و ڕەتی بکاتەوە.

ئەرکی ڕۆشنبیر ئەوەیە خزمەتی کۆمەڵگەکەی بکات و لەهەوڵدابێ بۆ ئاراستەکردنی کۆمەڵگە و پێشخستنی تاکەکانی.

لەم هەرێمەی ئێمەدا ڕۆشنبیرانیش بەشتی لابەلاوە خەریکن و ئەرکە سەرەکییەکەی خۆیان لەبیر کردووە. ژمارەیەکی کەم نەبێ کە لەپەنجەکانی هەردوو دەست تێپەڕ ناکەن، ئەگەرنا ڕۆشنبیران بەسەر بەرە جیاوازەکاندا دابەش بوونە و هەرلایە و بە یاری خۆیدا هەڵدەڵێ.

لەهەر بارێکدا بێ گوناهە ڕۆشنبیر موڵکی هیچ کەس و لایەنێک بێت، ڕۆشنبیر دەبێ موڵکی بیرکردنەوەی خۆی و خزمەتکردنی کۆمەڵگە و پێشخستنی بێت، کە بەداخەوە ئەمە لەکوردستان یەکجار دەگمەنە.

بۆیە دەکرێ بڵێین ئەوەی ئێستا لەکوردستان دەگوزەرێ بریتییە لەوەی ڕۆشنبیر ڕۆشنبیری دەسەڵاتە و ڕۆشنبیری کۆمەڵگە نییە، پێچەوانەی هەموو ڕۆشنبیرانی دونیا بەشێکی زۆر لەڕۆشنبیرانی ئێمە ئەوەندەی لەخەمی خۆیان و ژیانی خۆشدان بۆ خۆیان، نیو ئەوەندە و کەمتریش لەخەمی کۆمەڵگەدا نین و نایانەوێ بیریشی لێ بکەنەوە.

*** لێپرسراوی ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان**